پێنج ساڵە



# جەلیلی گادانی

## ئاوێنەی باڵانوێنی شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە

کۆمەڵێک وتار و لێدوان

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست

**کۆمەڵێک وتار، لێدوان، هاودڵی و هاوخەمی کەسایەتی کورد.......... لاپەڕەی ..... ٦**

١- کەلێنێکی گەورە............................................................ عەبدوڵڵا حەسەن زادە
٢- وانەکانی هەرگیز لە بیر ناچن.............................................. مستەفا شڵماشی
٣- بەیادی "ئەسیری فریشتەوەش"!.............................................. ئاسۆی حەسەن زادە
٤- ژیانی کاک جەلیل گادانی مەدرەسەیەکی باڵایە.............................. عەزیزی ماملێ
٥- سیاسەتی سادقانە!............................................................ مەحمود شێرزاد
٦- وەفایەک بۆ کاک جەلیلی خۆشەویست......................................... ئەنوەر سوڵتانی
٧- ماندێلایەکی دی بەجێی هێشتین (بۆ کاک جەلیل گادانی)........................ عەبدولکەریم شێخانی
٨- خەمنەمایەک بۆ جەلیل گادانی................................................. زیرەک کەمال
٩- بۆ کۆچی دوایی تێکۆشەری گەورەی کوردستان.................................. مستەفا چاوڕەش
١٠- دڵۆپێک لە دەریایەک پەژارە بۆ تیشکەیەک لە ڕزگاریخوازی: کاک جەلیلی گادانی............ پیاوێک لە ڕۆژهەڵاتەوە
١١- شۆرە سۆار و پیری سەنگەر و یادگارەکەی کۆمارە جوانەمرگەکە........................ حلیمە ئیسماعیلی
١٢- نیشتمان و نەتەوە لە ئاوێنەی بیرکردنەوەی جەلیل گادانیدا.............................. حەسەن شەرەفی
١٣- جەلیل گادانی، قوتابخانەیەک بۆ فێر بوون و ئەرکوەخۆگری.............................. عومەر باڵەکی
١٤- بنەما فکرییەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کاک جەلیل گادانی......................... مەنسوور مروەتی
١٥- جەلیل گادانی تێکۆشەرێک لە ڕۆژگاری سەخت)..................................... د. کاوە مەحموود
١٦- کاک «جەلیل گادانی»م چۆن ناسی............................................... مستەفا مەولوودی
١٧- ڕێزێک لە حەفتا ساڵ تێکۆشانی جەلیل گادانی...................................... عومەر ئیلخانیزادە
١٨- پیاوی دەگمەن!.................................................................. سەعید بەگزادە
١٩- زێڕنگەر و قەدری زێڕ.......................................................... قادر وریا
٢٠- چەند بیرەوەرییەک بۆ یادی کاک جەلیل گادانی ........................................ سەید برایم عەلیزادە



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

٢١- بۆ کاک جەلیلی گادانیی تێکۆشەر و ماندونەناس.................................................. د. شۆڕش حاجی
٢٢- بۆ ئاشقێکی شەیدای نیشتمان.................................................................. هاشم ڕۆستەمی
٢٣- مامە جەلیل و ئەمن............................................................................ د. کوێستان گادانی
٢٤- کاک جەلیلی گادانی، کەسێک بۆ هەمو وەرزەکان.............................................. فەیسەڵ ئیراندوست
٢٥- هەڤپەیڤینێک لە گەڵ زیندەیاد جەلیل گادانی لەبارەی سروودی "ئەی ڕەقیب" لە کۆماری کوردستاندا........ قادر وریا
٢٦- جەلیل گادانی وەک کەسایەتییەکی فەرهەنگی...................................................... قادر وریا
٢٧- جەلیل گادانی ڕۆڵەی کۆماری کوردستان.............................................................. ڕەهبەر سەیدبرایم
٢٨- بۆ یادگارەکەی کۆمار........................................................................... کوێستان عومەرزادە

---

## بەشێک لە لێدوان و هاوخەمی هاوڕێ و دۆستان لە ماڵپەڕو تۆرە کۆمەڵاتیەکان...... لاپەڕەی..... ١٣٥

١- یادێک لە شاد ڕەوان کاک جەلیلی گادانی و خەڵکی بوونەکەی......................................... مەلا ڕەسوڵ پێشنماز
٢- ماڵئاوا پیری کتێب و کوردایەتی........................................................................ عبدالله عمرنژاد
٣- دواهەمین دەردە دڵ.................................................................................... نیعمەت مەلا
٤- سیمایەک لە کاڵنەبوونەوە............................................................................... ئاکۆ ئەلیاسی
٥- با نیشتمانپەروەرانی ڕۆژهەلات ئەوەشیان لەبیر نەچێ.................................................. ڕەسووڵ سوڵتانی
٦- بۆ ئینسانێک، بۆ قۆناغێک لە تێکۆشان، بۆ جەلیلی گادانی.............................................. سەباح غالب
٧- جارێکیتر هەوری مەرگ بارانی خەمی لێ باری، جارێکی تر دڵێکی تر لە لێدان کەوت.............. سەلاح سوڵتانپەنا
٨- ئەمانەتێکی بۆن خۆش بەرەو کوێستان................................................................... ئازاد عەبباسیان
٩- ماڵاوا سیمبۆلی خەبات و تێکۆشان، کاک جەلیلی گادانی................................................ ئاشق ئیسماعیلی
١٠- ئاسودە سەر بنێوە گەورەم........................................................................... محەممەدی فەقێ عەلی
١١- ماڵئاوا کاک جەلیل.................................................................................. شاهۆ حەسەن پوور
١٢- نزیک وە هەفتا ساڵ تەلاش و موبارزەێگ بێ وچان.................................................... ئەردەلان بەهروزی
١٣- سەری نیشتیمان سلامەت!............................................................................ ئاسۆ خەبات
١٤- خەرمانی خەم و پەژارە.............................................................................. هیدی سوفی زادە



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە


١٥- مرۆڤێک دەبێ لە دێرەکانی مێژوودا بیخوێنەوە تا زیاتر بیناسی!.......................... بێژەن قارەمانی

١٦- جەلیل گادانی................................................................ علی قادر حمد

١٧- هەمیشە لەدڵماندا زیندو دەمینیەوە................................................ ئەحمەد نەقشی

١٨- ئەمن و ئیمانتان ئەو دووی ڕێبەندانە چۆن دەبێ بە جێژن؟................................ شەمزین ئەحمەدنەژاد

١٩- ئەو "مامە"ی خۆنەویستانە هات و ڕاستگۆیانە ڕۆیی!................................ ناسر باباخانی

٢٠- ڕوحت شاد بێت کاک" جەلیل گادانی" تێکۆشەری دیار و ناسراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان............... محەمەد سلێمانی

٢١- کەنداڵ نزان، سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس................................................

٢٢- محەممەد حەمەباقی، ئەندامی کارای ئاکادیمیای کوردی..............................................

٢٣- دکتور شوکریە ڕەسووڵ.............................................................................

٢٤- مامۆستا کاروخ پلنگانی (شاعیری ئەیلول).............................................................

٢٥- د.خورشید شەوکەت ڕەواندزی باڵوێزی خۆبەخشی کوردستان لە ئوروپا.....................................

٢٦- شەوقی تێکۆشەر و چالاکوانی سیاسی (باکووری کوردستان)..............................................

٢٧- لە کۆمارەوە تا یوبیلی ئەڵماس................................................... برایم چۆکەلی

٢٨- بۆ ڕێبەرێک لە ئەخلاق و کوردایەتی................................................ ژیوار رەسووڵی

٢٩- لە سەر خەساری لە دەست دانی تێکۆشەر کاک جەلیل گادانی................................ عەلی سوورەچۆمی

٣٠- ڕوحت شاد سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان - ڕێبەرایەتی شۆرشگێر........................ ڕێبوار مەعرووفزادە

٣١- چوە ڕیزی نەمرانەوە................................................................ ئاوات عەلیار

٣٢- دوایین قسەم لە سەر نەمر کاک جەلیل گادانی........................................ برایم جەهانگیری

٣٣- ئێمەی کورد فرە بێ کەس و مەزڵومین و خۆیشمان کەسی خۆمان نین............................ موختار نەقشبەندی

٣٤- نازانم چیت بۆ بنووسم............................................................ کاوە ئاهەنگەری

٣٥- قارەمانەکان هەمیشە نەجیبن........................................ شێعر: نیکۆس گاچۆس و: عەلی فەتحی

٣٦- تۆ کێی گەورەم! هەڵبەست و خوێندنەوەی................................................ هەمزە ئاگووشی

٣٧- ڕۆحت شاد. ئارام بنوو............................................................ راند زارعی

٣٨- یادی بو هەتا هەتایە لە دلی ئازادیخوازندایە........................................ ڕەحمان کەریم زادە

٣٩- قارمانێک کە ماڵ ئاوایی لە گەل و نێشتمانی دەکا!........................................ کەریم ئەلاوەیسی

٤٠- مرۆڤێک بۆ لێ فێربوون........................................................ کامەران سوهرابی

٤١- لە پرسە و خەمی سەروەریکدا........................................................ ڕەشید قازی

## بۆ یادی ٥ ساڵە


٤٢- گادانی و کۆچی دوایی سەداقەت لە سیاسەت!.............................................. خالید محەممەدزادە

٤٣- مرۆڤێکی سەروو ڕووخۆش.............................................................. فاروق فەرهاد

٤٤- بە هیوای بەدیهاتنی ئاوات و ئامانجەکانت مامە گیان........................................ جەعفەر ڕەسووڵی

٤٥- گادانی گیان!...................................................................... سەلاح گادانی

٤٦- جەلیل گادانی کەسێکی نەتەوەیی و پابەند بە پرینسیپەکانی دیموکراتەکان بوو........... د.کویستان گادانی

٤٧- پیاوێکی خاکەڕا و خۆنەویست........................................................... خالید حەسەن پوور

٤٨- کاک جەلیل باشتر بناسین - با نەبێتە درۆی پاش مردوو.................................... شۆڕش ئەسەدزادە

٤٩- مامی هەموومان...................................................................... ئەحمەد ڕەحمانی

٥٠- من و هاوڕێی تێکۆشەر جەلیل گادانی..................................................... ڕەحمان نەقشی




# کۆمەڵێک وتار، لیدوان، هاودڵی و هاوخەمی کەساییەتی کورد

## کەلێنێکی گەورە




**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**

چوارەمین ڕۆژی کۆستی گەورەی حیزبی دێموکڕاتە، چوار ڕۆژە گەورە خەباتگێڕی کورد جەلیلی گادانی بە دنیایەک تاسە و ئاواتەوە سەری ناوەتەوە و پاشماوەی ئەرکەکانی بەهاوڕێیانی سپاردوە. ناڵێم هێشتا باوەڕم نەکردوە، چونکی ڕاستی هەرچەندیش تاڵ بێ هیچی دەگەڵ ناکرێ و دەبێ قبووڵی بکەین. بەڵام بەڕاستی هێشتا ژانی ئەو زەبرە بەسامە کە لە کۆشکی ئاواتەکانم دراوە بەری نەداوم. دەمەوێ بەشێک - هەرنەبێ بەشێک - لە غەمەکانم دەربڕم، کەچی ئەو مۆتە سامناکە بەرم نادا. مردنی کاک جەلیل یان بە قەولی هاوڕێ گەنجەکان «مامە گیان» بۆ هەموو ئەوانەی لە دوورو نیزیک ناسیویانە خەسارێکی گەورەیە. ئەو، کە لە بەرەبەری جێژنی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا بەجێی هێشتین تەمەنی خەبات و تێکۆشانی - نەک تەمەنی ئەندامەتی - ڕاست بەقەد تەمەنی حیزبەکەی بوو. ڕۆژنامەی «کوردستان»ی سەردەمی کۆماری کوردستان بەڵگەی ڕاستی و دروستیی ئەم قسەیەمانە. کەوایە سەیر نیە هەموو دڵسۆزانی

## بۆ یادی ٥ ساڵە

کورد و بەتایبەتی هاوحیزبییەکانی بۆی بەپەرۆش بن.

بەڵام بۆ من و کەسانی وەک من کە دەیان ساڵ لە نیزیکەوە هاوکاری بووین، دەیان بیرەوەریی خۆش و ناخۆشمان دەگەڵی هەیە و سەدان ڕووداوی تاڵ و شیرینمان پێکەوە تێپەڕاندوە، خەساری لەدەستچوونی ئەو تێکۆشەرە مانایەکی قووڵتری هەیە. باسی خەسڵەتە شۆڕشگێڕانە و ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکانی کاک جەلیل لە وتارێک و دوو وتاردا جێی نابێتەوە. ڕابردووی خەبات و تێکۆشانیشی لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە تا دواهەناسەی ژیانی هەرچەند هەقی خۆی نەدراوەتێ و زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ بەڵام هەر ئەم ڕۆژانە زۆری لەسەر نووسراوە و گوتراوە. بۆیە لێرەدا تەنیا لە دوو لایەنی ژیانی حیزبی و کۆمەڵایەتیی ئەو سەرمایە لەدەستچووەمان دەدوێم:

**یەکەم**؛ شێلگیری و پشوودرێژی و مکوڕی لەسەر بەرێوەبردنی هەرچی زووتر و چاکتری کاروباری حیزبی - جا لە هەر بوارێک دا - لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەکانی کاک جەلیل بوو کە بەڕاستی شیاوی ئەوەیە هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات دەرسی لێ وەربگرن و لێیەوە فێر بن. ئەو نەک هەر بۆخۆی نەی دەزانی و نەی دەتوانی چووکترین دەرفەتەکان بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبار بەفیڕۆ بدا، بەڵکوو لە هاوڕێ و هاوکارەکانییشی قبووڵ نەدەکرد کات بە فیڕۆ بدەن و کارەکان وەدرەنگ بخەن. شاهیدم زۆرن کە دەگەڵ ئەو هەموو ڕێز و خۆشەویستییەی لەلای هەموو تێکۆشەرانی حیزب هەیبوو، زۆرجار کادرەکان بۆیان ئاسان نەبوو کاری دەگەڵ بکەن چونکە بەپانەوە دەیانگوت دەگەڵی دەرنابەین. ئەمن بێجگە لە هاوڕێیەتیمان لە دەفتەری سیاسی، دەوری ساڵێکیش لە دەفتەری سیاسیی ژمارە ١ لە ناوەندی کوردستان لە خزمەتی دا بووم و بەخۆشییەوە نەشم هێشتوە گلەییم بێتەوە سەر، بەڵام هەقە پێی لێ بنێم کە دوو جارم بەبیر دێن بۆخۆشم لەبەری بەزیوم:

١- ساڵی ١٣٥٨ لە ماوەی سێ مانگ دا دوو جار بۆ چارەسەری هێندێ گیروگرفتی نێو کۆمیتەی شاستانی بۆکان لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە چووینە بۆکان و چونکە ڕۆژانە هاتوچۆکەر زۆر بوون کارەکەمان دەخستە دوای شێوخواردن. هەردوو جارەکە سەعات ٤ی بەیانی دەبەزیم و دەمگوت کاک جەلیل ئیزن دەخوازم بڕۆم. ئەمن دەڕۆیشتم و ئەو درێژەی بە کۆبوونەوەکە دەدا کە نازانم بۆ سەعات چەند تەواو دەبوو. با ئەوەش بڵێم کە ئەوکاتە - دوور لە ئێستا - گوڕوتینێکیشم لەبەردا بوو.

٢- ساڵی ١٣٦٢ لە دەفتەری سیاسیی ژمارە ١ لە ناوچەی مەنگوڕی مەهابادەوە بە پێیان دەچووینە دەفتەری ژمارە ٢ لە ناوچەی ئالانی سەردەشت. چونکە ناوچەی نەڵێن بە بنکە و پێگەی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم تەنرابوو ناچار بووین لە

## بۆ یادی ٥ ساڵە

چیای «پانەسەر و دووسەر»ەوە هەتا پشتی گوندی «ئەحمەدبریو» کە لە دەست پێشمەرگەدا بوو، بە شەو بڕۆین. مەودایەکە بەکەمەوە ٣ بۆ ٤ سەعاتە ڕێیە و لە جادەی پیرانشار - سەردەشتیشەوە تا پشتی گوندی «ئەحمەدبریو» هەورازێکی کوورە بە ناوی «هەوارسوێسن». هاوین و گەرما و ڕێگاش کە «کاروانەڕێ» بوو هەتا گوێزینگی بنیادەم تۆزوخۆڵ بوو و ئاویش بۆ خواردنەوە نەبوو، پرزەم لێ بڕابوو، چەندجار داوام کرد چەند دەقیقەیەک دانیشین، بە عادەتی خۆی هەر دەیگوت نا کاکە، ورە بەرمەدە هێندەمان نەماوە. ئاخرەکەی گوتم ئەرێ کاک جەلیل منت هەر بۆ ئەم سەفەرە دەوێ یان پێت وایە بۆ وەختی دیکەش بەکەلک دێم؟ دیسان سوودی نەبوو، هەتا خواوڕاستان لە پێگەی «شێلمان» ڕا «نورافگن»ێکان هەڵدا کە دنیای کردە ڕۆژی ڕووناک و کاک جەلیل لەبەر باری ئەمنیەتی دووسێ دەقیقە دانیشت. ماڵیان - لەقەدەر ئەوەندە - ئاوەدان بێ، هەر هەستاین بڕۆین وەڕێ کەوینەوە دیکەشیان دەحەوا کرد و بە هەمووی ٦،٧ دەقیقە دانیشتین و هەناسەیەکم هاتەوە بەر.

**دووەم لایەن**، پتر باری ئینسانی و دەهەندەیی و کۆمەڵایەتیی هەیە. وا دیار بوو بەتەنیا نانی بە گیانی ناکەوێ. هەمیشە میوانی هەبوو، نەک هەر ئەوانە کە سەریان دەدا. بەڵکوو - بەموناسەبەت و بێ موناسەبەت - خەڵکی بانگهێشتن دەکرد، زۆرجار لە جێژنەکان دا ژمارەیەکی زۆر لە کادر و پێشمەرگەکانی بانگهێشتن دەکرد. بە کورتی لە غەمی هەمووان دا بوو، و ماڵەکەی «پەنای بێ - پەنایان» و «ئەنوای بێ ئەنوایان» بوو.

زۆر جارم گوتوە کەلێنی کەسمان پڕ نابێتەوە، چونکە خەباتەکەمان پێویستیی بە هەوڵ و هیممەتی هەمووانە، بەڵام بەڕاستی کاک جەلیل کەلێنێکی گەورەی بەجێ هێشتوە کە پڕکردنەوەی زۆری دەوێ.

لە پەسنی ئەو پیاوەدا چەندی بگوترێ تەواو نابێ. بۆیە بۆ ئەمجارە بەوەندە واز دێنم و ئاواتەخوازم کۆڕۆنای نەفرەتی، قاتڵی کاک جەلیلی گادانی بە زوویی جارەسەری بنەڕەتیی بۆ پەیدا بێ موخلیسانی ئەو گەورەپیاوە بتوانن ڕێوڕەسمێکی شیاوی بۆ پێک بێنن تالەوێ دا زۆرتر یادی سەروەرییەکانی بکرێتەوە چونکە بەڕاستی زۆر بە غەریبی و بێ نازی بەڕێ کرا کە ئەمە غەمی هەموو هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانیەتی.

ڕووحی شاد و یادی پایەدار.

٩ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

# وانەکانی هەرگیز لە بیر ناچن




مستەفا شڵماشی

بە بۆنەی کۆچی دوایی هاوڕێی سەرکردە کاک جەلیلی گادانی، لە بنەماڵەی سەربەرزی گادانی، لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، لە بنەماڵەی گەورەی دێموکڕات، لە هەمو دۆست و ئاشنایانی هاوڕێی تێکۆشەرمان کاک جەلیل و لە هەمو گەلی کورد بە تێکڕایی سەرەخۆشی دەکەم. هیوادارم بە هاتنە دی ئەو ئامانجە پیرۆزانەی کە کاک جەلیلی ماندوویی نەناس، لە ماوەی زیاتر لە حەفتا ساڵدا بە هەر ڕێگایەکی مومکین دا هەوڵی بۆ دەدا، ڕوحی گەورەی کاک جەلیل و هەمو تێکۆشەرانی کۆچکردووی ئەو ڕێگایە شاد بێ.

قسە کردن لە سەر ڕابردووی کەسێک کە تەواوی تەمەنی خۆی بە شێوەیەکی سادقانە و ڕاستگۆیانە خستبێتە سەر تەبەقی ئیخلاس بۆ خزمەتکردن بە دۆزی ڕەوای نەتەوەکەی کارێکی ئاسان نییە. لەوەش گرنگترباس کردن لە ڕابردووی کەسێک کە لە هەمو کەلێن و قوژبنێکی نیشتمانەکەی دا جێ پەنجەی دیار بێ و لە لایەن کۆمەڵانی میلیۆنی خەڵکی وڵاتەکەیە وە ناسراێ دیسان ئەرکێکی قورستر دەخاتە سەرشانی مرۆڤ. بەو حاڵەشەوە کاک جەلیلی نەمر ئەوەندە تایبەتمەندی باش و جێگای پەسندی هەبون وژیانەکەی ئەوەندە دەوڵەمەند بو بە تایبەتمەندیی جێگای شانازیەوە، کە هەرکەس دەتوانێ لە و دەریا بێ برانەوەیە هێندێک بەهرە هەڵێنجێ و بە پێی توانای خۆی چیرۆکێکی شۆڕشگێڕیان لێ ساز بکا کە بەسەر بڵێندیەوە بۆ ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەکە ی بخوێنێتەوە.

## بۆ یادی ٥ ساڵە

منیش یەکێک لەو کەسانە بوم کە شانازی ئەوەم هەبوە لە تەمەنی لاویمەوە، واتە لە دوای گۆنگرەی سێی حیزبەکەمانەوە، گوێم بە ناوی ئەو پیاوە مەزنەی گەلەکەمان ئاشنا بێ و لە دوای کۆنگرەی چواری حیزبەکەمانەوە لە ڕێبەریی حیزب دا بۆ ماوەیەکی درێژ شان بەشانی ئەو تێکۆشەرە ماندوویی نەناسە خەبات بکەم. لە بۆچونە بەنرخەکانی بەهرەمەند بم و بە هەڵس و کەوتە شۆڕشگێڕانەکەی وورە بۆ خەبات کۆ کەمەوەو لە ئامۆژگاریە بە نرخەکانی کەڵک وەربگرم. زێدەڕۆییم نەکردوە ئەگەر بڵێم کاک جەلیل جوانترین وێنای ڕێبەرێکی بە ئەخلاقی سیاسی، دەست و داوێن پاک، بێ ئالایش، دڵسۆز، ماندوویی نەناس و ئیدامەکار بو. لە باری بۆچونەوە خاوەن ئیرادە و هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی خۆی بو. لە باری ئیمانەوە نا ئومێدی نەدەناسی و لە دژوارترین هەل و مەرجەکان دا هەر بە گوڕ و تینی سەردەمی سەرکەوتن درێژەی بە خەبات دەدا. گەورەترین تایبەتمەندیەکانی کاک جەلیل ئەوەبو کە لە هیچ هەل و مەرجێک دا لە خەبات شل نەدەبۆوە. هەربۆیە توانیویەتی مێژوویەکی خەبات و تێکۆشان دروست بکا کە لە قۆناغی جۆراوجۆری ژیانی دا و لە تێشکان و هەستانەوە دا جێ پەنجەی دیار بێ. شۆڕشگێڕی ماندوویی نەناس کاک جەلیلی گادانی دەتوانین بڵێین هەر لە سەر مێزی قوتانخانەی سەرەتاییە وە کە بەشێکی کەوتوەتە دەورانی زێڕینی خەباتی حیزبی دێموکڕات ودامەزرانی کۆماری کوردستان، دەستەچیلەی خۆی بخاتە سەر ئاگری شۆڕشی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان. بەڕێزیان لەو کاتەدا بە بەشداریکردن لە گوتنەوەی سرودەنیشتمانیەکان دەست پێ دەکا و دواتر ڕووخانی کۆماری کوردستانیش لە خەبات ساردی ناکاتەوەو لە یەکیەتی لاوان دا چالاکانە بەشداری دەکا. لە قۆناغی دواتر دەبێتە یەکێک لە هەڵسوڕاوترین کادرەکانی حیزب و لە شار و گوندەکانی کوردستان دا بە ناوی جۆراوجۆر بە نەهێنی و بە ئاشکرایی، سەرگەرمی بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتی و ڕێکخستنی تەشکیلاتی حیزبی دەبێ.

بەدوای تێکۆشانی بێ ووچان دا بۆ دەزگا ئەمنییەتەکانی ڕژیمی پاشایەتی دەناسرێ و دەکەوێتە بەر هێرشی دڕندانە و ئەشکەنجە و ئازار و لە کۆتایی دا زیاتر لە سێزدە ساڵ لە سیاچاڵەکانی ڕژیمی پاشایەتی دا زیندانی دەبێ. بەڵام ئەو مەزنە سەرێکی سەوداسەری هەیە و ئەو ئازار و ئەشکەنجانە نەک تەنیا کۆڵی پێ نادەن، بگرە چالاکتری دەکەن و نەک تەنیا شکستی پێ نادەن بەڵکو سەرکەوتوانە و دوژمن بەزێنانە لە زیندان دێتە دەر. هەم مەدرەکی لیسانس لە زمانی فەڕانسە لە گەڵ خۆی لە زیندان دێنێتە دەر و هەم کۆڵەبارێک تاقی کردنەوەی خۆڕاگری و دیسان بە بێ ترس دەست دەکاتەوە بە خەبات. دوای ئەو هەمو زیندانی و ئەشکەنجە دانەیە کە من وەک تازە واریدێک لە مەیدانی خەباتی حیزبی دێموکڕات دا لە دوای کۆنگرەی سێ وە گوێم لێ دەبێ کە کاک جەلیلی گادانی لە ناو جەرگەی دوژمن دا لە تاران بە نەهێنی کراوەتە ڕاوێژکاری کومیتەی ناوەندی. دیسان سەوداسەری ئازادیە ولە تەشکیلاتی نەهێنی دا بە بێ گوێ دانە خەتەری گیرانەوەو ئەشکەجە درانەوە دەستی بە تێکۆشان کردوەتەوە.

## بۆ یادی ٥ ساڵە

خەباتی کاک جەلیل بێ برانەوەیە و لە گەرمەی خۆپیشاندانەکانی کۆمەلانی خەلک لە دژی ڕژیمی پاشایەتی دا کاک جەلیل خۆی دەگەیەنێتەوە مهاباد لانەی بێچوەشێرانی نەتەوەی کورد و دەبێتەوە پێشەنگ. لە ڕێو ڕەسمی بەخاک سپاردنی کاک عەزیزی یوسفی دا، تێکۆشەر و سەرکردەی چاونەترسی حیزبی دێموکرات و قارەمانی زینداینیی درێژخایەن لە سیاچاڵەکانی ڕژیمی پاشایەتی، کاک جەلیل ڕۆڵی هەڵسوڕێنەری گێڕا و بێ ترس مەیدانی لە دوژمنانی گەلەکەمان گرت و دەنگی دلێرانەی لە نێو ئاپۆرای کۆمەڵانی خەلک دا دەنگی دایەوە.

پاش ڕووخانی حکومەتی حەمە ڕەزاشا و دوای ئەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەستی بە خەباتی ئاشکرا کردەوە، کاک جەلیل دەستی لە کار و ژیانی تایبەتی هەلگرت و تا دوایین هەناسەی ژیانی مەیدانی خەباتی چۆڵ نەکرد. لە ڕیزی پێشەوەی خەباتکارانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا وەک ڕێبەرێک ڕۆڵی گێڕا و بو بە وێنەیەکی جوان لە سەرکردایەتی کردن. وەک ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و سکرتێری بەشێک لە بنەماڵەی گەورەی دێموکڕات(واتە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) بە سەداقەت و پاکی و بە شێوەیەکی ماندوویی نەناسانە کاری کرد و بێ پشودان خەباتی کرد.

کاک جەلیل بە هەمو باوەڕیەوە کەسێکی یەکسانی خواز بو. ئەو باوەڕی قوڵی بە پێشکەوتنی کۆمەلایەتی و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ هەمو تاکەکانی کۆمەڵ هەبو. بە ژن و پیاوەوە و بە چین و توێژە جۆربەجۆرەکانیەوە. ڕاستە وەک هەمو دێموکڕاتێکی ڕاستەقینە بە پلەی یەکەم بۆ مافی دیاریکردنی چارەنوسی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی و لە هەمو کوردستان بە گشتی تێدەکۆشا، بەلام لە قۆناغی دوای ئازادی گەلی کوردیش دا دەیهەویست حیزبی دێموکڕات بەرنامەی پێشکەوتوی کۆمەڵایەتی هەبێ تا هەمو تاکەکانی کۆمەلگا مافی وەک یەک و دەرفەتی وەک یەکیان هەبێ. لەو کۆنگرانە دا کە من تێیدا بەشدار بوم و کاک جەلیلیش تێیدا بەشدار بوە، دیومە کە لە باسی بەرنامەی دوارۆژ دا هەمو جارێ کاک جەلیل بەرگری لە دروشمە سۆسیالیستیەکان کردوەو پێی لەسەر ئەوە داگرتوەتەوە کە حیزبی دموکڕات پێویستە لە ئامانجی دوارۆژی خۆی دا عەداڵەتی کۆمەڵایەتی بگونجێنێ و کاری بۆ بکا. لە باری مێژووییشەوە کاک جەلیل یەکێک لەو کادرە حیزبیانە بوە کە پشتیوانی لە جوڵانەوەی جوتیاران لە ساڵی ١٣٣٢ دا کردوە و هەر لەو ساڵەش دا لە لایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژیمی حەمەڕەزاشاوە گیراوە. کاک جەلیل ئەوەندەی ئاگادار بوم یەکێک لە سەرکردە چالاکەکانی حیزب بوە لە بواری دیفاع لە مافی یەکسان بۆ ژن وپیاو. کە واتە پڕ بە پێستی بو کە خۆی بە کەسێکی ناسیۆنالیستی چەپ پێناسە بکا.

کاک جەلیل لە مەڕاسمی ٨٠ ساڵەی تەمەنی دا کە لە دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا بۆ ی پێکهاتبو

## بۆ یادی ٥ ساڵە

دەڵێ: خەبات، خەباتی بێ ووچان لە پێناو ڕزگاری کورد و کوردستان دا، ئەرکە، ئەرک بووە ئەرکیش دەبێ. بە باوەڕی من ژیانێک کە لە پێناوی ژیان و ژینەوەی گەل و ئاوەدانکردنەوەی وەڵات دا نەبێ، بێ بایەخە و بە فیڕۆدانی تەمەنە.

لە پێشەکی پەنجاساڵ خەبات دا دەڵێ: دەبێ ئەو ڕووداوانەی ڕابردومان لەبەر چاو بێ و پەندی لێ وەربگرین و بۆ پتەوبونی ڕیزەکانی حیزب و یەکیەتی کورد و پێکهێنانی تەفاهوم و ڕووحی برایەتی زیاتر لە نێو هەمو حیزب و ڕێکخراوەکوردستانیەکان دا کەڵکی هەبێ و ئیمانمان بەوە هەبێ کە ئەوەی بە یەکگرتن و تەبایی بۆمان دەکرێ، هیچکات بە دووبەرەکی و ناکۆکی پێکنایە.
جا کاک جەلیلێک کە بە شێوەی قسەکانی یادی هەشتا ساڵەی دڵسۆزبێ و بە قەناعەتێک کە لە تاقیکردنەوەدا پێی گەیشتوە وەک لە پێشەکی پەنجاساڵ خەبات دا باسی دەکا، چۆن دڵی بۆ یەکڕیزی لێنادا. بێگومان بۆ چارەسەری ئەو کێشانەش لە زۆر دەرفەت دا ئیشارەی پێ کردوە. هەر لە پێشەکی چل ساڵ خەبات دا دەڵێ کە باس لە کێشەکانی رابردوو پێویستە بۆ دەرس لێ وەرگرتن بێ. نابێ بۆ یەکتر مەحکوم کردن و گەورەکردنەوەی درزەکان بێ. دەبێ تێبگەین کە تا ئێستا چمان بە یەکتر گوتوە، چمان بەسەر یەکتر هێناوە وچۆن بوینە هۆی شکستی خۆمان. نابێ ئەوانە دووپات کەینەوەو پێویستە ئەو کێشانە وەلا نێین و یەک بگرین، چونکە هێز و سەرکەوتن لە یەکگرتن دایە. هەربۆیە نەخشەڕێگای کاک جەلیل دوو شتی سەرەکی بوە.

**یەک:** شرۆڤەی ڕابردوو بە چاوی ڕەخنە گرانە بۆ دەرس وەرگرتن لە ڕابردوو، بۆ دووپات نەکردنەوەی هەڵەکان، نەک بۆ یەکتر مەحکوم کردن و شکاندان.
**دوو:** یەکگرتن لە پێناوی قازانجی نەتەوەیی دا و بۆ کۆکردنەوەی هێز و بۆ سەرکەوتنی دۆخی کورد. بە ئامانجی داڕشتنی ستراتیژیەکی پتەوی نەتەوەیی.

لە مەسەلەی یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی دوو دێموکڕاتیش دا کاک جەلیل یەکێک لە پێداگرترین کەسەکان بو. زۆرجاریش ئیشارەی بەوە دەکرد کە ئێمە ئەگەر دەمانهەوێ یەک بگرین، نابێ قازانجی حیزبی و گروهی خۆمان لەبەر چاو بێ و پێویستە بیر لە قازانجی نەتەوەکەمان بکەینەوە.
جێگای شانازیمە کە بۆ سێ دەورە لە ڕێبەری دا، واتە دوای کۆنگرەی چوار و پێنج و شەش، ئەو شانسەم هەبوە کە لە تەنیشت کەسانی وەک کاک جەلیل دەستە چیلەی خۆم بخەمە سەر داڕشتنی سیاسی و هزریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و لە دوای کۆنگرەی چاردەشەوە کاک جەلیل وەک یەکێک لە کەسایەتیە ناودار و شوێندانەرەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، وەک مامۆستایەکی ڕێگای سیاسەتی کوردی و حیزب، ڕێنوێنمان بێ و لە تاقیکردنەوەکانی بەهرە وەربگرین.
بۆیە دەتوانم بڵێم هەرچی لەسەر ئەو مەزن تێکۆشەرەی بڵێم، لە تاقیکردنەوەی مەیدانیەوە سەرچاوەدەگرێ و ئەگەر

کورتیشی نە هێنابێ، بێگومان زیادەڕەوی تێدا نییە.

هەستی خزمەت کرد بە دۆزی ڕەوای گەلە بەشخوراوەکەمان لە سەرکردە جەلیلی گادانی دا هێندە بە هێز بوو، کە ئەو هەمو خەبات و ڕەنج دانە، تێری نەدەکرد. هەربۆیە لە مەیدانی نوسین و وەرگێڕانیش دا لە هاو تەمەنانی خۆی وەدوا نەکەوت و سەعاتەکانی پشودانیشی بە نوسین و خوێندنەوەو وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی پڕ کردەوەو کتێبخانەی نەتەوەی کوردی بە هێندێک بەرهەمی بەکەڵک و جێگای سەرنج، دەوڵەمەند کرد. هەربۆیە لە مەیدانی نوسین و وەرگێڕانیش دا لە هاو تەمەنانی خۆی وەدوا نەکەوت هیچ، بەڵکو لە ڕیزی پێشەوەش دابو و سەعاتەکانی پشودانیشی بە نوسین و خوێندنەوەو وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی پڕ کردەوەو کتێبخانەی نەتەوەی کوردی بە هێندێک بەرهەمی بەکەڵک و جێگای سەرنج، دەوڵەمەند کرد. کاک جەلیل لە کتێبی ڕاستیی ڕووداوەکان دا هەوڵی داوە بۆچونی خۆی لە بەرامبەر هێندێک هەڵوێستی نوسەرانی دیکە دەرببڕێ و ڕوونکردنەوەی زۆرتر بدا بە نەوەی دواڕۆژ. لە کتێبی وەڵامدانەوەو ڕوونکردنەوە دا، بە ڕاشکاوی و بە شێوەیەکی سەردەمیانە دەکەوێتە دیالۆگەوە، ڕەخنەدەگرێ و ئامادەیی خۆی بۆ وەرگرتنی ڕەخنە دەردەبڕێ. لە کتێبی پەنجاساڵ خەبات دا، زانیاریەکانی خۆی و تاقیکردنەوەکانی دەگوێزێتەوە بۆ نەوەی دواڕۆژ. لە کتێبی با نەبێتە درۆی پاش مردوو، بوێرانە دێتە مەیدانی هەڵسەنگاندن و دڵسۆزانە شیکردنەوە دەکا و هان دەدا بۆ شرۆڤە کردن. لە گواستنەوەی یادداشتەکانی شەهیدی فەرماندە شاپوری فیروزی دا ئەرکی ڕێکخستن و نوسینەوەی مێژوو وە عۆدە دەگرێ لە دوو بەرگی زێڕین دا. هەر وەها لە کەشکۆڵی پێشمەرگەدا لاپەڕە زێڕینەکانی خەباتی پێشمەرگە تۆمار دەکا. لە چەندین کتێبی وەک، هاونەتەوەیی کورد و ماد، فرشتە وەش، شب سیە، بی خانمان، ایران در استانە انقلاب مشروتە، مرۆڤ چۆن بو بە غول و خەرمانی خەم و پەژارە دا لە بواری وەرگێڕانەوە لە زمانەکانی فەڕانسەیی، فارسی و کوردی دا ئەسپی خۆی تاوداوە و کتێبخانەی کوردی و فارسی دەوڵەمەند کردوە. بۆ کەسێکی وەک من کە ئاگاداری چالاکی سیاسی کاک جەلیل بوە، ئەگەر بە ووردی بیری لێ دەکاتەوە، بۆی دەبێتە پرسیار کە ئەو هەمو کاتەی لە کوێ هێناوە؟

**هەرچەند لەسەر هەوڵ و تێکۆشانەکانی ڕێزدار کاک جەلیلی گادانی قسە بکەین کۆتایی نایە ومن تەنیا ویستم مشتێک لە خەروارێک بێنمە بەر باس.**

دیسان بۆ بنەماڵەی سەربەرزی گادانی، بۆ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و هەمو دڵسۆزانی نەتەوەی کورد داوای سەبوری دەکەم و هیوادارم بە تێکۆشانی هەمو لایەنە بتوانین ئاواتەکانی مام جەلیل و تێکۆشەرانی دیکەی ڕێگای خەبات وەدی بێنین.

١٠ی ئاگۆستی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

### بەیادی "ئەسیری فریشتەوەش"!




**د. ئاسۆی حەسەن زادە**

هێندێک کەس هەن کاتێک لەدەستیان دەدەی، ئەوەندە گەورەن نە دەتوانی لەسەریان بنووسی، نە دەتوانی لەسەریان نەنووسی! پاش ئەو کۆستە مەزنە کە بەیانیی دوێنێ بە کۆچی دوایی سەرکردەی دێموکڕات کاک جەلیل گادانی لەو حیزبە و لە گەلی کورد کەوت، تازە پێڕادەگەم بە پەیڤێکی هەژارانە تەعزیەنامەی خۆم لە بەرامبەر رووحی هەمیشە پاک و بۆ هەمیشە هەڵکشاوی کاک جەلیلی خۆشەویستدا بنووسم و حەسرەتی دڵم لەگەڵ هاوڕێیانی و بەگشتی خەڵکی کوردستان بەش بکەم.

***

لە چاو و زەینی منداڵدا هەموو شتێک ئەفسووناوییە: مزگەوتی نەڵۆسە، شەوی نەورۆزی ١٣٦١. خەڵکێکی زۆر پاڵیان وێک داوە. بە دیواری پشت سەرمانەوە وێنەی پێشەوا قازی و مەلا ئاوارە و مەلا قادری وێردی وەک ئەرواحی زیندوو لێمان دەڕوانن. هۆڵەکە بە گرفەی زالکی سۆبەی داران و هەنیسکی فانۆس و گڕی چراتۆڕەکانەوە رووناک بۆتەوە. بۆنی تەندوورەکانی دێ کە تەواوی ڕۆژ بابۆڵەی نان و هەڵوایان بۆ پێشمەرگە کردووە، هەوای نێو مزگەوتیشی داگرتووە.

ئەمن و چەند منداڵی دیکە سروودێکمان پێ دەڵێنەوە: "پێشکەوە، بۆ پێشەوە، ئەی کوردی ئازا". پیاوێکی عەینەکی - لە تەمەنی ئێستای خۆمدا - جەمەدانی لەسەر و کەواپاتۆڵێکی مەیلەو سپی لەبەر، هەڵدەستێتە سەرپێ بۆوەی قسە بکا. خەڵکەکە یەکتر دەنگ دەدەن هەتا گوێ بۆ قسەکانی یەکێک لە ناسراوترین سیماکانی پشت میکرۆفۆنی میتینگەکانی پاش

## بۆ یادی ٥ ساڵە

ئینقلابی حیزبی دێموکڕات رادێرن. کاتێک بێدەنگی باڵ بەسەر ئاپۆراکەدا دەکێشێ، ئەو پیاوە سەرەتا بەدوور لە چاوەڕوانیی خەڵک و بەشێوەی "ئاکاپێلا" (بەبێ مۆسیقا) سروودێک دەڵێ؛ سروودی نەورۆز. چریکەیەکی تیژ و لوولدراو لە دەنگیدایە.

کە دەگاتە ئەو شوێنە کە دەڵێ "وا رۆژ هەلات لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە، خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە"، هەست دەکەم دەنگی ئەو پیاوە وەک تیشکی سپیی چراتۆڕەکان دەچێ. ساتەوەختەکە وەک دیمەنێکی سینەمایی خەیاڵاوی و وەک حیکایەتێکی دم ئاگردانی زستان بەشکۆیە.

### ئەو پیاوە جەلیلی گادانی بوو!

پێش ئەو شەوەش کاک جەلیلم زۆر دیتبوو. لەوەتی لەبیرمە ئەو و باوکم و بنەماڵەکانمان هەر پێکەوە بوون. نەڵۆسە دەفتەری سیاسیی ژمارە (١)ی حیزبی لێ بوو. حیزب هەموو ئەو کوردانە بوون کە لە بەرامبەر هێرشی عەجەماندا حازر بوون لەسەر یەکتر بکەنەوە، تەنانەت بشمرن. ئەگەر چەکیان پێ با، پێشمەرگە بوون. کاتێکیش دەمردن، دەبوون بە شەهید. بەڵام لەوە زیاتر نەمدەزانی ئەو داستانە لەچیڕا دەستی پێ کردووە و بۆچی ئێمە هەر ڕۆژەی لە شوێنێکین.

پێشتر لە مەهاباد بووین. مەهابادم بەحاڵ و باڵ لەبیرە: قەناتی پێش ماڵەکەمان لە کانیی مامقەمبەران کە تەپەی قازی و پادگانی گەورەی شاری لێ دیار بوو، تەق و تۆق و هەڵاتنە ژێرزەمین و ناشتنی ئاڵبۆمەکانی بەغدا پێش ئەوەی شار بەجێ بێڵین... "خومەینی لەتکە دێوە، قاسملوو لەتکە سێوە": ئەوەش منداڵی گەڕەک بەحیساب تەزاهوراتیان دەکرد! دوای ئەوە لەم دێ بۆ ئەو دێ، زۆر شەو بە سواری وڵاغ و تەنانەت بە ڕۆژ بە پێیان بەنێو مەیدانی شەڕدا؛ دایکم مەچەکی توند دەگرتم و بە هیچ بەری نەدەدا.

***

هەتا دوێنێ کە نوقمی شۆک و ماتەمی ڕۆیشتنی یەکجاریی خۆی کردین، هەر کەس بە مام جەلیل ناوی بردبا دەنگم دەدا چونکە بۆ من وشەی "مام" بۆ کەسێک کە مامی هەقت نیە تەعبیر لە پیاوێکی پیر یا نەخوێندەوار دەکا. کاک جەلیل نەک هەر خوێندەوار و زانا بوو، لە ڕوانگەی منەوە هەتا سەر بە فکر و بە کار لاو مایەوە. پاییزی ساڵی ١٩٩٧ کاتێک لە پاریس لەلای کاک عەزیزی ماملێ کاک جەلیل ئەمنی بە کاک سەید برایمی عەلیزادە ناساند، وەک "لاوێکی بە ئیحساس و بەئیستعداد" پێناسەی کردم. یەکسەر گوتم کاک جەلیل ئەو مەواسیفاتە لە ئەسڵدا بۆخۆت دانراون. ڕۆژێک دواتر لە مەلە

## بۆ یادی ٥ ساڵە

بەزاندمی. ڕاستییەکەی، ئەمن قەت ڕۆژێک کاک جەلیلم بە پیری نەدیت. تەنانەت دەتوانم بڵێم بۆ من وەک جوانەمەرگ بووبێ وایە. ئەگەر جوانەمەرگ بوون بە مانای مەرگی لاوێکی ناکامە، ئەوا کاک جەلیل بە هزر و وزە، بە باوەڕ و هیوا، بە ئیمان و ورە، لە هەموومان لاوتر بوو. پێش ئەوەش کە بەری ڕەنجی هەشتا ساڵەی خۆی بچنێتەوە و بە ئاواتەکانی بگا، بەجێی هێشتین.

پاش ڕۆیشتنی بنکەکانی دەفتەر لە دۆڵی دێموکڕات، ماڵەکانی ئێمە لە شیوەجۆ لە شوێنیان نیشتەجێ بوون. لەبن ئەو دیوارەی دوکتور قاسملوو و ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕات (لەنێوواندا شەهیدان حوسێن شەمامی و ڕەحیم قاڕنجی) وێنەیەکی بەکۆمەڵیان گرتووە، ئەمنیش وێنەیەکم لەگەڵ کاک جەلیل و چەند هاوڕێ و هاواڵی ئەو سەردەمە هەیە. لە وێنەکە ورد دەبمەوە. کوڕەکەی خۆی لە پەنایەتی، کەچی دەستی لەسەر شانی من داناوە (بابم لەوێ نەبوو).

بەخۆم دەڵێم پێشمەرگەکانیش هەقیان بوو بە کاک جەلیل بڵێن "مامە".

سووڕی تازەی دوورە وڵاتی و درێژ بوونەوەی خەبات دەستی پێ کردەوە. بەهار گەڵ و گەزۆی داوەریو لە چڵ و چرۆی خۆی بە هاوین دەسپارد کۆیان وەکا؛ زستانیش بۆوەی غافڵگیر نەبین، خەبەری هاتنەوەی خۆی بە پاییزدا بۆ دەناردین. گەورەدێ بوو بە وێستگەی سێهەمی بەسەرهاتی کاک جەلیل و ئێمە. ئەوجار ئیدی کاک جەلیل هەر مامێکی ڕووخۆش نەبوو. خەمخۆری پەروەردەشمان بوو. جار هەبوو لە ژووری دەرگای لەسەر منداڵەکانی خۆی دادەخست بۆ ئەوەی کتێب بخوێننەوە. ئێمەشی بەهەمان شێوە هان دەدا کە بخوێنینەوە و شت فێر بین.

لەو ساڵانەش - وەک لە ساڵانی دوایی ژیانیدا - ئەوەی زیاتر لە زەینمدا لە کاک جەلیل بەجێماوە، دەنگە نەرم بەلام پڕ لە وزەکەی بوو کە لە ڕێگەیەوە هەمیشە مێهرەبانانە جویای حاڵت دەبوو و دەموودەست لە بەخشندەیی بەردەوامی ئەرخەیانی دەکردیەوە، بەخشندە لە ڕێنوێنی، لە مشوور، لە زانیاری و بیرەوەری. زۆر پێش ئەوەی خەڵک شایەتیدانی کاک جەلیل لەبارەی کۆماری کوردستانەوە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان ببینێ، ئێمە ڕاستەوخۆ لێمان بیستبوو. وەک هەمیشەش کە دەگەیشتە لەداردانی پێشەوا، گریان ئەوکی دەگرت.

***

لە قەندیل زۆر کەم پێکەوە ماینەوە. پاش دەهەیەک دەرکەوتن و درەوشانەوە لە ریزی هەرە پێشەوەی ڕێبەرانی حیزب، دوای کۆنگرەی هەشت - زۆر بەجیددی و سادقانە - بەرپرسایەتیی کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی حیزبی وەرگرت و ڕاستەوخۆ



سەرچاوە Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

بوو بە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان کە ناوی لە "شەهید فایق و شەهید چرچە"وە ببوو بە "نیشتمان".. پیاوی گەورەمان ناچێتە ناودڵ، تاکوو کۆچ نەکا و نەچێتە ژێر گڵ: سی ساڵ دواتر، تازە سەرنج دەدەم بەڕێوەبەری قوتابخانەکەم هەمان خاوەنماڵی یەکەمین قوتابخانەی ئازادی کورد، قوتابخانە کوردییەکەی یەکەمین کۆماری کورد، قوتابخانەی گەلاوێژ، بووە. هەر ئەو مێرمنداڵە کە ناوی لە ڕۆژنامەی کوردستانی کۆماردا هەیە.

بە جێژنێکی دیکەی نەورۆز و یادکردنەوە لە نەورۆزەکەی مزگەوتی نەڵۆسە ڕانەگەیشتین کە کێشەی هەمیشەیی نێوماڵی کورد بۆ چەند ساڵ کاک جەلیلی لەبەر چاوان ون کردم. جاروبار لە رادیۆیان گوێم لە دەنگی دەبوو. لەگەڵ ئەوە کە کەشێکی گرژ و نەشیاو کەوتە نێوان دوو دێموکڕاتەکەی ئەودەم، سەرنجم دابوو ئەو لەو دۆخەشدا دڵپاکی و زمانخاوێنیی خۆی وەلا نەنابوو.

***

کاتێک بنەماڵەی گەورەی دێموکڕات وەسەریەک کەوتەوە، لە فەڕانسەڕا بە سەفەر گەڕابوومەوە کوردستان و لە کۆیە بە دیداری کاک جەلیل شاد بوومەوە. ئەوجار زمان و سەرچاوە و بەسەرهات و دۆستە فەڕانسەییەکانیش پێکی دەبەستینەوە. لەو دیمانە سەرلەنوێییەدا، ئەو پێداگرانە لە خوێندنەکەمی دەپرسی و بۆ پلەکانی دواتر هانی دەدام، کەچی مێشکی من هەر شریتەکەی مزگەوتی نەڵۆسەی لێدەدایەوە!

سروودەکەی نەڵۆسەمان لای من خۆشترین سروودی شۆڕشگێڕییە. لەوێدا قانیع دەڵێ: "بیری ئازادیم لە زیندانا فراوانتر ئەبێ". هاوینی ١٩٩٧ کە لە قەڵای دێموکڕات چەند مانگێک لە بەشی "تەحقیق و تەرجومە"ی حیزب لە خزمەت پیاوی کتێب و موتالعەدا بووم، کاک جەلیل بۆی گێڕامەوە کە چۆن لە زیندانەکانی حەمەڕەزاشادا خۆی فێری زمانی فەڕانسەوی کردووە و تەنانەت هەر لە زیندان کتێبێکیشی لە فەڕانسەوییەوە وەرگێڕاوە. کتێبەکە ڕۆمانێکی ژنە نووسەری فەڕانسەیی بەڕەچەڵەک رووس، "کۆنتێس دوسێگوور"، بوو کە گادانی لەژێر ناوی "اسیر فرشتەوش" کردبووی بە فارسی.

جەلیل گادانی وەک کاراکتێری نێو ئەم نۆڤێلە دەهە و نیوێکی بەهاری ژیانی، دیلیی نێو زیندانەکانی چاشتبوو. بەڵام لەگەڵ هەموو ئازادەگییەکەی، ئەو تا لەژیاندا بوو ئەسیری دەستی شتێکی دیکە بوو، ئەسیری عیشقی ئازادی، ئەسیری ئەوینی گەلەکەی، بەچەشنێک کە هەموو ژیانی بۆ خەبات لەپێناو رزگاریی خاک و خەڵکی خۆی تەرخان کرد و هەرگیز بۆ ماوەیەکی زۆر لە هاوقەتارە بێنازەکانی دوور نەکەوتەوە.



سەرچاوە Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

کاک جەلیل "ئەسیری فریشتەوەش"ی خوێندبۆوە، بەڵام باوەڕ ناکەم ئەو دەرسە کە دەکرێ ئەسیریش بی و دڕندەخووش نەبی، ئەو لەو نووسەرە ئەشرافییە فەرەنگییەی فێر بووبێ. بۆخۆی دەیزانی. هەر لە سەرەتای ژیانییەوە ئەوەی سەلماندبوو.

***

شەڕی نەسلەکان لەلای کاک جەلیل وجوودی نەبوو. کاتێک بۆخۆم بۆ ماوەی سێ ساڵ بەرپرسایەتیی دووەمی حیزبم وەرگرت، لەو شوێنە کە بۆ زۆرینەی خەباتگێڕانی نەسلی پەنجا و هەشت هەزم کردنی سەرکردایەتیی کەسێکی لاوتر لە خۆیان ئاسان نیە، سەروەری بەڕێز هیچ حەوتوویەک نەبوو لە ژوورەکەی خۆم لە قەڵا گەورەم نەکا و بە مشوور و ڕێنوێنی و هاوکارییەکانی دڵگەرمم نەکا. ئەو ئەوەندەی باوەڕ بە نەوەی نوێ هەبوو کە لە کۆنگرەی حەڤدەی حیزب لەپشت میکرۆفۆن لە کاتی ناوهێنانی مندا گریا و تکای کرد خۆمان کاندید بکەینەوە...

بە کۆچی دوایی بەڕاستی ناوەختی کاک جەلیل گادانی حیزبی دێموکڕات یەکێک لە ڕەمزە هەرە ناسراوەکانی مێژووی خۆی لەدەست دا. نەمانی فیزیکیی کاک جەلیل گادانی لەنێو کۆڕی تێکۆشەرانی دێموکڕات و بزوتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جارێکی دیکە هەردوو حیزبی دێموکڕات ڕووبەڕووی دڵەکوتەی جەبری ژیان و چوونەسەری تەمەنی ئەو هێمایانە دەکاتەوە کە لە سەرجەم قۆناغە مێژووییەکانی تێکۆشانی ئەو حیزبەدا لەگەڵ بوون، لە هەموو مەیدانەکاندا تاقیکاریی خۆیان تێپەڕ کردووە و سەرباری هەموو دابەشبوون و کەموکورییەکانیان، هێز و ئیرادە و ئیعتباریان بە کاروانی خەباتی ئەو حیزبە بەخشیوە. لە سەردەمێکدا کە ئالەنگارییەکانی سەر ڕێگای حیزبی دێموکڕات و کوردی ڕۆژهەڵات بۆ قۆناغەکانی لەمەودوا زۆر لەوە کە بیری لێ دەکەینەوە زۆرتر و ترسناکترن، جێی خۆیەتی لە ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبدا کە هاوکات ٧٥ ساڵەی هاتنی کاک جەلیل بۆ نێو کایەی گشتیی کوردیشە، مشوورێکی جیددی لە گواستنەوەی مەشخەڵ لەنێوان نەسلەکان و دەکارخستنی هەموو هێز و تواناکان و لەوەش گرینگتر یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکڕات بخورێ. ئاخر وەسیەتی ژیانی کاک جەلیل لە خەڵوەتی دیداری دۆستانەی سەرکردە و سیماکانی هەردوو دێموکڕاتدا، وەسیەتی یەکخستنەوەی هەرچی زووتری ریزەکانی دێموکڕات بوو.

بەداخەوە کاک جەلیل نە یەکگرتنەوەی دێموکڕاتی دی، نە ڕزگاریی کوردستان، بەڵام هەردووکیان کە تەنیا بەوان رووحی کاک جەلیل و شەهیدان شاد دەبێ، لەدەست خۆماندان.

لە دەستەڕاست و سەرەتای گۆڕستانی شەهیدانی دێموکڕات لە کۆیە، گڵی تەڕی گۆڕێکی تازە بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

داپۆشراوە. ئەو گڵکۆیە گڵکۆی دوایین یادگاری زیندووی کۆماری کوردستان، هێمای کوردایەتیی پاک و خۆڕاگریی بزوتنەوەیەک، کاک جەلیلی گادانییە. هەڵکەوتەی شوێنی گڵکۆی کاک جەلیل، وەک لە ژیانیدا، لە پاش مەرگیشی، ئەوی کردۆتە میواندار و بەخێرهێنەری زائیران و هۆگرانی بارەگای خەبات بۆ ئازادیی کورد و کوردستان.

ئەگەر لە کێلی خوارەوەی قەبرەکەی کاک جەلیلڕا هێڵێکی راست بەرەو باکوور بکێشین، هێڵەکە زۆر زوو دەگاتە سەر سەری شەهید جەماڵ ئەکبەری، ئیسکۆرتەکەی کاک جەلیل کە لە مووشەکبارانی قەڵای دێموکڕاتدا گیانی بەخشی..

ئەگەر لە کێلی سەرەوەشی ڕا هێڵێکی راست بەرەو رۆژهەڵات بکێشین، ئەو هێڵە، نە زۆر درەنگ، دەگاتە مەهاباد.

**نەعشی کاک جەلیل کە جارێ لە زێدەکەی حاجی قادرڕا ڕووەو چوارچرا راکشاوە و لە رۆژهەڵاتی وڵات دەڕوانێ، لە هیچ کفنێکدا جێی نابێتەوە، مەگەر ئی خۆشەویستیی خەڵکی کوردستان.**

٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

---



سەرچاوە
Serchawe

**بۆ یادی ٥ ساڵە**

## ژیانی کاک جەلیل گادانی مەدرەسەیەکی باڵایە

## هێمای خۆڕاگری و فێرگەی بەرزی ئەزموون و بڕوایە.




**عەزیز ماملێ**

چەند کاتژمێر لەپاش کۆچی دوایی فڕانسوا میتێران، ژاک شیراک سەرۆک کۆماری ئەووەختی فەڕانسە ڕایگەیاند: "فڕانسوا میتێران بەرهەمێکی نەتەوەییە"

ماف و ئەرکی ئێمەیشە کە بە سەربەرزی لە کاک "جەلیل گادانی" وەک بەرهەمێکی نەتەوەیی کۆمەڵگای کوردستان یاد بکەین.

کەسێک بوو کە زیاتر لە حەفتا ساڵ بەبێ هەدادان و وەستان خزمەتی نەتەوە و نیشتمانی کرد و بەشداری شۆڕش و سەرهەڵدانەکانی کرد. تایبەتمەندییەکانی کاک جەلیل چەند ڕەهەندی بوو:

**لە بواری سیاسی:**

کەسایەتی سیاسیی کاک جەلیل لە کۆماری کوردستاندا فرچکی گرت و پتەو بوو، لە قوتابخانەی منداڵان و مەکتەبی فەرهەنگی - سیاسیە دامەزراوە کورتخایەنەکەی، فۆرماسیۆنی تێپەڕ کرد و پەروەردە بوو، هەر ئەوەیش بوو بە بنچینەی

باوەڕی بەهێزی کوردایەتی و بناوانی بەتوانا و درێژخایەنی ئیدیۆلۆژی سیاسی.

هیچ تەگەرە و لەمپەرێک ڕێگر نەبوو لە تێکۆشان و هەوڵدانی کاک جەلیل بۆ دووپات کردنەوەی ئەزموونەکان و گەیشتن بە ئامانجەکان؛ نە گوشاری ئەمنی، نە گرتن و ئەشکەنجە و تەنانەت حوکمی ئێعدام، نە ژیان لە ناو چیا و چۆڵ و شێو و دۆڵ، نە کوێرەوەری و کوێندەبەری، نە کێشەی ناوخۆیی و نە تەمەنی بەساڵداچوویی، نەیانتوانی دەوری نەرێنییان ببێت لە سەر کاک جەلیل.

چرای ژیانی کاک جەلیل بە خەباتی سیاسی داگیرسابوو، ئەوەی کە زۆر گرینگ بوو ئەو بەشە بوو کە ئەو چاکسوارە شۆڕشگێڕە بە وزە و توانا، بە پشوودرێژی، بە پاکی و پاقژی، بە ڕاستگۆیی و ئازایەتی، بە دروستی و دەستپاکی، بە دیسیپلین و مەتمانەبەخۆبوون ئەسپی خەباتی لە گشت ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاو دا. کاک جەلیل خونکارێکی سیاسی مەزن بوو، دووری دەڕوانی، لە هەر دەرفەتێک کەڵکی وەردەگرت بۆ ئەوە کە دژ بە پەلهاوێژی داگیرکەران و دەستدرێژی زۆرداران هەڵوێست بگرێت. ئامانجی پاک و ئاکاری چاکی ڕەچاو کرد، بە کەسی هەڵنەگوت، لە سازشی تێکدەرانە و پیلانی ڕیکخەرانە بێزار بوو، لە جێی خۆیدا و لە نێو دامەزراوەی سیاسیدا، ڕەخنەی ئاراستە دەکرد و ناڕەوایی لەقاو دەدا. هەوڵی زۆری دا بۆ یەکگرتوویی، نەک هەر لە نێو حیزب، بەڵکوو لە نێوان کۆی هێز و ڕێکخراوەکانی کوردستاندا؛ یەکێک لەو کەسانە بوو کە بیرۆکە ی کۆنگرەی نەتەوەیی بەهێز کرد و پاڵپشتی لێ کرد، کاتێک سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر بوو، بۆ کۆبوونەوە سەرەتاییەکان بانگێشتن کرا و گەلێک پێشنیاری بەنرخی ئاراستە کرد و بۆ پێکگەیشتن و تێگگەیشتن هەوڵی زۆری دا.

هەر لەو سەردەمەدا وەک سکرتێری حیزب زۆر هەڵسووڕاو بوو و پێوەندیەکانی لەگەڵ ئەو لایەنانە دامەزراند کە بڕوایان بە پرسی کورد بوو و لە ناو میدیاکانی دەرەوە چالاکی بەرچاوی بوو. بە زەحمەت و خۆماندو کردنێکی زۆر لەگەڵ سمایلی ماملێ، کتێبی «شەهیدانی حیزبی دیموکراتی کوردستان»یان ئامادە کرد و لە چاپیان دا.

کاک جەلیل ئەندامێکی فرە بە دیسیپلینی حیزبی بوو، ئەوین وخۆشەویستیی بۆ حیزبی دێموکڕات لە ڕادەبەدەر بوو؛ من هیچ کەسم نەدیت بەو شێوەیە و ئەوتۆ بە زمان و خامە، بە هەنگاو و دڵ و بە گیان ڕێز لە ڕێکخراوەکەی بگرێت. کاک جەلیل لە یەکەمین چاوپێکەوتنی لەگەڵ خومەینی، بەرنامە و پێڕەوی دیاریکراوی خستە بەردەست نێوبراو. هیچکاتێک ڕاسپاردە و بڕیارەکانی حیزبی خۆشەویستی خۆی ڕەد نەکردەوە، نە ناڵەی هات و نە زاڵە؛ کاک جەلیل لەگەڵ بڕو بیانو و پاساو نامۆ بوو و هەروەها لەگەڵ بڕیاری پێشوەختە. لە نێو حیزب دا خۆی لە ململانێ و ناکۆکی دوور ڕادەگرت. زۆر هەوڵی دا کە



سەرچاوە
Serchawe

دووبەرەکی لە نێو حیزب دا پێک نەییێت و هەرچەند ڕەخنەی زۆری بوو لە شێوەی بەڕێوەبردنی کۆنگرەی هەشتی حیزب، بەڵام زۆر جاران بۆ منی گێڕاوەتەوە کە جیابوونەوەی بەسەردا سەپا.

بەڕێز کاک جەلیل سەرەڕای ئەوینداری بۆ حیزبی دێموکرات، هیچکات نەچووە ژێر باری بڕیارە نالەبارەکان و هەڵوێستە ناڕەواکان و بۆ لقاودانیان بە جەرگ و ئازایانە دەنگی ناڕزایەتی هەڵدەبڕی. یەکێک لەو دەگمەن کەسانە بوو کە پێی وابوو دانیشتن و وتوویژ لەگەڵ ڕژیمی ئیسلامی لە ڕووی سیاسیەوە ماڵ ویرانکەرە؛

بەو هۆیەوە پێوەندیە ناڕەواکانی حیزبی لەگەڵیان ڕەد دەکردەوە و پێیوابوو کە ناکرێ دوژمنی دوێنێ دۆستی ئەوڕۆ بێت. ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، بەرهەڵست کاری بەشداری خەڵکی کوردستان بوو لە تەواوی "هەڵبژاردنەکانی ئێران" لە دەورانی ڕژیمی ئیسلامی دا.

لەو دواییانەدا هەندێک ئەندامی تازە پێگەیشتوو لە بەڕێوەبەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بە بێ لەبەرچاوگرتنی مێژوو، بە پێچەوانەی ڕاستی ڕووداوەکان و بێ ئەوەی کە بۆ خۆیان بەشداری ئەو بەشە لە شۆڕشی کوردستاندا بووبن؛ واتە بە بێ ئاگاداری و زانیاری، ئاوی پاک بەسەر "موفتیزادە"دا دەکەن و حیزبی دێموکڕات، کۆمەڵە و مامۆستا شێخ عیزەددین و لایەنە سیاسیەکانی دیکە بە سووچدار دەزانن. بەو هۆیەوە شەوێک لە پاش بیستنی هەڵوێستێکی نالەباری ئەوتۆ، تەلەفۆنم لە برای گەورەم کاک جەلیل کرد و ناڕەزایەتیەکانم لەو جۆرە بۆچوونانە پێ عەرز کرد، برا گەورەم وڵامی ئەوە بوو: هەر ئێستا دەچم بۆ ڕێبەرایەتی و بۆخۆم دژ بە و هەڵویستانە ڕادەوەستم.

### کاک جەلیل دەوری گرنگی بینی لە ناو شۆڕشی گەلانی ئێراندا.

لەگەڵ یادزیندوو کاک عەزیزی یوسفی، ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە ماوەی بیست و پێنج ساڵ لە گرتووخانەکانی رژیمی پاشایەتی دا حەبس کرابوو دۆستایەتی نزیکیان بوو. لەپاش ڕزگاربوونی، کاک عەزیز لە سەفەرەکانی بۆ تاران لە ماڵی کاک جەلیل دەماوە. لە کۆچی دوایی کاک عەزیزدا کاک جەلیل چالاکی زۆر بەرچاوی بوو بە تایبەت لە ڕۆژی ڕێوڕەسمی ناشتنی لە شاری سابلاغ ، کاک جەلیل یەکێک لەو کەسانە بوو کە وتارێکی لە سەر کاک عەزیز ئاراستە کرد و خەڵکی دژ بە سیاسەتی رژیمی شاهان دا. لە ئاکامدا ساواکی حکومەت دەستی کرد بە گرتنی خەڵک و کاک جەلیل یەکێک لە گیراوەکان بوو لە گرتووخانەی ورمێ. من ئەو کات پارێزەر بووم لە شاری سەقز و چووم بۆ دادگای سەربازی ورمێ و پەروەندەی ٤٦ کەس لە حەبسکراوەکانم خوێندەوە. تەواوی بەندکراوەکان بە تایبەت چەند

## بۆ یادی ٥ ساڵە

کەسێک، زۆر زۆر بوێرانە وڵامی پرسیارەکانی دادوەریان دابووەوە، یەکێک لەوانە کاک جەلیلی بەڕێز بوو کە بە گژ دام و دەزگای دەوڵەتدا هاتبۆوە. سەردەمی شۆڕش بوو، ئەوکات سەرەڕای ئەوە کە حکوومەتی نیزامی ڕاگەیێندرابوو، خەڵکی مەهاباد بە تایبەت گەنجەکان هەموو ڕۆژ لە نێو شەقامەکانی شار خۆپێشاندانیان ڕێک دەخست و داوایان دەکرد:

" زیندانیەکانمان بۆ بەردەن "

٤٦ بەندکراوی سابڵاغی لە ورمێ، یەکەمین دەستەی بەندکراوە سیاسیەکانی ئێران بوون کە لە دەورانی شۆڕشدا ئازاد کران. لە پێشوازیە گەرمەکەی خەڵکی شار و دێ، کاک جەلیل و کاک حەسەنی ماوەڕانی و من لە ماشێنێک دا بووین؛ کاک جەلیل دەستی بۆ خەڵک هەڵدێنا و لەبە رخۆیەوە دەیگوت:

"ئەو خەڵکە هەر بۆ ئەوە دەبێ کە خۆی بۆ بەخت کەی"

کاک جەلیل یەکەمین میتینگی سەدهەزار کەسیی حیزبی دێموکڕاتی لە ستادیۆمی مەهاباد بەڕێوە برد. ئەو خەباتگێڕە ماندوویینەناسە لە سەرێک لە کوردستان کاری حیزبایەتی لە سەردەمی شۆڕشدا بەڕێوە دەبرد و لە بەرێک لە تاران ئەرکەکانی تەشکیلاتی بەجێ دەگەیاند. دەگەڵ زیندوویاد بەڕێز سارمەدینی سادق وەزیری "ڕێکخراوی کۆڕی کوردەکانی دانیشتووی تاران"یان دامەزراند کە خزمەتێکی یەگجار گەورە بوو بە بزووتنەوە و بەرخۆدانی کورد دژ بە کۆماری ئیسلامی.

ڕابردووی تێکۆشانی سیاسی و هەڵسوکەوتی کاک جەلیل ئەوەندە چڕوپڕ و دەوڵەمەند و بەربڵاوە کە ڕەنگە لە چەند کتێب دا بکرێت باسیان لێ بکرێت، وەک چالاکی و بەشداربوونەکانی.

تەنیا دەتوانم پەنجە بۆ ئەوە ڕابکێشم کە هەڵسووڕاویی کاک جەلیل، تێوە گلانی لە سیاسەت دا، ئەندامەتی لە حیزب و بە دەستەوە گرتنی ئەرکی ڕێبەرایەتی لەو پەڕی بەرپرسایەتی و دڵسۆزیدا، بە بێ دەمارگرژی و پاوانخوازی وەدی هاتن. کاک جەلیل جگە لە ڕەچاو کردنی ئوسوولی ئەخلاق لە سیاسەتدا، لە سۆنگەی ئیدیۆلۆژیشەوە کەسیکێ پێشکەوتوو بوو و باوەڕی قورسی بە سۆسیالیزم هەبوو و زۆر سوور و پێداگر بوو لە دەستەبەر کردنی دادوەریی کۆمەڵایەتی. بۆ داهاتووی ئێران و کوردستان داواکاری ڕژیمێکی لاییک بوو، باوەڕی بە یەکسانی مافەکانی ژن و پیاو هەبوو و تەواوی تەمەنی خۆی لە پێناو دیاری کردنی مافی چارەنووسی نەتەوەی کورددا تەرخان کرد.

## بۆ یادی ٥ ساڵە

کاک جەلیل بە هۆی لایەنە پێشکەوتنخوازەکانی، لەبەر سروشتی چاک و پاکی، لە ڕووی کردەوە و ڕەفتاری ڕەوایشەوە کەسایەتییێکی ناسراو، خۆشناو و باوەڕ پێکراو بوو؛ جێگەی ڕێز و متمانە بوو نەک هەر لە نێو جوغرافیای کوردستان بەڵکوو، لە نێو ئێران و ڕێکخراوە سیاسیەکانی ئێرانی دا.

### لە ئاستی کۆمەڵایەتی:

من ئەو شانسە گەورەم بوو کە هەر لە سەرەتای گەنجیمەوە بە خزمەت کاک جەلیلی گادانی گەیشتم. ئەوکات، لە سەرەتای ساڵی ١٣٤٦ تازە لە گرتووخانەی ڕژیمی پاشایەتی ڕزگاری ببوو، کەش و هەوای سیاسی و زەخت و زەبر و زەنگی ساواک هێندە زۆر بوو کە زۆر کەس نەیاندەوێرا خۆ لە بەندکراوە ئازاد کراوەکانی سیاسی بدەن. ئەگەر دۆستایەتی لەگەڵ کەسایەتیەکی گەورە و ئەوتۆی سیاسی بۆ من جێگەی شانازیی بوو، بۆ هێندێک کەس سەرسوڕ هێنەر بو. زۆر جاران نەمر مامۆستا مامڵێ کە دۆستی نزیکی کاک جەلیل بوو و گەلێک ڕێزی لێدەگرت، بۆی دەگێڕامەوە: "فلانە کەس پێی گوتم بۆ چی دەهێڵی "خانە" هەستان و دانیشتنی کاک جەلیل بکات؟ منیش پێمگوت: بۆچی نەیکات؟ "

کاک جەلیل قوتابخانەییێکی بۆ منالانی پێش سەرەتایی دامەزراند و گەلێک سەرکەوتوو بوو بەڵام لە پاش چەند مانگێک ساواک دایخست و هێندەی پێ نەچوو کاک جەلیل لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی ٤٦ - ٤٧، بەشی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان گیرا و ڕەوانەی گرتووخانەی (فلک الافلاک) لە (خرمئ‌باد) کرا. لە پاش ئازاد بوونی لە تاران نیشتەجێ بوو و لە تاقی کردنەوەی فێرگەی زمانەکانی بێگانە لە "تاران"دا پلەی یەکەمی بە دەست هێنا و لیسانسی زمانی فەرانسەی وەرگرت. کاک جەلیل هۆگری زمان و ئەدەبیات و شارستانیەتی فەڕانسە بوو و لە گرتووخانە توانیبووی دوو کتێب بە زمانی فارسی وەرگێڕێتەوە: اسیر فرشته وش، چگونه انسان غول شد.

ماڵی کاک جەلیل و ئەسمەر خانم لە تاران کانگای ئازادیخوازان و لێ قەوماوان بوو. پێویستە ئاماژە بە زەحمەتەکانی ئەسمەر خانم بکەم کە شەو و ڕۆژ، بێ وچان و بەردەوام پێشوازی لە میوان دەکرد. کاک جەلیل ئەوەندە ناسراو و ناوخاس، ناو بەدەر و خۆشەویست بوو کە نەک هەر لە شاری سابلاغ بەڵکوو لە تەواوی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هات و چۆیان دەکرد. ڕووناکبیرانی کورد، هاوبیران و هاوڕێیان بۆ چاوپێکەوتنی دۆستی خۆشەویستیان سەردانیان دەکرد؛ بیر و ڕایان دەگۆڕیەوە و پرس و ڕایان پێ دەکرد. ماڵی کاک جەلیل لە تاران هەروەها شوێنی داڵدەهێنان بوو، خەڵکی بێ دەرەتان و داماو پەنایان بۆ کاک جەلیل دەهێنا، ئەویش یارمەتی دەدان و کەسی بە دڵناخۆشی بەڕێ نەدەکرد؛ ئەگەر بۆ خۆیشی هیچی لە دەست نەهاتبایە، دۆست و پێوەندی زۆر بوو لێر و لەوێ و داوای ئالیکاری لێ دەکردن.

## بۆ یادی ٥ ساڵە

کاک جەلیل لە ڕیزگرتن لە دۆستایەتی و وەفا و ئەمەگ بۆ دۆستانی خۆی کەسێکی بێ وێنە بوو، خۆپێوە ماندووکردن بۆ نەک هەر دۆستان بە ئکووبۆ ناسراوان، لە خەم و لە فکر دابوونی ئەم و ئەو تایبەتمەندییەکی زۆر بە نرخی کاک جەلیل بوو کە تەنیا بەو دەکرا و لە کەسی تر ناوەشێتەوە. لە ساڵەکانی ١٩٧٠ کاک جەلیل لە مەدرەسەی نابینایان بۆ ماوەی دوو مانگ لە تاران ناوی نووسی بۆ فێربوونی خوێندنەوە بە قامکەکانی دەست (بریل) بەو مەبەستە کە بتوانێ فێری دۆستێکی نابینای خۆی بکا بە ناوی (مەلا غەفووری دەبباغی) شاعیری بە ناوبانگ لە شاری مەهاباد کە بۆی نەبوو سەفەری تاران بکا. بە دەرد و مەرگی خەڵکەوە ماندووبوون لەو دواییانەدا گەیشتە جێگایەک کە تەنانەت لەو دۆخە پڕ لە مەترسییەی کۆویدی ١٩، کاک جەلیل خۆپاراستن و ئاگالەخۆبوونی وەلا نا و فیدای دۆستایەتی کرد، سەردانی هاڤاڵەکانی کە تووشی ئەو نەخۆشییە ببوون ئەویشی تووشی کۆرۆنا ویرووس کرد و زۆر مەعسووم لەسەر تەختی نەخۆشخانەی سلێمانی لە کوردستان گیانی فیدای کوردستان و ئامانجە بەدی نەهاتووەکان و پرەنسیپەکانی کرد.

کاک جەلیل گەلێک خەڵک خۆشەویست بوو و پێوەندی بەرچاوی دەگەڵیان هەبوو وەک باوک و براێکی دڵسۆز چاوی لە گرفت و دژواری خەڵک دەکرد، کێشەی ئەوانی بە هی خۆی دەزانی، فرە بە دەرد و مەرگی کۆمەڵگای کوردی دانیشتووی تارانەوە ماندوو بوو.

کاک جەلیل براێکی گەورە و دۆستێکی دڵسۆز و هاڤاڵێکی گەورەی لە مێژینە بوو بۆ من، ڕابردوویێکی نزیک بە ٥٦ ساڵ دۆستایەتی و نزیکایەتی. لە ڕێ و ڕەسمی دەسپێکی ژیانی هاوبەشی سوهەیلا و من دا، کاک جەلیل نوێنەرایەتی ئێمەی بە جێ گەیاند.

گەورەترین یارمەتی کە ئەو بلیمەتەی مرۆڤدوستی و ئەخلاق بە منی کرد، ئەوە بوو کە منی بە جەنابی سارم خانی سادق وەزیری، دۆستی نزیکی خۆی ناساند و سەرەتای ژیانێکی پڕ لە شانازی بۆ من چێ کرد.

ئەو چەند ڕستەیە لە سەر کاک جەلیل "کەمێکە لە سەر زۆر و شەمێکە لە چاو خۆر". خۆزگە و بریا نەوەی داهاتووی کورد بتوانێ ڕەوشت و ئاکاری کاک جەلیل بگرێتە بەر و ڕچەی ئەو پیاوە مەزنە ڕەچاو بکات. ژیان، کردەوەکان و دۆسیەی سیاسی - کۆمەڵایەتی و ڕابردووی کاک جەلیل بۆ خۆی فێرگەیێکی بەرزە.

کاک جەلیل بە لێشاوی ولێهاتوویی، دەستەچیلەی خۆی وەبەر ئاگری خەبات و بزاڤی کورد دا، ئەرکەکانی ڕێک و پێک و بە بێ دامان و تاسان و بە دوور لە قرە و گومان بەجێ گەیاند. سروشتییە کە بنەماڵەی بەڕێزی گادانی، دۆستان و

## بۆ یادی ٥ ساڵە

هاوڕێیان، هاوخەباتیان و هاو حیزبیان چاویان کز و سیس و فرمێسکاوی بێت، بەڵام ڕامان لە کەسایەتی کاک جەلیل، لە خۆشەویستیی لە نێو خەڵکدا، لە پێشوازی کۆمەڵگا لەو کەسایەتیە پایەبەرزە، پێمان دەسەلمێنێت کە ئەو خەباتگێڕە پلە و پێگە و جێگەی تایبەتی لە نێو دیرۆکی کورد دا دەستەبەر کرد. کاک جەلیل نەڕۆیشت بۆ نەمان و نادیاری و ناکجای باد، چوو بۆ ناو جەرگەی مێژووی کورد و کوردستان.

**دڵی گەرمی کاک جەلیل هەتا دوا هەناسە بۆ بەجێگەیاندنی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد لێیدەدا و گومان لەوەدا نیە کە دوایین شێعری مامۆستا هێمن "ناڵەی جودایی" لە مێشکی دا هات و چۆی کردووە:**

دڵم هەتا هەمبێ بڕست و بیر و هۆش
گەر گلاشم کوردەواری و ئێوە خۆش

عەزیز مامڵێ

فەرانسە

١٨ی گەلاوێژی ١٣٩٩

٨ی مانگی ئووت ٢٠٢٠

سەرچاوە: ماڵپەڕی شارپرێس

## سیاسەتی سادقانە!




**مەحمود شێرزاد**

ئەگەر لە نزیکەوە هەندێ لە بەها ڕەسەن و جیهانییەکانم کەم تا زۆر تێدا نەبینیبایە لەبارەیەوە نەمدەنووسی. پیاوچاکان بەسەر هەموو بوارەکاندا دابەش بوون، لە هەموو بوارەکاندا پیاوچاک هەڵدەکەون. کاک جەلیل یەکێکە لە پیاوچاکانی بواری حزبایەتی و خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. هەربۆیەش ئەوانەی لەم بوارەدا بەشدار و چالاکن دەبێ ئیلهامی لێوەربگرن و بە شێوازی خۆیان ڕێچکەیەکی سادقانە لە سیاسەت و حزبایەتیدا بگرنە بەر.

کاک جەلیلی گادانی نزیکەی ٧٣ ساڵ لە پێناو خاک و خەڵکی کوردستاندا خەباتی کرد و شێلگیرانە تێکۆشا. ماڵباتی کاک جەلیل لە مەهاباد مەکۆی حەوانەوە و خۆپێگەیاندنی خەباتگێڕانی ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان بوو. هەر لە منداڵییەوە لە کەشوهەوای خەبات و غەمخۆریدا هەناسەی هەڵمژیبوو. لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، وەک قوتابییەکی زیت و وریا کە هەموو ڕووداوەکەی لە یادگەیدا تۆمار کردبوو، بەشداریی کردبوو. دواتریش دەبێ بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پاش ڕووخاندنی کۆمار و خاوبوونەوەی ریسی حیزبایەتی، کاک جەلیل کەشکۆڵ بە شان و گۆچان بەدەست لەم گوند بۆ ئەو گوند، ئەندامان و لایەنگرانی دێموکرات دەدۆزێتەوە و هەوڵ بۆ هۆنینەوەی تانوپۆی فەڕشی حیزبایەتی و کوردایەتی دەداتەوە، کە بەهەق تێشیدا سەرکەوتووبوو. لەو ساتەوە تا نها لە ژیانی حیزبی و سیاسی کاک جەلیلدا سەدان وێستگەی مانادار و شایانی لەسەر وەستان و لێ فێربوون هەیە.



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

ڕەنگە و بێ گومان زۆر کەسیتریش لە کوردەواری و لە دنیادا توانیویانە هەموو تەمەنی خۆیان لە خەباتی سیاسی و نەتەوەیدا بە کارهێنابێ، بەڵام بێ گومان ڕێژەییەکی کەمیان توانیویانە ماندووبوونەناسانە پانتاییەکی بەرینی ئەو تەمەنە بە سەداقەت و راستگۆیی و ورەبەرزی پڕ بکەنەوە. هەر بۆیەش ئەوەی زۆر سەرسوڕهێنەرە ئەوەیە کە کاک جەلیل ئەو زیاتر لەحەفتا ساڵەی بە سەداقەت و راستگۆیی و ورە بەرزی بردە سەر، تا ئەو جیگەیەی بۆی دەکرا هەوڵیدەدا هەرگیز لەو بنەمایانە لانەدا.

جارێکیان ساڵی ٢٠٠٦ لە خزمەتیدا لە کۆبوونەوەیەک بووین، برادەرێک لەسەر هەڵوێستێکی پێشووی کاک جەلیل ڕەخنەی لێگرت، کاک جەلیل گوتی: "کاکە گیان ئەم هەڵوێستەی ئەو کاتمان بە دژی دیکتاتۆری بوو، من دژی دیکتاتۆریم، چ دیکتاتۆری بیگانە چ دیکتاتۆری خۆمانە، بۆ من فەرق ناکا، من دژی دیکتاتۆرییم!" جگە لەوە کاتێ لەگەڵی دادەنیشتی هیچی لێ نەدەشاردیتەوە. ڕاستییەکانی بۆ باس دەکردی، بە باشی هەموو شتەکانی ئاشکرا دەکرد و بۆی ڕوون دەکردیتەوە. لە هەموو شوێنێک و لای هەموو کەس هەموو شتەکانی دەگوت، جا ئەم تایبەتمەندییە، تایبەتمەندی مرۆڤە پاکژەکانە، مرۆڤی فێڵاوی ناتوانێ وا بێ. جارێکیتر هەر لەساڵی ٢٠٠٦دا لە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ سەرکردایەتی کۆمەڵە لە خزمەتیدابووم. کاک جەلیل لەباسی کێشەکانی ناو حیزبدا هیچی نەهێشتەوە، هەمووی گوت. کە هاتینە دەرەوە گوتم کاک جلیل هەموو شتەکانت گوت، گوتی مامە گیان! لە زاری خۆمانەوە بیبیسن باشترە تا لە زاری کەسێکترەوە، ئێمەش بە دانانان بە کەموکوڕییەکانی خۆمان کەم ناکەین و تەنانەت زیادیش دەکەین.

خاڵێکیتر لە کاک جەلیلدا کۆمەڵایەتیی بوونەکەی بوو، ڕووی لە هەر ناوچەیەکی کوردستان کردبا سەرت سوڕدەما چۆن ئەو هەموو خەڵکە دەناسێ، ئەوەی کە خەڵک ئەویان ناسیبا زۆر گرنگ نەبوو، بەهەرحاڵ پیاوێکی دیار بوو، بەڵام ئەوەی کە ئەو، ئەو هەمووە خەڵکەی بە ناو دەناسی بە لامانەوە سەیر بوو. لە ناو خەڵکدا زۆر خۆشەویست بوو و ئەو خۆشەویستییەش ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی ئەو خۆشەویستییە بوو کە خۆی لە ناخەوە بۆ هەموانی هەبوو. یەکێکیتر لە تایبەتمەندییەکانی کاک جەلیل ئەوە بوو کە پزیشکی خۆی بوو. زۆر گرنگی بە لەشساغی خۆی دەدا، یەکێک لەو جارانەی لە ماڵە خۆیان لە خزمەتی دابووم، تاریک و ڕوونی بەیانی، پێش ئەوەی زەردە سەران بنگێوێ، لە پەنجەرەوە سەیرم کرد لە ناو حەوشە وەرزشی دەکرد، دواتر لەسەر خوانی بەیانی گووتم قوربان ئەوە بۆیە وا بە باشی ماوی، گوتی: بەڵێ بەڵێ مامە گیان! ئێستاش پتەم لێدەن زرینگەم دێ... دەستمان بە پێکەنین کرد.

مام جەلیل ئەوەندە دڵپاک و ڕاستگۆ بوو خۆم زۆر جار لە هاوڕێیان و هاوتەمەنەکانی خۆییم دەبیست دەیانگوت کاک جەلیل بۆ حزبایەتی و سیاسەت نابێ، یانی فڕوفێڵ نازانێ. بەڵام نا، کاک جەلیل لەم دەگمەن کەسانە بوو مانا و

## بۆ یادی ٥ ساڵە

گەوهەری سیاسەت و حزبایەتی گۆڕی بوو، سەلماندی دەکرێ بە سەداقەتەوە حزبایەتی و سیاسەت بکەی، ئەمەش رێک ببوو بە خاڵی بەهێزی کاک جەلیل. سیاسەت فڕو فێڵ نییە، سیاسەت بوارێکی بێ رەنگە، خۆت دەتوانی رەنگی خۆتی لێبدەی. کاک جەلیل رەنگی خۆی لە حیزبایەتی و سیاسەت دا، نەک بە پێچەوانە، واتە ئەوەی قبووڵ نەبوو سیاسەت بریتی بێ لە فڕوفێڵ و ئەو کەسانەش کە سیاسەت دەکەن حەتمەن دەبێ خۆیان فڕوفێڵاوی بکەن. هەندێ کەسیتریش لە مێژوودا وابووە. بۆ نمونە مهاتما گاندی، ئەولاتریش رۆیی، واتە وەک یۆگییەک، وەک پیاوچاکێک، بوو بە مەزنترین سیاسی مێژووی مرۆڤایەتی. خۆی دەیگوت من لە خۆشەویستیم بۆ حەقیقەت سیاسەت دەکەم. دەمەوێ لە رێگەی سیاسەتەوە کە پەیوەندی بە هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤە کانەوە هەیە و لە هەموو روویەکەوە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا دادەنێ کار بۆ پەرە پێدانی حەقیقەت بکەم. بە داخەوە کەم سیاسەتمەدار و کاربەدەست هەیە بە دروستی بزانێ تەنیا لەم رێگەیەوە دروستە هەوڵبدا. تەنیا لە رێگەی خۆنەویستی و سەداقەتەوە خاک و خەڵک لە سێبەریدا پشوو دەدەن و دەبووژێنەوە. تەنیا لە رێگەی راستگۆیی و خۆشەویستییەوە دەتوانن کورسی راستەقینە، کە دڵی خەڵکە بەدەست بێنن.

کاک جەلیل لەم جۆرە کەسانە بوو، خۆش بە حاڵی ئەو کەسانەی لە بوارەکەی خۆیاندا سادق و راستگۆ و خۆنەویستن!

تێبینی: ئەم وتارە لە ژمارەی ئەمڕۆ دووشەمە ١٠ - ٨ - ٢٠٢٠ لە رۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاو بۆتەوە.

١٠ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## وەفایەک بۆ کاک جەلیلی خۆشەویست




**ئەنوەر سوڵتانی**

ناو و بانگەوازی کاک جەلیلم یەکەمجار کاتێ ژنەفت کە لە زیندانی شادا بوو و دەگوترا بە هۆی ئازایەتی و کۆڵنەدەرییەوە لەگەڵ نەمران عەزیزی یۆسفی و مامەغەنی بلووریان و حوسەینی فرۆهەر لە زیندانی قەسری تارانەوە دووریان خستوونەتەوە و ناردوویاننە زیندانی "بورازجان" لە باشووری ئێران، کە گەرمای ٤٠ - ٥٠ پلەیی هیچ، تەنانەت ئاوی خواردنەوەی ئاساییشی لێ دەست نەدەکەوت؛ بەڵام ئەوان هەموو، ئەو مەنفا - زیندانەیەیان بە سەربەرزییەوە تێپەڕاند و ملیان بۆ ڕوکنی دوو و ساواکی شا دانەنەواند. کتێبێکیشم بینی کە لە زینداندا لە فەرەنسییەوە تەرجەمەی کردبووە سەر فارسی وەک تاقە زمانی مۆڵەت پێدراوی ئێران.

درەنگتر، دوای ئازادبوونی لە زیندان، بەختی ئەوەم پەیدا کرد لە تاران چاوم پێی بکەوێت و هاتوچۆی ماڵیشیان بکەم. لە ساڵانی کۆتایی ڕژیمی شادا، کە زیندانییە سیاسییەکان یەک یەک ئازاد دەکران، جارێکیش بۆ بەخێرهێنانەوەی کاک عەزیزی یۆسفی، کە لە زیندان ئازاد کرابوو و لە ماڵی ئەو دابەزیبوو، هاوڕێ لەگەڵ دوو برادەری خۆشەویستم چوومە خزمەت هەردوولایان.

ساڵی ١٩٧٦ بوو، کە من خۆم لە زیندانی ئێڤینی تاران ئازاد کرام. بەپێی یاسای ئەودەم، کەسانێک کە بە قەراری دادگا حوکم درابێتن و کەوتبنە زیندانەوە، دوای ئازاد بوون نەیاندەتوانی ئیش و کاری دەوڵەتی وەربگرن، منیش نەکرا بچمەوە

## بۆ یادی ٥ ساڵە

سەر کاری مامۆستاییەکەم و چوومەوە بۆکان. چەند مانگێک بێکار بووم و لە دووکانی کاکمدا لەبەر دەستی ئەو کارم دەکرد، کە زۆریش لەگەڵم میهرەبان بوو و گەلێک خاتری دەگرتم. لە بۆکان ئیش و کارێکی سەربەخۆی وا دەست نەدەکەوت بەکەڵکی من بێت و شارەزای دووکانداری و کاری بازرگانیش نەبووم دەنا کەس وکارەکەم هەموویان دووکاندار و بازرگان بوون. بیرم لەوە دەکردەوە بەڵکوو بچمە شارەکانی عەجەمستان و لەوێ لە شەریکەیەک، شوێنێک دابمەزرێم.

ڕۆژێکیان کاکم گوتی لێرە نەبووی، کاک حەسەنی ئەیبووبزادە (مامۆستا گۆرانی دواتر)، لە تارانەوە تەلەفونی کردووە و گوتوویەتی کاک جەلیلی گادانی دەڵێ با ئەنوەر بێتە تاران لای من، لێرە لە شەریکەی "انبارهای عمومی ایران" کە خۆم ئیشی تێدا دەکەم، دەتوانم دایبمەزرێنم. ئای، گوتم، چی لەوە چاتر! هەستام و چوومە تاران. کاک جەلیل پێشوازییەکی گەرمی لێکردم و گوتی لە لقەکانی شەریکەکە لە ئابادان و تەورێز و جوڵفا کامیانت پێخۆشە، هەر ئێستا حوکمەکەیت بۆ بنووسم و بتنێرم، بەڵام لە تاران شوێنمان نییە، گوتم تەورێز باشە لە کوردستان نزیکترە. هەر ئەو ڕۆژە حوکمی دامەزرانی بۆ نووسیم و ڕەوانەی تەورێزی کردم.

شەریکەکە، گەلێک گەورە و زەبەلاح بوو، سەرمایەکەی ١٦ بانک و شەریکەی ماڵیی پێکەوەیان نابوو و بە هەزاران کرێکار و عەمباردار و کادیری دیکەوە وەک کەرتی تایبەت، ئەرکی قۆنتەراتچی هەموو گومرکی ئێرانی بەڕێوەدەبرد. مودیرەکەی ناوی دوکتۆر بیهزادی، خەڵکی شاری ئاستارا و برای یەک لە ڕێبەرانی حزبی توودەی ئێران بوو، هەر بۆیەش بە گشتی هەندێک جار چاویان لە هەڵوێستی سیاسیی فەرمانبەرەکان دەقووچاند و بەسەر خۆیان نەدەهێنا کێ کێیە و چکارەیە، کاک جەلیلیش لە دەفتەری تارانیاندا ڕەئیسی "کارگزینی" و بەرپرسی دامەزراندنی فەرمانبەر بوو.

هەرچۆنێک بێت، من ماوەی ٣ ساڵ زیاتر لەوێدا لەسەر ئیشەکە مامەوە و پلەم چووە سەرێ تا ئەوەی بووم بە مودیری ئیداریی لقی ئازەربایجان لە تەورێز و گەلێکم دەست دەرۆیشت، مووچەیەکی باشیشم وەردەگرت. بەڵام هەر ئەوەندەی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٧٩ی گەلانی ئێران سەرکەوت و ڕژیمی پەهلەوی ڕووخا، حکوومەتی کاتیی موهەندیس بازرگان مۆڵەتی هەموو زیندانییە سیاسییەکانی دا بگەڕێنەوە سەر ئیش و کاری خۆیان. منیش دوو مانگێک دوای ڕاپەڕین چوومەوە سەر کاری مامۆستاییەکەم و دوای یەک ڕۆژ کارکردن لە تاران، داوام کرد بمنێرنەوە بۆکان. سەردەمی شۆڕش بوو و ئاڵۆزی کەتبووە کوردستانەوە. ڕژیمی نگریسی مەلاکان سەرەتا بە شەڕی سنە و ئیعدامەکانی خەڵخاڵی دەستی بە دژایەتی گەلەکەمان کرد و وردە وردە هەموو ناوچەکانی دیکەشی لەشەڕ ئالاند. شەڕ و ئیعدام و وێرانییەک کە تەنانەت ئێستا ٣٠ ساڵ دوای چوونەدەرەوەی حزبە چەکدارەکان لە ئێرانیش، هەر بەسەر گەلەکەماندا سەپاوە و دڵنیام تا ڕۆژێکیش کە کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵاتدا بێت، هەر درێژەی پەیدا دەکات و پاسدار و ئیتلاعاتی ئەگەر ڕۆڵەی کورد بە ناوی پێشمەرگە و ئەندامی

## بۆ یادی ٥ ساڵە

حزبی چەکدارەوە نەکووژن، هیچ نەبێ وەک کۆڵبەر دەیانکووژن و وەک "زارا"ی مامۆستای زمانی کوردی لە زیندانیان توند دەکەن. ئیتر من لەو کارەی وا کاک جەلیل بە میهرەبانییەوە بۆی دۆزیبوومەوە و ژیانمی بە باشی پێ بەڕێوەدەبرا، هاتمە دەرەوە و بوومەوە مامۆستاکەی جاران! بەڵام ڕێز و پێزانیم بۆ ئەو و دڵە میهرەبانەکەی تا ئەمڕۆ هەرماوە و تا کۆتایی تەمەنیشم هەر دەمێنێت.

هەروا هەفتەیەک پێش سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩شدا، کاتێ کە ڕێکخراوەی ‛چریکە فیدائیەکانی گەلی ئێران’ لە زانستگەی تەورێز کۆنفەرانسێکی گەورەی بە ناوی "هفتە همبستگی با خلق کرد" بەڕێوە دەبرد، لەگەڵ ڕێزدار دوکتۆر کەریمی سەلامی هەوڵی ئەوەمان دا خەڵکانێکی باش کۆبکەینەوە بۆ ئەوەی لە کۆنفەرانسەکەدا نوێنەرایەتی گەلی کورد بکەن و وتار بدەن. من چووم بۆ تاران و ڕاست چوومە ماڵی کاک جەلیل. دەست بەجێ بانگهێشتنەکەی لێ قەبووڵ کردم و هاتە تەورێز و تەنیا یەک ڕۆژ پێش سەرکەوتنی ڕاپەرینەکە، وتارێکی بەڕێ وجێ و کاریگەری لەسەر پێشینەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد پێشکەش بە سەدان خوێندکاری ئازەربایجانی ناو هۆڵەکە کرد.(١)

لە ساڵانی ژیانی کاک جەلیل لە باشووریش دووراودوور ئاگام لە کار و خەبات و هەڵوێستەکانی بوو و باوەکوو بۆ مەسەلەی کەرت بوونی حزبی دیموکرات و دوو جار جیابوونەوە لە بەژنی سەرەکیی حزب، لەگەڵیدا هاودەنگ نەبووم و ڕەخنەم لە ناوەرۆکی هەندێک لە بیرەوەری نووسینەکانیشی دەگرت، بەڵام کاک جەلیل بە دڵئاواییەوە جار وبارە هەر تەلەفونی بۆ دەکردم و تەنانەت نوسخەیەک لە کتێبی "با نەبێتە درۆی پاش مردوو"ی بە دیاری بۆ ناردم. دڵپاکی و گەورەیی ڕۆحی کاک جەلیل لەوانەش زیاتر و دەکرێ بگوترێ کەم وێنە بوو.

ڕێبازی نەتەوەیی کورد، کە ئەویش ڕێبوارێکی بە تاو وتینی بوو، سەرەڕای هەموو کەند و کۆسپ و بەرز و نزمێک، ڕۆژێک دەگاتە ئەنجامی خوازراوی گەل و "ئەوی ڕۆژی واڵا"، کە "شەنگەبێری دەشەکێنن ئاڵا"(٢)، ڕێز لە ناو و یادی مامۆستا جەلیلی گادانی و هەموو گیان بەختکردووانی ئەو ڕێبازە دەگیرێت.

هیوایە ئەو ڕۆژە دوور نەبێت!

٧ - ٨ - ٢٠٢٠

وەرگیراو لە سایتی بۆکان - ڕۆژهەڵات

١- من خۆیشم دوو ڕۆژ پێشتر، وتاری کرانەوەی کۆنفەرانسەکەم سەبارەت بە گرنگایەتی هاوخەبات بوون لەگەڵ گەلی کورد و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێشکەش کردبوو.

٢- لە شیعرێکی کاک موسلیح شێخولئیسلامی (ڕێبوار) وەرگیراوە.

## بۆ یادی ٥ ساڵە

## ماندێلایەکی دی بەجێی هێشتین (بۆ کاک جەلیل گادانی)




عەبدولکەریم شێخانی

ماندێلایەکی دیکەی کورد بەجێی هێشتین
ماندێلایەکی دیکەی کورد لە ئەسپی ژینێ دابەزی
ئەشکەنجەو زیندانی بەزاند، ئەو کۆڵی نەدا و نەبەزی
لاوێکی شلکە نەمـام بوو , بە خەبات و تێکۆشـانی
سەلماندی کوڕی مەیدانە کاکە جەلیلی گادانـــی
نە زیندان نە گرتووخـانە , نە ئەشکەنجەی دڕندانە
هەنگاوی ئەویان شل نەکرد لەو هەموو قوربانی دانە
حەفتا ساڵ تەمەنی لەڕێی کورد کوردستانی دانا
کێ هەیە وەکو گادانی هەم قەڵەم بەدەست بێت و هەم دانا

مەهابادی شیرین، ڕووگەی کورد و کوردایەتی، لانکەی خەبات و تێکۆشان لە پێناوی کورددا، شاری پاکی و خۆشەویستی و هونەر و ئەدەب، کاک جەلیل کوڕی ئەو شارە پیرۆزەیە کە چەندان خێزانی کورد ناوی کچەکانی خۆیان بە ناوی ئەو شارەوە ناو ناوە و شانازیشی پێوە دەکەن.

کاک جەلیل گادانی وانەی کوردایەتی و خەباتی پیرۆزی لەو شارە خوێندووە و هەر لەو شارەدا چاوی بە بینینی پێشەوای

## بۆ یادی ٥ ساڵە

ئەمری کورد قازیی محمد ڕوون بۆتەوە . لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە خەبات و تێکۆشان نەکەوتووە و تووشی گرتن و زیندانی کردن و ئەشکەنجەدانی زۆر بووە، بەڵام بە ورەیەکی زیاتر بەرەنگاری هەموو هەوڵ تەقەلایەکی ڕژێمی شاو دارو دەستەکەی لە ساواک بۆتەوە. یەکبینە ١٣ ساڵی تەمەنی لە زیندان بەسەر بردووە جگە لە دوو ساڵێ دیکەی پچڕ پچڕ بۆ ترساندن و تۆقاندنی، بەڵام ئەو بە بڕوای پتەووەوە ترس و تۆقاندنی تۆقاند و چۆکی دانەدا و ئەوە چل ساڵی ڕەبەقیشە دەربەدەرە. تەڕاش و دەوەنەکانی شاخ و داخی کوردستان هەموویان ئەو پیاوە پیاوەیان دەناسی و بە هەر کوێیەکدا بڕۆیشتایە دەست لەسەر سینگ لەبەری هەڵدەستان.

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ڕۆژی ٨ - ٦ ئەو ماندێلایەی کورد جێی هێشتین و ئەو هەرچەندە بە لەش لامان نییە , بەڵام هەمیشە پڕاوپڕی هزر و بیرمانە . هەزاران سلاو لە گیانە پاکەکەت ئەی پیاوە خاکەراکە بێ فیزەکە , بەڵام بە خەبات گەورە , بە ڕەوشت مەزن , بە ڕفتارو هەڵسوکەوت مەزنتر لە هەموو ئەوانەی کە تازە فێری گڕوگاڵی سیاسەت بوون وخۆیان بە مەزن دەزانن و بۆ چوونە لایان دەبێ بەلای سکرتیردا تێپەڕی ئینجا چاوت پێی بکەوێ. مەخابن، مەخابنێکی گەورە کەسانێک هەن تەقەیەکی خۆشییان بۆ ئەم میللەتە قوربەسەرە نەکردووە و ئێستا هەموو شتێکیان هەیە و تەنانەت گیانکێشانی خەڵکیش لە دەست عیزرائیل دەرچووە و بە دەست ئەوانە، ئەو ڕووحە پاکەت شاد بێت کاک جەلیلی پاک و بێگەرد و خزمەتکاری میللەت.

لێرەدا دەمەوێ شتێک بگێڕمەوە کە کاتی خۆی دۆستێکم بۆی گێڕاومەتەوە . لە سەروبەندی دروست بوونی پەیوەندی لە نێوان شۆڕشی کورد و ساواکی ئێرانی. جارێکیان ئەفسەرێکی ساواک سەردانی سەرکردایەتیی شۆڕش دەکات، یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بەرپرسی سەربازی، کە خۆی ئەفسەر بووە , بە ئەفسەرەکەی ساواک دەڵێ: ئێمەو فارس لە یەک بنەچەین و زۆریش لێک نزیکین، پێمان خۆشە ئەم بەشەی کوردستان کە بە عێراقەوە لکێنراوە بخرێتە سەر ئێران و هەردوو بەش ببن بەیەک و سەر بە ئێران بین. ساواکەکە دەڵێ: بابە واز بێنە، ئێمە ئەوە مەهاباد دەرەقەتی نایەین، ئینجا نۆرەی ئەوەیە سلێمانیشی بێتە سەر.

٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

---

## خەمنەمایەک بۆ جەلیل گادانی




**زیرەک کەمال**

مامۆستای پایەبەرز، کاتێک ئەم خەمنامەیەت بۆ دەنووسم ترس و لەرزێکی قوڵ دایگرتووم، ئاخر نووسینی خەمنامە بۆ تۆیەکی سەرکردە و خەباتگێڕ، بۆ تۆیەکی نووسەر و زمانزان و ماندوونەناس جورئەت و بوێری و ئازایەتییەکی گەورەی دەوێ.

مامۆستای ڕۆح شیرین و لەبەر دڵان، کە دەستم دایە پێنووس بۆ نوسینی ئەو خەمنامەیە یەکسەر ئەو نووسینەی مامۆستا "محەمەدی مەلا کەریم"م بیر کەوتەوە کاتێک ویستبووی لە بارەی هێمنی پایەبەرز بنووسێ، گوتبووی قەڵەمەکەم پێی گووتم وریابە و ئاگاداربە حەمە، ئەوەی تۆ لە بارەی دەنووسی هێمنی شاعیرە، ئەو هێمنەی زۆر قورسە و کارێکی نەکردەیە بچێتە چوارچێوەی فۆرمی هیچ پێناسەیەک، چونکە خەمنامەیەک بۆ تۆ بێ، دەبێ غوربەتی نامەکەی نالی بۆ سالمی لێ بچۆڕێتەوە، خەمنامەیەک دەبێ نەخشی دەستی فەرهاد بێ بە سەر تەوێڵی بێستوونەوە و بۆن و بەرامەی ناڵەی جودایی بێ لە جیهانی هەزار ڕەنگی شیعری هێمن، خەمنامەیەک غەریبتر بێ لە ئاوارەیی حاجی قادر و کاغەزێک بێ مامڵێ بە دڵێکی پڕ لە خوێنەوە بۆ لەیلای ڕۆحی نووسیبێ، بەڵام هەیهات هەیهات قەڵەمی من کوا توانا و وزە و هێزی نووسینی خەمنامەیەکی لەو شێوەیەی هەیە، بۆیە ناوم نەنا نامە بەڵکوو کردمە خەمنامە.

مامۆستای هێژا جەلیل گادانی، ماڵئاوا، ئاوەدانی ماڵی شیعر و نیشتیمان و جوانی، ماڵئاوا گەڕیدەکەی گەرمیان و کوێستان

## بۆ یادی ٥ ساڵە

و پاڵەوانی زیندان و سەرقافڵەی کاروانی ڕوەو ئاسۆ.

ماڵئاوا چرای ماڵی زمان، تۆ بەم بەرە بەری پاییزە بەم کۆچەت پاییزت لە نیشتیمانێک داهێنا، دەشزانم تۆ ئەو مرۆڤەی کە مردن دەرەقەتی ونکردنی ڕووخساری تۆ نایێ، چونکە تۆ نیشتەجێی هەمیشەیی ماڵی دڵانی، بەڵام ئەوەی مردنیش لە شەشی ئاب کردی کارەساتێکە و لەبیر ناکرێ.

مامۆستام، ماوەیەک پێش ئێستا تەلەفۆنت بۆ کردم و پێت گوتم "زیرەک کەمال" زۆرم پێخۆشە سیاحەتنامەی ئەولیای چەلەبی کە چل ساڵ پێش ئێستا مامۆستا سەعید ناکام کردبووی بە کوردی چاپ بکرێتەوە، چونکە کتێبێکە نرخ و بەهایەکی مێژوویی زۆری هەیە، بۆیە مامۆستام داواکاریەکەت دەخەمە سەر چاو و ڕۆحم.

**جەلیل گادانی، چلچرای بەر کۆژەی نیشتمان تۆ کە "کۆیە"ی مەڵبەندی ڕووناکبیریت کردە دواماڵ و وێستەگەی هەمیشەییت لەبەر ئەوەت بوو چونکە زیاتر لە سەد ساڵ پێش ئێستا "نالی" مەزن گووتبووی:**

**چۆن بۆ سوورمەی چاو ناشێ خاکی شارێ**
**کە حاجی پێی لەسەر دانابێ جارێ**

تێبینی: جەلیل گادانی خەباتگێڕێکی مەزنی ڕۆژهەڵات بوو، شەشی ئابی ٢٠٢٠ بە پەتای کۆرۆنا کۆچی دوایی کرد.

٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠


سەرچاوە Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

## بۆ کۆچی دوایی تێکۆشەری گەورەی کوردستان




**مستەفا چاوڕەش**

**ئەندامی سەرکردایەتی یەکیەتی و بەرپرسی یەکەی ٧٠**

**برای گەورەم کاک جەلیل گادانی**

**بۆ من زۆر قورس و زەحمەتە کە لە سەر کاک جەلیل شتێک بنووسم، لەبەر ئەوەی لە تێکۆشەرە هەرە گەورەکانی کوردایەتی بووە.**

زەمان و خەبات و تێکۆشانی زیاتر لە حەفتا ساڵ شاهیدی ئەوەی بۆ ئەدەن. ئەگەر مێژووی کوردایەتی هەڵدەینەوە ئەوە لەو ڕۆژەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزراوە یەکێک بووە لە کۆڵەکە گەورە و بەهێزەکانی، ڕۆژێک لە ڕۆژان دریغی نەکردوە و دوا نەکەوتوە، زەمانی شا و زیندانەکانی ئێران شاهیدیی ئەوەی بۆ ئەدەن، وە لە خەباتی نهێنی لە شار و دێهاتەکانی کوردستان جێگایەک نەماوە کاری نهێنی بۆ حیزب نەکات و لەبەر ئەو قۆناغەی خەبات دەیان ساڵ زیندانی دیوە لە زەمانی شادا. ئەم پیاوە کەسێکی گەورە بوو لە ڕووی سیاسی و ئەدەبی و نووسینەوە قۆناغەکانی خەباتی بڕیوە و تاکوو گەیشتوەتە سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان، دیارە من کاری سیاسییم لەگەڵ نەکردوە بەڵام ئێمە و مانان شاگردی ئەو بەڕێزەین. ناسینی ئێمەش لەگەڵ ئەو بەڕێزەدا لەو ڕۆژەوە دەست پێ دەکات کە حیزبی دێموکرات بارەگاکانی

## بۆ یادی ٥ ساڵە

هاتە کوردستانی عێراق، بەڕێزیان هاوڕێی نزیکی جەنابی مام جەلال بوون هەروەها هاوڕێی خەباتی دوکتور قاسملوو، فەتاح کاویان و مەلا عەبدوڵڵای حەسەنزادە و دەیان تێکۆشەری کوردستانی ڕۆژهەڵات و خوارو بوو، خۆیان شاهیدن.

من چەند جارێک لەگەڵ جەنابی مام جەلال چووین بۆ بارەگاکانیان، بە تایبەت ئەو کاتەی کە بارەگاکانیان لە گەورەدێ و هەروەها لە دۆڵە ڕەقەی لای ڕانیە بوون. ئەو کاتەی کە لە گەورەدێ بوون لە دانیشتنەکاندا جەنابی مام جەلال زۆر ڕێزی لە خۆی و هەواڵەکانی دەگرت، مەجلیسەکەیان پاش کۆبوونەوە خۆش ئەبوو، بۆخۆشی شەهید دوکتور قاسملوو ئەیوت: کاک جەلیل تەمەنی زۆرە لە کۆماری کوردستان سروودی نیشتمانیی وتوە.

مەبەستم ئەم تێکۆشەرە گەورەیە لە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتەوە تاکوو ئەمڕۆ کە کۆچی کرد و بەجێی هێشتین، بۆ دەقیقەیەک لە خەبات دوا نەکەوتوە، لەو پێناوەشدا زەحمەت و ئازاری زۆر دیوە. کاک جەلیل خۆی قوتابخانەیەک بوو بۆ پێگەیاندنی سەدان تێکۆشەر کە هاتوونەتە ڕیزی خەباتەوە لە ناو حیزبی دێموکراتی کوردستان. هەر وەک لە پێشەوە وتم کاک جەلیل بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی کوردایەتی و مامۆستایەک دا دەندرێت.

بنوو مامۆستای گەورەم لە ڕۆژی کۆماردا کە سروودی نیشتمانییت وت لەژێر ئاڵای کوردستاندا هەر ئەو ئاڵایە کە ئەمڕۆ بە سەر تەرمەکەتەوەیە و پێی داپۆشراوی.

ئاواتەکانت نەهاتە دی، بەو هیوایەی خوێندکارەکانت تەواوکەری ڕێبازەکەت بن.

مامۆستای بەڕێز بە مەردی سەرت نایەوە و زۆربەی ژیانت لە پێناوی داوای ڕەوای میللەکەت بە دەربەدەری و زیندان بە سەر برد. بە گەورەیی سەرت نایەوە.

هەزار سڵاو لە خەباتت و جێگات بەهەشت بێت. سڵاو لە شەهیدانی کوردستان.

لێرەشەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی و لە هەڤاڵانی ئەکەم، بەو هیوایەی وەفادارییت ببێتە مایەی یەکریزییتان لە داهاتوو.

مستەفا چاوڕەش

٨ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## دڵۆپێک لە دەریایەک پەژارە بۆ تیشکەیەک لە ڕزگاریخوازی: کاک جەلیلی گادانی




### پیاوێک لە ڕۆژهەڵاتەوە

سەرەخۆشی دەکەم لە دار و بەردی نیشتمانیش، با مرۆڤی ڕووناکبیر و سیاسەتمەدار و شۆڕشگێڕ و ئازایخواز و دڵسۆزی کورد لەوێ ڕاوەستێ.

ئەو دەمەی گەنجێک بە شوێن دۆزینەوەی دەروازەی گەنجخانەی ئازادیدا دەگەڕێ، ژیان بەپێی هەلومەرجی زەمان هەودای بەرەوپێشچوونی لە دوو دەدا؛ یانی هەر چەندی ئەو سەری بێنێوبەرێ، هەر دەتوانێ ئەوەندەی ڕێ لەبەر بڕوا کە شوێن و سەردەم دەرفەتی دەدا و نە چی دیکەی بۆ دەکرێ و نە بۆی دەلوێ.

شوێن و زەمان دەکرێ ڕەوگەی تێپەڕینەکە بگۆڕێ، بەڵام چی لەگەڵ ڕوانگە و ڕێبازەکە بۆ ناکرێ. ڕێبازی گەیشتن بە لوتکەی ئامانج بە دەروونی تەمەنی ئادەمیزادی خاوەن بڕیاردا دەڕوا. دووورودرێژە و پڕ لە هەوراز و لێژ.

گەلۆ!

زەمان بەرەبەرە نەمامی شلک و شەنگی منداڵی و مێرمنداڵی و لاوی پێدەگەیەنێ و پەلی پێ داوێ و دەیکاتە دار؛ داری پڕبەر و سێبەر یان بێبەر و تەنکەنسێ. جاری وایە ئادەمیزاد ڕووتەدارێکە باریک، ئەستوور و کلۆر و بە کرمۆڵی دەژی.



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

دارێکە سەرەنجام ڕەشەبای نەمان دەگاتە سەری و ڕیشەی دەردێنێ و دەیشکێنێ و بڕایەوە. هەی لەم لێڕەوارەی ئادەمیزادان! ئەمانە زۆربەن و چی وایان پێ نابێ بۆ پەرەی بیر و گەشەی ژیان و هەڵدانی نیشتمان.

عەزیـزکەم! ئەی پیـرەدارە شـەنگ و بـڕبەر و سێبەرەکەی نیشـتمان. تـۆ گەنجێـک بـووی لە نێـو گەنجخـانەی شۆڕشـگێڕیدا و گەوهەرێک بووی شەوچرا. تۆ سەرچەشنی نەناسینی شەکەتی و کۆڵنەدان بـووی و مەرجی خۆت بردەسەر. ڕووت وەرنەگێـڕا لەو ڕەوتەی کە بەگژ شەودا دەچێ و بە دوای پرشنگی خۆردا دەگەڕێ. تـۆ وتت شـەو چەندیشی بە بەرەوە مـابێ، ڕوونـاکی بـاڵی هەر دەنگێوێ و بەڕاستی تۆ لەسەر حەق بووی! تۆ لەسـەر حەقـی، چـونکە حەقـیقەت هەر چەنـدی پێخوسـتیش بکـرێ، هەر زیندووە و لە پشوو ناکەوێ.

تۆ ڕێبوارێکی لێبڕاو بووی؛ هەتـا ئێرە خەمم نەبووی! بەڵام مەرگی "غەریبانە"ت تەزانـدمی. تـۆ غەریب نەبـووی، بە مەرگـی تۆ تەنیا مەرگت "غەریبـانە" بـوو... ئەو کوڕەکـوڕانەی دەبـوو هەڵتبگرن بە شـانان، دڵیـان بەم کـاتە تـاڵ و دژوارە زامـارە. شینت بۆ دەگێـڕم ئەوەنـدەی بێپەسـاران دڵیـان حەز دەکـا... دڵخۆشیی خۆم دەدەمەوە و دەڵـێم دارەتەرمەکەی تـۆ کە دەبـوو بەسەر شانانەوە بێ، دایکی نیشتمان خۆی بەتەنیا لە کۆڵی داوە و گوڵبارانی کردووە و بە خاکی ئەسپاردووە.

**تۆ لە گیانئەسپایەکی ناوادەدا سەفەری بووی، ئەی ڕێبوارە سەربەرزەکەی کوردایەتی. با فرمێسکی ئێمەمانانت لەگەڵ بێ کە خۆیان گەوهەری ئەندیشەن، نەک تەنیا هەستی خۆشەویستی.**

٩ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## شۆرە سۆار و پیری سەنگەر و یادگارەکەی کۆمارە جوانەمرگەکە




حلیمە ئیسماعیلی

شۆرە سۆار و پیری سەنگەر و یادگارەکەی کۆمارە جوانەمرگەکەی کوردستانی رۆژهەڵات کاک جەلیلی گادانی پیاوە خاکی و خەڵکی و ماندو نەناسەکەی رۆژهەڵات کۆچی ناوەختت خەسارێک بوو لە بزوتنەوەی کورد لە چۆار پارچەی کوردستان ئاخر

کاک جەلیل سروشتی زۆر دگمەن بوو بەخەمی هەموو کەسەوە بوو هیچکات سنوور پارچەی نەدەناسی ئی هەمووکەس بوو لە منداڵی یەکساڵەدا هەتا بەساڵداچووی ١٠٠ ساڵە، نەخوێندەوار یان پرۆفسۆر، بۆ کاک جەلیل کێشە نەبوو دەگەڵ هەمووکس و هەموو تەمن و هەموو رەگەزدا، کاک جەلیل هەبوو و دەگونجا هیچی هەبا ئی خەڵکیش بوو لەکاتی تەنگانەشدا کە زانیبای ئەوەی لەدەستی هاتبا خۆی نەدەبۆارد هەمووکەسی بەناو دەناسی ئاخر سکرتێر با یا پێشمەرگەی یەک رۆژە کاک جەلیل خۆگرتن و خۆ بەزل زانی بێگانە بوو لە ژیان و زاتی کاک جەلیلی گادانیدا من ئەو خەبات کارە گەورەو بەوەقارەی رۆژهەڵاتم لە حیزبی دێموکراتدا یان وەک بنە ماڵەی گادانی نەناسیوە من منداڵی دێهاتیم زۆر چووکە بووم کە بە حوکمی سیاسی بوونی مامم شەهید حەسەنی ئیبراهیمی کە زیندانی سیاسی زەمانی شای گۆربەگۆر بووە و پاشان ئازاد بوو بەردەوام ماڵمان بنکەی تێکۆشەرانی دێموکرات بوو کە یەکێک لەوان کاک جەلیل بوو دەناسم وەبیرم دێ بەنێوی کوتاڵ فرۆش جێودارو زۆر ناویتر کە بەهۆی ئەوەیکە زۆر منداڵ بووم هەمووم لەبیر نین بۆ ئەرکی حیزبی تەشکیلاتی بە دێهاتان دا دەگەران و بەهۆی هەڵکەوتەی ئەو دێهاتو ناوچەیەی کە ئیمە لێ دەژیاین هەموو کۆرو کۆبوونەوە و حەسانەوەیان زۆرتر چادرو جیغ و مەزراو مووچەی ماڵی باپیری من بوو بۆ ئیسپاتی ئەو قسەیەی خۆم بەخۆشیەوە کاک مەلە حەسەن و کاک

## بۆ یادی ٥ ساڵە

حوسێنی مەدەنی زۆر لە تێکۆشەرانیتر شاهیدن کە ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملووشم هەر ئەوکاتانە ناسی و سەرەتای شۆرشی گەلانی ئیرانیش زانیم کە ئەوانە پێشمەرگەن و خەباتی رۆژهەڵاتی کوردستان ڕێبەری دەکەن کاک جەلیل زۆرتر لە ئیمە نیزیک بوو زۆرجار بە پێ هەلوو مەرجی ئەرک و گرینگی ناوچەکە زیاتر کاک جەلیل لەماڵمان دەماوە لەبیرمە پۆلی چۆاری سەرەتایم دەخۆێن لە دێ ئیمە تەنیا کچ بووم کە لە قوتابخانە دەرسم دەخۆێن زیاتر لە ٤٠ کور بوون هەرمنیان کچ لەگەڵ بوو ماموستایەکمان هەبوو خەڵکی لورستانی بوو کوردی نەدەزانی کاک جەلیل بانگی کردم و بەبابم و مامی گوت کە دەبی حلیم بەبێتە ماموستای کوردی وێرای خۆێندنی خۆی منداڵەکانیتر فێری ئەلفو بێ کوردی بکات من گوتم منیش کوردی نازانم بە خۆێنمەوە لە جوابدا فەرمووی ئەوە سەڵاح بەرپرسی کۆری پەروەردەو بار هێنانە منزوری کاک سەلاحی گادانی بوو فێرت دەکات زۆر زەحمەت نییە ئیتر زۆریان یارمەتی دام وای لێهات بەبووم بە کاتب یانوسەری مامشم کە بەداخەوە سەوادی نەبوو کاک جەلیل لە هاتنە میدانی ژنانیش دا هەمووکات هاندەر بوو، بەداخەوە نەخۆشی کرۆنا هەم کاک جەلیلی لی ئەستاندین هەم ریگرە لەوەیکە کاک جەلیل بەڕێکردنێکی شایانی خۆی بۆ بگیرێت و ڕێز لەو هەموو خزمەتە بگیرێت کە ئەو مرۆڤە روحسوک و خۆنەویستە بۆکورد بەگشتی و رۆژهەڵات بە تایبەتی کردی تەرمی پیرۆزی بەشکۆیەکی بەرین و بەحزوری گەل بەخاکی پیرۆزی نیشتیمان بسپێردرێت بۆیە وێرای بەداخ بوونی خۆم بۆ لەدەستدای ئەو ڕێبەرە خۆنەویستەی رۆژهەڵات لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی دەکەم لە گەلی کورد بەکشتی و رۆژهەڵات بەتایبەتی و بەتایبەتیتر شاری مەهابادو خزمو کەسو بنەماڵەو حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاۆسەنگەرانی دەڵێم کۆچت پیرۆز ئارام بنوو روحت شاد شۆرە سۆارە دڵپاکەکەی رۆژهەڵات ئارام بنوو چاوەکانت زۆر ماندو بوون جەستەی ماندوت دڵی پر هیۆات بەداخەوە نە یەکریزی گەل و حیزبەکانی دێت نە ئازادی رۆژهەڵات هیۆادارم راسپاردەکانت بێنەدی تێکۆشەرەماندونەناسەکە هیچ نەما نەیکەی لە حەوت دەهەی تێکۆشانی خوت ئیتر عومر چیتر ئیزنی پێ نەدای بۆیە هیۆادارم و داواکارم کە هەموو ئاواتەکانت بێنەدی ئەوش کە نەتوانی تەواوی بکەی تێکۆشەران و ڕێبۆارانت تەواوی کەن و وەدی بێن کە چەستەی ماندو و روحی پاکی کاک جەلیل و هەموو شەهیدانی گەل شادو ئارام بێت ماڵئاوا مرۆڤە دڵسۆزەکە جێگات بەهشتی بەرێن بێت.

٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## نیشتمان و نەتەوە لە ئاوێنەی بیرکردنەوەی جەلیل گادانیدا




**حەسەن شەڕەفی**

چەند ناخۆش و بەژانە کە ئاماژە بە ژیان و تێکۆشانی تێکۆشەرێکی ناسراوی نەتەوەکەمان کاک جەلیل گادانی بکەی کە لە ڕەوتی دەیان ساڵ خەبات و تێکۆشاندا چەندین جار پیلانی دوژمنان و مەترسیی گیان لەدەستدان ڕووی تێکردبێ و گیانی بە سلامەت دەرکردبێ، بەڵام بەهۆی دوژمنێکی وردیلەی نەبینراو وەک ویرووسی کۆرۆناوە ماڵئاوایی یەکجارەکی لێکردبین. لەوەش دژوارتر ئەوەیەکە کۆی ڕابردووی تێکۆشان و ساڵانی خەباتی بەڕێزیان و تایبەتمەندییەکانی ژیان و کەسایەتییەکەی لە چەند دێڕێک یا لاپەڕەیەکدا کورت بکەیەوە کە نە شیاوی ئەم ڕابردوویە و نە تایبەتمەندییە کەسایەتییەکانیەتی و نە ڕەزامەندیی دەروونی خۆشت پێکدێنێ. بەوحاڵەش بەکورتی ئاماژە بە کەسایەتی سیاسی تێکۆشەری ناسراوی نەتەوەکەمان کاک جەلیل گادانی و کۆمەڵایەتیی بوون و خەمخۆری خەڵک بوون و پڕ جووڵەبوونی دەکەم.

### باری نیشتمانی و کوردپەروەریی کاک جەلیل

کاک جەلیل گادانی لە تەمەنی مێرمنداڵیدا لە قوتابخانەکانی کوردیی سەردەمی کۆماری کوردستاندا بە خوێندنی کوردی ڕاهات و هەست و بیری کوردایەتی و نیشتمانپەروەری لەدڵ و مێشکیدا جێی گرت.



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

لە ساڵانی پاش جوانەمەرگکردنی کۆماردا بەردەوام هەوڵدەدا بیری نیشتمانی و کوردپەروەرییەکەی خۆی بوو و هەر بەو هۆیەش لەژێر چاوەدێری و تاقیبی دەزگا پۆلیسییەکانی ڕێژیمی پاشایەتیدا بوو. بەمحاڵەش تەمەنی لاویی خۆی بۆ گەڕان بە ئاوایییەکانی ناوچەی موکریاندا تەرخان کرد کە هەم خۆی حەشاردابێ و هەم خزمەتی بە بووژانەوەی ڕێکخراوەکانی حیزب لە ئاوایییەکان کردبێ.

بەردەوام بوونی کاک جەلیل گادانی لە کاری حیزبی و ئەرکی نەتەوەییدا چەندجار ڕێگای بەندیخانەی خستە بەر کە هەرجارە و پاش ئازادبوون بۆ چالاکی نواندن لەپێناو باوەڕەکانیدا تێهەڵدەچۆوە.

بە ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزب کاک جەلیل ئەمجارە بە گوڕوتینێکی زیاترەوە لە خزمەت حیزبی دێموکرات و ئامانجەکانیدا تێکۆشا و وەک ئەندامێکی ڕێبەرایەتیی حیزب ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بە ئەنجام دەگەیاند و کەم ئۆرگانی حیزب هەبوون کە کاک جەلیل کاری تێیدا نەکردبن.

کاک جەلیل گادانی لەڕەوتی چالاکی نواندنەکانی حیزبدا بە یەکێک لە ماندوویی نەناسەکانی ئەندامانی ڕێبەری حیزب دەناسرا.

### کاک جەلیل وەک کەسایەتیی کۆمەڵایەتی

ئەوەی کاک جەلیلی لە بەشێک لە هاوڕێکانی جیا دەکردەوە کۆمەڵایەتیبوونەکەی بوو، کاک جەلیل باوەڕی وابوو کە پێویستە بە خەم و ئازارەکانی خەڵکەکەیەوە بێ، بۆیە لەسەردانی دۆستان و هاوڕێیانیدا پێش هەنگاو بوو. کەم بریندار و نەخۆش لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبدا هەبوون کە کاک جەلیلیان لە نەخۆشخانە یا لە ماڵ یا لە بنکەکانی حیزبدا لەبان سەری خۆی نەدیبێ.

زێدە کۆمەڵایەتی بوونی کاک جەلیل وایکردبوو کە لە ڕەوتی کاری حیزبییشدا لە چوارچێوەی کومسیۆنی کۆمەڵایەتیدا گرینگییەکی تەواو بدا بە دروستکردنی ڕێگاوبان، نەخۆشخانە، کردنەوە و سەرپەرەستی کردنی قوتابخانەکانی شۆڕش و ...
.
کاک جەلیل پێش ڕووخانی ڕێژیمیش ئۆگرییەکی زۆری بە کاروباری خزمەتە کۆمەڵایەتییەکان هەبوو. بۆ نموونە جارێک پاش ئازادبوونی لە زیندان و گەڕانەوە بۆ مەهاباد یەکەم کارێکی کردی کردنەوەی " کوودەکستان" بۆ ئەو منداڵانە بوو کە

## بۆ یادی ٥ ساڵە

تەمەنیان نەگەیبووە چوون بۆ قوتابخانە. ئەو داهێنانەی کاک جەلیل بۆ یەکەم جار لە شاری مەهاباد دەنگدانەوەی زۆری هەبوو، ئێمە مانانیش بۆ پێشوازی لەو داهێنانەی کاک جەلیل منداڵەکانی خۆمانمان لەو کوودەکستانە دانا.

**بیرەوەریی منداڵەکانی ئەو سەردەمی ئەو کوودەکستانە کە ئێستا خاوەن تەمەنن بە زیندوویی ماوەتەوە.**

**ماندوویی نەناسی، لەسەرڕێ بوون و بە گوڕبوونی**

ئەو هاوڕێیانەی لە مەئموورییەتەکانی حیزبیدا لەگەڵی بوون، سەرەڕای ئەوەی زۆر لە کاک جەلیل کەم تەمەنتر بوون لەگەڵیان دەرنەدەبرد. دەڵێن ڕۆژی وابوو چەند ئاوایی و لە ناوچەیەکڕا بۆ ناوچەیەکی دیکە ڕێگامان دەبڕی کە دەمانگوت کاک جەلیل با لێرە بحەسێینەوە، دەیگوت ئەو ئاواییەشمان ماوە، تازە لە هەموو شوێنێکیش سەردانی چەند شوێنی لەو جێیە دەکرد.

کۆچی دوایی کاک جەلیل خۆی دەنگدانەوەیەکی بەرینی هەبوو و هەر ئەوەش نیشانەی نیشتمانپەروەری و کوردپەروەری و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بوو، لەدەستچوونی کاک جەلیل خەسارێکی گەلێک بەرچاو بوو بۆ بزووتنەوەی کورد و یادی ئەو کەسایەتییەش لە دڵی هەموو ئەوانەدا کە دەیانناسی یا لە ژیان و تێکۆشانی ئاگاداربوون دەمێنێتەوە.

١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

---



سەرچاوە Serchawe

## جەلیل گادانی، قوتابخانەیەک بۆ فێر بوون و ئەرکوەخۆگری




**عومەر باڵەکی**

دەست بردن بۆ پێنووس بۆ ئەوەی لەسەر کەسایەتیی کاک جەلیل گادانی بنووسی کارێکی گەلێک سەخت و دژوارە، چونکە کەسایەتیی کاک جەلیل گادانی هەڵگری زیاتر لە ٧٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانە لە ڕێی وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زیاتر لە ٧٠ ساڵ وەک پێشمەرگەیەک مانەوە لە سەنگەری دیفاع لە خاک و نیشتمان و زمان و کولتووری نەتەوەیەک، زیاتر لە ٧٠ ساڵ وەک سیاسییەک تێکۆشاوە لە ڕیزی ڕێبەرانی سیاسیی گەلی کورد بۆ بردنەپێشی پرسی کورد و ئازادی و دێموکراسی لە کوردستان و ئێران، هەر بۆیە زەحمەتە بتوانرێ بە وشەکان سەنگ و قورسایی ئەو ماوە دوورودرێژە لەخەبات و تێکۆشانی ڕەوانشاد کاک جەلیل و کاریگەریی ئەو لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان لە حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تەواوی دەربخرێ و حەقی خۆی پێ بدرێ. لەگەڵ هەموو ئەو ڕاستییە منیش بەو چەند دێڕە هەرچەند بە لەنگولۆری بێت دەمهەوێ ڕێز و وەفاداریی خۆم بۆ ئەو ماوە دوورودرێژە لە خەبات و تێکۆشان و ماندووبوونی ڕەوانشاد کاک جەلیل گادانی دەرببڕم.

سەرەتاکانی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بوو کە لە نزیکەوە کاک جەلیل گادانیم ناسی. هەر لە یەکەم دیداردا بۆ من کە لە هەرەتی لاویەتیدا بووم و هەڵسووڕان و قسەکردن و کاریگەریی کاک جەلیل لەسەر دەوروبەری جێگای سەرنج و تێڕامان بوو. کاک جەلیل بە هەڵسوکەوتی جوان و دڵسۆزانە و تایبەتمەندییەکی کۆمەڵایەتی کە هەیبوو زۆر زوو خەڵکی

دەوروبەری دەخستە ژێر کاریگەریی خۆی و ئەو هەستەت لا دروست دەبوو کە لە دڵەوە خۆشت بوێ و لەخۆتی بە نیزیک بزانی. بە داخەوە ئەو دەورانە بۆ من بە هۆی داسەپاندنی شەڕ بەسەر کوردستان زۆر کەموکورت بوو. شەڕ لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە بەسەر کوردستاندا سەپا و منیش وەک لاوێکی تینووی ئازادی و پاراستنی نیشتمان شانازیی پێشمەرگایەتیم لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا پێ بڕا. وەک پێشمەرگەیەکی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو جار بە دائیم لە بۆنە و کاری جۆراوجۆری حیزبیدا گوێبیستی ناوی کاک جەلیل گادانی دەبووم. کات بە خێرایی تێپەڕ دەبوو و ئێمە بە هۆی سەرقاڵبوونمان بە خەباتی پێشمەرگانە هەستمان بە تێپەڕبوونی کات بەو خێراییە نەکردبوو دوای نیزیک بە بیست ساڵ بەهۆی کار و بەرپرسایەتیی حیزبی شانازی ئەوم پێ براوە کە بۆ جارێکی دیکە ببمەوە هاوکاری نیزیکی کاک جەلیل، بەو جیاوازییە لەگەڵ ئەوەدا کاک جەلیل تەمەنی هەڵکشابوو و منیش هەروا، بەڵام کاک جەلیل هەمان گوڕوتینی جارانی هەبوو، بەڵام من هەستم بە شەکەتی دەکرد.

کاک جەلیل بێجگە لەوە کە وەک ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب ئەرکەکانی ڕادەپەڕاند، لەهەمان کاتدا ئەرکی ئۆرگانێکی پڕ کاری وەک کۆمیسیۆنی ماڵیی لە ئەستۆ بوو و ڕۆژانە لەگەڵ ئێمە خەریکی ڕاپەڕاندنی کارە جۆراوجۆرەکانی خەدەماتی و تەدارۆکاتیی ئەو ئۆرگانە بوو، لەهەموو بەشەکانی دەپرسییەوە و ڕاسپاردەکانی دەسپارد، لەگەڵ هەموو ئەو پڕکارییە لە بچووکترین فورسەت کە هاتبا پێش لە خوێندنەوە و نووسین غافڵ نەدەبوو، و لەهەمان کاتدا بە دایمە هاندەری ئێمەمانان بوو، بۆ نووسین و خوێندنەوە و گەلێک جاران هاندانەکانی تێکەڵ دەبوون بە گلەیی وگازندە لە ئێمە و کەسانی وەک ئێمە کە بۆچی دەست بۆ قەڵەم نابەن و ئەگەر لەسەر پرسە سیاسییەکان نانووسن لانیکەم بیرەوەرییەکانتان بنووسن، ژیانی پێشمەرگایەتی ئێوە پڕە لە خۆشی و ناخۆشی، کارەسات و خوێن و قوربانیدان، ماندوویی و برسیەتی، شەکەت و هیلاکی، بۆیە پێویستە ئەو ژیانە بنووسرێتەوە و چ کەسێک باشتر لەخۆتان هەیە بۆ نووسینەوەی. هەموو کات ڕەوانشاد کاک جەلیل ئەوەی وەبیر دەهێنایەوە و دەیگوت کەم نەتەوە هەیە ڕۆڵەی وەک پێشمەرگەی کوردستانی فیداکار و لەخۆبوردووی هەبێ حەیفە ئەو هەموو تیکۆشانە بەخۆشی و ناخۆشییەوە نەیەتە سەر لاپەڕەکانی کاغەز و بەدێکۆمێنت نەکرێ. هەر بۆیە یەکیک لە ئەرکەکانی کە بۆ خۆی دیاریی کردبوو کۆکردنەوەی ئەو ڕووداوانە بوو کە لە زمانی پێشمەرگە و فەرماندەرانی پێشمەرگە باسیان لێوە دەکرا، باشم لە بیرە من یەکێک لەو کەسانە بووم کە کاک جەلیل بانگهێشتی کردم بۆ نووسینی یادەوەرییەکانی پێشمەرگایەتی لەبەر ئەوە لە هەلومەرجی ئێستاماندا باوەڕم بە نووسینی بیرەوەرییەکان نەبووە و نییە خۆم لە داوای کاک جەلیل بوارد و ئەویش زۆرم لێ بە گلەیی بوو. هەر بۆیە کاتێک کۆبەندی کۆمەڵێک بیرەوەریی دوژمن شکێنی پێشمەرگە لە دووتوێی کتێبێک لە ژێر ناوی کەشکۆڵی پێشمەرگە بە هیمەتی کاک جەلیل چاپ و بڵاو بۆوە بۆخۆی بۆی هێنام و گوتی بۆیە بۆم هێناوی ئەوە جاری پێشوو نییە دەبێ ئەو جار بنووسی. ئیدی دەستم کورت و بێدەسەڵات مامەوە و هەر تەنیا ئەوەندەم گوت: بە چاوان کاک جەلیل و بۆ بەرگی دووهەمی کەشکۆڵی پێشمەرگە بابەتێکم لەژێر



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

سەردێڕی بیرەوەریی یەکشەو لە ژیانی پێشمەرگایەتی نووسی. مەبەستم لەو باسە ئەوەیە کە بڵێم کاک جەلیل لە هەمان کاتدا کە خۆی نوسەر و وەرگێڕێکی بەتوانا بوو، هەموو کات هەوڵی ئەوە بوو کە کادر وپێشمەرگە و ئەندام و منداڵانی بنەماڵەکانی حیزب لە خەتی نووسین و وەرگێران وداهێنانی نوێدا بن بۆ دوو مەبەست هەم لەو ڕێگایەوە خزمەت بە دەوڵەمەند بوونی زمانی کوردی بکرێ وهەم ئەو ڕابردووە پڕ لە شانازی و لە خۆبوردووییە بگوازرێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتووی کوردستان و لە فەوتان ڕزگاریان بکا.

نموونەیەکی دیکە هەر لە بواری هاندانی کاک جەلیل بۆ نووسین و دەست بۆ قەڵەم بردن بۆ کەسانی وەک ئێمە کە لەبەر ڕاپەڕاندنی ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی کەمتر پڕژابووینە سەر نووسین و وەرگێران. کاتێک ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی (٢٠٠٤م) لە شوێنی کار سەردانی کاک جەلیلم کرد و باسی ئەوەم کرد کە کۆمەڵێک ڕووداوی مێژووی نیزیک بە چوارسەد ساڵەی ڕابردووی شاری مەهابادم بە کەڵک وەرگرتن لەو سەرچاوانەی بەردەستن گوڵبژێرم کردوون و کۆم کردوونەتەوە و دەمهەوێ لە دووتویی کتێبێکدا لەژێر ناوی "مەهاباد و کورتە مێژوویەک"دا چاپی بکەم، داواکارم بە چاوی ڕەخنەگرانەوە چاوی لێ بکەی و ئەگەر پێت باش بوو وەک پێشەکی هەرچەند کورتیش بێت شتێکی لەسەر بنووسی. کاک جەلیل بەپێی تایبەتمەندی خۆی بەو جۆرەی باس کرا بە دڵئاوەڵەیی‌یەوە لێی وەرگرتم ولە ماوەی نیزیک بە دوو حەتوودا نەک بە کتێبەکەدا هاتەوە و چەندین ڕێنوێنیی بەنرخی لەسەر ئێوەرۆکی کتێبە کردم و پێشەکییەکی جوانیشی بۆ نووسی، کە ئەو کارەی کاک جەلیل لەو سەردەمەدا بۆ من پاڵپشتی و دڵگەرمییەکی زۆر بوو، بۆ ئەوەی ئارام لەو بوارەشدا متمانە بە خۆم بکەم.

هەر سەبارەت بە هۆگریی ڕەوانشاد کاک جەلیل بە زانستی فێربوون و خوێندنەوەی کتێب و ناساندنی خەباتگێڕان بە نەوەی ئێستا و داهاتوو هەتا ئاخری ڕۆژەکانی تەمەنی و دواهەناسەی ژیان وەک ئامانجی پیرۆز دەستی لێ هەڵنەگرت. دوو ڕۆژ پێش گیانلەدەستدانی کە لەسەر تەختی نەخۆشخانە بەدەست نەخۆشیی ماڵوێرانکەری کۆرۆناوە دەیناڵاند، بەپێی وەزیفە بە تەلەفوون ڕۆژانە چەند جار هەواڵم دەپرسی، ئەو جارەیان دەتگوت خۆی دەزانێ دوا سەفەریەتی، لەگەڵ ئەوەدا لە وەزعی هەموو هاوڕێیانی لە حیزب کە تووشی هەمان نەخۆشی ببوون پرسیاری کرد و داوای ئەوەی ڕایسپارد کە هەموو هەوڵی خۆمان بدەین بۆ ئەوە خەڵکی زۆرترمان تووش نەبێ، فەرمووی ٥٠ بەرگ کتێب کە باس لە ژیان بەسەرهاتی شەهیدی فەرماندە چرچەی بارام میرزا دەکا و تازە چاپ بووە لە فلان شوێنی ماڵی دانراون تکایە بڵاویان بکەنەوە با ئەو گەنج و لاوانە بیخوێننەوە. دەبوایە زۆتر بڵاویان بکەمەوە بەڵام نەخۆشی مەودای نەدا ئێوە ئەوکارم لەجیاتییان بکەن. ئەو جارەش هەر وەک یەکەم جار کە چاوم بە کاک جەلیل کەوت بەو شێوە بیرکردنەوە و لە فکرداببوونەی بە بابەتەکانی

## بۆ یادی ٥ ساڵە

دەوروبەری بە تەواوی سەرسام بووم کە دەبێ ئەو مرۆڤە چەندەی ئیمان بەخۆی و ڕێبازەکەی هەبێ کە لە کۆتا هەناسەکانیدا بەجێگای باسکردن لە بابەتی دیکە هەر لە بیر و فکری ئەوەدایە ئەو ڕێبازەی بەخوێنی شەهیدان پاراو کراوە چۆن هەتا سەر لووتکەی سەرکەوتن درێژەی پێ بدرێ و ڕێز لەوانە بگیرێ کە لەو ڕێبازەدا شەهید بوون.

ئەو چەند نموونەیە سەرەوە تەنیا دڵۆپێک بوون لە دەریای بیروباوەڕی ڕەوانشاد کاک جەلیل گادانی بە پەروەردە و بارهێنان لە ڕەهەندی نووسین و خوێندن و خوێندنەوە. ئەگەر بمانهەوێ کەسایەتیی کاک جەلیل باش بناسین و بزانین لە ماوەی زیاتر لە ٧٠ ساڵ چۆن توانیویەتی لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد دەوام بێنێ و هەموو ناخۆشی و ئاوارەیی و زیندان و چەرمەسەریی ڕۆژگار لە ڕێگای ڕێبازی کوردایەتی تەحەمول بکا و قەت بۆ جارێکیش کەس لێی نەبیست کە بڵێ ماندوو بووم و یا گلەیی لە ژیان هەبێ، بەڵکوو هەمووکات ڕووی لەو کەسانە دەکرد کە کاریان لەدەست دێ بەڵام مەسئوولییەت و بەرپرسایەتی قەبووڵ ناکەن، ئەرک و بەرپرسایەتی لە بەرامبەر جووڵانەوەی وەبیر دێنانەوە و هانی دەدان بۆ کارکردن و مەسئوولییەت قەبووڵ کردن.

پێویستە و دەخوازێ لە بوارەکانی لایەنی سیاسی و نەتەوایەتی، ئەدەبی و فەرهەنگی، مرۆڤدۆستی و کۆمەڵایەتی، لێکۆڵینەوە لە ژیان و سەربوردەی کاک جلیل بکرێ و تایبەتمەندییەکانی کاک جەلیل لە بوارە جیاوازەکان بخرێتە بەردەستی نەوەی داهاتووی کوردستان بۆ ئەوەی ئەو هەمووە فیداکاری و لەخۆبوردووییەی کاک جەلیل ببێتە ڕێنیشاندەری ڕێی خەباتی ئەوان.

**یاد و ناوی کاک جەلیل گادانی هەروا بەزیندوویی بمێنێتەوە و ڕێگا و ڕێبازی خەباتی پڕ ڕێبوار بێ.**

**١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

# بنەما فکرییەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کاک جەلیل گادانی




**مەنسوور مروەتی**

کاتێک لیژنەی ئامادەکاریی کتێبی ڕێزگرتن لە خەبات و ژیانی بەبەهرەی نەمر جەلیل گادانی ڕایسپاردم لە نووسینێکدا باسێک لە بنەما فکرییەکانی ژیانی سیاسیی کاک جەلیل بکەم. ئەم کارەم هەم پێ شانازی بوو، هەمیش بە کارێکی زۆر قورسم نەزانی، چونکە ژیانی سیاسیی کاک جەلیل ئەوەندە ڕوون و شەفاف و بێ گرێوگۆڵە و، کارنامەی تێکۆشانیی سیاسیی و خەباتی نەتەوەییەکەی هێندە بە بەرهەمە، کە ئەوەی کەمترین ماوە لەگەڵ کاک جەلیل هاوخەبات بووبێ؛ دەتوانێ بە ئاسانی باس لە بنەما فکرییەکانی نەمر کاک جەلیل بکا.

کاک جەلیل یەکێک لەو دەگمەن کەسانە بوو کە دەورانی تازەلاویی لە کۆماری کوردستاندا دەستی پێکرد و هەموو خۆشیی ئەو دەورانەی ئەوە بوو کە ئەوکات لە قوتابخانە وەکوو قوتابییەکی زیرەک دیاریی لە دەستی پێشەوا قازی محەممەد وەرگرتووە. هاوکات دیتنی دیمەنی لە سێدارە دراوی پێشەوای، بە تاڵترین دیمەن و بیرەوەرییەکانی ژیانی ناو دەبرد کە ئەو کات لەگەڵ یەکێک لە براکانی دیبووی. وەک خۆی باسی دەکرد هەر ئەوکات کۆمەڵێک لەو لاوانەی مهاباد بەڵێن دەدەن کە ڕێبازی پێشەوا قازی بەرنەدەن و تا سەر پێی وەفادار بن و درێژە بە تێکۆشان بدەن و هەرواشیان کرد. کەواتە دەکرێ سەرەتای بیچم گرتنی بیری سیاسی لای کاک جەلیل بۆ ئەو دەورانە بگەڕێنینەوە کە جگە لە ڕێبازی کوردایەتی ناکرێ هیچ ناوێکی تری لەسەر دابنێی.



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

کاک جەلیل ئەو ڕێبازەی گرتە بەر و بیری کوردایەتی و خەبات بۆ وەدەسهێنانی مافەکانی نەتەوەکەی بوو بە بنەمای بیروفکر و تێکۆشانی. لەگەڵ ئەوەی کە ئاشنایەتیی لەگەڵ ڕێباز و قوتابخانە فکرییەکانی سەردەم هەبوو، بەڵام لە بەندی هیچ ئیدئۆلۆژییەکدا نەبوو و خۆی لەوانەدا قەتیس نەدەکردەوە. ئەو باوەڕی وابوو بە هەر بیروباوەڕێکەوە کە لەوانەیە مرۆڤ هەیبێ دەکرێ خەباتکارێکی ڕێگای ڕزگاری گەلەکەی بێ و بۆ ئازادی و بەختەوەریی گەلەکەی و مرۆڤایەتی تێ بکۆشێ. لەگەڵ ئەوەشدا کە خەباتکارێکی یەکسانیخواز بوو و باوەڕی بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەبوو، بەڵام هیچکات مارکسیست یان چەپێکی تۆخ نەبوو.

کاک جەلیل لەگەڵ ئەوەی لە بنەماڵەیەکی ئایینیی موسوڵمان لەدایک ببوو، بەڵام هیچکات ڕێگای نەدەدا ئایین وەپێش هەستی نەتەوەخوازییەکەی بکەوێ و لە ڕەوتی خەباتی بزووتنەوەی کورددا ڕێزی لە هەموو ئایینەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردستان دەگرت. بۆ وێنە ڕێزێکی تایبەتیی بۆ مامۆستا ئایینیەکانی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دادەنا، بەڵام بەو حاڵەش پێی وانەبوو دەبێ تاکە ئایینی نێو کۆمەڵگەی کوردستان هەر دەبێ ئیسلام بێ. بۆ وێنە بە ڕێزەوە یادی جوولەکەکانی مهابادی دەکردەوە و زۆر جار لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیدا باسی ئەو ماڵە جوولەکەیەی دەکرد کە ئامادە بوون پارەیەکی زۆر بدەن هەتا پێشەوا قازی محەممەد لە لەسێدارەدان ڕزگار بکەن.

هەڵسوکەت و ڕەفتاری کاک جەلیل لە بواری کاری حیزبیدا یەکێک لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکانی ژیانی سیاسیی ئەون کە دەرخەری کەسایەتیی بەرزی بوو. کاک جەلیل بەوە ناسرابوو کە هیچکات لە گەڵ هاوڕێیەکانیدا "سیاسەت"ی نەدەکرد و نموونەی بەرچاوی تێکۆشەرێکی ئەخلاق تەوەر لە سیاسەتدا بوو. پرسە نەتەوەییەکانی کورد و بەرژەوەندییەکانی بابەتێک بوو کە لای کاک جەلیل گرینگیی تایبەت بە خۆی هەبوو.

نەمر گادانی لەگەڵ ئەوەیکە خۆی کەسێکی حیزبی بوو، و لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی دیاریکراودا کاری دەکرد و ساڵانێکی زۆر لە ئاستی سەرەوەی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بوو، بەڵام هەمیشە پرسە نەتەوەییەکانی وەپێش بابەتە حیزبییەکان دەخست. کەس پێی شک نایە لە ماوەی خزمەتی دوور و درێژیدا قسەیەکی کردبێ یان بە جۆرێک هەڵوێستی گرتبێ کە لەگەڵ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورددا ناتەبایی بووبێ. دژی کێشە نێوخۆییەکانی بزووتنەوەی کوردستان بوو و ئەوەی لە دەستی هاتبا بۆ یەکڕیزی و تەبایی ناوماڵی کورد دریغی نەدەکرد. ئەم تایبەتمەندییە دڵسۆزانەیەی کاک جەلیل سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێپەڕاندبوو و تەنانەت لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و بەتایبەت لە باشووری کوردستان ڕۆڵی باش و بەرچاوی دەگێڕا.

## بۆ یادی ٥ ساڵە

کاک جەلیل لە ڕیزی ئەو دەگمەن تێکۆشەرانەیە کە لە ڕەوتی دوورودرێژ و پڕ هەوراز و نشێوی خەباتدا پشکی بەرچاوی لە هەرکام لە شێوەکانی خەبات هەیە. بۆ وێنە لە ڕەوتی خەباتی نهێنی و ڕێکخستنی نێوخۆ لە دەورانی ڕێژیمی پێشوودا چەندین جار گیرا و سەرجەم زیاتر لە سێزدە ساڵ لە زینداندا مایەوە، بەڵام لێرەشدا بەندیخانەی درێژخایەن هیچکات نەیتوانی ورەی خەباتی لێ بستێنێ. لە بەرانبەر دوژمندا باڵای بەرزی نەچەمی و پشتی لە بنەما فکرییەکانی خۆی و ڕێبازەکەی نەکرد. زیندان بۆ کاک جەلیل بوو بە جێگایەک کە هەم هەوڵی فێربوون و خۆپێگەیاندنی تێدا بدا و هەم بە ئاشنایی لە گەڵ زیندانییە سیاسیەکانی دیکەی ئێرانی زەمینەیەک بڕەخسێنێ کە لە داهاتوودا بتوانێ لەو نزیکایەتی و دۆستایەتییە بە قازانجی پرسی ڕەوای گەلەکەی کەڵک وەربگرێ. کاک جەلیل جگە لە زیندان ماوەیەکی زۆر لە لایەن ساواکەوە لە کوردستان دوور خرایەوە، بەڵام لەو قۆناغەشدا هەدادانی نەبوو و بەردەوام لە نێوان کوردستان و تاران و شارەکانی دیکە لە هاتوچوودا بوو.

"کۆمەڵەی کوردەکانی دانیشتووی ناوەند" یەکێک لەو کارانە بوو کە کاک جەلیل بە هاوکاریی سارمەدین سادق وەزیری لە تاران دایمەزراند. بە دامەزراندنی ئەم ناوەندە کاک جەلیل لە هەوڵی ئەوەدا بوو هەم کوردەکانی دانیشتووی تاران لەو ڕێکخراوەدا کۆ بکاتەوە هەم لەو ڕێگایەشەوە هەوڵ بۆ ناساندنی پرسی کورد لە ناوەند بدا.

کاتێک باس لە بنەما فکرییەکانی ژیانی سیاسی کاک جەلیل دەکرێ یەکێک لە گرینگترین بابەتەکانە کە دەبێ ئاوڕی لێ بدرێتەوە، باسی کتێب و خوێندنەوە و نووسین لە ژیانی ئەو مرۆڤە خەباتکارەدایە. وەک باس کرا کاک جەلیل تەنانەت لە زیندانیش لەو خوێندنەوە و نووسین و هاوکات فێر بوونیش غافڵ نەبوو. ئەو بە گشتی لە ژیانیدا زیاتر لە ٢٠ بەرهەمی بە نووسین و وەرگێڕانەوە پێشکەشی کتێبخانەی کوردی کرد. بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێش لەو بوارەدا خۆ ماندوو کردنی کاک جەلیل بۆ کۆکردنەوەی لاپەڕەکانی خەباتی پێشمەرگانەی ئەو هاوڕێیانەی بوو کە چ بە شێوەی نووسینی بیرەوەری یان بە شێوەی گێڕانەوە کۆی دەکردنەوە و دواتر وەکوو کتێب چاپی دەکردن. بێگومان ئەو کارەی کاک جەلیل لە بواری ئەدەبیاتی بەرگریدا خزمەتێکی بەرچاوی بە کتێبخانەی کوردی و مێژووی تێکۆشانی ئەو پۆلە پێشمەرگانە کردوە کە ڕەنگە ئەگەر ئاوا کۆ نەکرابانەوە لەبیر دەچوونە و و دەفەوتان.

لە باس کردن لە ژیانی کاک جەلیل و بنەما فکرییەکانی ئەو ناکرێ باس لە تایبەتمەندیی بەرچاوی ئەو لە باری کۆمەڵایەتییەوە نەکرێ. کاک جەلیل لەوبارەشەوە یەکێک لەو مەزنە مرۆڤانە بوو کە بە قووڵی باوەڕی بە خۆشەویستی مرۆڤەکان و ڕێزلێگرتنیان هەبوو. پێوەندیە کۆمەڵایەتیە بەربڵاوەکانی کاک جەلیلی گادانی هەروا بابەتێکی ڕۆتینی ژیانی ئاسایی مرۆڤەکان نەبوو، بەڵکوو هەموو ئەو پێوەندییانەی جگە لە خۆشەویستی و هۆگریی مرۆڤەکانی دەوروبەری بۆ ئەوە



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

بوو کە لە کاتی پێویستدا گرێیەک لە کاری مرۆڤەکانی دەوروبەری بکاتەوە. دەکرێ ئەوەش بە جۆرێک لێکگرێدانی مرۆڤتەوەری واتە ئۆمانیزم لەگەڵ بیری کوردانە و کوردپەروەرانەی کاک جەلیل ناو بەرین کە بە ڕوونی بە ئاکار و کردەوەی ڕۆژانەی کاک جەلیلەوە دیار بوو و پێی دەناسرایەوە.

هەموو ئەوانەی کە باس کرا تەنیا بەشێکی بچووک لە بنەما فکرییەکانی کاک جەلیل لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەودا بوو کە بە درێژایی ژیانی پێکەوەی ناوبوو. کاک جەلیل ئەو مرۆڤە خەباتکارە دەگمەنە بوو کە ئەو بەڵێنەی بۆ خەبات لە تەمەنی لاویەوە دابووی تا کۆتایی بردە سەر و ڕێبوارێکی ڕاستەقینەی ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێشەوای نەمر مایەوە.

ئەوانەی کە باس کرا و زۆر تایبەتمەندیی بەرزی کاک جەلیلی گادانی وای کردبوو کە بە کۆچی دوایی ئەو بزووتنەوەی سیاسی کوردستان تێکۆشەرێکی گەورە و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پشتیوان و خەمخۆرێکی ڕاستەقینەیان لە دەست دا.

**یادی ئازیزی بە خێر بێ.**

١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

## جەلیل گادانی دا تێکۆشەرێک لە ڕۆژگاری سەخت دا.




**کاوە مەحموود**

**کارێکی ئاسان نییە بە بابەتێک لە کتێبێک دا کە چەندین کەسایەتیی بەشدار بێت،**

دەربارەی کەسایەتیی تێکۆشەری مەزن جەلیل گادانی بەشدار بم، بەتایبەتی ئەم کەسایەتییە کە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە ڕووداوەکانی زیاتر لە نیو سەدە لە کاروانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان بە گشتی، و ئەم بزووتنەوەیەمان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی تایبەت.

کارێکی ئاساییە کە هەر تێکۆشەرێک ماڵئاوایی یەکجارەکی دەکا و بێ ڕەزامەندیی خۆی لە قرچەی هەتاوی بەتینی تێکۆشانەوە بەرەو سێبەر دەگوێزرێتەوە، شوێنەکەی چۆڵ نابێت. ڕاستە هەر تێکۆشەرێک خەسڵەت و تایبەتمەندی و شارەزایی و ئەزموونی تایبەتیی خۆی هەیە و، گومانی تێدا نییە ئەو تێکۆشەرە بۆن و بەرامەی خۆی هەیە، بەڵام ئەوەی بۆتە نەریتی شۆڕشگێرانە لە ئەزمونی ڕەسەنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی گەلی کوردستان ئەوەیە کە ئەو تێکۆشەرە ماڵئاوایی یەکجارەکی دەکا و شوێنی خۆی بۆ تێکۆشەرێکی دیکە جێ دەهێڵێ و وەجاغی تێکۆشەرانی گەلەکەمان کوێر نەبووە و نابێت. لە کۆچی دوایی جەلیل گادانیی مەزن بەشێکی زۆری حیزب و لایەنەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی گەلەکەمان لەهەر چوار پارچەی کوردستان بروسکەی ماتەمینییان بۆ حیزبی دێموکرات نارد و، ناوەند و دەزگا میدیاییەکان ئاماژەیان بە بیوگرافی و



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

پانۆڕامای ژیانی جەلیل گادانی کرد و تیایدا ساڵی لە دایک بوون و وێستگەکانی کاری حیزبی و سیاسی ئەم تێکۆشەرەیان خستە ڕوو. لە بابەتەدا دەمەوێ بە جۆرێکی دیکە ڕابردووی ژیانی سیاسیی ئەم تێکۆشەرە بخوێنمەوە و، بۆیە ئاماژە بەم خاڵانە دەکەم:

- جەلیل گادانی تێکۆشەرێکی بەرچاوڕوون بوو لە دەستنیشانکردنی شوناسی دوژمنانی گەلی کوردستان و هیچ کاتێک لەگەڵ مانۆڕەکانی ئەو دوژمنانە خۆڕسکانە مامەڵەی نەکردوە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ قاڵبوونی لە مەیدانی تێکۆشان. مانەوەی گادانی بۆ ١٣ ساڵ لە بەندیخانەکانی ڕژێمی شای ئێران و موقاوەمەت کردنی لە بەرامبەر ئەشکەنجەی ساواک و بەندیخانەکانی ئێران بناغەی ئەو بەرچاوڕوونییە بووە کە لە تێکرای هەڵوێستەکانی سەبارەت بە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران قاڵتر بۆوە.

- جگە لە کاری شۆڕشگێرانەی ڕۆژانە جەلیل گادانی هەوڵی داوە ئەزموونی شۆڕشگێرانە و مێژووی پڕ شکۆی تێکۆشان بۆ نەوەی نوێی گەلەکەمان بگوێزێتەوە. لەم بوارەدا هەر وەک لە کتێبی پەنجا ساڵ خەبات دا نوسیویەتی «زۆر ڕوونە کە بەر لەوەی کورد بۆ خۆی دەست بە کاری نووسینی مێژووی خۆی بکا، زۆرتر خەڵکی دیکە هەوڵیان بۆ نووسینی مێژووەکەی داوە، بەڵام ئێستا کە بەخۆشییەوە هەلومەرج ڕەخساوە، گەلێک مێژوونووس و توێژەوەری خۆماڵی پەیدا بوون بە دڵگەرمی خەریکن لەسەر وەزعی ژیان و ڕابردووی نەتەوە بێبەشەکەمان بەڵگە کۆ دەکەنەوە و دەنووسن».

لە (پەنجا ساڵ خەبات)دا جەلیل گادانی نەهاتووە بیرەوەریی خۆی بنووسێ و ئاماژە بەو ڕووداوانە بکا کە خۆی تیایدا بووە. لەو کتێبەدا پەنجا ساڵ خەباتی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی تۆمار دەکا و بۆ ئەم کارەشی لە هەر دوو بەرگی ئەم کتێبەدا پشتی بە دەیان سەرچاوەی جۆراجۆر بەستووە.

مەبەست لە (پەنجا ساڵ خەبات) هەروەکوو گادانی دەڵێ ئەوەیە کە: «ئەم گەلە لە مێژووی خۆی و نەتەوەکانی دیکە کەڵکی بەجێ وەرگرین و ڕووداو و زانیارییەکان دووپات نەکەینەوە، ئەوانەی چاکیشن بەپێی هەلومەرج و پێشرەفتی دنیا باشتر بە ئەنجامیان بگەیەنین».

- جەلیل گادانی لە هەلومەرجێکی سەختدا وەڵامی ئەو زنجیرە بڵاوکرایەوەی دایەوە کە بریتی بوو لە یانزە کتێبی چەواشەکارانەی دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی ئێران و بە زمانی کوردی و فارسی بە ناوێکی ناکەسبەچەوە



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

نووسرابوو و تیایدا هەروەکوو گادانی باسی دەکا بەلاڕێدا بردنی مێژووە و بە شێوەیەکی سووک سەیری کورد و کەسایەتییەکان دەکا. (وەڵامدانەوە و ڕوونکردنەوە) کە ناوی کتێبەکەی گادانییە کە وەڵامی چەواشەکارییەکان دەداتەوە و دیسانەوە ڕەنگدانەوەی بەرچاوڕوونی گادانی و ئامادە بوونێتی بۆ وەڵامدانەوەی هەر چەواشەکارییەک کە دژ بە حزبی دێموکرات کراوە و هەوڵی کەمکردنەوەی سەنگی ئەو حیزبە دراوە.

- جگە لە بەشداری کردن لە وتار نووسین بۆ ڕۆژنامەی حیزبی دیموکرات و لە بەڵگەنامە حیزبییەکاندا، جەلیل گادانی کە بڕوانامەی لە زانکۆی تاران لە زمانی فەرەنسی هەبووە چەندین کتێب لە زمانی فەرەنسی و لە زمانی فارسی بۆ کوردی وەرگێراوە جگە لەو کتێبانەی دا کە بە زمانی کوردی نووسیویەتی، و بەرهەمەکانی لە نووسین دا نزیکەی بیست کتێب دەبێ، و ئەم ژمارەیەش بۆ کەسێک کە سیانزە ساڵ لە بەندیخانە بووە و دواتر دوور خراوەتەوە، هەردەم ئەرکی کاری حیزبی ڕۆژانە و ئەرکی پێشمەرگایەتی هەبوو، کارێکی سانا نییە.

- باشترین کۆتایی هێنانی من بە ختتنەڕووی سیڤیی جەلیل گادانی ئاماژە کردنە بە نووسینێکی خۆی کە ئەڵێ: «ئەرێ چیدی ماوە وەک ئەرک لە پێناو گەل و نیشتمان و لە پێناو خەبات بۆ ڕزگاریی کورد و کوردستان بیکەین؟ هەر گیانە کە ماوە و ئەویش ئەگەر بە سەرکەوتووی گەڕاینەوە زێدی خۆمان باشە و ئەگەر شەهیدیش بووین کورد و کوردستان خۆش بێ. من لە سەرەتای پێکردنی دەست خەباتەوە کە دەگاتە حەفتا ساڵ، بێوچان و بێ ماندوو بوون بۆ کورد و کوردستان تێکۆشاوم و شەهید بوونیشم لە گوێی خۆم دا نووسیوە، ئەو گیانەی لە بەریشم دا ماوە هەر کات پێویست بێ لەم ڕێگایە دا سەخاوەتمەندانە بەختی دەکەم.»

پێشبینی: هەرچەندە کوردستانی باشووریش نیشتمانی جەلیل گادانییە، بەڵام هەر وەکوو خەونەکەی مارتن لوترکینگ چاوەڕێ دەکەم ئامادە بم لە کاروانی گەڕانەوەی تەرمی جەلیل گادانی وەک تێکۆشەرێکی کوردستانی کە هەردەم خەمخۆری نیشتمانە دابەش کراوەکەمان بووە، بۆ ڕۆژهەڵاتی نیشتمان و بۆ زێدی خۆی، و هەڵبەتە بە کاروانێکی سەربەرزانە کە ئاڵای کوردستان پێشڕەوایەتیی بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی" ٧ی ئاگۆستی ٢٠٢١

## کاک جەلیلی گادانیم چۆن ناسی




**مستەفا مەولوودی**

تازە شۆڕشی گەلانی ئێران بە دژی حکوومەتی پاشایەتی سەر کەوتبوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە یارمەتیی کۆمەڵێک ئەفسەر و دەرەجەداری کورد گەلاڵەی کۆنترۆڵ کردنی پادگانی مەهابادیان دارشتبوو. ئەو کارە گەورەیە ئەوەندی من لەبیرم بێ، زۆر بە ڕێکوپێکی سەری گرت و خەڵکی مەهابادیش پێشوازیی باشیان لێ کرد. شەو لە ڕادیۆ مەهاباد کەسێک قسەی دەکرد و بە گشتی قسەکانی بریتی بوون لەو خاڵانە:

یەکەم، مۆژدەی بە خەڵک دەدا کە پادگان بێ زیان و خوێنڕشتن کەوتۆتە دەست پێشمەرگە. دووهەم، داوای لە خەڵکی دەکرد هێدی و لەسەرەخۆ بن. سێهەم، خەڵک لە چوون بۆ نێو پادگان خۆ بپارێزن. چوارەم، خەڵکی ڕادەسپارد کە بڕیار و ڕێنوێنییەکانی پێشمەرگەکان لەبەرچاو بگرن و هەروەها داوای لە پێشمەرگەکانیش دەکرد لەگەڵ خەڵک بەئارامی و نەرمی بجووڵێنەوە.

ئەمن قسەکانیم زۆر پێ خۆش بوو، بەکوردییەکی زۆر پاراو و بە ورە و دڵسۆزییەوە بۆ خەڵک دەدوا. زۆر بە تاسەوە بووم بزانم ئەو کەسە کێیە کە ئاوا ڕەوان، کوردانە، خۆماڵیانە و نیشتمانپەروەرانە لەو سەرکەوتنە گەورەیە و ئەو دەسکەوتە مەزنە دەدوێ. لە ئاخری بەرنامەکەدا بەڕێوەبەری بەرنامەکە لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی مەهاباد، ناساندی و گوتی کە ئەوە

## بۆ یادی ٥ ساڵە

کاک جەلیلی گادانی، ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. لەو ڕۆژەوە کاک جەلیلی گادانیم لە زۆر بۆنە و ڕێورەسم و کۆڕ و کۆبوونەی حیزبی وەک بەرپرسێکی دیاری حیزب دیتۆتەوە، چاوم پێی کەوتووە و لە خزمەتیدا بووم. لە هەموو ئەو ماوەیەدا کاک جەلیلم وەک تێکۆشەرێکی ماندوویینەناس، پێشمەرگەیەکی چالاک و ڕێبەرێکی هەڵکەوتوو، لەنێو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ناسیوە و جێگای ڕێز و ئیحترام و لێفێربوونی من و سەدانی وەک من بووە.

قۆناغەکانی ژیانی سیاسیی کاک جەلیلی گادانی و تێکۆشانی ناوبراو ئەوەندە زۆر و درەوشاوە و جێی شانازین، کە لە نووسینێکی لەم چەشنەدا بە ئاسانی جێ ناکرێتەوە. بۆیە من ناچارم هەر وەک بە دەستپێکی ئەو بابەتەوە دیارە، هیندێک سەربردە و قۆناغی تایبەت لە ژیانی سیاسیی بەڕێزیان باس بکەم کە لێی فێر بووم و بۆ من ئولگوو بووە.

جارێ با ئەوەم لەبیر نەچێ: لە هەر کۆبوونەوە، کۆڕ و کۆمەڵێکدا کاک جەلیل حزووری هەبا و بەشداری باسەکان بوایە، ڕاوبۆچوونی خۆی لەسەر مەسەلە و بابەتەکان دێنایە بەر باس کە هەمووی سەرنجڕاکێش و بەسوود و بۆ لێفێربوون دەبوون. ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی ئەمن بەرپرسی کۆمیتەی شارەستانی ڕەبەت بووم. ڕۆژێک هاوڕێیەکی پێشمەرگە هات گوتی کەسێک هاتووە دەڵی کارم بۆ کاک جەلیل کردووە، بەڵام کرێیەکەم وەرنەگرتوە. منیش پرسیارم کرد کارەکە چی بووە و کرێیەکەی چەند بووە؟ کابرا گوتبووی کاتێک کاک جەلیلی گادانی لە دەفتەری سیاسیی ژمارە (١) بووە، لە ناوچەی کاڵەشینی ڕەبەتڕا چەند بار کتێبی بە مندا ناردووە بۆ لای ئالانی سەردەشت، بۆ دەفتەری سیاسیی ژمارە (٢)، بەڵام کرێیەکەم وەرنەگرتوە. ئێمەش مەسەلەی کرێی کابرامان چارەسەر کرد. دیارەئەوکات زۆرم بیر لەوە نەکردەوە کە بۆ دەبێ ئەو بارانەی کاک جەلیل بۆ دەفتەری ژمارە دووی بەڕێ کردوون، هەموویان هەر کتێب بوون، بەڵام ساڵانێکی زۆر دواتر، واتە ڕۆژی ١٦ی خەرمانانی ١٣٩٩، کاتێک دوای نوژەنکردنەوەی کتێبخانەی قەڵای دێموکرات، بە دوای مووشەکبارانەکەی دوو ساڵ لەوە پێش دا، ڕێورەسمێک گیرا و لەو ڕێورەسمەدا باسێکی سەرنجڕاکێش لەسەرکتێب و خوێندنەوە و کتێبخانە لە حیزبدا دەکرا، ئەوەم بیر هاتەوە و بۆم دەرکەوت کە ساڵی ١٣٦١ یان ١٣٦٢ی هەتاوی، ئەو دەمەی کاک جەلیلی گادانی بەرپرسی دەفتەری سیاسیی ژمارە (١)ی حیزبی دێموکرات لە دۆڵی دێموکرات بووە، کاتێک ڕێژیم هێرشی کردووەتە سەر ئەو ناوچەیە، زۆر کەلوپەل و کەرەسەی حیزب، هەروەها کەلوپەلی بنەماڵەکان یەک لەوان ماڵی کاک جەلیل خۆشی، تێدا چووە، بەڵام کاک جەلیل خەمی گرینگ و گەورەی دەرباز کردنی کتێبەکان بووە. هەمووشمان دەزانین کاک جەلیل چەندە ئوگری کتێب و خوێندنەوە و برەودان بە کولتووری موتالا لە نێو پێشمەرگەکان و هاندانیان بۆ نووسین و خوێندنەوە بوو. دیارە بۆ خۆی لە نووسین و کتێب لە چاپدانیشدا زۆر هەڵسووڕ بوو. بە تایبەت کارێکی کاک جەلیل کە زۆر سەرنجڕاکێش بوو، ئەمە بوو کە هەموو ئەو کتێب و بابەتانەی لەسەر حیزب و مێژووی حیزب دەنووسران و بڵاو دەبوونەوە، دەیخوێندنەوە و ئەگەر پێویست

## بۆ یادی ٥ ساڵە

با، تێبینی و ڕوونکردنەوەی لەسەر دەدان و تەنانەت ئەگەر زیاتر پێویستیی بە وەڵامدانەوە با، قۆڵی لێ هەڵدەماڵی و لە توێی کتێب و نووسینی تایبەتیدا و بە تێروتەسەلی، وەڵامی دەدانەوە و لەسەری دەنووسین.

برگەیەکی دیکەی ژیانی کاک جەلیلی گادانی و ناسیاویی قووڵتر و زۆرتری من لەگەڵ بەڕێزیان پێوەندیی هەیە بە ڕووداوەکانی کۆنگرەی ٨ی حیزبی دێموکرات کە لە مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویدا گیرا. باشم لەبیرە کاک جەلیل زۆر بە حەماسەتەوە بۆ ڕوانگەکانی خۆی لێکدانەوەی دەکرد و بەڵگە و فاکتی دەهێنانەوە. بەتایبەت کە پێداگریی زۆری لەسەر سیستەم و نیزامی دێموکراتیک بۆ هەڵبژاردنی ئازاد دەکرد. کاک جەلیل بایەخ و ڕێزی لە دەنگی ئازاد دەگرت و بە تەنیا پێوەر و ڕێگا بۆ یەکلا کردنەوەی پرسەکانی دادەنا.

ڕەوتی ڕووداوەکان بەو جۆرە بوو کە دوای کۆنگرەی هەشت ڕیزەکانی حیزب تووشی لێکترازان هاتن و کاک جەلیل و من لە ڕیزی تەشکیلاتی حیزبیدا بەیەکەوە نەماینەوە. دوو ساڵ دوای کۆنگرەی ٨ی حیزب ئەمن لە ناوچەی گەورکایەتی لە گوندی کاوڵانی سەرێ میوانی پیاوێکی زۆر بەڕێز و قەدرگران بووم، پیاوێکی ڕەند و دڵسۆز بۆ خەڵکی کوردستان، خەمخۆر بۆ حیزبی دێموکرات و ناسیاوی زۆربەی کادر و بەرپرسە دیارەکانی حیزب. لەو مانەوە و دانیشتنە نیزیک بە دوو سەعاتە دا کە ئەمن لە خزمەت ئەو بەڕێزەدا بووم، ئەو نیگەرانیی خۆی لە ئاکامی کۆنگرەی ٨ی حیزب نەشاردەوە. کاتێک لە قسە کردندا، زۆر بابەتمان بە یەکەوە شەن و کەو کرد و باسەکە هاتە سەر کاک جەلیل گادانی و ئەمن بە ڕێزەوە ناوی کاک جەلیلم هێنا، مامۆستا بزەیەکی هاتێ و فەرمووی زۆر خۆشحاڵم کادرێکی حیزبیی وەک جەنابت هەرچەندە لەگەڵ کاک جەلیلی گادانیش لە یەک حیزبدا نەماون، ئاوا بە ڕێزەوە ناوی کاک جەلیل دێنی؛ چونکە هەر من دەزانم جەلیلی گادانی چەندە بەو چیا و دۆڵانەدا سەر کەوتووە و عەوداڵی حیزبایەتی و تێکۆشەرانی دێموکرات بووە. ئەو لە درێژەدا فەرمووی کەشکۆڵی کاک جەلیل بۆ گوندنشینان و خەڵکی زەحمەتکێش بە دایم پڕ بووە لە پەیام و دەنگ و باسی حیزب. ئەو هیوا و ئومێدی بە خەڵک دەبەخشی، داوای لێ دەکردن لە دەوری حیزبی دێموکرات کۆ ببنەوە و پشتیوانی لە بزووتنەوە ڕەواکەیان بکەن.

قۆناغێکی دیکەی ژیانی کاک جەلیلی گادانی کە من لە نیزیکەوە شاهیدی بوومە و لە خزمەتیدا بووم، دەگەڕێتەوە بۆ نێوان کۆنگرەی ١١ تا ١٢ی حیزبی دێموکرات کە من وەک نوێنەری حیزب لە هەولێر کارم دەکرد. کاک جەلیل هەر کاتێک سەردانی هەولێری کردبا، لیستەیەکی دوور و درێژی لە جانتاکەی دەستی دابوو کە لەو ماوەیەدا پێویستە چ بکا و بەرنامەکانی چۆن داڕێژێ بۆ ئەوەی حیزب و لایەنی سیاسیی جۆراوجۆر، کەسایەتییە سیاسی، ئەدەبی و فەرهەنگییەکان، نووسەران، شاعیران، مافناسان، پیاوماقووڵان و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییە ناوبەدەرەوەکان ببینێ و ناوەندە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن



سەرچاوە
Serchawe

و بڵاوکردنەوەی وەک تی وی، ڕۆژنامەکان و چاپی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە جۆراوجۆرەکان بەسەر کاتەوە. جیا لەوانەش هاوڕێیانی حیزبیشی لەبیر نەدەکرد و سەری هەموو ئەوکەسانەی دەدا، کە نەخۆش بوون یان تازیەبار دەکەوتن و بەکورتی هەمووی بەسەر دەکردنەوە و لە شایی و شینی هەمووان دا بەشدار بوو. زۆر جار کات بۆ سەردان و چاوپێکەوتن بەشی کاک جەلیلی نەدەکرد و ئەوانەش کە لەگەڵی دەبوون ماندوو دەبوون و دەوەستان، کە دیارە لەو بارەیەوە بیرەوەریی زۆر خۆش و بەسەرهاتی سەرنجڕاکێش لە زمان هاوسەنگەرانی کاک جەلیلەوە گێڕدراوەنەوە.

بەڕاستی ئینسان سەری لەو هەموو توانا، حەوسەلە، حیکمەت و مشوورخورییەی ئەو گەورە پیاوە سووڕ دەما. ئەگەر قوتابییەکی ئەمەگناس بین دەبێ ئێمەش ئەوانە لە بەڕێزیان فێر بووبین. ئیلهامیان لێ وەربگرین و بیانکەین بە تێشووی ڕێگەی خەباتمان. لەبەر ئەوەی ئەو تایبەتمەندییە بەرزانە کاک جەلیلیان کردبوو بە تێکۆشەرێکی خەڵکی و خۆشەویست کە سەری لە نێو سەراندا بەرز و دیار بوو.

ڕەنگە هێندێک کەس کە کاک جەلیلی گادانی باش ناناسن و لە دوورەوە قۆناغەکانی ژیانی سیاسیی بەڕێزیان هەڵدەسەنگێنن، پێیان وابێ ئینشعاب و لەتبوونەکان لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا سووچی ئەو گەورە پیاوەی پێوە دیار بێ و پشکی لەو دابڕانانە بەر کەوێ. بەڵام ئەگەر بەوردی سەیری ڕەفتاری کاک جەلیل دەکەین و سەرنج دەدەینە لێدوان، قسە، ڕاسپاردە و ئامۆژگارییەکانی بەڕێزیان و بەباشی و بە ئینسافەوە قەزاوەت بکەین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەو تێکۆشەرە چەندە بۆ یەکیەتی و یەکریزیی کورد و هێزە سیاسییەکان لە کوردستان و یەکیەتیی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات بەپەرۆش بووە و هەمیشە هاوار و بانگەوازی بۆ یەکیەتی و یەکریزی کردوە. لە بەرامبەریشدا چەندە بێزار بوو لەو هەمووە جیایی و لێکترازانانە. بە شایەتیی زۆر لە هاوڕێیان کە خۆم یەک لەوانم، لە دوای کۆنگرەی ١٣ و کاتێک ئێمکانی بەیەکەوە بوون لەگەڵ بەشەکەی دیکەی دێموکرات زۆر کەم و ئاستەم مایەوە، ئامۆژگاری و تکای کاک جەلیل ئەوە بوو تا بە ئەندازەی داوە دەزوویەک ئیمکانی بەیەکەوە بوون و مانەوە و نەپسان مابێ، هەر دەبێ بیر لە بەیەکەوە بوون بکرێتەوە، نەک دابڕان و لێکترازان.
ئەرکوەخۆگری و هەست بە بەرپرسایەتی کردن یەکێک لە تایبەتمەندییە دیار و هەرە بەرچاوەکانی تێکۆشەری بەڕێز کاک جەلیل بوو. کاک جەلیل لە "ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ"دا نیزیک بە ٨ ساڵ سکرتێری ئەو بەشەی حیزبی دێموکرات بوو، بەڵام هەر ئەوکات لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا گۆڕانکاری لە بەرپرسایەتیی یەکەمی ئەم حیزبەدا دەکرێ، کەچی کاک جەلیل زۆر بەرپرسانە هاوکاریی سکرتێری تازە دەکا و بەرپرسایەتیی جێگری سکرتێری حیزب وەردەگرێ. ئەم ڕوحی شۆڕشگێڕی و ئەرکوەخۆگرییە لە قۆناخەکانی دواتری ژیانی سیاسیی کاک جەلیل دا بە شێوەی جۆراوجۆر دەردەکەن و دەبینین هەرکات ئاڵوگۆڕ لە بەرپرسایەتیی کاک جەلیلدا ڕووی دابێ، بەڕێزیان وەک تێکۆشەرێکی دێموکرات، زۆر



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

بەرپرسانە جووڵاوەتەوە و ئامادەی وەرگرتنی هەر ئەرک و بەرپرسایەتییەک بووە کە حیزب بۆی دەستنیشان کردووە.

ئەوانەی شارەزای مێژووی حیزبی دێموکراتن، دەزانن بە هەر هۆیەک بووبێ - کە کەمتر سیاسی و فیکری بووە - بەداخەوە بە یەکەوە نەحاوانە و وێکهەڵنەکردن و دابڕان و لەتبوون چەند جارێک لە حیزبی دێموکراتدا ڕوویان داوە. ئەمن لام وایە ئەگەر هەڵسوکەوت و جۆری بیرکردنەوە، قبوڵی مەسئوولییەت و بەرپرسایەتی و بڕوا بە دێموکراتبوون و ڕێزگرتن بۆ دەنگی خەڵک، لە چەشنی خەسلەتەکانی کاک جەلیلی گادانیمان کردبا بە کولتوور و نەریتی خۆمان، بێئەملا و ئەولا ڕوحی وێکهەڵکردنمان زیاتر دەبوو و کەمتر ڕێزەکانمان دەترازان و لێک دوور دەکەوتینەوە.

لە کەس شاراوە نیە کەسایەتیی کاک جەلیل جۆرێکە چەندی لەسەر بدوێین و بنووسین هەر کەمی دێنین و دەبینین هێشتا زۆر کەلێن و قوژبنی ئەو باسەمان شەن و کەو نەکردوە. ئەمەش سروشتییە، چونکە ژیانی کاک جەلیل خۆی بەشێکە لە دیرۆکی حیزبی دێموکرات. چونکە کاک جەلیل هەر لە مێرمنداڵیەوە تێکەڵ بە کاری سیاسی و حیزبی بووە. ئەزموونی ژیان کاک جەلیلی فێر کردبوو کە بەدایمە خاکەڕا و خەڵکی بێ، شیلگیر و بە ورە بێ، هیچ کات ناهومێدی نەناسێ و بەگژ نەهامەتییەکاندا بچێتەوە. ئەو تایبەتمەندییانە کاک جەلیلی گادانیان کردبوو بە کادرێکی تەشکیلاتیی شارەزا، تێکۆشەرێکی ماندوویینەناس، پێشمەرگەیەکی هەڵسووڕ، دیپلۆماتێکی شارەزا، خەباتکارێکی خەمخۆر و سەرئەنجام ڕێبەرێکی دیار و خۆشەویستی بزووتنەوەی کورد بە گشتی و بە تایبەت بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئێستا کە بەداخەوە کاک جەلیلی گادانی بە جەستە لە نێوماندا نەماوە، پێویستە قوتابیان و هاوبیرانی لە هەموو ئاستەکاندا لێی فێر بین و ئیلهامی لێ وەربگرین. ئەمن لە شوێنێک و لە کۆبوونەوەی ڕەسمی دا هیوام خواستووە کە خۆزیا بە ئەندازەی ناوبراو کۆمەڵایەتی و خاکی و هەڵسووڕ بوایەم.

**پوختەی مەبەست: ئەوەی من زیاتر لەو چل ساڵەدا لە کاک جەلیلی گادانیم وەرگرتوە و لێی فێر بووم ئەوەیە کە لە ڕوانگەی منەوە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کاک جەلیل قوتابخانەیەکە بۆ فێربوون لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی سیاسی، حیزبی، تەشکیلاتی و کۆمەڵایەتیدا، کە ڕێبوارانی ڕێگەی خەباتی کوردایەتی و قوتابیانی دێموکرات دەبێ لێی فێر بین و بیکەین بە تێشووی ڕێگای خەبات و تێکۆشان بۆ ئێستا و داهاتوومان.**

**ڕوحی کاک جەلیلی گادانی شاد بێ، ڕێگاکەی پڕ ڕێبوار و سەنگەری خەباتی هەمیشە ئاوەدان بێ و خەونەکانی وەدی بێن.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٩ی جانێویری ٢٠٢١



سەرچاوە Serchawe

## ڕێزێک لە حەفتا ساڵ تێکۆشانی جەلیل گادانی




**عومەر ئیلخانی زادە**

گەلی کورد و خەباتەکەی زۆر کەسایەتی لێهاتووی تێدا هەڵکەوتوە، بە داخەوە یان کەم ناسێندراون یان بە هۆی ستەمی لەمێژینەی نەتەوەیی و نەهامەتییەکانی وا بەسەر کورددا هاتوون، ناو و دەوریان وەک شیاوی خۆیانە باس ناکرێ و هەشە کە هەر ناوی سڕاوەتەوە. بزوتنەوەی کوردستان لە هەلومەرجی زۆر نابەرابەردا بۆ مافەکانی جەنگاوە، بۆیە تێکۆشەرانیشی تووشی زۆر سەختی و تەنگ و چەڵەمەی ژیان بونەتەوە. کاک جەلیل گادانی یەکێک لەو کەسانەیە بێ سرەوتن ٧٠ ساڵی ئازگار ڕێبواری ڕێگای ئازادی و ڕزگاری بووە و، سەرەڕای هەموو گرفت و ئازارەکان کۆڵی نەداوە و شل نەبۆتەوە.

تەنیا بە زار خۆشە بە سەروماڵەوە و بێ چاوەڕوانی، تەمەنێکی ئاوا لەگەڵ ئەشکەنجە، زیندان، دووریی ئازیزان و تاراوگە و دڕەندەیی داگیرکەر، بە سەربەرزی سەر بکەی. ئەو کەسانە دەتوانن لە وەها تاقیکردنەوەیەک دا دەرچن کە قاڵبووی کوورەی خەباتن. مەخابن لە نێو ئێمە دوای مەرگیان ڕێزیان لێ دەگیرێ. شاعیر زۆر جوان دەڵێ:

**«چو بر خاکم بخواهی بوسه دادن**
**رخم را بوسه ده اکنون همانیم»**

## بۆ یادی ٥ ساڵە

جیا لە ناسیاوی و دۆستایەتی، کتوپڕبوونی گیان لە دەستدانی چاوەڕوان کراو نەبوو بێ بەهرە بوونی ئێمە و ئازیزانی لە دیداری ئاخر مەرگی کاک جەلیلی بۆ هەمووان قورستر کرد. ئاشنایەتی و ناسیاویی من لەگەڵ کاک جەلیل گادانی لە سەرەتای شۆڕشی ئێرانەوە دەستی پێ کرد. یەکەمجار ناوی ئەوم لە دوکتور جەعفەر کە خزمی بوو، بیست. دواتر کە وردە وردە بۆخۆم لەگەڵی ئاشنا بووم زۆرترم ناسی. ساڵ هات و ڕۆیی و بزاوتی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە ڕۆژهەلات زۆر شتی تێدا ڕووی دا. کاک جەلیل و منیش لە دوو ڕەوتی جیاوازی نێو ئەو شۆڕشەدا دەورمان هەبوو و بە زۆر هۆکار شانمان وشانی یەکدی دەکەوت. بەڵێ لە خۆشی و ناخۆشییەکانی نێو کۆمەڵە و دێمۆکراتدا، لە وتووێژی کاتی گرژییەکان و لە دیالۆگ بۆ ئاشتیدا پێکەوە دواوین.

لە زۆر دانیشتنی پێکەوەیی و دۆستانەدا بە بەشداریی خەڵکی دیکە کەوتوینەتە یەک، زۆر جار لە باس و لێکدانەوەی سیاسیدا سەرگەرمی دەمەتەقە و ڕاوێژ بووین، جاری وابووە هاودەنگ بووین و، هەشبووە کە زۆر جیاواز بیرمان کردۆتەوە. بە هەموو ئەو هەوراز و نشێوی نێو شۆڕش و پێوەندیی حیزبەکانی ئێمە و دۆستایەتیی شەخسی خۆشمان، دەتوانم کاک جەلیل گادانی لە ڕوانگەی خۆمەوە ئاوا پێناسە بکەم:

### پابەند بوون بە لۆژیک:

هەرکات چ لە وتووێژی دەورەی گرژیی نێوانمان، چ لە باسی ئاشتی چ لە دیالۆگی مەجلیسی، ئینسان زۆر بە ڕۆشنی لێی تێ دەگەیشت. و گەر لە ڕوانیندا لێک دوریش بوایەین هەمیشە هەستم بەوە کردوە کە سەرەڕای هەڵچوونی جاربەجاری، بەلام لۆژیک و مەنتیق لای کاک جەلیل جێگای هەبوو، زۆریش لەم بارەیەوە ڕاستگۆ و سەمیمی بوو. بۆیە لە ناخۆشترین دەورەکان و توندترین باسی نێوانمان، قەت هەستی ناخۆش بەرانبەری تێمدا پەیدا نەبووە. پێم وایە ئەوە بۆ ڕابەرێکی سیاسی و کەسایەتییەکی کاریگەر و لە وەها پێگەیەکدا، خیسڵەتێکی زۆر باشە کە متمانە دێنێ. بەڵێ کاک جەلیل متمانەی کەسی بەرانبەری وەدەست دێنا. ئەو یەکێک لەو کەسانە بوو کە بۆ ئاگربڕی نێوان کۆمەڵە و دێمۆکرات کاری کرد و، هەوڵی باشی خستەگەڕ و بۆ باش کردنی پێوەندییەکانی نێوانمان دەوری هەبوو.

### هەڵسوڕ و ماندوو نەناس:

هەم من بۆخۆم لێم دیوە، هەم بیستوومە لە هاوڕێیانی حیزبی دێمۆکرات کە لە نیزیکەوە کاریان لەگەڵ



سەرچاوە Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

کردوە و، هەم ژیانی سیاسیی کاک جەلیل، دەری دەخا کە چالاکوانێکی نەسرەوتوو و پەیگیر بووە. لە دانیشتن و دیالۆگیشدا ماندوو نەدەبوو، تاقەتی هەبوو بدوێ هەتا چارەسەر دەدۆزرێتەوە. ئەو هەموو وزە و ئێنێرژییە لە عیشقی بە کار و وەزیفەی سەرچاوەی دەگرت. لە بیرمە لەو ساڵانەی دواییدا چەندین جار هاتە لای هەموو حیزبەکان و بە تایبەتی کاری هاوبەشی کۆمەڵە و دێمۆکراتی بەلاوە گرینگ بوو، تا بەشکم شتێک وەڕێ بخرێ. لەو هاتن و چونانە بە ڕۆشنی دەبیندرا وەک دڵسۆزیکی بزووتنەوەکە، نەک وەک حیزبییەک دەدوا و ڕاوێژی لەگەڵ هەموومان دەکرد و هاندەر بوو بۆ هەنگاو هەڵگرتن، پێم وایە هەوڵەکانیشی بێ ئاکام نەبوون. دەمارگرژیی سێکتی و حیزبی زاڵ نەبوو بەسەر ڕوانینیدا، بەرژەوەندیی گشتیی بزوتنەوە کە لای گرینگ بوو. ئەو هەوڵ و دڵسۆزی و هەڵسووڕانانەش ئاماژەن بۆ بڕوا بە خەباتی ڕەوای گەلی کورد. جەلیل گادانی بۆیە دەیتوانی لە لادەوروبەری خۆی تۆوی خەبات و کۆڵنەدان بڵاو کاتەوە و جوڵەی زۆرتر بەرێتە نێو جیلی نوێ.

### بێ فێڵ و ڕاستگۆ بوو:

هەر کەس لەگەڵی کاری کردبێ و دیتبێتی ئەوە دەسەلمێنێ کە ڕەنگە لەگەڵی هاوڕا نەبووبێ و جیاوازی لە نێوانیاندا هەبێ، بەڵام نیگەران نەبووە کە ناڕاستی و شیلە و پیلەی لە کاردا بێ. قسە و قەولی ڕاستت لێ دەبیست. لەگەڵ کەس و لایەنی جیاواز دەحاواوە و هەڵی دەکرد. بۆیەشە توانیبووی پێوەندیی زۆر لەگەڵ کەس و لایەنی بێنێ و ڕێگای پێکەوە کار کردن بهێڵێتەوە.

### سادە و ساکار، خۆبەخش و لێبوردوو

کاک جەلیل لە هەموو هەڵسوکەوتیدا سادە، سەمیمی، زوو ئاشنا و لە ژیانی خەباتکارانەی هەرچی بووی و نەیبوو لەسەر لەپی دەستی دانابوو. لە هەوەڵین دیداردا هەستت دەکرد بڕێک مۆن دەردەکەوت، بەڵام هەر زۆر زوو لەگەڵی خۆیی دەبوویەوە و خۆشت دەویست.

وره و باوەڕی بە خەبات و ڕزگاریی نەتەوەکەی وای لێ کردبوو کە سەروماڵی تێوەچێ و سڵ نەکاتەوە لە لەمپەری سەر ڕێگا و کەند و کۆسپی ژیان، هەمیشە گەشبین و هیوابەخش بوو، ئەو خیسڵەتەش ڕێز و ئیحتیرامی بۆ دابین دەکرد. ئینسانێکی بەهەست بوو کە تۆ زوو دەتتوانی کاردانەوەی بە خۆشی و ناخۆشی، لە ڕواڵەتیدا ببینی. حەیفێ لە نێو نەریتی حیزبی ئێمەدا ڕێزگرتن لە یەک زوو و، دوای بچووکترین ناتەبایی،

## بۆ یادی ٥ ساڵە

جێی پێ لێژ دەبێ. با ئەو یادە بکەینە دەرفەتێک بۆ ڕێز دانانی پڕاوپڕ لە هەموو تێکۆشەرانی خەبات بۆ ڕزگاری. کاک جەلیل لە ناومان نەما، بەڵام هەوڵ و تێکۆشانی دیارە و ناسڕێتەوە، زەحمەت و کاری جێی ڕێز و پێزانینە. با لە باشییەکانی فێر بین و پەرەیان پێ نەدەین و بیکەینە وانە بۆ جەلیلەکانی داهاتوو.

**با یادی بکەینە دەرفەتێک بۆ لێک تێگەیشتن و دیالۆگ لە پێناو ئامانجە بەرزەکانی بزاوتی دادپەروەرانە و خەباتی مێژوویی گەلی کورد.**

**یادی بەرێز و بەرز ڕادەگرین تا هەمووان بزانن ئەو کاروانە وەفادارە بە هاوکاروانیانی.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠٢١

## پیاوی دەگمەن!




### سەعید بەگزادە

ژیان، یان کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی کاک جەلیلی گادانی، بەڕادەیەک پڕ لە خوو و خدە و خەسلەتی جوان و باش و گەورەو، ئینسانیی و شۆڕشگێرانەیە، کە باسکردن و لەسەر نووسینی، بەڕواڵەت نابێ زۆر گران و بەزەحمەت بێ. لەگەڵ ئەوەش لانیکەم بۆ منی کە ساڵانێک لێی نزیک بووم و کارم لەگەڵ کردوە و هاتوچۆی بنەماڵەییمان دەنێواندا هەبووە، ئێستا کە دەمهەوێ لانی کەمی ئەرکی سەرشانی خۆمی بۆ ئەنجام بدەم و کورتەیەکی لەسەر بنووسم، نەک هاسان و لە دەستان خۆش نییە، بگرە زۆریشم بۆ گران و سەنگینە. ناتوانم لە نووسین لەسەر کاک جەلیل خۆ ببوێرم، سەهلیش نییە هەروا تاو بدەمە قەڵەم و دەست بە نووسین بکەم. ترسم لەوەیە قەڵەمی ساکاری من نەتوانێ ئەگەر تەواو حەقی خۆشی پێنەدا - کە دەشزانم دەرەقەتی دەرخستنی تەواوی روخساری کاک جەلیلی نایا - لە کەمەکەش دا روو سوور دەرنەچێ. بەم نیگەرانێشەوە هەوڵ دەدەم ئەوەندەی خۆم لێی دەزانم و ناسیوومە، لەگەڵ ئەوەش پێویستە ئەو سرنجەشم هەبێ کە چ باسێک بۆ نووسین و بڵاو کردنەوە دەگونجێ، ئەو کات بە کورتیش بێ باسێک لە بەرێزیان بکەم. مەبەستم لەوەی کە دەڵێم چ باسێک بۆ نووسین دەگونجێ ئەوەیە کە هەروەک باسم کردووە، من زۆر لە نزیکەوە کارم لەگەڵ کاک جەلیل کردوە و بەرێزیان سکرتێر و کەسی یەکەمی حیزب بووە. لە چەند ئۆرگانی حیزبیدا بەرپرسی یەکەمم بووە. زۆر کاری پێ سپاردووم یان بۆ زۆر جێگا و مەئمورییەت ناردوومی، یان دە زۆر دیدار و چاوپێک کەوتاندا لەگەڵی بووم کە بەداخەوە ئێستاشی لەگەڵ بێ، هەڵ مەرجی خەباتی ئێمە دەرفەت و ئیزنی ئەوە نادا تەواو سفرەی دڵ بکەینەوە و هەموو شتێک هەڵبرێژین و باسیان بکەین. ئاشکرایە ئەو دەردەش هەر تەنیا لەمن نییە، بەڵکوو زۆربەی رازداران و خەباتکارانی ئێمە دەگرێتەوە.

## بۆ یادی ٥ ساڵە

مێر مناڵ بووم کە لەگەڵ ئەندامانی ئەو بنەماڵە خۆش ناو و بەرێزە ئاشنا بووم. پێش کاک جەلیل، ئەمر کاک محەممەدی گادانیم ناسی. بەڵام یەکەم جار کە ناوی کاک جەلیلم وەبەرگوێ کەوت لە ماڵی خزمێکی زۆر نزیکم بووم کە بۆسەردانیان چووبووم. خزمەکەم پیاوێکی هێدی و لەسەرە خۆ بوو. بە پێی تەمەنم، لە روانگەی ئەوانەوە بۆ باس و بیستنی شتی نهێنی و مەترسیدار، نەدەبووم! دەگەڵ ئەوەش گوێم لێبوو ژن و مێرد باسی هێندێک کەل و پەلیان دەکرد کە کاک جەلیل لە ماڵی ئەوان حەشاری دابوون. چوونکە پێشتر کاک محەممەدم دەناسی زۆرم پێ خۆش بوو لەو باسەدا کە ناوی گادانی دەهات، لە باسەکە حالی ببم. هەر توانیم ئەوەندە تێبگەم کە ئەو کەل و پەلەی کاک جەلیل لای ئەوان دانابوون، نەدەبوو کەس پێیان بزانێ! بەهۆی ئەوەی کە لەبنەماڵەمان دا، خاڵم پێشمەرگە بوو و دەمێک بوو لە وڵات قاچاخ ببوو زۆریشیان باس دەکرد. تێگەیشتم کە ئەم نهێنی کارییەی ئەو خزمانەی من هەر دەبێ شتێکی وەک باسەکانی خاڵم بێ. لەو کاتەوە هەستێکی پڕ لە رێزم بۆ کاک جەلیل تێدا دروست بوو. بێ ئەوەی دیتبێتم. پاشان کە برێک باوخۆشتر ببووم و برێکیش سەربزێو، زیاتر لە ژیان و کەسایەتی ئەوم دەپرسی و زۆریشم لەسەر دەبیست و، باشترم ناسی. چەند جارێکیش لە نزیکەوە بە خزمەتی گەیشتم.

**پاشان کە دەرکەوتن و نارەزایەتیەکان دژی دەسەڵاتی سەرەڕۆی پاشایەتی لە وڵات دەستیان پێکرد، ناوی کاک جەلیل بۆ هەموو گەنجەکانی هاوتەمەنی من تەواو ناوێکی دیار و ئاشنا بوو.**

لەو سەردەمدا، گەنجانی مەهابادیش وەک هەموو شوێنەکانی دیکەی وڵات چالاک و دیار و بەدەرەوە بوون. رۆژ نەبوو شەقامەکانی شار پڕ نەبێ لە گەنجانی خوێن گەرم و بەهەست و تینووی ئازادی ودەنگی لەگوڕیان رۆژانە بە گوێی کاربەدەستانی دەسەڵاتدار نەگا. تەنانەت شەوانە شەقام و کۆڵانەکانی شار بەدەست گەنجانی شارەوە بوو. خۆیان کێشکیان دادەنا و چاوەدێری وڵاتیان دەکرد. شا، گرێژنەی کارەکانی لەدەست دەرچوو بوو. هەر ماوەیەو سەرۆک وەزیرێکی دەگۆری و هومێدی ئەوەی دەکرد بەو جۆرە - کە لە نزیک ٣٧ ساڵ دەسەڵاتی نابەرپرسانەی دا، ئەنجامی دابوو - لەبەر چاوی خەلک ونی بکا و وەزعەکەی بۆ ئارام بیێتەوە.

پاشان ئەرتەشبوود غولامرەزا ئەزهاری - سەرۆکی ستادی هاوبەشی هێزە نیزامییەکان - باوکی کۆنەزاوای خۆی کە ماوەیەکیش وەزیری دەرەوەی ئێران بوو، لە ١٥ ی خەزەلوری ١٣٥٧کرد بە سەرۆک وەزیر. ئەزهاریی لە یەکەم رۆژی هاتنەسەرکاری خۆیدا، حکوومەتی نیزامی لە سەرانسەری ئێران، راگەیاند. ئەمەش بەو مانایە بوو کە نەتەنیا کێشکی شەوانەی گەنجان، بەڵکوو هەموو کۆبوونەوەیەکی بە کۆمەڵیش یاساخ دەکرا. سەرەرای ئەم حوکمە توندە، یەکەم رۆژی هاتنەسەرکاری حکومەتی نیزامی ئەزهاری من لەگەڵ کۆمەڵێک لە گەنجانی شار لە مزگەوتی هەباس ئاغا کۆبووینەوە و بێ

## بۆ یادی ٥ ساڵە

گوێدان بە بڕیاری توندی دەوڵەتی نیزامی، شار و جادەکانمان لەنێوان خۆماندا بۆ کۆنترۆڵ کردن، دابەش کرد.

هەر گرووپێکمان، جێگایەکی شار و جادەکانی قەراخ شارمان بۆ کۆنترۆڵ و چاوەدێری پێ ئەسپێردرا. من لەگەڵ چەند کەسی دیکە جادەی مەهاباد میاندواومان وەبەر کەوت. درەنگانی شەو کە جادەمان کۆنترۆڵ دەکرد، ماشێنێکی فەرماندەهی ئەرتەش کە من دەمهەویست بە گۆپاڵ کە تەنیا چەکی دەستمان بوو!! رایبگرم، دوو جاری لێدام. بەم شێوە من یەکەم گەنجی مەهاباد بووم کە ئەرتەش لێیدا و ماوەیەکی زۆر لە نەخۆشخانەکانی مەهاباد و تەوریز مامەوە. ئەم رووداوە لە دواییدا بوو بە هۆی زیاتر نزیک بوونەوەم لە کەسایەتیە سیاسییە دیارەکانی ئەم سەردەمەی مەهاباد، کە کاک جەلیل یەکێک لەوان بوو. دەگەڵ ئەوەش کە ئەو کات کەمتر، لە مەهاباد دەمایەوە.

دواتر بە هۆی ئەندامێکی دەفتەری سیاسی ئەوکاتی حیزب بەر لە رووخانی رێژیم، یەکەم مەئموریەتی حیزبیم پێ ئەسپێردرا کە هێنانەوەی ئەندامێکی حیزب لە شومالی ئێران را بوو. بەم جۆرە منیش لەحیزبی دێمۆکراتدا دەستم بەکار کرد و زیاتر لە نزیکەوە لەگەڵ کاک جەلیل بوومە هاوکار و ئاشنا و لە زۆر ئۆرگانی حیزبیدا هاوکاری بووم یان دەژێر بەرپرسایەتی بەرێزیاندا کارم کردوە. هەر بۆیەش ئەمجار زیاترم کاک جەلیل و رابردووی تێکۆشانی و شوێندانەری ئەوم لەسەر رووداوەکان زانی.

کاک جەلیل مێرمنداڵی دەورانی کۆماری کوردستانە. لەگەڵ ئەوەش کە بێگومان کۆماری کوردستان و مەهاباد وەک پایتەختی کۆمار، شوێندانەری باش و ئەرێنیان لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان بەتایبەت گەنجان و تەنانەت مێرمندالانی ئەوکاتی کوردستان بەگشتی و مەهاباد بەتایبەتی داناوە، بەڵام بۆ کاک جەلیل کە تەمەنی تەنیا ١٢ ساڵە بووە، زۆر زیاترە. ئەوەش رۆژنامەی کوردستان - لە سەردەمی کۆمار دا - شاهیدی بۆ دەدەن. لەو سەردەم دا، لەو بەستێن و ژینگە کۆمەڵایەتی و سیاسییەدا، مێرمنداڵێکی دوازدە ساڵە پوولگیرفانی خۆی بکاتە یارمەتی بۆ حکوومەتی کوردی و حیزبی دێمۆکرات، خۆی بەتەنیا بابەتێکی گرینگە بۆ لێ ورد بوونەوە و هەڵسەنگاندنی بیر و هۆش و زەکاوەتی ئەو کەسە. بۆیە کاک جەلیل لەگەڵ ئەوەش کە کوردایەتی و بیری رزگاریخوازی لە باوکی خۆی بە میرات وەرگرتووە، بەڵام تیژبیریی و وشیاریی پتر لە تەمەنی، ئەو لە هاوتەمەنەکانی خۆی و بگرە لە خەڵکی بەتەمەنتریش جیا دەکاتەوە و جێگایەکی زۆر تایبەتی وشایستەتری دەداتێ.

پاش رووخاندنی جێی داخی کۆماری کوردستان، لە تەواوی رووداوە سیاسییەکانی ئێران و کوردستاندا، لە زۆربەی هەرە زۆری بەربەرەکانییەکانی دژی سەرەرۆی و دیکتاتۆری دا، ئەگەر جەلیلی گادانی لە پێشاهەنگان نەبووبێ، لە سیما هەرە



سەرچاوە Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

دیار و بەرجەستەکانی ئەو مەیدانداریانەدا بووە. ئەوەی کە لەو سەردەمەدا، باوە کە دەڵێین: دەبێ خەباتی ئێمە بۆ رزگاری، فرە رەهەند و هەمەلایەنە بێ، راست ئەوەیە کە زیاتر لە نیوسەدە بەر لە ئێستا، کاک جەلیل رچەشکێنی بوو. کاک جەلیل یەکەم باخچەی ساوایان (کودکستان)ی لە مەهاباد بۆ ساوایانی شار بونیاد نا. لەبەر ئەوەی کە ساواک ئیزنی کاری نەدەدایە، نزیکان و ئاشنایانی خۆی کردونە بەرێوەبەریان. لە تاران و لە زانکۆکان خوێندکاران و روناکبیرانی کوردی بۆ رزگاری هاندەدا و رێکخراوی لێ دروست دەکردن. ساواکی شای ئێران زۆری هەوڵدا بە زیندان و ئەشکەنجە و لێدان و کار لێ ئەستاندنەوە و تەبعید و دوور خستنەوە چاو ترسێنی بکا. کاک جەلیل چەندین جار و لەسەر یەک زیاتر لە ١٢ ساڵان لە زیندانەکانی شای ئێراندا بوو. بەڵام ئەو رۆڵەکوردە چاونەترس و جەسوورە، هەر پاش شکەنجە و ئازار و لێدان کە دەگەرایەوە نێو بەندیەکانی دیکە، دەستی دەکرد بە قسەو باس و رەوشەنگەری سیاسی و رێکخستنی زیندانیان. هەر لە زینداندا لەگەڵ زۆر لە تێکۆشەرانی سیاسی غەیری کورد ئاشنا دەبێ و پەیوەندی دۆستانەیان لەگەڵ پێک دێنێ کە ئەم دۆستایەتیانە دواتر دەبێتە هەوێنی نزیکی و هاوپەیمانی حیزبی دێمۆکرات لەگەڵ حیزبەکانی غەیری کورد و تێکۆشەرانی نەتەوەکانی دیکەی ئارایی لە ئێران دا.

لە هەمانکاتدا هەر لە زینداندا دەرسی بەو کەسانە دەکوتەوە کە نەخوێندەوار یا کەم خوێندەوار بوون. کاک جەلیل خوێندکاری کلاسی چواری دەبیرستان دەبێ کە دەیگرن و رەوانەی قەڵا (زیندان)ی برازجانی نزیک بووشێهری دەکەن. هەر لە زیندانی بەرازجانیش دیپلۆم وەردەگرێ. دوایی کە ئازاد دەکرێ، زۆر ناخایەنێ کە دیسان رەپێچی زیندان دەکرێتەوە. ئەو لەگەڵ هەموو ئەشکەنجە و ئازارەکانی زیندان دەست لە خۆپەروەردە کردن هەڵناگرێ. هاوکات کە دەرس بە نەخوێندەواران دەڵێتەوە خۆشی خەریکی خوێندنی زمانەکانی رووسی و فەرانسەوی بووە.

پاش ماوەیەکی کورتی دوای ئازادکرانی هەوڵی تەواو کردنی زمانی فەرانسەویەکەی دەدا و لیسانسی زمانی فەرانسەوی هەر لەو سەروبەندە دا، تەواو دەکا و سەرکەوتوانە تاقیکاریەکان تێدەپەرێنێ و بروانامەی خۆی وەردەگرێ. لە زیندان دا، خەریکی وەرگێرانی رۆمان لە زمانی فەرانسەویرا دەبێ و تێشیدا سەرکەوتوو دەبێ. "اسیر فرشتەوش" یەکێک لە وەرگێرانەکانییەتی. مشوورخۆری و توانایی و ئازایی کاک جەلیل،کە دەرفەتی بەشێک لە چالاکیەکانی دەزینداندا لێ دەگیرێ، رێگەگەلیی دیکەی خەبات دەدۆزێتەوە و لە هەر دەرفەت و دەرەتانێک کەڵک وەردەگرێ و ناهێڵێ کات بە فیرۆ برۆن.

کاک جەلیل، هەوڵدەدا خوێندن و نووسینی نابینایان فێر بێ، تەنیا بۆ ئەوەی نابینایەکی تێکۆشەری دێمۆکرات فێری نوسین و خوێندنەوە بکا.

## بۆ یادی ٥ ساڵە

بۆ جارێکی دیکەش کە لە زیندان دێتەدەرێ، هەوڵی ڕێکخستنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی دەدا. لە بزوتنەوەی جوتیارانی موکریان دا رۆڵگێر دەبێ. یارمەتی پێشمەرگەکانی ساڵانی ٤٦،٤٧ دەدا و ڕێخۆشکەری بەرنامە و پلانەکانیان دەبێ. لەگەڵ ڕێبەرانی بزووتنەوەکە پێوەندی چڕ و بەردەوام دروست دەکا. پاش نسکۆی شۆرشی باشوور لەسەر داوای نەمر جەلال تاڵەبانی هەم یارمەتیدەرێکی باشی ماڵیان دەبێ و هەم رایەڵکەیەکی دۆستایەتی و پەیوەندیان لەگەڵ تێکۆشەرانی رۆژهەلات بۆ پێک دێنێ.

کاک جەلیل هەر لەو ساڵانەدا بە بڕوای تەواو هەوڵدەدا هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری بە گەنج و لاو، بەهەر دووک رەگەزی پیاو و ژن، لە هەموو بوارەکاندا ڕێکبخا ولە هەموو دەرفەتەکان، وەک لە زیندان، هەتا کێڵگەی جوتیاران، لەوێشرا هەتا شەقامەکان و بگرە ژووره نهێنییەکان، لە کادێن و قوژبنی گوندەکانڕا، هەتا شریخەی فیشەکی رۆڵە قارەمانەکان، بۆ رزگاری نەتەوەکەی هەمووان ئامادە و لێکیان گرێ بداو بە پێی ئیمکان، مەیدان بۆ هەمویان هەموار بکا بۆ خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەکەی و کەلکیان لێوەربگیرێ. ئەمانە بیر و رێچکەی ئەم مرۆڤە بوون. بۆیەش زیادیم نەکوتوە ئەگەر بڵێم کاک جەلیل رچەشکێنی مەیدانی خەباتی هەمەلایەنە و فرە رەهەند و گشتگیر بوو.

کاک جەلیل لەهەر جێگە و شوێن و شارێک بووبێ، لە مەهاباد، لە تاران، هەتا گوند و شاخە سەرکەشەکانی کوردستان، ماڵیان، جێگای حاوانە و زۆر جاریش سەرەڕای مەترسییەکانی سەرخۆی لە لایان دوژمن و جاسوسەکانەوە، حەشارگە و میوانداری تێکۆشەران بووە. ئەوکاتانە کە خەباتکارانی دێمۆکرات لە مەهاباد، سەقز، بانە،سنە، هەورامان، شیمالی رۆژهەلاتی کورستان و... تەنانەت کەسانی سیاسی دیکەش کە هاوبیری کاک جەلیلیش نەبوون، بەلام دژی دەسەلاتی پاشایەتی تێدەکۆشان و ناچار بە بەجێهێشتنی شار و ماڵ و زێدی خۆیان دەبوون، روویان دەکاک جەلیل دەکرد کە شوێنی حەوانەوە وکاریان بۆ پەیدا بکا.ئەوەندەی دۆست و ئاشنا و رێز و هەروەها کەسایەتیەکی ئەوەندە سەنگین و بەرزی لەنێو کۆمەڵگەدا هەبوو کە کەم کەس دەیتوانی دەست بە سینگیەوە بنێ و داواکانی رەد بکاتەوە. بۆیە ببووە پشت و پەنای تێکۆشەران وئازادیخوازان و خوازیاران. ئەم خەسلەتە ئینسانی و بەرپرسانەیەی هەروەک باقی خوو و خدە باشەکانی دیکەی هەتا کۆتایی تەمەنی دەگەڵی بوو.

ئەوکاتانەی کە لە دەرەوەی رۆژهەلاتی کوردستان، دێمۆکرات بە شەهیدان و نەمران قاسملوو، ئەحمەد تۆفیق و موعینی، حیسامی و ئاوارە و شەریفزادە وزەنگەنەو قادر شەریف و وێردیەکان دەناسرایەوە، لە نێوخۆی رۆژهەلاتیش دێمۆکرات بە مقاومەت، خۆڕاگریی، فیداکاری، نەبەزین و وشیاری هەڵسووڕێنەرانی ڕێکخستنە نێوخۆییەکان کە سەرتۆپ و ناوی دیاریان کاک جەلیل بوو، دەناسرایەوە. کاک جەلیل ببووە جێگای متمانەی هەزاران ئەندام و هەستەی حیزبی و، هەروەها جێگای

ئومێدی بەرزی کۆمەڵانی خەڵک لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا.

لە کاتی وت و وێژ و دانوستان لەگەڵ دەسەڵاتیی دوای شا لە ئێران دا، چەند جار لەگەڵ هەیئەتی جۆراوجۆر بەشداری وتووێژەکان بووە. زۆری هەوڵدا لەراستای سیاسەتی حیزبەکەیدا کوردستان لە هێرش وکوشتار و شەڕی داسەپاو و نەخوازراو بپارێزی. کاک جەلیلی دێمۆکرات تەنانەت بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبەکەی داوە بە ئایەتوڵلا خومەینی که بەڵکوو باشتر لە سیاسەت و داخوازییەکانی دێمۆکرات تێبگا. بەداخەوە ئەو هەوڵانەی حیزب ئاکامی دڵخوازی وەرنەگرتەوە و شەڕێکی گران و پڕ تێچوو، لە لایان کۆماری سەرەڕۆی ئیسلامیییەوە توشی خەڵکی کوردستان کرا. بۆیە کاک جەلیلیش وەک باقی رێبەرانی دیکەی حیزب خەباتێکی سەخت و خوێناویان بۆ پاراستنی خاک و خەڵکی کوردستان لەو ماوەدا ،کەوتە سەر شان وئیدارە و رێبەریان کردوە. هەر ئەوەش جێگە و شێوەی خەباتی کاک جەلیلی بۆ رزگاری و ئازادی خەڵکەکەی تەواو گۆڕی. بەرێزیان لە خەباتی شار و زیندانەکان و کوێرە دێیەکانی کوردستان، لە دەورانی دەسەڵاتی پاشایەتیدا تەواو رووسوور و سەرکەوتوو هاتبووە دەر. خەباتی بەرگری پێشمەرگانە و ژیانی سەختی شاخ و ئەشکەوتەکان مەیدانێکی نوێ بوو بۆ درێژەی خەباتی بێ وچانی ئەم رۆڵە بە ئەمەگەی کورد.

کاک جەلیل لە تەواوی ماوەی خەباتی توندو چەکدارانەی پێشمەرگانەدا،کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەسەر کوردیاندا سەپاندبوو، لە ناوەندی بریار و دەسەڵاتی حیزبی دێمۆکراتدا بوو. لەو دەورانەشدا کە بەهۆی هێرشە توند و پەیتا پەیتاکانی دەسەڵاتی سەرەڕۆی مەزهەبیدا، دەفتەری سیاسی حیزب ناچار بوو بەش ببێ و ببێتە دوو ناوەند بە ناوەکانی دەفتەری سیاسی ژمارە یەک و دەفتەری سیاسی ژمارە دوو. کاک جەلیل وەک بەرپرسی دەفتەری سیاسی ژمارە یەک کە لە جەرگەی شەڕ و هێرشەکاندا بوو، لەبەرانبەر دوژمندا زۆر ئازایانە و لێبڕاوانە مایەوە. لەهەڵ و مەرجێک دا کە هەم کاری زۆر، مەترسی و هێرشی پەیتا پەیتای دوژمن، بریاری قورس و چارەنووساز، لەگەڵ هەموو ئەوانەش پاراستنی ئوسووڵ و نەزم و دیسیپلینی حیزبی، نیشاندەری توانایی و لێزانی و جەسووری و بڕوای پتەوی کاک جەلیل و هاورێیانی بە رێبازیان و دانانی نەزم و قاعیدە بۆ فێرکردنی هەموو لایەکمان و بۆ دوارۆژی نیشتیمانەکەمان بوو.

ئەو لەو ماوەیەدا، لە زۆربەی بەشەکانی حیزبی و کارە جیاواز و کۆمیسیۆنەکانی سەربە دەفتەری سیاسیدا ئەرکی سەنگین و قورسی وەرگرتن. لە کۆمیسیۆنەکانی تەشکیلات، بازرەسی و کۆمەڵایەتی را بگرە، هەتا نوێنەرایەتی حیزب لە دەفتەری پاریس و لە شورای بەرگری نیشتیمانییدا. ئەو نەیهێشت لە هیچکامیاندا گلەیی بۆ بگەرێتەوە یان لەکەسی پێش خۆی و نەفەری دوای خۆیدا کەمتر سەرکەوتوو ببێ. ئەو لە ئەندامی سادەرا هەتا قورس و گرانترین بەرپرسایەتی حیزبی وەک کەسی یەکەم کە پۆستی سکرتێریە، وەری گرتووە و سەرکەوتووانە بەرێوەی بردووە. کاک جەلیل نە قەت بە کارێکی چوکەی



سەرچاوە
Serchawe

کە دەیدرایە و دەشیزانی کاری گەورەتری پێدەکرێ، دڵگران دەبوو، نەقەت بە پۆستی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کۆمیسیۆنێک یان تەنانەت بە پۆستی سکرتێری، ئیفادە و فیزی لێ دەبیندرا.

کاک جەلیل بڕوای قایم و قوڵی بە بەرانبەری و یەکسانی ژن و پیاو لەهەموو بوارەکاندا هەبوو. بۆیەش چ دەبنەماڵەدا و چ دەنێو حیزب و کۆمەڵگەدا، هەوڵی زۆری دەدا کە ژنان ئازاد و سەربەخۆ بن و ڕێکخراوی چالاکی خۆیان هەبێ. هەمیشە دەکاردا بن و کەس نەبێتە کۆسپ و بەربەستیان بۆ دروست نەبێ. کاک جەلیل لەکۆڕی پەروەردەی حیزبدا و بۆ پێگەیاندنی مامۆستایانی شۆڕش نەخشی گرینگ و بەرچاوی هەبوو. ئەو بەرپرسێکی پێشمەرگە و پێشمەرگەیەکی بەرپرس و ڕێبەرێکی خاکی و دڵسۆز و بێ چاوەڕوانی بوو. ئەو بەتەنێ هەر بریاردەر نەبوو، بەڵکوو گرانترین ئەرکەکانیشی دەخستە سەر شانی خۆی و خۆی رایدەپەڕاندن. قەت جارێک نەبیندرا لە دابەشکردنی ئەرکە گرانەکاندا، نەفەری یەکەم نەبێ بۆ خۆ پاڵاوتن و راگەیاندنی ئامادەگی بۆ ئەنجامی ئەرکەکان. بۆیەش بەدەر لە رێنوێنییەکانی، هەڵسو کەوت و کردەوەکانیشی بۆ هەمووان هاندەر و وانە بوون. کەسێکی بە دیسیپلین و مونەززەم بوو. بۆیەش بێ نەزمی و بێ دیسیپلینی لە کەس قبووڵ نەدەکرد. دەهەل و مەرجێکدا کە تاقە پێشمەرگەیەک بۆ پاراستنی ناوچەیەک کە ئەم شوێنە جێگای مانەوەی دەفتەری سیاسیش بوو، لەسەر هەڵەیەکی زۆر ساکار و چووکی دوو پێشمەرگە، داوای سزای بۆ دەستەیەکی پێشمەرگە بە فارماندەکەیانەوە کە یەکێک لە قارەمانانی مێژووی حیزبی دێمۆکراتە دەکا و سزا یان دەدا.

زۆر جار دیتراوە کاک جەلیل لە هەوەڵی شەورا هەتا تاریک و روونی بەیانی دەکۆبوونەوان دابووە. پاشان کە هاوڕێیانی شەکەت و ماندوو بوون، ئەو لە جێگایەکی دیکە، دەگەڵ دەستەیەکی دیکە، بۆ کارێکی جیاوازتر، کۆبوونەوەیەکی دیکەی دەست پێکردۆتەوە. بۆیە ئەگەر تاقەکەسێک بۆ ماندوویی نەناسی هەڵبژێردرێ، بەحەق ئەوە کاک جەلیلی گادانی بوو، کە ماندوویی نەدەناسی. پشوو درێژی و وەفاداری و پشت گەرمی و قایمی بە ڕێبازی دێمۆکرات و کوردانەی، خۆی بۆ لێ فێر بوون دەبوو. لەکاری سیاسیدا، کەسێکی سادق، ڕاستبێژ، بێباک و نەترس بوو. لە کاتی سەخت و ناهەمواردا خۆی نەدەدۆڕاند و بریاردەرێکی بوێرو چاونەترس بوو. کەسێکی داوێن پاک، دەست پاک و تەواو وەک دەڵێن مەردومی و خەڵکی بوو. ئەو لەگەڵ دێمۆکرات گەورە ببوو.. کاک جەلیل ژیانی سیاسی خۆی دەگەڵ حیزبی دێمۆکرات دەست پێکرد و هەتا کۆتایی تەمەنیشی پێی وەفادار مایەوە. حیزبی دێمۆکرات و کاک جەلیل دووانەیەکن لە تەواوی ژیانیاندا بە بێ یەکتر نەبوون.

ئەو، هەمیشە پابەندی ئەو ئوسول و یاسایانە بوو کە حیزبەکەی دیاری کردبوون. لەگەڵ ئەوەش کاک جەلیل بۆ بیری کوردانەی و بۆ بەرژەوەندی باڵای نەتەوەکەی زۆر فەرا حیزبی و کراوە بوو. زۆر جار هەڵکەوتووە لەگەڵ کەسانی گەورەی

**بۆ یادی ٥ ساڵە**

سیاسی کورد و نا کورد، لەگەڵ نوێنەرانی وڵاتان، لەگەڵ سەفیری وڵاتان، بۆ وێنە سەفیری یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، سەفیری فەرانسە،سەفیری بریتانیا، سەفیری چین، سەفیری ئەفغانستان و سەفیری تورکیە و زۆر جێگە و وڵاتی دیکە، لە بەغدا و لە دەرەوەی وڵات لەخزمەتی دابووم. لەو جێگا و شوێنانەدا ئەو تەنیا بەرپرس و نوێنەری حیزبی خۆی نەبوو، بەڵکوو سەفیرێکی راست و حەق بێژی نەتەوەکەی بوو. قەت نەمدی لە روانگە و باسەکانیدا بەرژەوەندی و خێری حیزبەکەی بۆ ساتێکیش وەپێش قازانجی گشتی میللەتەکەی بکەوێ.

با لێرەدا ئەمەشی لێبگێرمەوە کە ساڵی ١٩٩٦ دا، کە وەک سکرتێری حیزب سەردانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکا، لە دانیشتن دەگەڵ بەرپرسانی رۆژهەڵاتی ناوین لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا، بەرپرسی ئەم بەشە روو دەکاک جەلیل دەکا و لێی دەپرسێ: بەرێز گادانی جەنابت وەک سوسیالیستێکی دوێنێ چۆنە ئێستا سەردانی وڵاتی ئیمپریالیستی ئەمریکات کردووە؟! هەستت چۆنە؟!! کاک جەلیل دەوڵامدا دەڵێ! من ئێستا لەپێشدا وەک کورد و دوایەش وەک سۆسیالیست هاتوومە ئێرە، چوونکە یەکەم، ئێوەش ئەو ئیمپریالیستەی کە کودێتایی ٢٨ گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ تان هیدایەت کرد، نەماون. دووهەمیش، ئێستا راست بەهۆی سیاسەتەکانی ئێوەوە ئێران توشی هەل و مەرجێک بووە کە بەرژەوەندی هاوبەشمان دەخوازێ زیاتر لێک حالی ببین و باشتر لێک تێ بگەین.! بۆیەش لەم بارەوە هەمیشە کەسێکی سەرکەتوو و ئازا و بوێر دەردەکەوت. کاک جەلیل بۆ یەکیەتیی و یەکدەنگی کورد هەوڵی زۆریدا.زۆر جاران لە چەندین حیزب و رێکخراوی کوردی هەیئەتی نوێنەرایەتی پێکهێناوە و لەگەڵ وڵاتان و کەسانی ناسراوی جیهانی دیداری کردون.

**بۆ چارەسەریی کێشەی نێوان حیزبە کوردستانیەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا،هەمیشە دەست پێشخەر بووە.**

کاک جەلیلی گادانی لەگەڵ ئەوەی کە رێبەرێکی پرکاری سیاسی بوو، قەت لە خوێندنەوە غافڵ نەبوو. کتێب خانەی تایبەتی کاک جەلیل سەرەڕای ئەوەش کە چەندین جار کەوتە بەرهێرش و ناچار بوو بەشێکیان لێرولەوێ بەجێ بێڵێ، هەمیشە دەوڵەمەندترین و زیادترین کتێبی لەلا دەست کەوتووە و سەرچاوەیەک بووە بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان بۆ هەموو لایەکمان، هەرکات ویستبێتمان.جیا لە خوێندنەوە خۆشی قەت لە نووسین و وەرگێران رانەوەستاوە و بەرهەمیشی لەهەردووک بواری نووسین و وەرگێراندا زۆرن. ئەو قەڵەمێکی بەهێز و راستگۆیانەی هەبوو. لە نووسین و راستکردنەوەی هەڵەی کەس کە دەگەڵ روانگەکانی خۆی، یان لەگەڵ رووداوەکان یەکی نەگرتباوە، بۆ پاراستنی ئەو راستیانەی کە خۆی بڕوای پێی هەبوون، تەنانەت لە نزیکترین دۆستانیشی نەدەبورا. ئەو، بڕوای قایم و پتەوەی ئەوە بوو کە: دەبێ راستیەکان بۆ نەوەی داهاتوو، وەک رووی‌داوە بگوازرێنەوە. بڕوای وابوو هەر کەس دەست بۆ قەڵەم دەبا، دەبێ ئەو راستگۆییەی تێدا بێ. دەنا نابێ تەنیا بۆ ئەوەی بنووسێ و خۆی رابنێ تاو بداتە پێنوس و شێواندنی مێژوو و راستی

ڕووداوەکان. تەنیا نووسین و وەرگێڕانەکانی  کاک جەلیل ئەوەندەی کات دەویٚ کە کەسێکی ئازا و بەکار تەواوی وەختی خۆی بۆ تەرخان کردبا. بەڵام ئەو زەمان و کاتی ڕێکدەکوشی و کاتی خۆی لیٚ پەیدا دەکرد و هەوڵی دەدا بە هەموو ئەوکارانەی دەیویستن رایانپەڕێنیٚ، رابگا. هەمیشە هەوڵی دەدا نزیکانی بۆ خوێندن وخوێندنەوە هانبدا. ئەوکاتانە کە دونیای مەجازی و ئینترنێت وەک ئێستا لای ئێمە رەواجی نەبوو، هیچ کاتێک نەبووە، من بچمە لای و پەرتووک و نوسراوم بۆ خۆم و بۆ خەلک و بۆ گەنجان ویٚ نەدا. هەمیشە باشترین و زیادترین دیارییەکانی کاک جەلیل  بۆ نزیکان و دۆستانی، قەڵەم، کتێب و پەرتووک بوون.

لایەن و خەسلەتێکی زۆر باش و گرینگ و بەکەڵکی دیکەی کاک جەلیل، هەڵگرتنەوەی یادداشت و کۆکردنەوەی ئەسناد و دێکۆمێنت بوو. تەنانەت ئەو دەورانەش کە بەرێزیان ئەندامی رێبەری نەبوون بەڵام بە حوکمی شوێن و جێگا و کەسایەتی سیاسی و تەشکیلاتیان هەمیشە بەشداری کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی دەکران، تەئکیدی زۆریان لەسەر هەڵگرتنەوەی پەیام و بریار و باسەکان دەکرد. پێی وابوو یەکێک لە هەڵەکانی ئێمەی کورد بەگشتی لەبیر کردنی رابردوو و نەچوونەوە و بەسەرنەکردنەوەی بریار و تەسمیمەکانی پێشوومانە. ئەوەش ئەرکی ئێمەیە ئەم کەمایسییە چارەسەر بکەین و کۆتایی پیٚ بێنین.

کاک جەلیل کەسایەتییەکی بەهێز و گیرای کۆمەلایەتی هەبوو، تێکۆشەرێک بۆ هەموو  بوار و وەرزەکان بوو. لەگەڵ گەنجان، کوران و کچان، لەگەڵ سیاسییکاران، لەگەڵ هونەرمەندان، نووسەر و قەڵەمبەدەستان، هیچ چین و توێژێکی کۆمەڵی کوردەواری نەبوو کە بەرێزیان زیادترین و بەهێزترین پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ دانەمەزراندبن. هەموو لایەکیش بە رێزەوە دەیانڕوانیە ئەم پەیوەندی و بەسەرکردنەوانەی ئەو. لەگەڵ ئەوەی کە خۆی بەرابردووترین ئەندام و بەرپرس وچالاکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، هەمیشە جۆرێک هەڵس و کەوتی لەگەڵ ئەندامان، بەرپرسان و پێشمەرگەکانی دێمۆکرات دەکرد، وەک ئەوەی هەموویان لە خۆی زیاتریان زەحمەت کێشاوە و ئەو دەبیٚ سپاسگوزاریان بیٚ. کەس بەرادەی کاک جەلیل بریندار و کەم ئەندام و بنەماڵەی شەهیدان و بەساڵداچوانی دمۆکراتی بەسەر نەکردۆتەوە.قەت نەبوو سەردانی شوێنێک بکا و لەو بنەماڵانە نەپرسێتەوە و سەردانیان نەکا. هەبووە بە دەیان فەرسەخ و لە کاتی زۆر پڕکاریدا بۆ سەردانێکی چەند چرکەیی وەریٚ کەوتووە و بەقەولی خۆی ئەرکی ئەمەگناسی خۆی بەجیٚ گەیاندووە.

هەبوون هەر لەهاوریٚ و هاوقەتارانی کاک جەلیل لە حیزبی دێمۆکراتدا کە لە هێندێک بوار و خەسەلەتدا بەتواناترو کاراتر بوون لە کاک جەلیل بوون. بەڵام نەک ئەوەی تەنیا من ئەو شاهیدیەی بۆ بدەم، بەڵکوو هەموو لایەک دەزانن کە هەتا ئەورۆ هیچ کەس بەرادەی کاک جەلیلی گادانی کۆی خەسلەتە باشەکانی تێدا نەبووە. کەس ئەو هەموو خەسلەت و

## بۆ یادی ٥ ساڵە

خوو و خدەی وەک، پاکی، سادقی، داوێن و دەست پاکی، ڕاستگۆیی، ماندویی نەناسی و ئینسانی بەتەواوی مانای باشی و خەباتکارانەی لەخۆیدا کۆنەکردۆتەوە. هەر بۆیەش ئەو یەکێک لە بەهێزترین کۆڵەکەکان و پێناسەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بوو. بۆیە بەڕاستی حەقی خۆیەتی کە بڵێین کاک جەلیل دەگمەن بوو.

لە بنەماڵەی بەڕێزی گادانی دا لەگەڵ ئەوەش کە ناسراوترینیان هەتا ئێستا هەر کاک جەلیلە، بەڵام بەگشتی بنەماڵەیەکی کورد پەروەر و خەباتکارن و چ لە دەورانی ڕێژیمی پاشایەتیدا و چ لە دەورانی ڕەشی کۆماری ئیسلامیدا. لەو بنەماڵە هەڵکەوتە و بەڕێزانەی کوردستانن کە زیاترین بەشداری و نرخیان بۆ ڕزگاری کوردستان و تێکۆشانی حیزبی دێمۆکرات داوە. نەمران کاک خەلیل و کاک محەممەد و کوبڕا خانم و شەهیدان دڵشاد و موحسینی گادانی، هەتا دوا هەناسەیان بۆ کورد و دێمۆکرات ژیان.

شەهید بوونی دڵشاد ئێستاش لەنێو ڕەفیقان و هاوسەنگەرانیدا بە نموونەی ئازایی باسی لێ دەکرێ. دڵشاد کە بریندار دەبێ و دەزانێ دڕەشان بە برینداری دەیگرن، نارنجۆکێک دەخاتە ژێر سینگی کە دەگەڵ جولاندنی دەتەقێتەوە و تۆڵەی خۆی و ڕەفیقانی دەکاتەوە.پاش شەهید بوونی دڵشادی بوێر و ئازا، موحسینی برا چووکی کە کەم تەمەنیش بوو، ناهێڵێ چەکی دڵشاد بکەوێتە سەرزەوی و دێتە ڕیزی شاسوارانی خەبات و دەبێتە پێشمەرگە لە هێزی پێشەوا دا. ئەویش لەگەڵ کۆمەڵێک لە قارەمانان لە دەشتی شاروێران لە شەڕێکی حەماسیدا گیان بەختی کوردستان دەکا.

لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیشدا برای گەورەی کاک جەلیل لەگەڵ کچی گەنجی لەبەر چاوی یەکتر سوکایەتیان پێ دەکرێ. ئەم بنەماڵە بە گشتی دێمۆکرات و خەباتکاری ڕێگای ڕزگاری بوون و هەن و ئەم میراتەشیان لە باوکی ڕەحمەتیان حاجی ئەحمەد ی گادانی بۆ بە میرات مایەوە کە هەتا هەن پێی سەرفەرازن.

**کاک جەلیل وەک ئەستێرەیەکی پاکی و سەداقەت و مێرخاسی و وەک ڕێبەرێکی هەڵکەوتووی کورد لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیی میللەتەکەماندا، دەدرەوشێتەوە.**

**یادی هەرمان بێ**

سەعید بەگزادە

٢٩ی سێپتامبری ٢٠٢٠

سوئێد

بۆ یادی ٥ ساڵە

**بۆ کاک جەلیلی گادانیی تێکۆشەر و ماندوونەناسد.**




**شۆڕش حاجی**

زۆر دڵگران دەبم کاتێک دەمەوێ بابەتێک لەسەر تێکۆشەرێکی کۆچکردوو بنوسم. هۆکارێکی خەمەکەم ئەوەیە کە دەست بە نوسینەکەم دەکەم زیاتر لەلام ڕوون دەبێتەوە کە هاوڕێیەکمان بەجێی هێشتووین و سەنگەرێکی تری کوردایەتی چۆڵ بووە. بەڵام لەوە بەئازارتر ئەوەیە، کە دەزانم هەر چۆنێک لەسەر کەسێکی وەک جەلیلی گادانی بنووسم نوسینەکەم بارتەقای خەبات و قوربانی دانی و گەورەیی ئەو کەڵەپیاوە نابێت. ئاخر چۆن دەتوانم لە نوسینێکی چەند پەرەگرافیدا خەسڵەتەکانی ئازایەتی و لەخۆبوردویی پشوودرێژی و هەستی پاکی کوردایەتی ئاستی بەرزی ڕۆشنبیریی ئەو پیاوە دلێرە باس بکەم!

کاک جەلیل هەموو ژیانی خۆی بۆ کورد تەرخان کرد. لەسەردەمی مێردمنداڵی و لاوێتییەوە تا دوا ساتەکانی ژیانی سەنگەری بەرگری کردنی لە کورد و کوردستان چۆڵ نەکرد. لە ژیانی چەرمەسەریی زیندانەوە تا سەردەمی تێکۆشانی مەدەنی دواتر لەکاتی خەباتی پێشمەرگایەتی دا هەمیشە خولیا و ئاواتی ئەو قارەمانە ئازادی کورد و ڕزگاری کوردستان بوو.

ڕاستە کاک جەلیل تێکۆشەرێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، بەڵام هاوڕێ و خۆشەویستی تێکۆشەرانی باشوور و

## بۆ یادی ٥ ساڵە

باکوور و ڕۆژاوای کوردستان و کوردانی تاراوگە بوو. ئەو ڕێبەرە دەسکەوت و سەرکەوتنی خەباتی کوردایەتیی لەهەر پارچەیەکی کوردستان بە هی خۆی و حیزبەکەی دەزانی و لە هاوکاری کردنیان دریغی نەدەکرد. کەسێک هەیە بتوانێ نکۆڵی لەو هاوکارییە مەزنەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکا لەخەباتی ڕزگاریخوازیی کورد لە باشوری کوردستان، کە جەلیلی گادانی یەکێک بو لە سەرکردەکانی ئەو حیزبە دێرینە؟ من بە شەخسی شایەدی ئەوەم کە لە دوای ئەنفالەوە تا ڕاپەڕین، سەرەڕای زەبروزەنگی ڕێژیمی سەدام، پێشمەرگە و سەرکردەکانی حیزبی دیموکرات نامە و بڵاوکراوە و بێسیمی ڕاکاڵ و پارەیان لە بناری قەندیلەوە دەگەیاندە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە شارەکان و بۆ پارتیزانەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ناوچە جیاجیاکان.

کاک جەلیل شارەزایی باشی لەسەر مێژوی کورد و خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان هەبوو. و هەروەها لەهەمو سەردەمێک لەهەر شوێنێک بووبێ لەگەڵ تەبایی ڕیزەکانی کورد بوو؛ هەمیشە دژی ئەوە بو کە خوێنی کورد بە دەستی کورد بڕژێ.

مەرگ کۆتایی بە جەستە و ژیانی مرۆڤ دێنێ، بەڵام ناتوانێ ناوی کەسە مەزنەکان لە بیر و هۆشی مرۆڤ و لاپەڕەکانی مێژو بسڕێتەوە. کێ دەتوانێ ناو و ناوبانگی جەلیلی گادانی ڕەش بکاتەوە؟ خۆم زۆر بەخیلی بەو جوامێرە دەبەم، چونکە توانی لەسەردەمی کۆماری مەهابادەوە تا دواساتەکانی ژیانی بێ وچان لەسەنگەری کوردایەتیدا بمێنێتەوە

**سڵاو لەگیانی پاکی کاک جەلیلی گادانی**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠٢١



سەرچاوە Serchawe

## زێڕنگەر و قەدری زێڕ

(هەڵوێستەیەک لە سەر ڕەهەندی ڕۆشنبیرانەی ژیان و خەباتی نەمر جەلیل گادانی)




**قادر وریا**

نەمر کاک جەلیل گادانی کەسایەتییەکی تایبەتی هەبوو، لە بوار و ڕەهەندی جیاوازدا، خاوەن خزمەتی بەرچاو بوو و، شوێن پەنجەی دیار بوو. ڕابردوویەکی دەوڵەمەندی تێکۆشان و خەباتی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی لە هەلومەرجی جیاوازدا ( ژیانی سیاسی و حیزبی بە نهێنی، پشوودرێژی و خۆڕاگریاندن لە نێو بەندیخانە، خەباتی جەماوەری و سەرشەقامەکان، ڕاوەستان و بەرخودانی پێشمەرگانە لە شاخ و چیای کوردستان، دیار بوون و چالاکی لە کۆڕ و کۆمەڵی ڕۆشنبیری و دیپلۆماتیک لە کوردستان و دەرەوەی وڵات و هتددا) هەبوو. ئەویش نەک هەر وەک ئەندامێکی سادەی حیزبی، بەڵکوو وەک سەرکردە و بەڕێوەبەر و ڕێکخەرێکی مەیدانی.

لە مەیدانی نووسین، وەرگێڕان، ڕۆژنامەنووسی، پاراستنی دۆکیۆمێنت و ڕاگرتنی ئەرشیف لە جەرگەی خەباتێکی سەخت و هەلومەرجێکی نائاساییشدا، نموونە بوو. بەو هۆیەوە کە باسکردن لە تێکڕای بوارەکانی خزمەتەکانی کاک جەلیل گادانی، کتێبێک هەڵ دەگرێ و، لە وتارێکی لەم چەشنەدا ناگونجێ، من لەم نووسینەمدا تەنیا لە سەر خەرمانی ژیان و خزمەتە ڕۆشنبیرییەکانی ئەو کەسایەتییە، لەنگەر دەگرم و، لەم دەرفەتەدا، ئاوڕ لە هێندێکیان دەدەمەوە:

### غافڵ نەبوون لە نووسین و وەرگێڕان:

چەند جاری دیکەش ئەوەم نووسیوە کە بێ بەهرەیی و بێبەری بوونی تێکۆشەرێکی سیاسی بە تایبەتی لە ئاستی ڕێبەریی حیزبێک و بزووتنەوەیەکدا لە توانای نووسین، کەمایەسییەکی گەورەیە. بەهرەی نووسین یارمەتیی خاوەن بەهرەکە دەدا دید و بۆچوون و لێکدانەوە و ئەزموونی خۆی  باشتر گەڵاڵە بکا و، بیانخاتە بەر سەرنجی خوێنەرانی و، بۆ لای خۆی ڕایان بکێشێ. جگە لەمەش نووسین دەمێنێتەوە، لە ئەرشیڤەکاندا دەپارێزرێ و، کەسانی جۆراوجۆر لە قۆناغی جیاوازدا دەگەڕێنەوە سەری و، لە توێژینەوەی خۆیان دا پشتی پێ دەبەستن.

کاک جەلیل بە ئاگاداری لەو پێوەندییەی نووسین دەتوانێ لە نێوان نووسەر و بەردەنگدا دروستی بکا، هەر وەها بە تێگەیشتن لە ڕۆڵی نووسین لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئازادیخوازی و نیشتمانپەروەری لە نێو خەڵکدا، هەر لە بەندیخانەوە گرنگی بە فێربوونی زمانی بێگانە و وەرگێڕان دەدا. بە وەرگێڕان دێتە نێو دنیای نووسین و نووسەری. ئەو بەرهەمانەی وەری گێڕاون، لە ڕاستای باوەڕی پێشکەوتووانە و ئازادیخوازیی خۆی و، دژایەتی لە گەڵ ستەم و دواکەوتوویی و نابەرابەری دان.

### نووسینەکانی کاک جەلیل، دەتوانین بکەین بە دوو بەش:

**یەکەم**: ئەوانەی وەک وتار لە چاپەمەنیی حیزبیدا بڵاوی کردوونەوە کە زیاتر دەچنە خانەی شیکردنەوە و بەرگری لە سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب، یا ڕوانگە و بۆچوونەکانی خۆی لە پێوەندی لە گەڵ ئەو سیاسەت و هەڵوێستانەدا بوون. **دووهەم**: ئەو نووسینانەی وەک کتێب بڵاوی کردوونەوە کە لە نێوان مێژوو و بیرەوەری دان. گادانی لە کتێبەکانیدا، تێ دەکۆشی بە یارمەتی وەرگرتن لە حافیزەی خۆی و دۆکیۆمێنت، مێژوو یا ڕووداوە مێژووییەکان بگێڕێتەوە. بەشێک لە کتێبەکانی، هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانەی ئەو کتێبانەن کە لە بارەی مێژووی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نووسراون. نامەوێ لەم نووسینەدا، بەرگری یا تەنانەت داوەری لە بارەی نێوەرۆکی کتێبەکانی کاک جەلیل بکەم، بەڵام پێم باشە قامک لە سەر ئەو خاڵە بە هێزە دابنێم کە کاک جەلیل نووسینەوەی بیرەوەری و نووسین لە سەر ڕووداوە مێژووییەکانی هەڵ نەدەگرت بۆ داهاتوو. ئەگەر ڕەخنەی لە کتێبێک و نووسینی کەسێک هەبا، هەتا کەسەکە خۆی لە ژیان دایە، لە سەری دەنووسی. ئەم نووسینانەی کاک جەلیل دەبوونە هۆی ئەوە، کەسەکان- ئەوانەی پێوەندییان

بە ڕووداوەکان هەیە، تا لە ژیان دان، قسەی خۆیان بکەن و ئەگەر زانیارییەکی نەدرکاو و نەگوتراویان هەیە، یا تێبینی و گێڕانەوەیەکی جیاوازیان لایە، بیخەنەڕوو.

گێڕانەوە و نووسینی کاک جەلیل لە بارەی ڕووداوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان و، ئەو تێکۆشەر و کەسایەتییە کورد و ئێرانییانەی لە بەندیخانە یا ڕەوتی خەبات و تێکۆشاندا ناسیبوونی، یارمەتیدەری توێژەران بووە لە ڕوونکردنەوەی بەشێک لە قوژبن و پەسیوە تاریک و ناڕوونەکانی ئەو مێژووە. بەمەش توانیویێتی خزمەت بە تۆمارکردنی مێژوویەک بکا کە بۆ خۆی تێیدا ژیاوە.

### بایەخدان بە تۆمارکردنی بیرەوەریی پێشمەرگە:

"خاطرات یک پیشمرگ"(بیرەوەرییەکانی پێشمەرگەیەک) کە یادداشتەکانی فەرماندەری بە ناوبانگی هێزی پێشمەرگەی دیموکرات شەهید شاپوور فیرووزیی گرتووەتە خۆ، لەوانەیە ئەگەر دوای تێرۆری کاک شاپوور، نەکەوتبانە دەست کاک جەلیل گادانی، تێداچووبان. ئەگەر ئەم یادداشتانە فەوتابان، بێگومان دۆکیۆمێنتێکی بە نرخ لە بارەی قارەمانەتییەکانی هێزی بێستوون و ڕووداوە سیاسی و نیزامییەکانی ناوچەی کامیاران و دەوروبەر(لە ساڵی ١٣٥٨ تا نیوەڕاستەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی)، لە دەستمان دەچوون. بەڵام کاک جەلیل ئەو یادداشتانەی کە بیرەوەریی ڕۆژانەی ئەو فەرماندە لێهاتوویە بوون، وەک گلێنەی چاو پاراست و، هەر لە کۆتایی دەیەی ٩٠ی زایینیدا لە توێی کتێبێکی دوو بەرگییشدا، چاپ و بڵاوی کردنەوە. ئەم دوو بەرگە هەر ئێستا بە هیممەتی مامۆستا عاشق ئیسماعیلی، خەریکە لە فارسییەوە دەکرێن بە کوردی.

کاک جەلیل، دەیزانی نووسینەوە و تۆمارکردنی بیرەوەریی شەڕ و تێکهەڵچوونە گەورە و حەماسییەکانی هێزی پێشمەرگە، بایەخێکی تایبەتیان هەیە. بۆیە بەردەوام فەرماندەران و پێشمەرگەکانی بەشدار لە شەڕ و تێکهەڵچوونە گرنگەکانی هان دەدا، ئەم جۆرە بیرەوەرییانەی خۆیان بنووسنەوە. بەڵام چونکە دەیدیت هێندێک لەو هاوڕێیانەی توانای نووسین و ئامادەکردنی بیرەوەرییەکانی خۆیان نیە، کارهاسانیی بۆ دەکردن، کەسانێکی دیکەی ڕادەسپارد هاوکارییان بکەن بۆ ئەوەی هەر نەبێ کاکڵەی ڕووداوەکە بێننە سەر کاغەز، دوایە بۆ خۆی پێیان دا دەچووەوە. لە ڕیزی کتێبەکانی کاک جەلیل دا، کتێبێک بە ناوی "کەشکۆڵی پێشمەرگە" هەیە کە کۆکراوەی چەندین بیرەوەریی فەرماندە و پێشمەرگەیە. گومانم نیە ئەگەر مردن، کاک جەلیلی لێ نەئەستاندبایەن، ئەم پرۆژەیەی درێژە دەدا و، زۆر بیرەوەریی بە نرخی دیکەی پێوەندیدار بە حەماسەکانی پێشمەرگەی لە پەتای فەرامۆشکران و لە بیرچوونەوە، ڕزگار دەکرد.

"چرچەی فەرماندە لە بیرەوەریی هاوڕێیانیدا" کتێبێکە لە بارەی ژیانی کورت بەڵام پڕ لە قارەمانەتیی فەرماندەری شەهید حەمەدەمین بارام میرزا(چرچە). ئەو کتێبە بیرەوەریی ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوسەنگەران و هاوڕێیانی ئەو فەرماندە شەهیدەی گرتووەتە خۆی. کاک جەلیل دوای دیتنەوە و دەستنیشانکردنی هاوڕێ و هاوسەنگەرانی شەهید "چرچە"، بیرەوەرییەکانی خۆیان لە بارەی ئەو فەرماندەیەی پێ نوسیونەوە و، دوای پێداچوونەوە و ئامادەکردن، کتێبێکی باشی لێ پێک هێناون. ئەم کتێبە، دوایین بەرهەمی چاپکراوە کە بە هاوکاری و زەحمەتی کاک جەلیل هاتبێتە بەرهەم.

## ئەمەگناسی لەئاست کەسایەتی و
## تێکۆشەرانی قۆناغەکانی پێشووی خەبات:

کاک جەلیل، ڕێزێکی تایبەتی بۆ ئەو کەسانە دادەنا کە لە قۆناغ و برگەکانی ڕابردوودا، بەشداری خەبات و تێکۆشانی ئازادیخوازی، نەتەوەیی و حیزبی بوون. بە هەر زەحمەتێک بایە جێگا و شوێنی نیشتەجێ بوونی دەدۆزینەوە و پێوەندیی لە گەڵ دادەمەزراندن. لە هەر دەرفەتێکدا سەردانی دەکردن، چەندی بۆی کرابا، هاوکاریی دەکردن و، لە کاتی گرفتاری و لێقەوماندا مشووری دەخواردن. ئەوەندەی قسەی ڕۆیشتبا لای دەزگا حیزبی و حکوومەتییەکانی هەرێم، قسەی خێری بۆ دەکردن و، بۆ هاوکاری و ئاگا لێبوونیان، هانی دەدان. هاوکات بە بەرپرسان و هاوڕێیانی حیزبیی خۆی دەناساندن کە لە گەڵیان لە پێوەندیدا بن و ڕێزی ئەو خزمەتانەیان بگرن کە ڕۆژگارێک پێشکەشی حیزبی دیموکرات و نەتەوەکەی خۆیان کردوە.

شانبەشانی ئەم جۆرە بەسەرکردنەوانە، هاوڕێیانی بەشی ئەرشیڤ و ڕاگەیاندنی حیزبی هان دەدا بچنە دیداری کەسایەتی و تێکۆشەرانی لەو چەشنە بۆ ئەوەی بیرەوەرییەکان و زانیارییەکانی ئەوان لە بارەی ڕووداوەکانی سەردەمانی پێشوو تۆمار بکەن و، بەم جۆرە لە فەوتان و لەبیرچوونە، بیانپارێزن. لە بیرمە جارێک دەمانەویست لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا ئاوڕ لە خزمەتەکانی کۆمار لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا بدەینەوە. پێویستمان بە پێوەندیگرتن بە نەمر محەممەدی شاپەسندی کارمەندی چاپخانە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا هەبوو کە ئەو کات هێشتا لە ژیاندا بوو و، لە شاری سلێمانی دەژیا. بۆ ئەو مەبەستە پێوەندیمان بە کاک جەلیلەوە گرت. کاک جەلیل دەستبەجێ کاسێتێکی لەقسەکانی شاپەسندی داینێ کە هەر بۆ خۆی لێی زەبت کردبوو و زۆر زانیاریی بە نرخی لە بارەی کاروباری چاپخانە و چاپەمەنی لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، تۆمار کردبوو. کەسانێک لە نزیکەوە لە گەڵ کاک جەلیل هاوخەبات و هاوکار بووبن، لەم جۆرە نموونانەیان زۆر لێ دیتوە.

## بۆ یادی ٥ ساڵە

### هاندان بۆ خوێندن و خۆ پێگەیاندن و، ڕێزگرتن لە قوتابیان و خوێندکارانی سەرکەوتوو:

کاک جەلیل بە هۆی گیران لە سەر کاری سیاسی و مانەوە لە بەندیخانە، هەر لە قۆناغی ناوەندیی خوێندنەوە لە دەرس خوێندن بە شێوەی ئاسایی و چوونە قوتابخانە بێبەش بوو، بەڵام لە بەندیخانەش دەرفەتی بۆ خۆپێگەیاندن لە کیس نەدابوو. بە شێوەی دووراودوو(مکاتبەای) دەرسی خوێندبوو، لە تاقیکردنەوەکان سەرکەوتبوو. جگە لە وەرگرتنی دیپلۆم، توانیبووی لیسانسی زمانی فەرانسە وەربگرێ و، هەر لە بەندیخانە چەند کتێبی لە فەرانسەییەوە وەرگێڕابووە سەر زمانی فارسی. ئەم ئەزموونەی خۆی پاڵپشت بوو بۆ هاندانی هاوڕێ و هاوسەنگەرانی ، هەر وەها کچان و کوڕانی بنەماڵە حیزبییەکان کە لە خوێندن و خۆپێگەیاندن لە هەر هەلومەرجێکدا، غافڵ نەبن.

لە ژیانی سیاسی و خەباتگێڕانەو لە کارنامەی بەرپرسایەتییە حیزبییەکانی کاک جەلیلدا، بایەخدان بە قوتابخانە، خوێندن و پەروەردە، کتێبخانە و خوێندنەوە، چ لە ناوچە ئازادەکانی ژێر دەسەلاتی شۆڕش، چ لە نێو کەمپ و بنکە حیزبییەکان، جێگەیەکی تایبەتی هەبوو. گرنگیی بە داواکاری و چاوەڕوانییەکانی بەرپرسانی ئەو بەشە و مامۆستایان دەدا، لە سەردانی خوێندنگەکان غافڵ نەبوو. ئەو قوتابی و خوێندکارانەی سەرکەوتووانە پلەکانی خوێندنیان بڕیبوو، بە سەری دەکردنەوە. زۆر جار لە گیرفانی خۆی دیارییەکی سەمبولیکی بۆ دەکڕین. لەم یا ئەو شار و ئیدارە و بنکەی ڕۆشنبیری، ئەگەر کۆمەڵە  کتێب یا گۆڤارێکی بە کەلکی دەست کەوتبا، لە گەڵ خۆی دەیهێنانەوە و، وەک خەڵات پێشکەشی ئەو منداڵانەی دەکرد  کە زیرەک بوون.

چەندین جار ئاگادار بووم بە  پۆل ئەو قوتابی و خوێندکارانەی ئاستێکی خوێندنیان بە باشی بڕیبوو، لە ماڵی خۆی بانگهێشتی دەکردن و جێژنی بۆ دەگرتن. لە پەرەپێدەرانی کولتووری کتێب خوێندنەوە و کتێب پاراستن بوو. لەو پێوەندییانەی لە گەڵ یەکیەتیی نووسەران و هێندێک ناوەندی ڕۆشبیری و دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی هەیبوو، بۆ ئەستاندنی کتێب سوودی وەردەگرت. ئەو کتێبانەی پەیدای دەکردن بە سەر بنکە حیزبییەکاندا بڵاوی دەکردنەوە و، بەم جۆرە کتێب و چاپکراوی نوێی دەگەیاندە دەستیان.

### هەستیاربوون لە ئاست بڵاوبوونەوەی چاپەمەنیی حیزب:

جاران کە هێشتا ئەنترنێت و پێوەندیی ئەلێکترۆنی نەهاتبوونە نێو خەبات و تێکۆشانی حیزبی و ژیانی سیاسی، چاپەمەنیی حیزب ئەڵقەی هەرە گرنگی پێوەندیی نێوان حیزب و بەردەنگەکانی لە باشووری کوردستان بوون. کاک جەلیل

کە بۆ خۆی بە تەنیا زیاتر لە چالاکترین ڕێکخراوەکانی حیزب دۆستی بۆ حیزبی دیموکرات و خەباتی شۆڕشگێرانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیدا دەکرد، چاپەمەنیی حیزب بە تایبەتی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی بە ڕێکوپێکی بەو دۆستانە دەگەیاند. دیارە ئەو دۆستانەی پەیدای دەکردن، دوای ماوەیەک بە بەشی پێوەندییەکانی حیزب لە شارەکانی باشووری کوردستانی دەناساندن و راشی دەسپاردن کە چاپەمەنیی حیزبیان پێ بگەیەنن. هەر جارێکیش سەردانی ئەم دۆستانەی کردبا، پرسیاری لێ دەکردن کە چاپەمەنیی حیزبیان بە ڕێکوپێکی پێ گەیشتوە؟ یەکێک لە ڕەخنەکانی کاک جەلیل لە پێوەندییەکانی حیزب کەمتەرخەمییان لە نەگەیاندن یا درەنگ گەیاندنی چاپەمەنی بەو دۆستانە و،کەم بایەخدان بەو جۆرە پێوەندی و بەسەرکردنەوەیە بوو. بە هەوڵی کاک جەلیل، ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتییە دیارەکانی هەرێمی کوردستان، ببوون بە خوێنەری چاپەمەنیی حیزبی دیموکرات و، لە هەڵوێست و سیاسەتەکانی حیزب ئاگادارییەکی باشیان هەبوو.

هەر لە جێدا سەردەم و پێشکەوتنەکانی بە تایبەتی پێشکەوتن لە بواری پەیدابوونی سەرچاوەی نوێ بۆ دەستراگەیشتنی تاکی حیزبی بە زانیاری، نەببوون بە هۆی ئەوە کاک جەلیل نرخ و کاریگەریی چاپ و بڵاوبوونەوەی ڕێکوپێکی چاپەمەنیی حیزبەکەی لە بیر بچێتەوە. ئەو کە حیزبایەتیی لە شانەی حیزبی و تێکۆشان وەک کادری نهێنیی حیزب دەست پێ کردبوو، لە سەر پێویستیی دەستڕاگەیشتنی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب بە ئەدەبیاتی نووسراو (سەر کاغەز) زۆر پێداگر بوو. چونکە ڕاهێنان و راهاتن بە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی حیزبی بە یەکێک لە پێداویستی و مەرجەکانی پەروەردەی حیزبی دەزانی، بۆچوونێک کە ناکرێ گومان لە دروستبوونەکەیدا بکەین.

## دیاربوون لە نێو کۆڕ و چالاکیی ڕۆشنبیریی نێو حیزب و، شارەکانی کوردستان:

یەکێک لە پێوەرەکانی ڕۆشنبیربوونی کاک جەلیل و ڕەهەندی ڕۆشنبیریی ژیانی ئەو، گرنگیدانی بوو بە بەشداریی چالاکانە لە کۆڕ و کۆبوونەوە و چالاکیی کولتووری و ڕۆشنبیری لە نێو حیزب و لە دەرەوەی حیزبدا. مەبەستم لە بەشداریی چالاکانە، هەم جۆراوجۆریی ئەو چالاکیانەیە کە تێیان دا ئامادە دەبوو، هەم ئەکتیڤ بوونی بوو لە نێو کۆڕ و چالاکییەکاندا. ئەو، لە دەرفەتی گونجاودا بە تایبەتی ئەو کاتەی دەرفەت دەدرا بە بەشداران، سەرنج و تێبینییەکانی خۆی لە سەر ئەو باسانەی پێشکەش دەکران، ئەو بەرنامانەی پێشان دەدران و بەڕێوە دەچوون، دەخستە ڕوو. کەم پێشانگەی کتێب، کۆڕی شێعر، سمینار و فستیڤاڵی ڕۆشنبیری، یادکردنەوەی نووسەران و هونەرمەندان هەبووە لە نێو حیزب یا لە شارەکانی هەرێمی کوردستان پێک هاتبن و کاک جەلیل بانگهێشت کرابێ و، نەچووبێ.

## بۆ یادی ٥ ساڵە

دیارە ئەگەر چالاکی و بەرنامەکان پێوەندییان بە ژنان و منداڵانەوە هەبا، کاک جەلیل پتر خۆی بە ئەرکدار دەزانی کە تێیان دا بەشدار بێ. ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ڕوانینی ئەو کەسایەتییە لە بارەی منداڵان و ژنان و، ئەرکی کەسایەتییە دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکان لە پشتیوانیکردنی ئەو دوو توێژەدا.
ڕوویەکی گەشی دیکەی بەشداریی کاک جەلیل لەو جۆرە چالاکی و بەرنامانەدا، ڕێزلێگرتن و هاندانی ڕێکخەرانی بەرنامەکان، کۆڕگێڕان و خاوەن بەهرەکان بوو. کاک جەلیل ڕێزی لێ دەگرتن، دڵگەرمی دەکردن و وای دەکرد هەست بە گرنگیی کار و  زەحمەتەکەی خۆیان بکەن و، لەو بوارەدا بەردەوام بن.

### سینگفرەوانی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەخنەی پێوەندیدار بە نووسین و کارە ڕۆشنبیرییەکانی:

نامەوێ لە جیاتی هەموو ئەو کەسانەی کاک جەلیل بابەتی ڕەخنەگرانەی لە سەر نووسیون، یا بە پێچەوانە ئەوان لە سەر کاک جەلیل نووسیویانە، بڕیار بدەم. دیارە ئەوەندەی کاک جەلیلم لە نووسینەکانی و لە قسە و دەربڕینەکانی دا ناسیوە، هەر وا کە ڕەخنەگرتن لە سەر  کتێب و نووسینی کەسانی دیکەی بە مافێکی سروشتیی خۆی و بە شتێکی ئاسایی و تەنانەت پێویست لە ژیانی ڕۆشنبیریدا دەزانی، ڕەخنەگیران لە خۆی و نووسینەکانی خۆشی بەو مەرجەی موغریزانە نەبان، بە شتێکی ئاسایی دەزانین. ئەگەر بە ناواریدیشی زانیبان، پێی وابوو دەبێ بە نووسین وڵامیان بداتەوە، نەک بە دوژمنایەتیکردن. ئەوە ناسیاویی منە لە کاک جەلیل بە گوێرەی ئەوەندە هەڵسوکەوتەی لەم بوارەدا لێم دیتوە، لێم بیستوە و لێم خوێندووەتەوە. بۆچوون و ئەزموونی خەڵکی دیکە چییە و چۆنە؟ بۆ خۆیان دەزانن.  بەڵام پێم باشە ئەزموونێکی خۆم لە ڕەخنەگرتن لە نووسینێکی خۆی و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی ئەو کەسایەتییە بەرامبەر ڕەخنەکانم بگێڕمەوە:

لەم ساڵانەی دواییدا، ڕۆژێک کاک جەلیل گەورەیی نواند و لە ژووری کارەکەم لە قەڵای دیموکرات، هاتە سەردانم.  لە کاتی هەستاندا، گوتی ڕەخنە و ڕوونکردنەوەکانی خۆم لە سەر کتێبەکەی مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە(باش لە بیرم نیە "ئەزموونی خەبات"ی مەبەست بوو یا وڵامدانەوەی مامۆستا بە کتێبی "نسکۆ و دابڕان"ی کاک مستەفا هیجری) نووسیوە. دەمەوێ  پێش چاپ بیدەم بە خۆی بیخوێنێتەوە، بزانم نەزەری چییە. منیش عەرزی کاک جەلیلم کرد، سوودی ئەو کارە چییە؟ وای دادەنێین مامۆستا ڕوونکردنەوە و ڕەخنەکانی جەنابتی بە دڵ نابن و بە نارەوایان دەزانێ. قابیلە بڵێ کاک جەلیل بڵاویان مەکەوە؟! دوای کەمێک بیر کردنەوە فەرمووی: جا باشە ئەگەر وایە نووسینەکە دەدەم بە خۆت، بۆ خۆت بیخوێنەوە و دوایە تێبینییەکانی خۆتم پێ بڵێ. منیش گوتم زۆر باشە، بە چاوان. چەند ڕۆژێکی خایاند تا نووسینەکەی کاک جەلیلم خویندەوە و تێبیننەکانی خۆم لە بارەیان یادداشت کردن. ئێوارەیەک نووسینەکەیم وێڕای تێبینییەکانی خۆم هەڵگرت و چوومە ماڵیان.

## بۆ یادی ٥ ساڵە

چونکە لەوە دڵنیا بووم کە کاک جەلیل دەزانێ ڕێز و خۆشەویستییەکی زۆرم بۆی هەیە، زۆر ڕاشکاوانە ڕەخنەکانی خۆم لە گەڵ باس کرد. یەکێک لە ڕەخنەکانم ئەوە بوو: کاک جەلیل! بەڕێزت و زۆربەی هاوڕێیانی دیکە کە بیرەوەریتان نووسیوە، بە مامۆستا و کاک مستەفا هیجری و کێ و کێی دیکەشەوە، ئایا لە ژیانی حیزبایەتیتاندا هیچ هەڵەیەکتان نەکردووە؟ ئەدی بۆ چی لە هیچ کوێیەکی بیرەوەری و نووسینەکانتاندا ددان بە هەڵەیەکی خۆتاندا نانێن و ڕەخنەیەک لە خۆتان ناگرن و، بەم جۆرە نابن بە سەرمەشقێکیش بۆ ئەمانان؟ هەر وەها گوتم: بەڕێزت لەم نووسینەتدا، کە ڕووداوەکانی ڕابردوو دەگێڕییەوە، لە حاڵێکدا بۆ خۆت ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب بووی، لە ناوەندی بڕیاری حیزبدا بووی و بەرپرسێکی بە دەسەڵاتیش بووی، بەرپرسیارەتیی کۆمەڵێک لە بڕیارەکان لە خۆت دوور دەکەیەوە و ، هەر دەنووسی "وایان کرد"، "وایان بڕیار دا"! باشە دەکرێ هەر چی بڕیارێکی ڕابردووی ئەو حیزبە کە ئەمانان یا خەڵکی دیکە ئەمڕۆ بە خراپ و نادروستی دەزانین، هەر کەسانی دیکە لێی بەرپرسیار بووبن و هیچیان پێی بەڕێزیشت نەگرنەوە؟!

دیارە کۆمەڵێک رەخنەی دیکەشم لە نووسینەکەی کاک جەلیل بۆ خۆی باس کرد کە نامەوێ لێرەدا بیانهێنم. ڕاستییەکەی بۆ خۆم باوەڕم نەدەکرد کاک جەلیل، سەرەڕای ڕەق و ڕاشکاوبوونی ڕەخنە و تێبینییەکانم، ئاوا بە وردی، بە حەوسەلە و بێ هیچ هەڵچوونێک، گوێم لێ بگرێ و تەنانەت سوپاسیشم بکا کە بە وردی خوێندوومنەوە و، ڕەخنەکانی خۆشم بێ پێچ و پەنا لە گەڵی باس دەکەم. پێم وایە کاک جەلیل ڕەخنەکانمی - وەک دەڵێن - زۆریش"بە دیدەی ئیعتیبار" وەرگرت. بۆ خۆم پێم وایە هەر ئەوە کە ئەم نووسینەی لە نوێترین کتێبی دوای ئەو دیدارە، "وەڵامدانەوە و ڕوونکردنەوە"دا نەگونجاندبوو، پێوەندیی بە ڕەخنە و تێبینییەکانی منەوە هەبوو. هەر چۆنێک هەیە، من ئەو ڕۆژە جوانترین نموونەی سینگفرەوانی بەرامبەر ڕەخنەم لە کاک جەلیل گادانی دیت.

### دوا قسە:

وەک لە سەرەتاوە ئاماژەم پێ کرد باسکردن لە هەموو ڕەهەندەکانی تێکۆشان و کەسایەتیی کاک جەلیل گادانی و تایبەتمەندییە بەرزەکانی، کتێبێک هەڵ دەگرێ. تەنانەت بە تێر و تەسەلی نووسین لە سەر تەنیا ڕەهەندێک لە ژیان و خەباتی ئەویش- ڕەهەندی ڕۆشنبیری، کە لەم نووسینەدا مەبەست بوو - چەندین لاپەڕەی دیکەی پێویستە. وەک دەڵێن:

**"آب دریا را اگر نتوان کشید هم به قدر تشنگی باید چشید." (ئەگەر هەموو ئاوی دەریاشمان بۆ هەڵنەگیرێ، لانیکەم دەبی بەشی شکاندنی تینوێتی لێی بخۆینەوە.)**



سەرچاوە Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

گرنگ ئەوەیە ڕەوشتە جوان و تایبەتمەندییە بەرزەکانی ئەم سەرکردە بە فەرهەنگە و، ئەم خەباتکارە ماندوویینەناسە، هەموو کات لە بەرچاومان بێ، لێیان فێر بین و، بیانکەین بە ڕێنوێنی ژیانی سیاسی و خەباتکارانەی خۆمان و، بەم جۆرە یادی کاک جەلیل گادانی هەمیشە بەرز ڕابگرین.

١٠ - ١٠ - ٢٠٢٠

**تێبینی:** ئەم نووسینەم لە کتێبی یادنامەی نەمر کاک جەلیل گادانی(پیری دیموکرات)دا بڵاو بووەتەوە. بە دوو بەش لە فەیسبووک بڵاوی دەکەمەوە. بەشی یەکەمم بە ئەنقەست خستە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان، ٧٥ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان، ڕووداوێک کە بووە یەکەم سەرچاوەی باوەڕی نەتەوەیی و کەسایەتیی نیشتمانپەروەرانەی کاک جەلیلی نەمر.:

## چەند بیرەوەرییەک بۆ یادی کاک جەلیل گادانی




**سەید برایم عەلیزادە**

کاک جەلیل گادانی هەر لە سەردەمی منداڵیەوە لە ڕێگەی باوکمەوە لە بنەماڵەی ئێمەدا ناوێکی ئاشنا بوو. باوکم، "حەسەن عەلیزادە"، (١٣٠١ - ١٣٩٥) لە ساڵی ١٣٣٧هەتاوی پێوەندیی بە ڕێکخراوی نهێنیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد دەگرێ و لە ناوچەی شاروێران دەست بە چالاکیی سیاسی دەکا. ئێمە ماڵمان لە ئاوایی خانەگێ بوو کە ئەو کات ٥ کیلۆمیتر لە شاری مەهاباد دوور بوو. (ئێستا لە گەڵ شار تێکەڵ بووەتەوە.) باوکم مەلای ئەو دێیە بوو، بەڵام بە هۆی ئەوە کە بە "بەراتی" مەلایەتی بەڕێ نەدەچوین، فێری سەعاتسازییش ببوو و دوکانێکی لە مەیدانی ئاسینگەران لە مەهاباد بەکرێ گرتبوو، و بەعزە ڕۆژێک بە دوچەرخە دەهاتە شار و سەعاتسازییەکەی دەکردەوە. لە سەرەتاوە سەعاتی "چاڵمە" و دواجاریش فێر ببوو سەعاتی گیرفان و سەعاتی دەستییشی چاک دەکردەوە. باوکم ئەو جۆرەی کە خۆی بۆی گێڕاومەتەوە، لە مەهاباد لە ڕێگەی کاک "حەسن مەنسوری"، کە لەسەر نەبشی شەقامی فەرح و شاپوور دوکانی چافرۆشیی هەبوو و هەروەها کاک سەید حەسەن هاشمی، کە ئەویش دوکانێکی بەزازیی چکۆلەی لە بازاری قەیسەریدا هەبوو، بە نهێنی لەگەڵ کاک جەلیل گادانی، کە ئەوکات لە پلەیەکی بانتری حیزبایەتیدا بووە، ناڕاستەوخۆ پێوەندیی هەبوو. کاک جەلیل ڕۆژنامەی "کوردستان"ی دەگەیاندە دەستی کاک "حەسەن مەنسوری" و ئەویش دەیدا بە باوکم و باوکیشم دەیهێناوە بۆ ئاوایی خانەگێ و چەند کەسێکی دیاریکراوی لە خەڵکی "خانەگێ" و گوندەکانی "وسوکەند" و "ئیندرقاشیش" دەهاتنە ماڵمان و شەوانە کۆ دەبونەوە و ڕۆژنامەکەی بۆ دەخوێندنەوە و من و براکەشم لە کەلێنی دەرکەوە تەماشمان دەکرد و نەماندەزانی چ باسە! جاروباریش خۆم شاهید بووم لەگەڵ باری قاچاخی توتن و چا، ئەو ڕۆژنامەیە دەهاتە ماڵی



سەرچاوە
Serchawe

**بۆ یادی ٥ ساڵە**

ئێمەوە. دەزانم بابم یارمەتیشی کۆ دەکردەوە و هەر لەو ڕێگەیەوە دەیگەیاندە دەستی کاک جەلیل. دواجار کە کەوتە زیندان، ئەو بابەتەش لە پەروەندەی مەحکومییەتەکەیدا هاتبوو.

پائیزی ساڵی ١٣٣٩ ماوەیەکی کورت دوای گیرانی کاک جەلیل، باوکم و ژمارەیەک لە هەڵسوراوانی حیزبی دیموکرات، لە مەنتەقەی موکریان گیران و لە ڕێگەی تەورێزەوە بە تەیارەی ئەرتەش گوازرانەوە بۆ زیندانی قەسر لە تاران. داستانی بازجویی و ئەشکەنجەکان، دادگاییکردن و دیفاعییات و مەحکومیەتەکان، خۆی مێژوویەکە کە لە لایەن کەسانێک وا تێیدا بەشدار بوون باس کراوە یان نوسراوەتەوە. ئەوەی ئاشکرایە ئازارێکی زۆر دران، ساڵانێکی سەختیان تێپەرکرد و حوکمی ناڕەوایان بە سەردا سەپا. ئەوندەی من لە باوکم بیستوومە و لە یاداشتەکانیدا خوێندومەتەوە، لەو ساڵانە دا کە جاروبار لەگەڵ کاک جەلیل کەوتوونەتە بەندێکەوە، دەیگوت کاک جەلیل لەو کەسانە بوو کە بەردەوام خەریکی فێرکردن و فێربوون بوو. ڕێگەی نەدەدا هیچ کاتێک لە ژیانی لە بەندیخانەدا بەفیرۆ بچێت. لەم ڕووەوە خۆی زۆر بە قەرزداری ئەو دەزانی.

### ڕوونکردنەوەیەکی پێویست

کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرەبەری ٢ی ڕێبەنداندا بە بڵاوکردنەوەی کتێبی "پیری دێموکرات" ڕێزی لە یاد و بیرەوەریی نەمر جەلیل گادانی گرت. ئەم کتێبە کۆمەڵە وتارێکی بە قەڵەمی کۆمەڵە کەسایەتییەکی سیاسی، ڕووناکبیری و ئاکادیمیی کورد لەسەر ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیانی سیاسی و تایبەتمەندییە کەسییەکانی کاک جەلیل گادانی لەخۆ گرتووە. یەک لەو کەسایەتییە سیاسییانەی کورد کە بابەتی بۆ ئەم یادنامەیە نووسیبوو، بەڕێز کاک سەید برایم عەلیزادە، دەبیر ئەوەڵی کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو. بەداخەوە لە کاتی دیزاینی کتێبی "پیری دێموکرات" دا وتارەکەی کاک سەید برایم عەلیزادە لەقەڵەم کەوت. وێڕای داوای لێبوردن لە بەڕێزیان، نووسینەکەیان لەسەر نەمر کاک جەلیل گادانی لەم ژمارەیەی "کوردستان" دا بڵاو دەکەینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## لە بەرەبەری یادی کۆماردا!

## بۆ ئاشقێکی شەیدای نیشتیمان!




**هاشم ڕۆستەمی**

ڕۆژ دوازدە، مانگ دوازدە و ساڵی هەزار و سێسەد و دوازدەیە! هێشتا خێوی سپی زستان بە تەواوی بارگەوبنەی تێکەوە نەپێچابوو، شەختە و سەرما گوشاری خۆی لەسەر شار و گوندەکانی نیشتیمان کەم نەکردبوو کە لە گەڕەکی "قوڵەقەبران"ی شارە جوان و دڵگیرەکەی مەهاباد لە بنەماڵەیەکی مامناوەندیی ئەو سەردەمدا، کۆرپەڵەیەک چاوی بە گیتی هەڵێنا و بە یەکەم هەناسەی گەرمی خۆی، تەزووی سارد و سڕی زستانی نێو کۆڕی بنەماڵەی ڕەواندەوە. ئەو کۆرپەڵەیەی کە بە بێ ویست و ئیرادەی خۆی ناوی "جەلیل"ی بۆ دیاری کرا و بۆ زیاتر لە هەشتا و پێنج ساڵ تەمەن بوو بە پێناسەی و هەر ئەو ناوەشە کە سنووری گەڕەک، شار، ناوچە و سەرئەنجام سنوورە دەستکردەکانیشی بڕین و بوو بە ناوێکی ئاشنا بۆ سەرجەم ئاشقانی نیشتیمان و ڕزگاریی نەتەوەیی.

وا دیارە ژمارە دوازدە و ژیانی ئەو ڕۆڵەیەی نیشتیمان بە شێوەیەکی ڕەمزاویی تێکەڵی یەک بوون و لێک جیا ناکرێنەوە، چونکە ڕاست دوازدە ساڵ دوای لە دایکبوونی کاک جەلیل، هەر لە شاری مەهاباد و زێدە شیرینەکەی ئەو، دوای ژان و ئازارێکی زۆر، دایکی نیشتیمان کۆرپەڵەیەکی خستە نێو ئامێزی مێژووی کورد و کوردستان و لە لایان پێشەوای بلیمەتی کوردانەوە ناوی کۆماری لە سەر داندرا.

خوێندن بە زمانی کوردی، سرود و شێعر و گۆرانی و شانۆ، کە لە سەردەمی کۆماردا پەرەیان ئەستاند و بوژانەوە، هەر زۆر زوو لەگەڵ هەست و بیرو هزر و ژیانی کاک جەلیل ئاوێتەی یەک بوون و، بوون بە تێکەڵەیەکی لێک دانەبڕاو. دیمەنی سەردانی پێشەوای کوردان لەو قوتابخانەیەی کە کاک جەلیل لێی دەخوێند، تابلۆیەکی ئەتۆی لە زەین و بیریدا خوڵقاندبوو کە هەرگیز فەرامۆشی نەکرد و لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیشی، هەر کات دەکەوتەوە بیری ئەو سەردەم و ئەو تابلۆیەی دەهاتەوە نێو یادەوەرییەکانی، هەر وەک سەردەمی مێرمنداڵی، بزەیەکی شیرین و دڵنشین دەبوو بە میوانی ڕوخساری.

لە کاسێتی یادەروەرییەکانی مێشکی کاک جەلیل دا، ئەو ڕۆژانە وەک تیشکی پڕشنگداری خۆر وابوون و تونێلە تاریک و تنووکەکانی سەر ڕێگەی خەباتی پێ ڕووناک دەکردنەوە. ئەو شانازی بەوەوە دەکرد کە لە سەردەمای کۆماردا بۆ ماوەیەک بەشێک لە ماڵی حاجی ئەحمەدی باوکی وەک قوتابخانەی خوێندنی کوردی کەڵکی لێ وەرگیراوە. هەروەها بە سەعادەتی دەزانی کە دواتر هەر ئەو شوێنە ببووە شوێنی حەوانەی بنەماڵەی مەلا مستەفا بارزانی نەمر کە ئەو سەردەمە یەکێک لە ژنراڵەکانی کۆمار بوو.

مخابن ئەو سەردەمە زێڕینە زۆری نەخایاند و کۆشکی هیواکانی کاک جەلیل و خەڵکی کوردستان کەوتە بەر ڕق و قینی داخ لە دڵانی خاک و خەڵکی کوردستان و تێک ڕما.

تێکچوونی کۆماری کوردستان ئەگەر چی بۆ ئەو نەو نەمامەی کوردستان، بۆ کاک جەلیل-ی کوردان تراژیدیایەکی هەرگیز فەرامۆش نەکراو بوو، بەڵام لە هەمانکاتدا، بوو بە هەوێن و کانگای ڕق و ئەوینێکی پیرۆز. ڕقێکی پیرۆز لە بەرامبەر دوژمنێکی داگیرکەردا، ئەوینێکی پیرۆز و قوڵ و بێ بن بۆ نیشتیمان و خاک و نەتەوە. تێکچوونی کۆمار و مەرگی پێشەوا، هەست و ناخی "جەلیل"ی مێرمنداڵیان بە جۆرێک هەژاند کە هەر گیز نەیتوانی لە یادیان بکات و وەک دواتر دیتمان تا دوا هەناسەی ژیان وەفادار بە ڕێبازی پێشەوا مایەوە و هەموو ژیانی بۆ ژیانەوە و بونیادنانەوەی کۆمار تەرخان کرد. ساڵ هاتن و ڕۆیشتن...کاک جەلیلی تازە لاو لەگەشەکردندا بوو، نەک هەر تەمەن و بەژن و باڵای، بەڵکو خەمی نیشتیمان و بیر و هزری سیاسی و گەلدۆستی و خۆنەویستیش لە وجودیدا لەگەڵ خوێن و ئێسک و پێستیدا ئاوێتەی یەک دەبوون و شان بە شانی یەکتر گەورە دەبوون و دەبوون بە شۆڕەسوارێکی نەسرەوتووی ڕێگەی خەبات و سەرئەنجام دەبوون بە قارەمانێکی نەتەوەیی.

شانە نهێنییەکانی حیزب کە دوای کۆمار بە هەوڵ و هیممەتی لاوانی گیان لەسەر دەستی ئەو سەردەم سازمان درابوونەوە،



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

بوونە مەیدان و بەستەرێکی گونجاو تا کاک جەلیل ئەسپی خەباتکارانەی خۆی تێدا تاو بدات و بەو شێوەیە هەوڵ بدەن تا نەهێڵن تەمی خەمی لە دەستدانی کۆمار بڕست لە کۆمەڵگا ببڕ. ئەوان هەوڵیان دەدا کە مۆمەکانی هیوا بە ژیان و بەردەوامبوون لە خەباتدا دابگیرسێننەوە و ئومێد بە دواڕۆژ لە دڵاندا زیندوو رابگرن.

سەردەمێکی سەخت و دژوار بوو. دێوەزمەی مەرگ و ترس و تۆقاندن، سێبەری شومی لە هەر گۆشە و کەنارێک هەست پێ دەکرا.گرتن و زیندانی کردن، شوێن بزرکردن و ڕاودوونان باو بوون. دوژمنانی نیشتیمانی کوردان، لێ بڕابوون هەر چۆنێک بێ بیری گەلدۆستی و خاک ویستی بۆ هەمیشە ریشەکێش بکەن. غافڵ لە وەی کە تا ئەوان زیاتر چنگ و ددانی خوێناوی نیشان بدەن، رقی تۆڵە و هەستی نیشتیمانپەروەری زیاتر گەشە دەکات.

شۆرە سوارە دڵ پڕ لە گڕەکەی نیشتیمانی کوردان، کاک جەلیلی ڕێبواری ڕێی پێشەوا، بە دڵێکی پڕ لە ئومێد و هیواوە، ملی ڕێگەی سەختی خەباتی گرتەبەر و بەرە بەرە ئەزموونی کۆ کردەوە و بوو بە کادرێکی چالاک و لێهاتوو. شاری مەهاباد و ناوچەکانی دەوروبەری، مەیدانی خەباتی نەهێنی ئەو بوون. لە ناوچەی جیا جیادا، لە جلوبەرگی جۆراوجۆردا، لە شیو و دۆڵ و لە ژێر ناوی خوازراودا، بێ پشوو و ماندوو بوون، لە جەولە و گەڕاندا بوو. ئەو دەگەڕا تا تۆوی ئومێد بە رزگاری و گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکان بەنێو کۆمەڵگەدا بچێنێ.

چەند جارێک گرتیان و زیندانییان کرد، بەڵام کوا تیشکی خۆر بەند دەکرێ؟ کوا خەباتکاری بە بڕوا بە گرتن بڕستی لێ دبڕێ؟!

کاک جەلیل هەموو جارێک دوای زیندانیش بەگوڕتر لە جاران قۆڵی فیداکاری و مەردایەتی لێ هەڵدەماڵێ، ئاخر ئەو بڕیاری دابووی کە دوژمن لە نیشتیمان رامالێ.

گرتن و ئازادکردن، ئەشکەنجە و دوورخستنەوە، خۆ بزرکردن و ناو گۆڕین، ببوونە بەشێک لە ژیانی ئەوە تێکۆشەرە نەسرەوتووەی حیزب و گەل، بۆیە نەتدەزانی لە کوێیەو هەر دەبوو شوێن پێی هەڵگری.

هۆ یارانی دڵ پڕ لە گڕی خەبات!
هۆ تێکۆشەرانی کورد و دێموکڕات!

## بۆ یادی ٥ ساڵە

ئێوە پێم بڵێن و ڕێنوێنم بن. من شوێن پێی ئەسپی خەباتکارێکم هەڵگرتووە کە جێگە و مەنزڵی دیار نییە. ئاخر ئەو ڕۆژێک لە زیندانی "فەلەک و ئەفلاک"و ڕۆژێک لە گوندێکی دوورەدەست کوردستان، ڕۆژێک لە تاران و دواتر لە پێتەختی نیشتمانە، شار و گوند، زیندان و بەندیش بۆ ئەو مەکۆی تێکۆشانە! ئەو بە کردەوە سەلماندی کە شاعیر راستی فەرمووە کە دەڵێ:

قور بە سەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە
کونجی زیندانیشم قوتابیخانەیە.

بەڵێ، ئەو زیندانیشی کردە مەکۆی خەبات و بەرخودان و فێربوون و فێرکردن. هەر لە زینداندا زیاتر بە سەر زمانەکانی فەڕانسەوی و رووسیدا شارەزایی پەیدا کرد، لە بەندیخانەدا زیاتر بوو بە هاوڕێی پێنووس و تێنووس. نووسین و وەرگێڕانی کۆمەڵێک کتێب و بابەت، تێپەڕینی ڕۆژانی سەختی زیندانییان لە لا ئاسایی دەکرد و بەو شێوەیە نەیدەهێشت هەستی تەنیایی و دووری لە کەس و کار و زێد و نیشتیمان تووشی لە باوەشگرتنی ئەژنۆی خەم و خەفەتی بکات. ئاخر ئەو لێ بڕا بوو تا دواهەناسەی ژیانی وەک ئاشقێکی دڵ پڕ لە هیوا، تا گەیشتن بە ئامانجەکانی پێشەوا، هەروا بێ پشوو و ماندووبوون ڕێگەی سەختی خەبات ببڕێ.

ساڵ هاتن و ڕۆیشتن، گەردەلوولی ڕق و تۆڵە و بێزاریی گەلانی ئێران دەستەڵاتی ڕەشی بنەماڵەی پەهلەوی تێکەوە پێچا و بەرەو زبڵدانی مێژووی بردن. خەریک بوو داری هیوای گەلی ئێمەش چرۆی دەر دەکرد، ئاشقانی نیشتیمان، بزەی شادی و سەرکەوتن لە روزخساریان دەباری. مامە ئاشقەکەی ئێمەش، خەباتکارە نەسرەوتووەکەی کورد و کوردستانیش، لە خۆشی رامالینی دەستەڵاتی نگریسی پەهلەوی حەجمینی لێ هەڵگیردرابوو. ڕۆژێک لە تاران بۆ ڕێکخستنی کوردانی دانیشتووی"ئاوەند" لە هەوڵدا بوو، ڕۆژی دواتر لە پێتەختی کۆمارە جوانەمەرگەکەی کوردستان، مەهابادی کورداندا خەریکی میتینگ و دەمدانی کورەی خەبات و هاندانی هەستی نیشتیمانپەروەری بوو.

کێ هەیە ئەو ڕۆژانە لە یاد بکات کە لە کاتی ئاشتنی قارەمانی زیندانەکانی حکومەتی پاشایەتی، زیندە یاد "عەزیز یوسفی"دا دەنگێکی ڕەسا و بە سام و بە هەیبەت کە پڕ بوو لە خۆشەویستیی نیشتیمان، لێوڕێژ بوو لە هەست و سۆز و ورە، تەژی بوو لە ئومێد بە دواڕۆژ، بە قوڵایی دەریاکانیش قوڵ بوو لە وەفا و، هەموانی بۆ یەکدەنگی و یەکدڵی بانگ دەکردن؟! کێ هەیە نەزانێ ئەو دەنگە، دەنگی کەسێک بوو کە زیاتر لە حەفتا ساڵ بێ وچان، خەباتی کرد بۆ کورد و کوردستان.



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

مخابن سەردەمی زێڕینی دوای دەستەڵاتی نەگریسی پەهلەوی زۆری نەخایاند و دێوزمەی دەستەڵاتی ڕەشی ئاخوند سێبەری نەحسی خۆی بە سەر هەموو وڵاتدا بڵاو کردەوە. هێشتا چەند نەورۆزی بێ سێبەری ژاندارم و ساواک لە کوردستان تێ نەپەڕیبوو، کە ئەوجار پاسداری کلیل لە دەست، بە فتوای پیرە گورگی جەماران، وەک ڕەوەی گورگ و چەقەڵ و کەمتیاران، بە نیشتیمانی ئێمە وەر بوون و مەغۆلئاسا درویّنەی لەشیان کرد و کوردستانیان غەرقی خوێن و خەم کرد. لە هەمبەر ئەو زوڵم و زۆرەدا، چما دەکرا ئاشقانی شەیدای نیشتیمان بێ هەڵوێست بن؟ چما دەکرا مامە ئاشقەکەی ئێمەش لە ریزی پێشەوەی کاروانی ئەویندارانی نیشتیماندا نەبێت. نا نا هەرگیز!

ئەو جارەش بۆ بە گژداهاتنەوەی سوپای جەهل و نەزانی، بۆ گەیشتن بە هەڵوێستی بەرزی ئینسانی، چاکی مەردایەتی لێ بەلادا کرد و چەکی دیفاع لە خاک و خەڵکی کوردستانی کردە هاوڕێی گیانی بە گیانیی پێنووسە بە بڕشتەکەی. مامە ئاشقە نیشتیمانەکەی ئێمە، وێڕای هاوڕێ و هاوسەنگەر و بەشێکی بەرچاو لە کەسوکار و بنەماڵەی خۆیی و بنەماڵەی هەر دوو براکەی کاک خەلیل و کاک محمد، بوونە پێشەنگی کاروانێک کە ئەو دەیان ساڵە بە نیازی گەیشتن بە مەنزڵگەی رزگاریی یەکجاری رێ دەبڕێ. رێ دەبڕی و بێ پسانە بەرەو پێشەوە دەچێ. ئەم کاروانە کە وەک ئاوی رووبارەکانی کوردستان، دایم لە جوڵەدایە، گەلێک هەوراز و نشێوی بڕیوە، لە زۆر چیای سەخت و هەڵەمووت تێ پەڕیوە. کەم نین ئەو کەسانەی کە پێشەنگی کاروان بوون و سەریان کردە پردەبازی بەرەوپێشچوونی ئەو رێبوارانە،. بە هەزاران لەو شۆڕە سوارانەی کە بێ سڵەمینەوە لە مەرگ، بە گژ تۆفان و ڕەشەبای دوژمنی ڤین لە دڵدا چوونەتەوە و درێژەدانی رێگەیان بە هاوقەتارانیان سپاردووە.هەر لە ڕەوتی بەرەو پێش چوونی ئەم خەبات و رێبڕینی ئەو کاروانەدا مخابن هەر دوو براکەی کاک جەلیل، کاک خەلیل و کاک محمد پێش ئەوەی بە ئامانجی بەرزیان کە رزگاری نیشتمان بوو بگەن، ماڵئاواییان لە ژیان کرد و درێژەدانی رێگەی خەباتیان بۆ هاوڕێیانیان بە جێ هێشت. کاک خەلیل لە شاری رانیە ئەسپاردەی خاک کرا و کاکە حەمەش زۆر دوور لە زید و نیشتمانی، لە وڵاتی غەریب وەخۆگری نۆروێژدا وەک ئەمانەتێک تا کاتی وەدی هاتنی ئاواتەکان، بۆتە میوانی گۆرستانی کلێمستەرووود.

هۆ گەلی دەبرادەرینە!
لە رۆژهەڵات تا رۆژئاوا، لە باکوور تا باشوور، لە شارە مەزنەکانەوە تا گوندێکی دوورەدەستی دوور دوور!
لە چیا و لە دەشت و دۆڵ و مەزرا
لە بەهار و هاوین و پاییز و چلەی سەرما

لە هەر کوێ کاروانی ئەویندارانی نیشتیمان دیار بان، ئەوە مامە ئاشقە شەیداکەی نیشتیمانی ئێمەش لە وێ پێشەنگ بوو.

## بۆ یادی ٥ ساڵە

ئەو نەک هەر پێشەنگ بوو، بەڵکو مامۆستا بوو. ئەو مامۆستای راستەقینەی وانەکانی ژیان بوو. تار و پۆی پێوەندییە کۆمەڵایەتی و رامیاری و مرۆڤدۆستانەکەی بە پانتایی خاکی پاکی کوردستان بوو. نا نا ئەوە غەدرێکی مەزنە کە بڵێم مێهر و موحیببەتی ئەو تەنیا لە کوردستاندا وەک نەرمە بارانی بەهاری، بە سەر دۆست و هەڤاڵ و هاوبیرانیدا دەباری! کام وڵاتی دوورەدەستی ئەم گیتیە هەیە ئەو پێیدا تێپەڕ بووبێ و دوای خۆی سەوزایی سەوزی لوتف و وەفای لێ بەجێ نەهێشتبێ.

ئەوکات کە مامە مێهرەبانەکەی ئێمە لە باوشی "کارۆخ و ماکۆک"دا سەرچۆپیکێشی گەڕی داوەتی ئاشقانی نیشتیمان بوو، نموونەی سەرچۆپیکێشێکی لێزان و خاکەرا بوو. ئەگەرچی ئەو لە لوتکەی چیای خەبات و تێکۆشاندا بوو، بەڵام هەرگیز بنار و پێدەشتی لێ ون نەبوون. ئاخر ئەو بۆیە لە لوتکە بوو تا لەوێرا ببێتە گەواڵە هەورێکی لۆکەیی رۆژێکی دڵگیری بەهاری، تا هێدی هێدی وەک بارانێکی نەرم بەرەو خوارێ دابارێ.

زێدەرۆییم نەکردووە کە بڵێم ئەو لە ماوەی هەشت ساڵ سکرتێر بووندا ، لە ماوەی هەشت ساڵ سەرکردە و ڕێبەر بووندا، سوونەتە بێ جێکانی شکاندن، سنوورە وشکەکانی نیوان "سەرێ و خوارێ" بەزاندن. هەر لەوکاتدا کە بە سەری بەرزەوە لە نێو سەرە دیارەکانی گۆڕەپانی کوردایەتی و ناوچەکەدا دیار و ئاشنا بوو، دەستی لوتف و موحیببەتیشی لە سەر شانی منداڵی بێ نازی پێشمەرگەدا بوو.

**تۆ لە کوێی ئەی مامۆستا و ڕێبەرم؟ تۆ لە کوێی بیلبیلەی چاو و تاجی سەرم؟!**

**ماوەیەکە نە گوێم لە دەنگی زەنگی تەلەفوونتە و نە چرپەی پێیەکانیشت دەبیسم... قەدەرێکە لێم ونی و وەک جاران ڕێنوێنی و ئامۆژگارییەکانت نایەنە بەر گوێم!**

بڵێی ئەو جار کام پێشەنگی کاروان و کام ڕێبواری ڕێگەی پڕ لە سەرفیرازی، وەک تۆ خەمی هەموان لە کۆڵ بنێت و وڵات بە وڵات، شار بە شار و ماڵ بە ماڵ، هەموان بە سەر بکاتەوە و لوتف و موحیببەت و ڕێنوێنی ببەشێتەوە. بڵێی کێ وەک تۆی سەرکردە، بێ جیاوازی، هەموان بە هی خۆی بزانێ و خۆشی بە هی هەموان. کێ وەک تۆ سەرچاوەی یەکیەتی و تەبایی و برایەتی بێت! کێ بتوانێت شان لە شانت بدات و ببێتە پێشمەرگەی بست بە بستی کوردستان!

ئاخر مامۆستام! تۆ سوڵتانی دڵەکان و چرای بیری بیرمەندان بووی. کێ هەیە جارێک زیارەتی کردبێتی و بۆ هەمیشە

## بۆ یادی ٥ ساڵە

روخسار و کردار و رەفتارتی لە دڵ و دەرووندا جێ نەکردبێتەوە. هەر لە بیرمە ئەو سەردەم کە لە قەڵاسەید سکرتێر پێشمەرگە بووی و چ پێشتر و دواتر کە لە ئاستی سەرووی رێبەریایەتی بزووتنەوەدا بووی، نەک هەر لای هەڵۆکانی دێموکرات، بەڵکوو لای روناکبیرانی باشووری نیشتیمانیش چرای ڕێنوێنی ژیان و خەبات بووی، لای ئەوانیش "گاندی" گەل و ڕێنوێنی دێموکڕات بووی.

هۆ ماموستا و رێبەرم! بیلبیلەی چاو و تاجی سەرم! باسی کامە خسڵەتی بەرزی ئینسانیت بکەم! بڵێی کام پەنجە بتوانێ پێنووس لە وەسفی خسڵەتە بەرزەکانت وەگەڕ بخا؟ کێ هەیە نەزانێ کە لە غیرەتدا قارەمان بووی... لە زانستدا بۆ خۆت زانکۆ بووی... لە بواری کۆمەڵایەتیدا سەرتۆپ بووی... لە دەست و داوێنپاکیدا وەک بەفری یەک شەوە بێ گەرد بووی... لە مێهر و موحیببەتدا لێت نەدەبڕا و ئوقیانووس بووی... لە هەوڵ و خەبات بۆ رزگاریدا بۆ خۆت شۆڕش بووی... بۆ وەفا و پەیمان بردنەسەر قوتابی راستەقینەی پێشەوای مەزن بووی.

بۆ جێت هێشتین بۆ؟ ئای کە شۆڕش و خەبات و تێکۆشان و ماندوویی نەناسی چەندەیان بێ تۆیی پێوە دیارە...نا نا ئارام سەر بنێوە! دەرس و ڕێنوێنییەکانت، نووسراوە و کتێبەکانت، پەند و ئامۆژگارییەکانت هەر لەگەڵماندا دەژین و چرای ڕێگەی تێکۆشانمان دەبن.

بەڵام لێت ناشارمەوە لەو رۆژەوە کە بەجێت هێشتووین و بەرەوە بەهەشتی نەمران کۆچت کردووە، بە حەسرەتەوەم بێمە زیارەتی ئارامگەکەت، کەچی مخابن چەرخی چەپگەردی رۆژگار جارێ رێگەرە، هەر بۆیە پەنا دەبەمە بەر مەلی تیژباڵی خەیاڵ و ئەرکداری دەکەم!

هۆ مەلی تیژباڵی خەیاڵ! فریام کەوە، وەرە ئەم پەیامەم بگەیەنە خزمەت ماموستای بەرز و بەڕێزم! وەرە و بێ دوودڵی بە ئاسماندا بفڕە،

سینگی هەورەکانی قاڕرەی ئورووپا بدڕە!
نە چیای سەرکەش و نە بەحری بێ بن نەتوەستێنن،
نە رەشە با و نە تۆفان نەتبەزێنن!

جار لەگەڵ جار زیاتر باڵ بگرەو بەرەو نیشتیمان برۆ. هەر برۆ تا دەگەیە قەڵای بەرزی دێموکڕات، مەکۆی ئاشقانی خاک



سەرچاوە Serchawe

و گیانبازانی رێگەی خەبات.

**هۆ مەلی تیژباڵی خەیاڵ!**

دوودڵ مەبە! لە قەڵای خۆڕاگریی و جوامێرانی دێموکرات، ژوور بە ژوور و هۆدە هۆدە بگەڕێ. بۆنی دار و بەردی ئەو ناوە بکە. دڵنیام لە بست بە بستی ئەم قەڵایەدا ئاسەواری جێ پێ و جێ پەنجەکانی مامۆستام دەبینی. لە ژووری بەشی پەروەردە، لە تەشکیلات، لە ساڵۆنی کۆبوونەوە گشتییەکان، لە کتێبخانە، لە بنکەی لاوان و رێکخراوی ژنان، ناوەندی زیندانیانی سیاسی و تەنانەت لە منداڵپارێزی و سەرجەم ئۆرگان و بەشەکانی حیزبدا هەست بە بۆشایی و دیار نەمانی ئەو تێکۆشەرە فرە رەهەندە دەکەی.

**هۆ مەلی تیژ باڵی روح!**

ئێستا کاتیەتی و نەرم نەرم بەرەو گۆرستانی شهیدانی دێموکرات، بەرەوە ئارامگەی نەمرانی رێگەی نەجات، باڵ بگرە. لەوێ بە حورمەتێکی زۆرە، لە ئاسمانی راست بە راستی ئەو ناوەدا، تا دەتوانی تەوافی گۆری هەموو ئەو "گۆڕ غەریبانە" بکە کە بە دونیایەک ئارەزو و ئاواتەوە، لێرە بە ئەمانەتەوە سەریان ناوەتەوە. پاشان تاجە گوڵینەی رێزی وەفام لە پەنا کێلی مامۆستام دابنێ و بێ ئەوەی ئەم خەوە "شیرینەی" لێ تێک بدەی پێی بڵێ ئارام بنوو مامۆستام، ئارام بنوو! تۆ ئەوەی لە توانات دا بوو دریغت نەکرد، چیت لە ژیاندا بوو پێشکەشی خاک و وڵاتت کرد. هەر بۆیەش لە رۆژی ماڵئاواییت دا تەمی خەمێکی قورس هەموو نیشتمانی داپۆشی، ئاڵای دێموکڕات، تا نیوە هاتەخوار و، رێبوارانت بەرگی ماتەمینیان پۆشی.

بە ئەدەبەوە بە مامۆستام بڵێ: گلەییمان لێ نەکات کە بۆ دیار نەمانی ئەو، چاو بە فرمێسک و دڵ پڕ لە خەمین، تا لە ژیاندا بین بۆی بە پەرۆش و روخسار بە ماتەمین. پێی بڵێ کە ئاخر ئەو هەر وەک هاوڕێیەکم بە حەق فەرمووی، مێژووی زیندووی زیاتر لە حەفتا ساڵ تێکۆشان و خەبات بوو، ئەو ئاڵقەی پێوەندیی نیوان نەسڵەکانی کۆمار و تا ئێستای دێموکرات بوو.

**هۆ مەلی بیر و هۆشم! پێش ئەوەی روخست لە روحی بەرزی مامۆستام بخوازی**
**پێش ئەوەی پێی بڵێی کە وەک هەمیشە بۆ رێبازەکەی سەربازی**
**بەڵێنی پێ بدە کە لە سەردەمای رزگاریدا**

## بۆ یادی ٥ ساڵە

**لە کاتی هەلی کورد و قۆناخی بەختیاریدا**

**لە سەر شانی تیکۆشەرانی دێموکرات و لە کەژاوەیەکی رازاوە بە ئاڵای نیشتماندا، تەرمی پیرۆزی بەرەوە ئەو گۆرستانە دەچیتەوە کە پێشەوای نەمری لێ نێژراوە. چوونکە هەمووومان دەزانین روحی هەر گیز نەمری هەر لەوێ ئارام دەگرێ. بەڵێ!**

**روح و یاد و ناو گۆریشی لە پەنا پێشەوا و باقی گەورە پیاوانی گەلدا جێ دەگرێ.**

**سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٥ی ئاگۆستی ٢٠٢١**

بۆ یادی ٥ ساڵە

# مامە جەلیل و ئەمن




**کوێستان گادانی**

له ڕەوتی ژیانی ئاسایی هەر تاکێ کدا زۆر جار دیتراوه که له بەینی خزم و کەس و دوور و نیزیکان دا کەسێکی تایبەت هەڵ دەکەوێت که جێگە و پێگە، یان باشتر بلێم تایبەتمەندیی وای هەیه که کاریگەری و شوێندانەریی زیاتری لەسەر ئەندامانی بنەماڵه دەبێت.

لەگەڵ ئەوەی که بنەماڵە بە گشتی کارتێکەرییان لەسەر ئاستی پەروەردە و پێگەیاندنی تاکەکان هەیە بەڵام زۆر جار یەکێک لەوان دەبێتە ئۆلگوو بۆ ژیان و تا ڕادەیەکی زۆر چارەنووسی ژیان و داهاتووی ئینسان لەژێر سایەی شوێنەواری هزر و بیری ئەو کەسە دەنووسرێت و دیاری دەکرێت. بۆ من بە تایبەتی و بۆ جیلی ئێمەش لە بنەماڵەی گەورەی گادانی دا بە گشتی، مامە جەلیل ئەم ڕۆڵ و پێگەیەی هەبووە.

لەو دێڕانەی خوارەوەدا هەوڵ دەدەم بە کورتی و بە گشتی باسێک لە شێوەی کارتێکەریی ئەو لە چەند وێستگەی تایبەت و هەستیاری ژیا ندا لەسەر خۆم وەک تاکێکی بنەماڵە بکەم.

## بیری منداڵی و ناوی مامە جەلیل

ئەگەر باشم لە بیر بێت دەمەو ئێوارەی ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی کۆتایی وەرزی هاوین و پێش دەستپێکی وەرزی پاییز بوو.

## بۆ یادی ٥ ساڵە

دەنگە دەنگی هات وچۆی خەڵک و ئوتووبوسەکانی کارێژی ئیران پەیمای مەهاباد، هەژان و خورپەیەکی زۆری بۆ منی ئەوکات ٥ - ٦ ساڵانە خوڵقاندبوو کە لەگەڵ دایک و باوکم و نیشتمانی خوشکم و سۆرانی برام دەمانەویست بەرەو تاران وەڕێ کەوین .ئەو سەردەمە لە مەهابادڕا باوکم بەپێی ڕۆتینی ساڵانە لانیکەم دووجار سەردانی ماڵی مامەمی دەکرد لە تاران. نازانم پێش ئەوکات چەند جار مامم دیتبێت و یان سەردانی ماڵی مامم کردبێت بەڵام ئەم سەفەرە بوو بەهۆی ئەوە کە بۆ یەکەم جار ناوی مامە جەلیل لە مێشک و زەین مدا جێگای خۆی کردەوە و حەک کرا. ئەوکات من جگە لە هەژانی سەفەرەکە، لە تەنیشت دایکم و دەست لە دەستی نیشتما ندا هەموو فکرم لەسەر ئەوە بوو کە کەی ئەم ئوتووبوسە گەورەیە وەڕێ دەکەوێ و کەی دەگەینە شوێنی مەبەست. کە سوار بووین وێدەچوو خەڵک یەکتری باش بناسن. هێندێک دەیان پرسی: بۆ سەفەر دەچن؟

ئی وا هەبوو دەیپرسی: بۆ لای دوکتور دەچن؟ هیندێک دەیان پرسی: بۆ لای کاکە دەچن؟ کەم وا هەبوو بە ڕاشکاوی ناوی مامم بێنن . من دەمزانی دەچینە ماڵی مامم بەڵام بە لامەوە سەیر بوو کە بۆ وەک مامە خەلیل و مامە حاجیم ناوی ناهێنن. لە کونجوکۆڵی و پیتۆڵی خۆ مرا، هەستم بە قسەکانی نێوان دایک و بابیشم دەکرد کە تا ڕادەیەکی زۆر لەو باسانەی لە ماڵێ سەبارت بە مامە دەکران لە دەرەوەی ماڵەوە خۆیان دەپاراست. دەگەڵ ئەوەی پێ مخۆش بوو هۆکارەکەی بپرسم و بزانم، بەڵام هاوکات دەمزانی کە بۆم نییە بپرسم .قەناعەتم بە خۆم هێنا کە بێدەنگ بم باشترە. لە بیرم نییە کە چۆن ڕۆیشتین و چەندەمان پێ چوو تا گەیشتینە ماڵە مامم، بەڵام پێتان سەیر نەبێت ئەگەر بڵێم لەم ماوەیەدا کە لەوێ بووین ڕەنگبێ بە هەموویەوە مامم دووجار دەگەڵمان لە سەر سفرەی نان خواردن بوو بێت و دەگەڵمان دانیشتبێت. ئەو کاتە پێم وابوو لەبەر کاری زۆرە، بۆیە دەبێ بنەماڵە لە مەهابادڕا ساڵێ چەند جار سەری بدەن و هاوکاریی بکەن و خەڵکیش بۆیە ئاوا لێی دەپرسێ، چوونکە دەزانن خزم و کەسی لە تاران نییە و زۆر پڕکارە...

ناوی مامە لە بیری منداڵی م ندا وەک کەسێکی وەخت نەبووو پڕکار و پڕهاتوچۆ جێگای خۆی کردەوە کە ئەگەر جارێکتوانیبامان بیبینین وەک ئەوەی وا بوو کە شانسێکی زۆرمان هێناوە. وا تێگەیشتم کە« تاقانە» کەی بنەماڵە، یان« پیاوە نامەرئیییەکە» کە دایم ناوی دەهات و ڕەنگی نەبوو، باس کردنی زۆر جار لە نێو ماڵیشدا بڤە بوو.

لە بەرەبەری شۆڕشی گەلانی ئێران و چالاکیی خەڵک بە گشتی و بنەماڵە بە تایبەتی، ئەندامانی بنەماڵە هەر دەهات و کەمتر و کەمتر وەختی ئێمەیان دەبوو، جاری وا هەبوو کە بێجگە لە منداڵەکان کەسێکی گەورە لە ماڵما ندا نەدەما. هەر یەکە و بە کارێک مەشغووڵ بوو. ئەگەر ژنەکانیش لە ماڵ بووبان بە میوانداری، تەلەفوون و پەیام هێنان و بردن، مەئمووریيەتی ئەو ما ڵچوون و ئەم کار و ئەو ئەرکە بەج ێگەیاندن بۆ حیزب، بۆ کاری ڕێکخراوی ژنان و بۆ کاک جەلیل و

## بۆ یادی ٥ ساڵە

بۆ میوانە نەهێنی و ئاشناوڕۆشناکان بوو تا پێڕاگەیشتن بە ئێمە. کاتێک کە دایکم وەختی خوێندنەوەی( ماسییە ڕەشە بچکۆلەکەی) سەمەدی بێهرەنگیی بۆ ئێمە نەما، کاتێک هەر ڕۆژێک دەستەیەک دەهات و دەستەیەک دەرۆیشت، وشەکانی وەک پێشمەرگە، شکاک، مەنگوڕ، تەزاهورات، زیندان، ئەشکەنجە، جەنازە، فیشەک، تفەنگ، ساواک، تیرئەندازی، سیاسی، موزاکرە بوونە بەشێک لە با سوخواس و ئاخاوتنی نێو ماڵێ، ئەوجار کاک جەلیل ڕەنگ و دەنگی پەیدا بوو و ئیدی ناوهێنانی نەهێنی نەبوو. دیدارەکان و سەردانەکان بە ئاشکرا دەکران، بەڵام بە زمانێک قسەی دەکرد کە دەستەواژە و وشە تازەکان هەموو نامۆ بوون و بۆ من و منداڵانی بنەماڵە نەبوون بەڵکوو بۆ ئەو هەموو لاو و ژن و پیاوانە بوو کە ببوونە بەشێک لە بنەماڵەی ئێمە و ئێستاش ڕوخساری زۆریانم هەر لەبەر چاوە. تێگەیشتن لە مامەی ئەوکات بۆ من دژوار بوو. بۆ منی ئەوکات منداڵ لە لایەک زۆر خۆش بوو کە سەختگیریی دایکم بە ڕادەی جاران نەماوە چوونکە وەختی نەبوو، لە لایەک ئەم دەورە و زەمانە کەس بە باشی منداڵەکانی ماڵێی تێنەدەگەیاند کە چ دەگوزەرێ. من و هاوتەمەنەکانم لە ماڵێ جاروبار لە کەلێنی دەرگاڕا هەلی گوێدانی قسەکانی ئەوانمان بۆ هە ڵدەکەوت ئەگەر ئاشکرا نەباین. شانسی دیتنی گەورەکانی ماڵێ لە ڕیزی یەکەمی خۆپیشاندانەکان، لە بەردەم پەنجەرە و لە هەیوانی ماڵ ێڕا زیاتر بوو تا نێو چوار دیواریی ماڵەوە. وێدەچوو کە مامم لەوکاتەوە ئێمەی بۆ داهاتوویەکی نادیار ئامادە دەکرد، ئاخر گەورەکانی ماڵەوە لە دەرەوە کار و چالاکییان دەکرد و ئێمەش لە ماڵەوە لە «زیندانێکی» ئازاد و گەورەدا زیندانی بووین، بە واتایەک لە بەرپەنجەرەکان ڕا ملاقاتی دایک و باوک، مام و ئامۆژنمان دەکرد. وێدەچوو کە مامم جێگای دەگەڵ ئێمە گۆڕیبێتەوە. ئێمەی فێری ڕاهاتن بە زیندان و تەحەمولی دووریی دایکمان دەکرد و خۆیان لە دەرەوەی ماڵ تێکۆشانیان هەبوو.

دەکرێ تا ئەم قۆناغە واتە تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، مامە جەلیل بەم جیاوازییە لە چالاکانی دیکەی سیاسی بناسمەوە و پێناسەی بکەم: چالاکانی سیاسی دوای گیران و ئازاد بوون لە زیندان یا وازیان لە چالاکیی سیاسی دەهێنا یا دەچوونە باشوور و ئەورووپا و لە تاراوگەڕا چالاکییەکانیان درێژە دەدا، بەڵام مامە نە وازی لە چالاکی دەهێنا و نەدەچووە دەرەوەی وڵات. هەر جارێ کە دەگیرا و ئازاد دەبوو دیسانەکە دەستی دەکردەوە بە چالاکیی سیاسی و دیسان دەگیراوە. تەنانەت کاتێک کە ئاخرجار بۆ دە ساڵان کەوتە زیندان، پاش ئازادبوونی دیسان وازی نەهێنا و بە نهێنی و تەنانەت لەئاخر قۆناغدا بە ئاشکرا دەستی کردەوە بە هەوڵ و تێکۆشان کە بوو بە هۆی دووبارە زیندانی بوونەوەی دوای سەرەخۆشی و بەخاکسپاردنی کاک عەزیز یووسفی. لانیکەم من ناوی هیچ چالاکێکی سیاسیی کوردم نەبیستووە کە دوای چەند جار گیران و ئازادبوون و لەسەر یەک سێزدە ساڵ زیندان، دووبارە بوێرێ بە ئاشکرا بێتەوە مەیدان و وتاری سیاسی لە ڕێورەسمێکی سیاسیدا پێشکەش بکا و سوور بزانێ ئەگەری ئەوەی هەیە دیسان تووشی زیندان بێتەوە.

## بۆ یادی ٥ ساڵە

### ناسینی مامە و کاریگەریی لە سەر من

قۆناغی سەرکەوتنی شۆڕش و ئاشکرا بوونەوەی خەباتی حیزبی دێموکرات و هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان و بوونی هێمنی و ئارامی لە کوردستان، بەداخەوە درێژخایەن نەبوو. کۆماری ئیسلامی و دوژمنانی گەلەکەمان کەوتنە پیلانگێڕان و تەنانەت هێرشی نیزامی بۆ سەر کوردستان. هەر لێرە شڕا ژیانی خەڵک بە گشتی و بنەماڵەی ئێمەش بە تایبەتی ڕەوتی ئاسایی و ئارامیی پێشووی نەما.

لەکەس شاراوە نییە کە گوازتنەوەی تێکۆشان و خەبات لە شارەوە بۆ شاخ ئاڵوگۆڕێکی زۆری لە ژیانی ڕۆژانەدا پێک هێنا، بەتایبەت کە وەک خەباتکار و بنەماڵەی شۆڕش ئەرک و بەڕێوەبردن و ئیدارەی ژیان ڕەنگ و ڕوخسارێکی تایبەتی بە خۆوە دەگرت .گونداوگوند ڕۆیشتن، ما ڵدانان و بارکردن لێرەوە بۆ ئەوێ، بەپێی ئەرکی پێسپێردراوی کاری مامە و براکانی بوو، کە ئەوەش وای دەخواست بنەماڵەی ئێمە و مامەکان هێندێک جار جیران و لێک نیزیک بژین و جاری واش هەبووە کە بە ساڵ و مانگ یەکترمان نەدیوە. بەپێی کارو بەرپرسایەتیی جیاواز، ئەگەر مامم لە مەئمووریيەتی مەنتەقەش نەبا کەمتر دەماندیت، ئێمەش وەک بەشی زۆری خەڵک لە ڕێوڕەسم و بۆنەکان دیتوومانە و گوێمان لە قسەکانی بووە. بە یەک جیاوازی کە ئەگەر هەڵکەوتبا سەری ماڵێی دابا، یان ئێمە لە ماڵی ئەوان باین زیاتر لە دەورانی شار گرینگی پێ دەداین. ئایا ئێمە تەمەنمان زیاتر ببوو و هەبوونی ئەومان زیاتر هەست پێ دەکرد، یان ئەو هەوڵی دەدا بزانێ ئێمە خەریکی چین و هۆگریمان بە چ کارێک هەیە و بۆ داهاتوو دەتوانێ چ چاوەڕوانییەکی لێمان هەبێت. بەلام ئەو گرینگی پێدانە بە هەڵکەوتانەشی هەر بۆ منداڵەکانی خۆی و برازاکانی نەبوو. بەڵکوو بۆ هەموو منداڵە هاوتەمەنەکانی ئێمە بوو.

لە بیرمە زۆر کەم تەمەن بووم کە بە کتێبخانەی مامە لە دێیەک بە ناوی نواوێ / نێلێ لە مەنتەقەی سەردەشت نیزیک بە دۆڵی دێموکرات) ئاشنا بووم. ڕاستیتان بوێت هەر چەند جارێک کتێبخانەکەم دەدیت سامێک دەیگرتم، ئەم سامە لە بەر ئەوە بوو، کە ئەگەر مامە بڵێ کتێبێک بخوێنەوە بڵێی بتوانم دەرەقەتی خوێندنەوەی کتێبەکانی کتێبخانەکەی بێم! ئاخر ئەوکات من پێم وابوو کە کتێب منداڵ و گەورە ناناسێ .پێم وابوو کە تۆ فارسیت زانی(نەک کوردی)! ئەوکات هەرچی بۆیان هەڵبژاردی و پێیان گوتی دەبێ بیخوێنییەوە. ناوی هێندێک کتێبی کتێبخانەی مامم لە دایکم بیستبوو، وەک «ئەسیری فرشتەوەش « و» بی خانمان. » زۆر جار بە دوای ئەوا ندا دەگەڕام، بەلام هەر زۆر زوو هەستم پێکرد کە زۆر زوویە بۆ منی سەربزێو و بزۆزی ئەوکات کە کتێب بخوێنمەوە، ئەم خۆ دزینەوەیەم تەقریبەن ٥ ساڵ درێژ بۆوە تا دیسان میوانی کتێبخانەی مامە بوومەوە. ئەو جارەیان بە تەشویقی مامە و لێپرسینەوەی ئەو لە گەورەدێ یەکەم هەنگاوەکانم بۆ ئاشنا بوون بە کتێب و کتێبخانە بە ئەسپایی و لە ژێر چاوەدێریی ئەودا هەڵێنانەوە. لە هەڵبژاردنی کتێبیش دا بەپێی تەمەنمان

هەوڵی ئەوەی دەدا تێما نبگەیەنێ کە کتێب هەم باشترین هاوڕێی ژیانە و هەم تاقە ڕێگای فێربوون و خۆپێگەیاندن. لای ئەو وەختم نەبووە و کارم هەبووە پاساو هێنانەوە بوو و خۆ دزینەوە. لە بیرمە بۆخۆی کە زۆربەی کاتەکان گوێی بۆ هەواڵەکانی ڕادیۆ ڕادەگرت سەرەڕای تەمەنی کەمی ئێمە هەوڵی دەدا گوێ لە هەوڵەکانی بی بی سی و ڕادیۆ ئیسرائیل ڕاگرین.

خۆش ئەوە بوو کە دوای گوێدانیش ئەوەندە بە زمانێکی خۆش و سادە بۆی شی دەکردینەوە و قسەی لەسەر دەکرد کە ئەگەر لە تەحلیل و تەفسیریشی حاڵی نەباین هەر خۆش بوو کە گوێی بۆ ڕاگرین و شێوەی کار کردن و ڕوانین و لێکدانەوەی ئەو ئاشنا بین.

جاری واش بوو پێمان خۆش بوو کە زوو نانەکە بخۆین و وەختی گەڕانەوەی قوتابخانە بێت، نەکا مامە پرسیارێک لەسەر ئەخبارەکە بکا بۆ ئەوەی بزانی ئەری هیچ گوێمان لە ڕادیۆ ڕاگرتوە یان نا، بەڵام دەرباز بوون و خۆ دزینەوە لە کتێب خوێندنەوەی کتێبخانەی مامە لە گەورەدێ ئاسان نەبوو. گەورەدێ بوو بە شوێنی دەستپێک بۆ هۆگریی من بە کاری حیزبی و فێربوونی نەزم و دیسیپلین و شێوەی هەڵسووڕانی جیاواز و خۆداڕشتن بۆ ئەو ڕۆژانەی ئێستام.

هەر بۆیەش لەو کاتەوە تا لە ژیان دا بم، هەست بە بەرپرسایەتی و پێزانین دەکەم لە ئاست مامەدا و بە پێویستی دەزانم کە بە ئەمەگناسییەوە باسی سێ خاڵی جەوهەری و بنەڕەتی بکەم کە لە مامەڕا فێریان بووم .ئەویش کوردایەتی، دێموکرات بوون و بە پرەنسیپ بوون.

**یەکەم** کاریگەریی ڕاستەوخۆی مامە کە ناڕاستەوخۆ لە لایەن دایک و بابمەوە پێ مگەیشت پێناسەی کوردایەتی بوو. مامە بۆ من بەرامبەر بوو بە کوردپەروەر، نەتەوە خۆشەویست و نموونەی کوردێکی شۆڕشگێڕ. ئەو وەک ئینسانێکی ئەفسانەیی بوو کە خۆم قەتم نەدیبێت و بۆیان باس کردبم، وەک پاڵەوانێکی ئەفسانەیی وابوو کە لە لاپەڕەی کتێبەکانی مێژوودا ناوی هاتبێت. لەم ساڵانەی کۆتایی ژیانی دا کە شانازیی ئەوەم هەبوو زیاتر لە جاران دەخزمەت یدا بم، کە چاوم لێ دەکرد، مێژوویەکی دەوڵەمەندم هەست پێ دەکرد کە کەمتر نەتەوەیەک مێژووی زیندووی وایان هەیە، بەسەرهات و مێژووی ڕۆژانەی هەموو ماوەی ژیانی خۆی لاپەڕە بە لاپەڕە لا بوو، ئەویش نەک تەنیا ڕووداوی خێزانی و کۆمەڵایەتیی نێو شار و مەڵبەندەکەی، بەڵکوو مێژووی جووڵانەوە و هەستان و تێکشکان و هەڵسووڕانی حیزبەکە و نەتەوەکەشی. بۆ من قامووسێکی پڕ لە وشە نەبیستراوەکانی نەتەوەیەک بوو کە بەداخەوە نەمانتوانی ئەو جۆرەی پێویست بوو کەڵک لە مێژووە زیندووە و قامووسە لەبن نەهاتووەی وشە و وێژەیە وەربگرین. مامە کوردێکی بە ورە و بە وزە و هیوادار بە داهاتووی میللەتەکەی

## بۆ یادی ٥ ساڵە

بوو، هەر بۆیەش بۆخۆشی گورج و گۆڵ و دایم لە سەرپێ بوو .وێڕای هەڵکشانی تەمەنیش بە مێشک و دڵ هەروەک تازە لاوێک بە ئومێدەوە درێژەدەری ڕێگای کۆماری کوردستان بوو .ئامۆژگاری لەو چەند ساڵانەی دواییدا بۆ من ئەوە بووە کە:

لە نێو حیزب و تەشکیلا تدا حیزبی و کورد بە، لە دەرەوەی حیزب و کار و مەئموورییەتدا هەوڵ بدە کورد بی و جا دوایە حیزبی .لە دنیای دەرەوەدا کوردبوون و پشتیوانی لە هاواریک پکراوی میللەتەکەت بۆ سەربەستی وەکوو ئەرک بزانە و دڵنیا بە ئەوکاتە کە ئەرکە حیزبییەکانیشت باشتر بۆ بەرێوە دەچن. ئەمە بۆ من نیشاندەری ئەوە بوو کە ئەو هەر تەنیا حیزبی نەبوو بەڵکو سەلماندی کە بۆ ئەو نەتەوەکەی لە سەرووی هەموو شتێکە، کەواتە «دۆستان» ڕاستیان دەفەرموو کە دەیانگوت کاک جەلیل کوردایەتی دەکا لە نێو حیز بدا نەک حیزبایەتی.

**دووهەم** سفەت یان پێناسەی مامە لای من دێموکرات بوونی بوو. ڕەنگ بێت بۆ زۆر لە دۆستان و ناسیاوان و زۆربەی تێکۆشەرانی خۆیی و بێگانە کوردبوونی مامە ڕوون و ئاشکرا بێت، بەڵام دێموکرات بوونی بەو ئەندازە دەنگی نەدابێتەوە! دەگەڵ ئەوەی دڵگرانیم لەهیندێک ڕوودای نەخوازراوی بنەماڵەیی هەبووە کە مامە بووەتە هۆکار و لەکاتی خۆی لە ژێر کاریگەریی ئەودا ڕووی داوە، بەڵام تا ئێستاشی دەگەڵ بێت لە مامم دێموکراتترم لە بنەماڵەی خۆماندا نەدیوە و لە دەرەوەی بنەماڵەش لە بازنەی ناسیاوان مدا تا ئێستا کەسێک بە ڕادەی ئەو دێموکراتم بەدی نەکردووە. ئێمەش وەک بنەماڵە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەی کوردەواری بووین کە زۆر شت بە ناحەق دەنێویاندا تابۆ بووە و تابۆیە. زۆر کردار کە لە وڵاتانی سەربەست و پێشکەوتوو ئاسایی یە، ئێستاش لای ئێمەی کورد بە کرداری نەشیاو دادەندرێ، ئێستاش زۆرن ئەو بنەماڵانەی کە جیاوازی بەینی کوڕ و کچ دادەنێن، ئێستاش زۆرن ئەو بنەماڵانەی کە سوننەتی دەگەڵ یەکە جووڵێنەوە، ئەگەر گەورەی ماڵێ بڕیاری دا باقی ئەندامانی بنەماڵە خۆش یان ناخۆش دەبێ مل بۆ ئەو بڕیارە ڕاکێشن، بەڵام نەمدی جارێک مامم پێش ڕووداوەکان بکەوێ و بەبێ ئەوە بپرسێتەوە و ڕاوێژ بکا بڕیار بدا. هەموو مرۆڤێک تووشی هەڵە دەبێ و ڕەنگ بێت پێویستی بە ئامۆژگاری و تەنانەت سزادانیش هەبێت، بەڵام مامە ئەم کارەی قەت بەبێ لێپرسینەوە و لێک تێگەیشتن نەدەکرد.

بە گشتی خوو و ڕەوشتی مامم کاریگەریی لە سەر هەموو بنەماڵەی دانابوو. هێندێک شت ئەگەر بە دڵی ئەندامانی دیکەی بنەماڵەش نەبا، ئەگەر دێموکرات بوونیان بە خۆڕانانیش دانابا لەژێر کارتێکەریی ئەو دێموکرات بوونەی مامە لە بڕیارەکەی خۆیان پاشگەز دەبوونەوە. لەهەڵپەڕین و ڕەشبەڵەک، لە میوانداری کردن و کۆڕ کۆبوونەوەکانی بنەماڵەیی و دۆستانەدا، هەڵس و کەوتی بنەماڵەی خۆمانم بە بەراورد کردن دەگەڵ ئەوانی دیکە جیاواز دەهاتە بەرچاو. هەڵبژاردنی ڕشتەی خوێندن و کاری حیزبی کە سەردەمانێک ڕوخساری ژنانە و پیاوانەی بە خۆوە گرتبوو لە بنەماڵەی ئێمەدا

## بۆ یادی ٥ ساڵە

ڕێگەپێدراو نەبوو. مەجلیسی لێکدابڕاوی ژنان و پیاوان لە لای ئێمە باو نەبووە. من هیچ کات هەستم بەوە نەکردووە کە منی کچ لە بنەماڵەدا جیاوازیم دەگەڵ ئامۆزا کوڕەکان یان براکانم هەیە... بێگومان هەمووی ئەوانە، لەژێر کاریگەریی بیروبۆچوون و هەڵس وکەوتەکانی مامم لەسەر براکانی و دایکم و ئامۆژنەکانم دەزانم کە لە پەروەردەی جیلی مندا لە ناو شۆڕش خۆی نواندووە. هەر لە سەر ئەو بنەمایەش شانازی بە دێموکرات بوونی مامم و بنەماڵە دەکەم و تا هەتایە قەدرزان و منەتباری ئەوانم کە ئەو پەروەردەیان نەسیبی من و خزمانم کردووە کە بێگومان لە سایەی سەری کاری سیاسی و حیزبیی مامە جەلیلم و براکانی بووە.

## مامە و من و حیزبایەتی

یەکێکی دیکە لە ئاکار و هەڵ سوکەوتەکانی ئەرێنیی مامە جەلیل کە بێگومان شوێندانەری لەسەر من هەبووە و دەکرێ بڵێم هاندەرێک بووە بۆ کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی من لە نێو حیزبی دێموکرات دا، شێوەی کار کردن و لە خۆبوردوویی و هەڵسوکەوتی ئەو بوو. لە تەمەنی ١٨ ساڵی و لە کاتێ کدا کە مامم سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ و کاک فەتاحی کاویان بەرپرسی ڕادیۆ و ئینتشارات و هاوکات مامۆستای زمانی ئینگلیسیم بوو، گوتم پێم خۆشە تایپ کردن فێر بم و لە ئینتشارات کار بکەم. هاوکات بۆ ماوەیەکی زۆر کورت وێڕای نیشتمانی خوشکم دەستم بە وێژەریی ڕادیۆ کرد. ڕۆژێکیان هاتە کۆبوونەوەی ڕادیۆ و ئینتشارات و لەوێ قەرار بوو من و چەند نەفەرێک کە دەورانی تاقیکاریمان تەواو کردبوو، بە ڕەسمی دابمەزرێین. کە باس لە حەقی ئەندامەتی کرا و مانگانە وەک پێشمەرگە چەندمان یارمەتی دەبێ، مام گوتی کە نیشتمان و کوێستان ئەندامەتیی خۆیان دەدەن و مانگانەش هیچ وەرناگرن و ئیفتخاری کار دەکەن. ڕاستیتان بوێت نەمدەزانی ئیفتخاری کار دەکەن مانای چییە تا گەیشتمەوە ماڵێ و لە بابم پرسی و بۆی ڕوون کردمەوە. زانیم کە ئەگەر حیزبایەتی بکەم و کار وەرگرم دەبێ حیزبایەتی و کارکردنیشم لە هاوتەمەنەکان و هاودەورەکانی خۆم جیاواز بێت. دەبێ بڵێم بۆ ئەوکاتی ئێمە مانگانە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە سەر ژیانمان نەبوو، بۆیە زۆرمان بیر لێ نەکردەوە .دیارە دوای ماوەیەک کارم گوێزرایەوە بۆ دەبیرخانە و کادری پلە ٤ بووم، هاوکات تازەش ژیانی هاوبەشم پێک هێنابوو.

پێم وایە زگیان پێم سووتابوو، دیتم بانگیان کردم و مانگانەیان بۆ دیاری کردم. دوایە بیستمەوە مامم پێی ناخۆش ببوو، گوتبووی دەبوو ئەو مانگانەی ئەو بدەن بەو پێشمەرگانەی کە زیاتریان پێویستە. دڵسۆزیی مامم هەرچەند لە هەل و مەرجی ئەوکا تدا بۆ من ناخۆش بوو، بەڵام لە قۆناغەکانی دوای یدا وانە و ئەزموونێکی زۆری لێ فێربووم.

## بۆ یادی ٥ ساڵە

دوای دەست بەکار کردنم لە دەبیرخانە، لێپرسینەوەی ڕۆژانەی مامە هەر بەشی بایگانی، تایپ و ئەرشیڤی دەبیرخانەی نەدەگرتەوە! بەڵکوو چ کتێبێکت خوێندووەتەوە و نەتیجەی چ بوو؟ بە چییەوە مەشغووڵی؟ گوێت لە هەواڵەکان ڕاگرت یان نا؟ دەبوو وەڵامم بۆیان هەبێ. سەرەڕای ئەوانەش پێی وابوو کە دەبێ یارمەتیی بەشی ڕادیۆش بکەم و لە کاتی بێکار یدا بۆڵتێنی خەبەریش دابەزێنم.

جاری وابوو هاوکات دەگەڵ ئەوەی تەشویقی دەکردی بەڵام لە کاریشی بێزار دەکردی. بۆیە دەگەڵ ئەوەی مەوداکەی کەم بوو، نازانم ئەگەر بەرەوە هەندەران نەهاتبام چەندەم بەرگەی لێپرسینەوە و کۆبوونەوەکانی مامە جەلیل دەگرت!؟ سەرەڕای هەموو ئەوانە تا ئێستاش، یەکێک لە دڵسۆزترین، باشترین، بە دیسیپلی نترین و تەشکیلات یترین بەرپرس بووە کە کارم دەگەڵ کردوە. لە لای کاک جەلیلی بەرپرس، کارێک کە دەکرا ئەورۆ کرابا نەدەبوو بە هیچ شێوەیەک بکەوێتەوە سبەی. هەروەک چۆن ئەگەر بڕیاری بە کۆمەڵ و ناوەندی بڕیاردان پێویست با، هەڵوێستی بەپەلە نەدەگرت و هەموو ئەندامانی بڕیاردەر دەبوو کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکان هەبوایە. کاری بەکۆمەڵ، تێگەیشتنی هاوکار، خوێندنەوەی هاوڕێ لە پلەی ڕێکخراوەیی جیاواز و لێپرسینەوەیان، دایم لەسەر خەت بوونی، هەستیاری و کار بۆ چارەسەری کێشەکان، وایان کردبوو کە تەشکیلاتێکی ڕێک وپێک و یەکگرتوو پێک بێت و ئێمە تازە پێگەیشتووەکان لەو ئەزموون و شێوەکارانە فێر بین و ئەگەر توانای کار کردنی وەک ئەوانیشمان نەبێت لانیکەم ڕەچاوی ئوسوول و پرەنسیپە تەشکیلاتییەکان بکەین.

جێگای خۆیەتی کە لەو بەشەدا ئاماژە بە جیاوازییەکی دیکەی کاک جەلیل دەگەڵ هێندێک لە هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی بکەم. کاک جەلیل بە کردەوە و لە چەند قۆناغی جیاوازدا نیشانی دا کە پلە و پایەی ڕێکخراوەیی و بەرپرسایەتیی هیچ شوێندانەریی لەسەر دڵسۆزی و هەوڵ و تێکۆشانی حیزبی ئەو نابێ. یەکەم کاتێک کە سکرتێری حیزبی دێموکرات - ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بوو لە باسێکی نێوخۆی یدا بە بڕیارێکی پلێنۆم پۆستی سکرتێریی بەجێهێشت و زۆر ئاسایی لە پلەیەکی دیکەدا شێلگیرتر و هەڵسووڕوتر لە پێشوو وەکوو جێگری سکرتێر درێژەی بە تێکۆشانی خۆی دا. دواتر لە کاتی یەکگرتنەوەدا لە پێناو پاراستنی تەبایی ویەکریزی حیزب، لە کۆنگرەی ١١ دا وازی لە پۆستی جێگر سکرتێریش هێنا و وەکوو ئەندامی دەفتەر سیاسی لە کاروتێکۆشانی بەردەوام بوو .لە دوای کۆنگرەی ١٢ دەگەڵ ئەوەی کە وەکوو ئەندامی دەفتەر سیاسییش هەڵنەبژێردرا بەڵام دیسان وەکوو ئەندامی کۆمیتە ناوەندی درێژەی بە کار و چالاکیی خۆی دا. لە هەموو ئەوانە گرینگتر، لە کۆنگرەی ١٣ی حیزب یەکەم کەس بوو کە بەپێی بڕیاری خانەنشینی ئامادەبوو نەک خۆی بۆ کۆمیتە ناوەندی کاندید نەکا، بەڵکوو ١٦ ساڵ دوای ئەو ڕێکەوتەش تا حەوتوویەک بەر لە کۆچی دوایی، دڵسۆزانە و ماندویی نەناسانە لە هەوڵ و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە سەربەستی و ڕزگاری گەلە ژێر دەستەکەی و وەدیهاتنی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان هەر بەردەوام بوو. هەر چەند شێوەی کار و هەل ومەرجی ژیانی ئەوکاتی کاک جەلیلی مام دەگەڵ ئێستا زۆر جیاوازە، بەڵام



سەرچاوە Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

بەو قەناعەتە گەیشتووم کە پاراستنی ئوسوول و پرەنسیپی تەشکیلاتیی حیزبێک لە هەموو کات و زەمانێک و لە هەر پلە و پایەیەکدا ئەرک و پێویستییەکی بێ ئە ملا و ئەولایە، هەر بەو پێیەش هەتا نموونەی کەسایەتییەکانی وەک کاک جەلیلی کوردپەروەر و دێموکرات بەرپرس بن، کورد بوون و کوردایەتی هەر شانازی دەبێت و بزووتنەوەی حەقخوازانەشمان بەرەو سەرکەوتن هەر بەردەوام.

### نوختە وەرچەرخانی پێوەندیی من و مامە جەلیل

دوورەوڵاتی، ژیانی نامۆ و پڕ لە دڵەڕاوکێی هەندەران و خوێندن، دیسان کەلێنی خستە نێوان پەیوەندیی ڕۆژانەی من و مامم. بەڵام ئەوجارەیان نە بە شێوەی دەورانی شار و منداڵیم و نەوەکوو سەردەمی شاخ و شۆڕش. بەڵکو ئەمجارە بە مەودا دوور و بە دڵ و هزر و بیر لێک نیزیک. ئێستا منیش ئەندامێکی حیزبم لەتاراوگە و کەم یان زۆر ئاگام لە چالاکیی حیزب و تێکۆشانی مامە جەلیل بەتایبەتی لە سەفەرەکان و مەئموورییەتەکانی بۆ دەرەوەی ولاتدا هەیە. ڕاستە پێوەندی تەلەفوونی وەک ئێستا ئاسایی و ئاسان نەبوو و ڕێگای سەفەریش بۆ من بەو هەل و مەرجی ژیانەی ئەوکات و جێگەوپێگەی ئەو سەردەمی من دەبنەماڵەدا زۆر کراوە نەبوو. بەڵام ئەوانە نەبوونە ڕێگر بۆ ئەوەی وەکوو سەردەمانی شار و منداڵیم بێ پێوەندی بین. بەڵام دوای کۆچی دوایی بابم لە ساڵی ٢٠٠٨، کاتێک کە مامەجەلیلم برا، هاوڕاز، هاوکار و دەکرێ بڵێم نیزیکترین ڕەفیق، و منیش ئازیزترین هاوڕێ و بەهێزترین پشت وپەنام لەدەست دا، خەمێکی هاوبەشی پڕ لە ژان من و مامەی زۆر لە دەورانی شاخ کە خۆشم لە کوردستان دەژیام لێک نیزیکتر کردەوە.

ئەگەر ڕاستیتان بوێت کاریگەریی ڕاستەقینەی مامە جەلیل لەسەر من لەو کا توساتەڕا زیاتر و ڕاستەوخۆتر دەرکەوت. ئەو هەوڵی دەدا ئەوجار وەکوو مام تەنانەت ئەگەر بکرێ وەکوو باب دەرکەوێ نەک بەرپرسی حیزبی و منیش کەلێنی بێ بابیم بە بوونی ئەو پڕدەکردەوە. لەو کاتەڕا زیاتر لە جاران ڕەوشت و خووخدە بێگەرد و ئینسانییەکانی مامم ناسین. زیاترهەستم پێ کرد کە مامم مامۆستای پاکی لە ئەخاق وکردار و نموونەی ڕەوشت بەرزی لە تێکۆشان و خەبات دایە،هەروەها کەسێکی بە ئەزموون کە زۆر جار منی لە زۆربڕیاری بەپەلە هەستیار کردووەتەوە. گەورەترین ئامۆژگاریی ئەوە بووە کە هەمیشە و بەر لە هەموو شتێک بیر لە بەرژەوەندی گەل و حیزب بکەوە و پاشان بڕیار بدە. ئەگەر بڕیاریشت دا لەسەر بڕیاری خۆت سوور بە. هەر بەو پێیە شانازیی گەورەی ژیانم ئەوەیە کە مامم سەربەرز بوو بە حیزبی بوون و دێموکرات بوون و نەتەوە خۆشەویستیی من. بۆیەش زۆرجار نووسیومە و دەڵێم گەورەترین ئەرک لە ژیانمدا بەج ێگەیاندنی ڕاسپاردە و چاوەڕوانییەکانی دایکم، بابم و مامە جەلیلە. هیوادارم بتوانم لە ئاست هێنانەدیی چاوەڕوانییەکانی ئەوان کە بووەتە ئەرک و هاوکات خولیا و ویستی خۆشم سەربڵێند بێمە دەر. دەزانم خواست و چاوەڕوانیی مامم ئەوە بووە کە



سەرچاوە Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

هەروەک خۆی بە کردەوەش نیشانی دا کە ٧٥ سال درێژەدەری ڕێگای پیرۆزی پێشەوای نەمر و بیروباوەڕە پتەوەکەی بوو، منیش ئەم ڕێگایە درێژە بدەم. ئاواتەخوازم کە ئیمان بە بیروباوەڕی پۆڵایینی ئەو بتوانێ هاندەر و پاڵپشتم بێ بۆ خۆڕاگری و پشوودرێژی لە خەبا تدا و منیش یەکێک بم لە ئەو تێکۆشەرانەی کە ڕێبازی پیرۆزی درێژە بدەم.

لە کۆتاییدا وێڕای دەربڕینی هاوخەمی خۆم دەگەڵ میللەتە ئەمەگناسەکەم کە لە ڕۆژانی دوای کۆچی مامەی خۆیان نیشانیان دا کە قەدرزانی تێکۆشان و ماندووبوون و کۆڵنەدانی خەباتکارانی خۆیانن، هەروەها پەیمان نو ێکردنەوە دەگەڵ هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی مامە لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرا تدا بۆ درێژەدانی ڕێگای خەباتی، دەڵێم:

**ماڵاوا مامی کوردان و قوتابییە ئەمەگناسەکەی کۆماری کوردستان، چ شانازییەکە بۆ من کە هەڵگری پاشناوی تۆ و برا تێکۆشەرەکانتم،**

**یاد و ناوتان پیرۆز بێت و هیوادارم من میراتگرێکی شایان و بەوەفای ئەو ناوە بم.**

لە کتێبی (پیری دێموکرات) وەرگێراوە.

ڕێکەوتی: ڕێبەندانی ١٣٩٩ی هەتاوی(٢٠٢١) چاپ و بڵاوکراوەتەوە.



سەرچاوە Serchawe

## کاک جەلیلی گادانی، کەسێک بۆ هەمو وەرزەکان




فەیسەڵ ئیراندوست

بە داخ و کەسەری زۆرەوە کاک جەلیل لە هەلومەرجیکی یەکجار تایبەت و هەستیاردا بەجێی هێشتین و تێکۆشانی لە پێناوی ڕزگاریی گەلەکەی دا بە هاوڕێیانی سپارد.

کاک جەلیل کەسایەتییەکی بەرز و بێوینەی هەبوو.دلسۆز و پاک بوو.کرداری لەباوەڕیقووڵ و پتەوییەوە سەرچاوەی گرتبوو و شوێنەواری زۆری لە سەر بزووتنەوەی کوردستان داناوە. کاک جەلیل لەو ڕێبەرانە بوو کە خوی بە کردەوە لە مەیداندا بووەهەر کات پێویست بوایە،بۆ جێبەجێکردنی کاروباری حیزب، لەشیمال تا جنوبی کوردستان و لە سەختترین هەل و مەرج دا، حازر بوو.

لە گەرمەی شەڕی سێمانگە دا و ئەو کاتەی لە ئاسمان وزەوییەوە ئاگرو ئاسن بە سەر کوردستاندا دەباری، کاک جەلیل لە مەهابادەوە خۆی گەیاندبووەهەورامان و سەرقاڵی کۆبوونەوە و ڕێکخستنی کادرو کۆمیتەکان و هێزی شاهۆ بوو. ئەوکات ئێمە لە دوو شوێن، لە سەر سنووری "سازان" و لە نزیک سنووری شاری "نەوسوود"، خەریکی بەڕێوەبردنی کاری سیاسی و نیزامی لە ناوچە دابووین. شەهید عەبدوڵڵا بارامی و ئەمر سەیدڕەزا دروودگەر و من لە سازانەوە خۆمان گەیاندە گوندی "دزاوەر".

کاک جەلیل لە گەل سەرهەنگ چیا و کاک کەریمی پوورقوبادوچەند ئەفسەری جەوان لەوێبوون. کاک جەلیل هەر ئەو شەوە لە مزگەوتی گوند کۆبوونەوەی لەگەل کردین. نزیک دوازدە تاسیزدە کادر بووین. کاک جەلیل کۆمیتەی شارستانی هەورامانی دووبارە ڕێکخستەوە و کۆمیتە ناوچە کانی دەستنیشان کرد.کۆبونەوەکە درێژ بوو و لە ئێوارەوە تا بەرەبەری بەیانیی گرت، بەوحاڵەش کاک جەلیل پاش ئەو کۆبوونەوەیە لەگەڵ بەشی پێشمەرگەشکۆبوونەوەی هەبوو.

چەند ڕۆژ لە دزاوەر ماینەوە و پاشان چووینە شاری نەوسوودو کاک جەلیل لە مزگەوتی شار بۆ خەلک قسەی کرد. دوای ئەوە گوتی دەبێ سەری ناوچەی باینگانیش بدەین. ڕێگاکە دور و پر خەتەر بوو، بەڵام کاک جەلیل پێداگریی دەکرد کە بچین. سەرەنجام ڕۆژی دواتر وەرێ کەوتین. هەر ئەو ڕۆژە پێشمەرگەکان پێگەی ئەرتەش و پاسگای "دووئاو"یان گرت و ڕێگای ئیمەیان بەرەو باینگان نزیکتر کردەوە.

پاش سەردانی پێگەی ڕێژیم لە دوئاو، بەرەو نزیکی شاری پاوە ڕۆیشتین. نەماندەتوانی بچینە نێو شار، بە ناچاری بە تەنیشت گوندی "نۆڕیاو" دا کە پڕ بوولە جاش و پاسدار، بەرەو چۆمی "پاوەرۆ" چووین، خۆمان گەیاندە گوندی "دشە" و بۆ نەهار لەوێ ماینەوە. پاشان هەورازی شاخی "ئاتەشگا"مان گرتەبەر، بەو دیوی شاخدا ڕۆیشتینە خوار و دوای پێنج شەش کاتژمێر ڕێپێوان، گەیشتینە گوندی "ساتیاری" و لەوێ لە ماڵەکان دا بڵاو بووین. گوێمان لە هەواڵەکانی کاتژمێر هەشتی ئێوارە ڕاگرتبوو، کە ڕادیۆی تاران، پەیامی خۆمەینی سەبارەت بە بە قەولی خۆی، حەلی مەسەلەی برادەرانی کوردی، بڵاو کردەوە. لە سەرتاسەری ئاوایی ساتیاری بوو بە تەقەی خۆشی. شەری سێ مانگە بۆ ئێمە،ئەو شەوە ولەو گوندەدا کۆتایی پێهات. ڕۆژی دواتر کاک جەلیل لە سەر گۆڕی شەهید مستەفا حوسێنی قسەی کرد و پاشان لە گەڵژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئاوایی ساتیاری بەرەو شارۆچکەی باینگان وەرێ کەوتین.

جاش و پاسدارەکان کە یەکجار زۆریشبوون، باینگانیان بەجێ هێشتبوو. لە مزگەوت کاک جەلیل قسەی بۆ خەلک کرد و دواتر لە گەل کۆمیتەی ناوچەی باینگان وفەرماندە و پێشمەرگەکان کۆبوونەوەی کرد،ڕێنوینیی پێویستی پێ دان و لە گەل ژمارەیەکی دیکە لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب بەرەو گوندەکانی دەوروبەری شاری پاوە وەرێ کەوت و بەو شێوەیە هێز و وزەی بەخشییە کار و تێکۆشانی حیزب لە خوارووترین ناوچەی کوردستان، کە کادر و پێشمەرگەی ئێمەی تێدا بوو.

دواتر کاتێک لە کلاسی کادر دا، لە خرەجۆ، کە کاک جەلیل بەڕێوەبەری بوو، بەشدار بووم،بە خزمەتی گەیشتم و پاش ڕووداوەکانی کۆنگرەی هەشت و هەڵویستی ڕێبەرایەتیی شۆرشگێڕیش، زۆرتر لێ نزیک بوومەوە و شاهیدی هەڵوێستە شۆڕشگێڕانەکانی بووم وهێندێک لەو هەڵوێستانە باس دەکەم کە بە باوەڕی من شوێنەواری گرنگیان لە سەر بزووتنەوەی

## بۆ یادی ٥ ساڵە

ڕۆژهەلات، بەتایبەت و کوردستانی گەورە بە گشتی هەبوە.

بێگومان خەڵکی کوردستان خۆشحاڵن کە دەبینن دوو بەشی حیزبی دێموکرات و سێبەشی کۆمەڵە، بە شێوەی فەرمی، لە جۆرێک بەرە دا کۆبوونەتەوە. شەڕ لەنێوان حیزب و کۆمەڵە دا، زەمانێک ئەم دەرفەتەی لە بەین بردبوو. هەوەڵین هەڵوێستی بە جێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ، بە ڕێبەریی کاک جەلیل و هاوڕێیانی،کۆتاییهێنان بەم شەڕە بوو. لایەنی دیکەی حیزب پاش تێپەرینی نزیک بە یەک ساڵ،ڕێککەوتنی خۆی لە گەڵ ئاگربەس ڕاگەیاند و سێبەری ئەم شەڕە ناخۆشە لە سەر خەباتی خەڵکی کۆردستان وەلاچوو.

بۆ مێژوو باسی دەکەم: مەسەلەکە ئاوا بوو کە بەڕێز کاک حەسەنی ڕەستگارم ئاگادار کردبوو کە بەتەمام چاوم بە براکەم، کە کادری کۆمەڵە بوو، بکەوێ. گوتی بزانە بۆچوونی کۆمەڵە لە سەر ڕاگەیاندنێکی هاوبەش لە سەر ئاگربەس چۆنە؟ سەلاحی برام لە دەبیرخانەی کۆمەڵە کاری دەکرد و ئاگاداری بۆچوونی ڕێبەرایەتیی کۆمەڵە بوو. لە گەڵ کاک حەمەخانی مروەتی ڕۆیشتین و لە یەکێک لە مەقەرەکانی کۆمەڵە لەگەل براکەم و چەند کادری دیکە دانیشتین و لە سەر مەسەلەکانی ڕۆژ و لەوانە پێوەندییەکانی نێوان حیزب و کۆمەڵە قسەمان کرد و تاڕادەیەک لە بۆچونی ڕێبەریی دۆستانی کۆمەڵە تێگەیشتین. لە گەڕانەوەدا لە گەڵ کاک حەسەن و کاک حوسێنی مەدەنی دانیشتین. گوتمان کۆمەڵە خۆپارێزی دەکا و هێشتا نازانێ ئێمە بەرەو کوێ دەچین و داهاتوی ئێمە چۆن دەبێ. هەربۆیە لەم بارەوە نایەوێ ئیمتیاز بە ئێمە بدا و جارێ پەلە ناکا. هەم کاک حسن و هەم کاک حسین لە گەل قسەکانی کاک حەمەخان و من بوون و گوتیان لە گەڵ کاک جەلیل و باقیی هاوڕێیان قسە دەکەین و هەر ئەمشەو ئاگر بەستی یەکلایەنە لە گەل کۆمەڵە ڕادەگەیەنین. بەیانیی ڕۆژی دواتر حیزبی دێموکرات، ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕئەو کارەی کرد. دۆستانی کۆمەڵە غافڵگیر بوون و بۆ کەمئەسەر کردنی ڕاگەیەندراوی حیزب، لە گەل هەردوو لایەنی حیزبی دێموکڕات ئاگربەستیان ڕاگەیاند. لایەنی دیکەی حیزبیش، پاش نزیک بە یەک ساڵ ئاگربەسیان لەگەل کۆمەڵە قبووڵ کرد و ئەو شەڕە ناخۆشە بە دەستپێشخەریی حیزبی دێمۆکرات، بە ڕێبەریی کاک جەلیل و هاوڕێیانی، بۆ هەمیشە کۆتایی هات و پێوەندییەکانی حیزب و کۆمەڵە پێی نایە قۆناغێکی تازەوە. بۆ ماوەیەکی زۆر هاتوچۆ و سەردانەکانی هەر دوولا، لە ئاستێکی بەرز دابوو، کۆمەڵە و دیموکرات لە خۆشی ناخۆشیی یەکتردا پێکەوە بوون و بە شێوەی جۆراوجۆر هاوکاریی یەکتریان دەکرد. بە خۆشیەوە ئەمرۆ لە نزیکەوە، شاهیدی شوێنەوارە باشەکانی ئەو بڕیارەین.

لە دەورانی ڕێبەریی کاک جەلیل دا تەنیا پێوەندیی نیوان کۆمەڵەو ئێمە نەبوو کە سەرڕاست کرایەوە و هاتەوە قۆناغی ئاسایی خۆی، بەڵکوو ئەم پرۆسەیە زۆربەی هێز و لایەنەکانی گرتەوە. پاش دەرکردنی حیزب لە شۆڕای میللیی بەرگری،

پێوەندیی حیزب و ڕێکخراوی موجاهیدین زۆر خراب بوو و ڕۆژانە لە ڕاگەیەنە گشتییەکانی خۆیان دا هێرشیان دەکردە سەر یەکتر. کاک جەلیل بە پێی ڕابردوو و ئاشنایەتیی خۆی لە گەڵ ڕێبەرانی موجاهیدین، لە سەر ئاساییکردنەوە و دۆستایەتی لە گەڵ موجاهیدین دەوری یەکەمی هەبوو. پێوەندییەکانی ئەم بەشە لە حیزب و موجاهیدین وەک ڕابردووئاسایی بوونەوە و هاتوچۆ لە نیوان ڕێبەرایەتیی هەردوولا دەستی پێکردەوە. لە درێژەی پێوندییە کانی حیزب وموجاهیدین دا، دواتر هێندێک ڕووداو هاتنە ئاراوە، کە کاک جەلیل و هاوڕێیانی توانیان بە قازانجی بزووتنەوەی کوردستان و تەنانەت ڕێکخراوی موجاهیدین کەلکی لێوەرگرن. پێداچوونەوە بە پێوەندیی حیزب ولایەنە ئێرانی و کوردستانییەکانیش بەشیک بوون لە هەوڵی کاک جەلیل و هاوڕێیانی، کە سەرئەنجامێکی باشیان هەبوو. ئاڵۆزییەکانی نێوان حیزب و پارتی دێموکڕات، کۆتاییان پێهات و لاپەڕەیەکی نوێ لە نێوانیان کرایەوە.لە گەڵ یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیش، پێوەندییەکانئاسایی و تەنانەت لە جارانیش گەرمتر بوون. لە گەڵ هێزە ئێرانییەکان هاوکاری دەستی پێکردەوە و بۆ نموونە، لە هەوەڵین گەشتی سیاسی - نیزامیی ئەم بەشە لە حیزب دا، دوو تیم لە پێشمەرگەکانی چریکە فیداییەکانی گەل و ڕێکخراوی ڕاهی کارگەر، بەشدار بوون. هەر لەو سەردەمەدا زۆر لە کادر و پێشمەگە تۆراوەکان گەڕانەوە لای حیزب و زۆر ئەندام، دووبارە پێوەندییان گرتەوە.

لە کاتی ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی شارەکانی کوردستان، لەلایەن پێشمەرگەکانی بەرەی کوردستانییەوە، موجاهیدین بنکەیان لە سلێمانی هەبوو و کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دوای دەرفەت دا دەگەڕا کە ئەوانە بگرێ و بەرەو ئێرانیان بباتەوە. ئەو کارە لە باری پرێنسیپەوە زۆر بە زەرەری بزووتنەوەی کوردستان وبەرەی کوردستانی بوو و دیارەزەبری لە وەجهەی یەکیەتی وپارتییش دەدا. لە ناوچەی کەلار، ئەو کارە لە لایەن لایەنگرانی ئێرانەوە کرابوو و دەنگدانەوەی خراپی بە دوای خۆیدا هێنا. بە دەستپێشخەریی کاک جەلیل، ئەندامانی موجاهیدین لە سلێمانی گواسترانەوە بۆ کەمپی حیزب لە دۆڵێ و سەرەڕای هەڕەشە و گوڕەشەی هێندیک خەڵک کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە هاندرابون، پارێزران و دوای چەندین ڕۆژ بە یارمەتیی پێشمەرگەکانی پارتی دێموکرات، تا کەرکوک بەڕێ کران و تەحویلی ڕێکخراوی موجاهیدین درانەوە.

کەرکوک بۆ بزووتنەوەی کوردستان، شارێکی گرینگە. لەکاتی ڕاپەڕینی خەڵک و شەڕی پێشمەرگە دا، ئازاد کردنی ئەو شارە بۆ ئەو بەرەیە ئامانجێکی گەورە و ئیستیراتێژیک بوو. چەند ڕۆژ بوو کە کەرکووک دەوری گیرابوو و پێشمەرگە بەو پەڕی ئازایەتی و فیداکارییەوە، شەڕی دژی داگیرکەرانەدەکرد. ئەرتەشی عیراق بێوەرە بوو، بەڵام بوونی پێگەیەکی گەورەی موجاهیدین لە نێو شار، گرفتاریی بۆ هێزی پێشمەگە دروست کردبوو. کاتێک بەرەی کوردستانی لەگەڵرێبەریی حیزب بۆ لە نێو بردنی ئەو کێشەیە پێوەندییان گرت، کاک جەلیل پەیامی بۆ بەرێز مەسعوودی ڕەجەوی، ڕێبەری موجاهیدیننارد و داوای لێ کرد ئەو پێگەیە، کە زۆریش گەورە بوو، چۆل بکەن. موجاهیدین، لە لایەکەوە زەختی دەوڵەتی عێراقیان لەسەر بوو و



سەرچاوە
Serchawe

لە لایەکی ترەوە دەیان گوت ئەوێ گەورەترین پێگەی ئێمەیە و زۆربەی چەکوچۆڵ و ئازووقەیان لەوێیە و ناتوانن چۆلی بکەن. چەندین پەیام لە ڕێگای کاک سەرهەنگ قادرییەوە، کە بەرپرسی دەفتەری حیزب لە بەغدا بوو، لە نیوان سکرتێری گشتیی حیزب و ڕێبەریی موجاهیدین ئاڵوگۆڕ کرا و لە ئاکامدا وبە پێداگریی زۆری کاک جەلیل، موجاهیدین بە پەلە و بە جێهێشتنی زۆر شتومەک و پێداویستیی خۆیان، ئەو پێگەیەیان لە کەرکوکچۆل کرد و پێشمەرگەکانی بەرەی کوردستانی ئاسانتر کەرکوکی تەعریبکراویان ئازاد کرد.

هەرچەند بیروڕای زلهێزەکانی بەرەی دژی سەدام حسین، ئێستاشی لە گەل بێ، لە گەڵ کۆنترۆلی کەرکووک لە لایەن کوردەوە نیە، بەڵام گرتنی کەرکووک بۆ چەند ڕۆژێکیش بووبێ، مانای مێژوویی خۆی هەبوو و پێشانی دا کە کورد دەست لە کەرکوک هەڵناگرێ.

هەر لە کاتی سەرکەوتنەکانی بەرەی کوردستانی دا، لە ناوچەی کەلار و کفری، شەر و تێکهەڵچون لە نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی موجاهیدین دا روی دا. لە هەردوولا خەسارەت هەبوو. هەر ئەو کاتیش ڕێبەریی حیزب، بە تایبەت کاک جەلیلی گادانی، لە سەر داوای بەرەی کوردستانی، هەوڵی زۆری بۆ هێور کردنەوەی وەزعەکە دا. دیسان کاک جەلیل لە پێوەندییە شەخسییەکانی خۆی کەلکی وەرگرت و موجاهیدین ڕازی بوونسەبارەت بەو گرفتانە، دانیشتن بکەن.سەرەتا هەیئەتێک بە سەرپەرستیی نەمر کاک شاپوری فیروزی، بە ئیسکورتی پێشمەرگەی یەکیەتیی نیشتمانی، لە سەنگەری هێزە کوردییەکان تێپەڕین، گەیشتنە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەوان و لە گەڵ بەرپرسانی سەرەوەی موجاهدین وتووێژیان کرد.پێشتر بەرپرسی یەکێکلە هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات، کە لە گەڵ موجاهیدین هاوپەیمان بوون،بۆ کۆتاییهێنان بەو شەڕە، چووبووە لای موجاهیدین، بەڵام گوێیان لێنەگرتبوو و ڕەوانەیان کردبۆوە. موجاهیدین پێشوازییان لە کاک شاپور و هاوڕێیانی کردبوو و پاش وتووێژێکی سەرکەوتوو، ئاڵۆزی و شەڕ لەو ناوچەیە کۆتایی پێهاتو بۆ هاواهەنگی لەو دەڤەرە و بۆ پاراستنی ئارامی، بەرەی کوردستانی، ئەنوەری حاجی مەحموود، لە ڕێبەرانی یەکیەتیی نیشتمانی و موجاهدین یەکێک لە فرماندەرە باڵاکانی خۆی، بە ناوی فتحوڵڵا، بۆ پێوەندیی نێوانیان دیاری کرد و کاک شاپوور و هاوڕێیانی گەڕانەوە. بێگۆمان نەمر کاک جەلیل دەوری زۆر باشی بۆ لە بەینبردنی ئەو ئاڵۆزییە هەبوو.

کاک جەلیلی گادانی، نەک هەر بەرامبەر بە خەباتی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵات، بەڵکوو بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان بە پەرۆش بوو و لە پێناوی بە هێزکردنی بزووتنەوە و خەبات لەو بەشانەدا، چیی لە دەست هاتبا دەیکرد.

هەربۆیەش لە کاتی کێشە و شەڕ و ئاڵۆزییەکانی نێوخۆی باشووری کوردستان، ئەم بەشە لە حیزبی دێموکڕات وەک هەموو

## بۆ یادی ٥ ساڵە

دڵسۆزانی گەل، بۆ کۆتاییهێنـان بەم وەزعە هەوڵـی دا،هەموو تواناکـانی خـۆی خسـتە کـار، دەیـان جـار لە گەل ڕێبەریـی هەردولا دادەنیشت، ئـاڵوگۆڕی بیروبـاوەڕی دەکـرد وپێشـنیاری گونجـاوی دەخسـتە بەردەمیـان. زۆر جـاریش دەبـووە هـۆی پێوەنـدیگرتنیان لەگەڵ یەکتر و پەیامەکانیـانی دەگەیانـدن. کـاک جەلیل و هاوڕێیـانی تـێدەکۆشـان کە تـا ئەو جێگـایەی دەرفەت هەبی، ئاڵۆزییەکانکەم کەنەوە و دۆخ بۆ وتووێژ لە نێوان ئەو دو هێزە سیاسییە برەخسێنن. بە خۆشییەوە، دواتـر بە هەوڵی ئەمریکا ئەو مەبەستە گەیشتە ئاکام.بێگومـان زۆر هێزی سیاسی و کەسایەتیی نیشتمانی،هەر کەسەو بە قەدەر توانایی و قورسایی خۆی، لەو کارە خێرەدا بەشیان هەبووە، کە کاک جەلیل و هاوڕێیانی لە نێو ئەوانەدا جێ دەگرن.

کاک جەلیل وەک زۆرجـار پێشـانی دابـوو، کەسێکی بەبـاوەڕ و لە هەمـان کـاتدا نەتـرس بـوو. ئەو ڕۆژەی کە زیـاتر لە چل فرۆکەی شەرکەری تورکەکان لە چەند جاردا، مەقەر و بارەگای پەکەکەیان لە دۆڵی، بومباران دەکرد، کاک جەلیل، هێشتا دەنگی فرۆکەکان دەهات کە سەردانی کردن. کـاک خالید حسن پـوور و منیش لە گەل کـاک جەلیل ڕۆیشتین و لەحاڵێکدا هێشتاتەپوتۆزی بۆمباران لە سەر بنکەکانیان نەڕەوییبۆوە، گەیشتینە لای ئەوان و لە لایەن کاک جەمیل بایک و بەشێک لە ڕێبەرانی پەکەکەوە، پێشوازی لە کـاک جەلیل و ئێمە کرا. ئەوانـزۆر لەو سـەردانە لە نەکـاوە خۆشحاڵ بـوون و بە گەرمی سوپاسیان کرد.مەبەستی کاک جەلیلەو سەردانە، پشتیوانی لە خەبات و تێکۆشانی ئەو هاوڕێیانە و بەجێگەیانـدنی ئەرک و وەزیفەی هاوخەباتی بوو.

ئەو ڕۆژەی کە کـاک جەلیلی گـادانی لە کۆبـوونەوەی سـەرکردەیەک دەگەڕایەوە، یـان دیدارێکی گرینگـی بەڕێوە دەبـرد، ڕۆژی دواتر دەکرا لە بنکەیەکی سادەی حیزب بیبینی کە لە گەڵ کادر وپێشمەرگەکان قسە دەکـات و گوێیـان لـێدەگرێ، یـان لە مـاڵێکی فەقیـر و زەحمەتکیش دانیشـتوە و دەردی دڵـی خاوەنمـاڵەکە دەبیسـێ. ئەوانەی لە کەمپـی دۆڵـێ ژیـاون، ئێسـتەش یەکسانی، ڕێز و خۆشەویستیی ئەو دەورانە هەست پێ دەکەن ولەبیریانە.

**لە ڕاستی دا کاک جەلیل لە نێو خەباتی گەلی کورددا، کەسایەتییەکی کەم وێنە و کەسی هەموو وەرزەکان بوو.**

**یادی بەرزو بەڕێز و ڕێگای درێژەی هەبێ!**

**سەرچاوە: ماڵپەری حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠٢٠**



سەرچاوە Serchawe

## هەڤپەیڤینێک لە گەڵ زیندەیاد جەلیل گادانی لەبارەی سروودی "ئەی ڕەقیب" لە کۆماری کوردستاندا




**دیمانە: قادر وریا**

**ئاماژە:**

**ئەم وتووێژەم کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٧ بە مەبەستی وەرگرتنی زانیارییەکانی زیندەیاد کاک جەلیل گادانی لەبارەی جێگە وپێگەی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، پێک هێناوە. وتووێژەکەم لە ١٢ی بەفرانباری ١٣٩٦دا بە ئیمزای کاک جەلیل گەیشتە دەست. دیارە لە کاتی خۆی و لەجێی خۆیدا سوودم لەو زانیاریيانە وەرگرت و توێژینەوەکەی خۆم کە بۆ کۆنفرانسی یادی ١٠٠ ساڵەی دڵداری شاعیر ئامادەم کردبوو، پێ دەوڵەمەند کرد.**

**لە یەک ساڵەی کۆچی دوایی ئەو کەسایەتییە خەباتکار و ماندوویی نەناسەدا، وەک پێزانین و ڕێزگرتن لە یادی کاک جەلیلی خۆشەویست بە باشم زانی وتووێژەکە لە "کوردستان"دا بڵاو بکەمەوە و بیخەمە بەرچاوی خوێنەران.**

**قادر وریا: بەڕێز کاک جەلیل! لەگەڵ سڵاو و ڕێز! جەنابت شاهیدێکی عەینیی پێکهاتنی کۆماری کوردستان و خزمەتەکانی لە ماوەی تەمەنی کورتیدا بووی. بۆ توێژینەوەیەکی خۆم لە بارەی سروودی ئەی ڕەقیب -بۆ کۆنفرانسی یادی ١٠٠ ساڵەی دڵداری شاعیر کە زانکۆی کۆیە لە مانگەکانی یەکەمی ٢٠١٨دا بەڕێوەی دەبا - پێویستم بە هێندێک زانیاری هەیە. هیوادارم**

## بۆ یادی ٥ ساڵە

بەڕێزت بتوانی وڵامی پرسیارەکانم لە پێوەندی لەگەڵ ڕەوتی پەسندکرانی "ئەی ڕەقیب" وەک سروودی نەتەوەیی لەو کۆماردا، هەر وەها چۆنیەتیی بەکارهێنانی سروودەکە لە بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی ئەو سەردەمدا بدەیەوە. پرسیارەکانم ئەمانەن:

بۆچی بەڕێوەبەرانی کۆمار، شێعری "ئەی ڕەقیب"ی دڵداریان وەک سروودی نەتەوەیی هەڵبژارد؟ ئایا لە کۆماردا شێعری دیکە و سروودی دیکەش مەترەح بوون کە بکرێن بە سروودی نەتەوەیی؟ چۆن بوو "ئەی ڕەقیب"یان سەرئەنجام کردە سروودی نەتەوەیی؟

**جەلیل گادانی**: بۆ ئاگاداریی ئێوەی بەڕێز لە زەمانی (ژ - ک)دا، سروودی "خوایە وەتەن ئاواکەی" زیاتر باو بوو، و لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەواندا دەخوێندرایەوە. بەڵام عەقڵی ئەو دەمی منداڵیی من بڕی نەدەکرد لەو شتانە بکۆڵمەوە. لاموایە چونکو پێویست بوو کوردایەتییەکە بەهێز بکرێ و ئەو شێعرەش کوردایەتیی تێدا بەهێزە، بۆیە هەڵبژێردراوە و کراوەتە سروود. ڕەنگە زۆریشی موناقەشە لەسەر کرابێ تا ساغ بوونەوە ئەوە بکەن بە سروودی نەتەوەیی. دیارە جگە لە سروودی "خوایە وەتەن ئاواکەی"، " شاخی ڕەنگاوڕەنگی کوردان"یش وەک سروودی "نیشتمانم ڕەنگینە، بەهەشتی سەر زەمینە" زۆر لە ئارادا بوون، بەڵام "ئەی ڕەقیب" پەسند کراوە. دوور نییە دەوری "مامۆستا محەممەد تەوفیق وردی"، "بەکر حەوێزی" و "نووری ئەحمەد تەها"ش کە خەڵکی کۆیە بوون و لە مەهاباد دەژیان و مامۆستا و بەرپرس بوون کاریگەریی لەسەر هەڵبژاردنی ئەو شێعرەش وەک سروود بووبێ.

**قادر وریا**: ئەو بۆنە و ڕێوڕەسمانەی کۆماری کوردستان کە سروودی "ئەی ڕەقیب"یان تێدا پێشکەش دەکرا (سیاسی و دیپلۆماتیک، نیزامی، فەرهەنگی و هتد) کامانە بوون؟ سروودەکە هەر یەک کەس دەیخوێندەوە یا کۆرس پێشکەشی دەکرد؟ ئامادەبووان لە کاتی ئیجرای سروودەکەدا، چیان دەکرد؟ هەڵدەستانە سەر پێ؟

**جەلیل گادانی**: لە بۆنە ڕەسمییەکاندا بە کۆرس دەخوێندرایەوە و بەتایبەتی لە ڕێوڕەسمە گەورەکاندا دەگەڵ مۆسیقایەکی بەهێز دەخوێندرایەوە، لە مەدرەسەکان بەیانیان پێش چوونی نێو کلاس بە تێکڕایی دەنگی قوتابیان دەخوێندرایەوە، پاشان بەرەو کلاسەکان دەچوون. هەمووکات کە سروودی "ئەی ڕەقیب" دەستی پێ دەکرا، خەڵک هەڵدەستانە سەر پێ.

**قادر وریا**: لە قوتابخانەکانی سەردەمی کۆماری کوردستاندا، ئایا هەموو ڕۆژێ سروودی "ئەی ڕەقیب" لە لایەن قوتابییانەوە دەخوێندرایەوە؟ چ ڕێوشوێنێک لە کاتی خوێندنەوەی سروودی "ئەی ڕەقیب"دا بەڕێوە دەچوو؟ ئایا لەگەڵ مەراسمی

## بۆ یادی ٥ ساڵە

هەڵکردنی ئاڵا، سروودی "ئەی ڕەقیب" دەخوێندرایەوە؟

**جەلیل گادانی**: لە سەرەتادا باو نەبوو لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێتەوە، بەڵام دواتر قوتابییەکان ڕاهێنران کە هەموو بەیانیان بە فەرمانی نازمی مەدرەسە و ژماردنی ١-٢-٣ بە تێکڕای دەنگی قوتابییان دەخوێندرایەوە، هەڵکردنی ئاڵای دەگەڵ نەبوو چونکو ئاڵا هەمووکات لەسەر بانی شوێنە حکوومی و مەکتەبەکان هەڵکرابوو، دەلەرییەوە.

**قادر وریا**: هەیئەتەکانی دەوڵەتی جمهووریی کوردستان، چەند جار سەردانی تەورێز و ئازەربایجانیان کردووە، هەروەها چەند جاریش هەیئەتی ئەوان هاتووە بۆ مەهاباد. ئایا لە کاتی دیداری هەیئەتەکاندا سروودی هەر دوو لا پێشکەش دەکرا؟ ڕێوڕەسمەکانی خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی هەر دوولا، چۆن و چی بوون؟

**جەلیل گادانی**: ئەوەی دیارە و نووسراوە دووسێ جار هەیئەتی ڕەسمیی حیزبی دێموکرات چوونەتە تەورێز، بەڵام لە هاتنی هەیئەتی ئازەربایجان بۆ مەهاباد ئاگادار نیم. ئەو چەند سەحنەی کە لە سەردانی لێژنەی حیزبی دێموکرات بۆ ئازەربایجان دەردەکەون و کەمێکی فیلم هەیە وێناچێ سروودی نەتەوەیی خوێندرابێتەوە، ئەگەر واش بووبێ من ئاگادار نیم، چونکو ئەوان لە بنەڕەتدا لەگەڵ پێکهاتنی کۆماری کوردستان موافق نەبوون، ڕەنگە سروودەکەشیان بۆ گرینگ نەبووبێ، سروودی ئەوانیشم نەبیستووە و لەبیرم نییە.

**قادر وریا**: ئەو دەقەی "ئەی ڕەقیب" کە سەردەمی کۆماری کوردستان وەک سروودی نەتەوەیی پێشکەش دەکرا، لەگەڵ دەقی ئێستای ئەو سروودە، چ جیاوازییەکی هەبوو؟ وەک لەبیرت بێ ئەوکات کام بەیتی شێعری ئەی ڕەقیب دەخوێندرایەوە و ئێستا لە سروودەکەدا نییە؟ یا کام یەک لە وشەکان ئەوکات جۆرێکی دیکە بوون و ئێستا گۆڕانیان بە سەردا هاتووە؟

**جەلیل گادانی**: پێم شک نایە لە وشەدا شتێک گۆڕابێ، ئەوکات کە ئەو سروودەیان بە ئێمە ڕەوان دەکرد، هەر وەک ئێستا بوو بەڵام شێعری "ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین، دینمانە ئایینمانە نیشتمان"یشمان دەگەڵ دەکوت. ئێستا ئەو شێعرە زۆرجار ناخوێندرێتەوە.

**قادر وریا**: کێ ئاهەنگی سروودی "ئەی ڕەقیب"ی دانا؟ وەک بزانی پێشتر سروودەکە ئاهەنگی تایبەت بە خۆی هەبوو و لەسەر هەمان ئاهەنگ، لە کۆماردا پێشکەش دەکرایەوە؟

**جەلیل گادانی**: ئەوەندەی ئەمن بزانم ئەو سروودە تا زەمانی کۆمار نەکراوەتە سروود [ئەو سەردەم لە مەهاباد] عەلی

## بۆ یادی ٥ ساڵە

تابانی بەشی مۆسیقای لە تەورێز تەواو کردبوو، هەروەها "مەحموودی وەلیزادە" هەبوو کە لە بەشی کشتوکاڵدا خوێندبووی بەڵام ویلونیست بوو و دوایەش بوو بە وەزیری کشتوکاڵی کۆمار، جگە لەو دووانە "میرزا مینەی ڕەحیمی" باوکی چەکۆ (سەروان چەکۆ ڕەحیمی)، مستەفا جەننەتی، مەجید و هاشم و چەند کەسی دیکەش مۆسیقاژەنی هێزی پێشمەرگەبوون کە پێشتریش لە سپای ئێراندا ئەو کارەیان کردبوو. من بەش بە حاڵی خۆم فکرم بۆ دوو نەفەری هەوەڵ "عەلی تابانی" و "مەحموود وەلیزادە" دەچێ کە لە دانانی ئاهەنگەکەدا ڕۆڵیان بووبێ.

**قادر وریا**: لە مەهابادی پێتەختی کۆمار، ڕادیۆ هەبوو. وەک بیستوومە چەند جارێکیش فیلم پێشان دراوە. ئایا لەو ڕادیۆیەی ئەوکاتدا، سروودی "ئەی ڕەقیب" پێشکەش دەکرا؟ ئەدی لە کاتی پێشاندرانی فیلم، یا لە کاتی بەڕێوەچوونی شانۆی "دایکی نیشتمان" سروودی ئەی ڕەقیب خوێندرایەوە؟

**جەلیل گادانی**: ڕادیۆ هەبوو، ڕۆژی کرانەوەکەشی لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا نووسراوە، ئێستا لەبیرم نییە لەو ڕادیۆیەدا جگە لە هێندێک وتاری سیاسی و جارجار ئایینی، هەموو جۆرە سروودی ئەو سەردەم دەخوێندرایەوە. ئەو ڕادیۆیە وەسڵ کرابوو بە چەند بڵیندگۆی گەورە، لە لای "شارەوانیی کۆن" و "مزگەوتی حاجی ئەحمەد"، لە "چوارچرا" لە نیزیک ماڵی پیشەوا، لە نیزیک "مزگەوتی هەباس ئاغا" واتە چوارڕای ئازادیی ئەمڕۆ. خەڵک بەتایبەتی ئێواران کە خەبەر بڵاو دەبووەوە لە لای ئەو بڵیندگۆیانە ڕادەوەستان و گوێیان لە خەبەران دەگرت، ڕادیۆیەکە بەرنامەی مۆسیقا و گۆرانی و سروودیشی هەبوو. مانگێ جارێک کۆڕی سروودی مەدرەسەکان بە نۆبە دەچوون لە ئێستگەی ڕادیۆ بەرنامەی سروود خوێندنەوەیان هەبوو، سروودی "ئەی ڕەقیب" و زۆر سروودی دیکەش دەخوێندرایەوە. وەبیرم دێ چەند جارێک سینەمای سەییار بە ماشینێکی تایبەت دەهات لە "چوارچرا" یا لە حەساری دوخانیەی کە زۆر گەورە بوو فیلمیان نیشان دەدا. چەند جارێکیش تیمی شانۆی ئازەربایجان و یەک دووجاریش تیمی ئاکرۆباتبازانیان هاتن، هەر لەو حەوشە و لە حەوشەی دەبیرستان (کە دوایە بەینێک ماڵە شێخ ئەحمەدی بارزان، پاشانیش بوو بە شوێنی بنەماڵەی یەکەم فەرماندەی تیپ یا سوپا) بەرنامەیان بەڕێوە برد. بەڵام وەک لە ڕۆژنامەی کوردستاندا نووسراوە "جەعفەر کەریمی" ئیمتیازی دانانی سینەمای لە حەوشەی دوخانیە وەرگرتبوو و سینەمای دانابوو و لە ڕۆژنامەی"کوردستان"دا لە خەڵک دەعوەت کراوە بچن بۆ سینەما. پاشان جێگایەک هەر لە نزیک ئەو شوێنە دیاری کرا کە ساختومانی تایبەت بە سینەمای لێ دروست کەن، هێندێک چیمەنتۆ و شتی ئاواشی لێ ڕۆکرد بەڵام بەداخەوە دروست نەکرا و ئەرتەش هاتەوە. چەند ساڵ دواتر ئەو جێگایە بوو بە "سینەما ئومید"ی "کاک عومەر قازی" کە کونگرەی چواری تێدا گیرا. ئەوکات خوێندنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب لەو شوێنانە وەک سینەما و شانۆ باو نەبوو.

## بۆ یادی ٥ ساڵە

**قادر وریا**: دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، لە کۆڕ و کۆبوونەوەی حیزبی، یا لە بەندیخانە، هیچ کات سروودی " ئەی ڕەقیب "تان دەخوێندەوە؟ دەکرێ ئاماژە بەو بۆنە و حاڵەتانە بکەی کە دوای ڕووخانی کۆمار، سروودی "ئەی ڕەقیب"ی تێدا خوێندرابێتەوە و بۆ خۆشت تێیدا بەشدار بووبی؟

**جەلیل گادانی**: دوای ڕووخانی کۆمار نە لە کۆبوونەوەی حیزبی و نە لە بەندیخانە و بۆنەیەکدا ئەم سرووده نەدەخوێندرایەوە، بەڵام ڕادیۆیەکی سرڕی هەبوو کە لە پێشدا "دوکتور سوڵتان وەتەمیشی" کە لەو کەسانە بوو بۆ خوێندن بەرێ کرابوونە باکۆ و لە پێشداش "مامۆستا" بوو، هەروەها دواتر کە "حەسەن قزڵجی" و "کاک کەریم حیسامی" خەبەر و وتاریان لەسەر دەخوێندەوە هێندێک جار دایان دەنا و بە گوێ دەگەیشت، بەڵام پێش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، چەن جارێک لە تاران، [بە تایبەتی دوای] سەرکەوتنی شۆڕش پاش ئەوەی حیزب، ڕێکخراوەکانی لە شارە جوراوجورەکانی ڕۆژهەڵات ڕێکخستەوە و هێزی پێشمەرگە پێک هات و زیاتریش دوای شەڕی سێ مانگە، ئەو سرووده هاتەوە گۆڕێ، وای لێهات لە باکووری کوردستانیش بە زاراوەی کرمانجی کەوتە سەر زاران و لە یەکەم تەلەویزیۆن کە ئەوان دایاننا بە ناوی "میدیا تی وی"ەوە خوێندرایەوە.

**قادر وریا**: لەگەڵ ڕێز و سپاسی زۆرم بۆ هاوکاریت لەم پێوەندییەدا، تکایە هەر زانیارییەکی دیکە لە بارەی ڕۆڵی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" لە کۆماری کوردستان و لە خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەتە و لەم پرسیارانەدا نەورووژێندراون، مەمنوون دەبم بۆم بنووسی و ئاماژەی پێ بکەی.

**جەلیل گادانی**: بۆ ئاگاداریی جەنابت چەند مانگ لەمەوبەر گڵکۆی دڵدار نۆژەن کرایەوە و، بە ڕێورەسمێک کرایەوە و شانازیی کردنەوەکەشیان بە من دا و [قسەشیان] بۆ دانابووم. ئەگەر بچی لە قەڵای کۆیە سەری بدەی و سروودەکەش وەک خۆی نووسراوەتەوە و دەفتەری یادبوودیشی بۆ داندرابوو، تەماشایەکی ئەو دەفتەرەش بکەی و زانیارییش لە بەرپرسی قەڵا و موزەخانە - کە تازە لەوێ کراوەتەوە - وەربگری، ڕەنگە بەکەڵکت بێ و باسەکەت دەوڵەمەندتر بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠٢١

## جەلیل گادانی وەک کەسایەتییەکی فەرهەنگی




**قادر وریا**

**ئەمڕۆ ١٢ی ڕەشەمەی ١٣٩٩ی هەتاوی ٧٨ ساڵ بە سەر لەدایکبوونی خەباتکار وکەسایەتیی ناسراو کاک جەلیل گادانی ڕادەبرێ. لەگەڵ ناردنی سڵاوی زۆرم بۆ گیانی پاکی کاک جەلیل لەم ڕۆژەدا، سپاس و پێزانینی خۆم و هەموو خۆشەویستان و هاوخەباتانی کاک جەلیل لە حیزبی دێموکرات، بە بەڕێوەبەرێتیی کتێبخانە گشتییەکانی کۆیە ڕادەگەیەنم کە ئەم ڕێوڕەسمەیان لە ساڵڕۆژی لەدایکبوونی کاک جەلیل گادانیدا بۆ یادکردنەوە و ڕێزلێنانی ڕێکخستووە. هەروەها سپاس بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی ئەمڕۆ بە وتە و لێدوان و نووسین و، هەر وەها ئامادەبوون لەو کۆڕیادەدا بەشداری ئەم یادەن.**

**قسەکردن لە بارەی کاک جەلیل گادانی، هەم هاسانە، هەم دژوار. هاسانە، چونکە کاک جەلیل بە خۆشییەوە تایبەتمەندیی باش و بەرزی ئەوەندە زۆر هەبوون کە هەر کەسێک بیهەوێ باسی ئەو کەسایەتییە بکا، بۆ قسە دانامێنی.**

**دژواریی قسەکردن لە سەر کاک جەلیلیش هەر ڕاست لەو فرەڕەهەندی و زۆری و چەند لایەنەبوونی تایبەتمەندییەکانی ئەووەوە سەرچاوە دەگرێ. چونکە مرۆڤ بۆ ئەوەی لە دەرفەتێکی وادا پێ ڕابگا شتێک پێشکەش بکا، ناچارە چاوپۆشی لە زۆر وێستگە و لایەنی ژیان و تێکۆشانی بکا و، لەبەر ڕەچاوکردنی کات و درێژنەبوونەی قسەکانی، لێیان بگوزەرێ. لە هەر حاڵدا کاک جەلیل بەو مێژووە درێژەی پڕ لە خەبات و تێکۆشانی، بەو بوارە جۆراوجۆرانەی کۆڵنەدان و نەوەستانی و، بە**

## بۆ یادی ٥ ساڵە

کەسایەتیی بەرز و ڕەوشتی مرۆڤدۆستانە و جوانی، لە هیچ وتارێکی ئاساییدا جێی نابێتەوە. هەر بۆیە من لایەنی فەرهەنگیی ئەو کەسایەتییەم هەڵبژاردووە تا لەم بۆنەیەدا لەنگەری لەسەر بگرم و ئاوڕێکی بەرێزەوەی لێ بدەمەوە.

### پێناسەیەک بۆ کەسایەتی فەرهەنگی

جاران لە ئێران بە وەزارەت یا ئیدارەی پەروەردە و فێرکردنیان دەگوت "وەزارەتی فەرهەنگ" یا "ئیدارەی فەرهەنگ". عادەتیش وابوو کەسانێک کە کارمەندی وەزارەت یا ئیدارەی فەرهەنگ بوون، بە تایبەتی مامۆستایانی قوتابخانە، پێیان دەگوترا "فەرهەنگی". من کە لەم بابەتەمدا کاک جەلیل وەکوو کەسایەتییەکی فەرهەنگی ناو دەبەم، پێناسەکەم لەو جۆرە فەرهەنگیبوونە زۆر جیاوازە. کاک جەلیل وابزانم هیچ کات کارمەندی ئیدارەی فەرهەنگ نەبووە تا لەو ڕوانگەیەوە بە "کەسێکی فەرهەنگی" ناوی بەرم. کەواتە ناوبردنی کاک جەلیل وەک کەسایەتییەکی فەرهەنگی، بۆ هۆیەکی دیکە دەگەڕێتەوە، بۆ گرنگیدانی کاک جەلیل بە کاری فەرهەنگی، هەروەها بۆ بەفەرهەنگبوونی ئەو کەسایەتییە. کاک جەلیل هەم خاوەنی کارنامەیەکی دەوڵەمەندی فەرهەنگییە، هەم لە ڕەفتار و هەڵسوکەوت لە مەیدانی جیاوازدا، وەک مرۆڤێکی بە فەرهەنگ دەجووڵایەوە.

هەر بە شێوەیەکی گشتی، بەفەرهەنگبوون و بەهێزبوونی لایەنی ڕۆشنبیری لە کەسایەتیی سیاسیدا، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ڕەهەندی سیاسیی ژیان و تێکۆشانی ئەو کەسە دەبێ. ئەم جۆرە کەسایەتییانە، ڕوانینی سیاسییان بۆ هونەر، ئەدەبیات، وەرزش و، هەڵوێستیان بەرامبەر ڕۆشنبیران، نووسەران، هونەرمەندان و نوخبەکانی دیکەی بواری ڕۆشنبیری، کراوەتر و تێکەڵ بە گرنگیپێدان و ڕێزلێگرتنە. لەجێدا کەسایەتیی فەرهەنگی لە پرۆسەی خوێندنەوە و بیرکردنەوە و ڕۆچوون بە نێو فەلسەفەی ژیان و، وەسەریەکنانی ئەزموونی جۆراوجۆر و، کامڵبوون لە باری فکری و تێگەیشتنەوە، لە گەڵ ئەمانەشدا خۆ سەلماندن لە مەیدانی کردەوەدا دروست دەبێ. کاک جەلیلیش لە پرۆسەیەکی لەم چەشنەدا لە کڵ هاتبووە دەر و ببوو بە کەسایەتییەکی فەرهەنگی و بە فەرهەنگ.

### ئاوڕێک لە کارنامەی ڕۆشنبیریی کاک جەلیل گادانی:

#### گرنگیدان بە نووسین و وەرگێڕان

ئەو کتێبانەی کاک جالیل گادانی نووسیونی، وەری گێڕاون یا ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە لە ئامادەکردنیاندا، خۆ لە نزیک ٢٠



سەرچاوە Serchawe

کتێب دەدەن. کاک جەلیل بە ئاگاداری لەو پێوەندییەی نووسین دەتوانێ لە نێوان نووسەر و بەردەنگدا دروستی بکا، هەروەها بە تێگەیشتن لە ڕۆڵی نووسین لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئازادیخوازی و نیشتمانپەروەری لەنێو خەڵکدا، هەر لە بەندیخانەوە گرنگی بە فێربوونی زمانی بێگانە و وەرگێڕان دەدا. بە وەرگێڕان دێتە نێو دنیای نووسین و نووسەری. ئەو بەرهەمانەی وەری گێڕاون، لە ڕاستای باوەڕی پێشکەوتووانە و ئازادیخوازیی خۆی و، دژایەتی لەگەڵ ستەم و دواکەوتوویی و نابەرابەری دان.

نووسینەکانی کاک جەلیل، دەتوانین بکەین بە دوو بەش: یەکەم، ئەوانەی وەک وتار لە چاپەمەنیی حیزبیدا بڵاوی کردوونەوە کە زیاتر دەچنە خانەی شیکردنەوە و بەرگری لە سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب، یا ڕوانگە و بۆچوونەکانی خۆی لە پێوەندی لە گەڵ ئەو سیاسەت و هەڵوێستانەدا بوون. دووهەم، ئەو نووسینانەی وەک کتێب بڵاوی کردوونەوە کە لە نێوان مێژوو و بیرەوەری دان. گادانی لە کتێبەکانیدا، تێکۆشاوە بە یارمەتیوەرگرتن لە حافیزەی خۆی و دۆکیۆمێنت، مێژوو یا ڕووداوە مێژووییەکان بگێڕێتەوە. بەشێک لە کتێبەکانی، هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانەی ئەو کتێبانەن کە لە بارەی مێژووی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان نووسراون.

نامەوێ لەم نووسینەدا، بەرگری یا تەنانەت داوەری لەبارەی نێوەرۆکی کتێبەکانی کاک جەلیل بکەم، بەڵام پێم باشە قامک لەسەر ئەو خاڵە بەهێزە دابنێم کە کاک جەلیل، نووسینەوەی بیرەوەری و نووسین لە سەر ڕووداوە مێژووییەکانی هەڵ نەدەگرت بۆ داهاتوو. ئەگەر ڕەخنەی لە کتێبێک و نووسینی کەسێک هەبا، هەتا کەسەکە خۆی لە ژیان دایە، لەسەری دەنووسی. ئەم نووسینانەی کاک جەلیل دەبوونە هۆی ئەوە، کەسەکان- ئەوانەی پێوەندییان بە ڕووداوەکان هەیە- تا لە ژیان دان، قسەی خۆیان بکەن و، ئەگەر زانیارییەکی نەدرکاو و نەگوتراویان هەیە، یا تێبینی و گێڕانەوەیەکی جیاوازیان لایە، بیخەنە ڕوو.

گێڕانەوە و نووسینی کاک جەلیل لە بارەی ڕووداوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان و، ئەو تێکۆشەر و کەسایەتییە کورد و ئێرانییانەی لە بەندیخانە یا ڕەوتی خەبات و تێکۆشاندا ناسیبوونی، یارمەتیدەری توێژەران بووە لە ڕوونکردنەوەی بەشێک لە قوژبن و پەسیوە تاریک و ناڕوونەکانی ئەو مێژووە. بەمەش توانیویەتی خزمەت بە تۆمارکردنی مێژووییەک بکا کە بۆ خۆی تێیدا ژیاوە.

### بایەخدان بە تۆمارکردنی بیرەوەریی پێشمەرگە

"**خاطرات یک پیشمرگ قهرمان**" (**بیرەوەرییەکانی پێشمەرگەیەکی قارەمان**) کە یادداشتەکانی فەرماندەری بە ناوبانگی



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

هێزی پێشمەرگەی دێموکرات شەهید شاپوور فیرووزیی گرتووەتە خۆ، لەوانەیە ئەگەر دوای تیرۆری کاک شاپوور نەکەوتبانە دەست کاک جەلیل گادانی، تێداچووبان. ئەگەر ئەم یادداشتانە فەوتابان، بێگومان دۆکیۆمێنتێکی بەنرخ لە بارەی قارەمانەتییەکانی "هێزی بێستوون" و ڕووداوە سیاسی و نیزامییەکانی ناوچەی کامیاران و دەوروبەر (لە ساڵی ١٣٥٨ تا نێوەڕاستەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی)، لە دەستمان دەچوون. بەڵام کاک جەلیل ئەو یادداشتانەی کە بیرەوەریی ڕۆژانەی ئەو فەرماندە لێهاتوویە بوون، وەک گلێنەی چاوی پاراست و، لە تویێ کتێبێکی دوو بەرگیشدا، چاپ و بڵاوی کردنەوە. ئەم دوو بەرگە هەر ئێستا بە هیممەتی مامۆستا عاشق ئیسماعیلی، خەریکە لە فارسییەوە دەکرێن بە کوردی.

کاک جەلیل، دەیزانی نووسینەوە و تۆمارکردنی بیرەوەریی شەڕ و تێکهەڵچوونە گەورە و حەماسییەکانی هێزی پێشمەرگە، بایەخێکی تایبەتیان هەیە. بۆیە بەردەوام فەرماندەران و پێشمەرگەکانی بەشدار لە شەڕ و تێکهەڵچوونە گرنگەکانی هان دەدا، ئەم جۆرە بیرەوەرییانەی خۆیان بنووسنەوە. بەڵام چونکە دەیدیت هێندێک لەو هاوڕێیانەی توانای نووسین و ئامادەکردنی بیرەوەرییەکانی خۆیان نییە، کارهاسانیی بۆ دەکردن، کەسانێکی دیکەی ڕادەسپارد هاوکارییان بکەن بۆ ئەوەی هەر نەبێ کاکڵەی ڕووداوەکە بێننە سەر کاغەز، دوایە بۆ خۆی پێیاندا دەچووەوە. لە ڕیزی کتێبەکانی کاک جەلیلدا، کتێبێک بە ناوی "کەشکۆڵی پێشمەرگە" هەیە کە کۆکراوەی بیرەوەریی چەندین فەرماندە و پێشمەرگەیە. گومانم نییە ئەگەر مردن، کاک جەلیلی لێ نەستاندبایەن، ئەم پرۆژەیەی درێژە دەدا و، زۆر بیرەوەریی بەنرخی دیکەی پێوەندیدار بە حەماسەکانی پێشمەرگەی لە پەتای فەرامۆشکران و لەبیرچوونەوە، ڕزگار دەکرد.

"چرچەی فەرماندە لە بیرەوەریی هاوڕێیانیدا" کتێبێکە لەبارەی ژیانی کورت بەڵام پڕ لە قارەمانەتیی فەرماندەری شەهید حەمەدەمین بارام میرزا (ناسراو بە چرچە). ئەو کتێبە بیرەوەریی ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوسەنگەران و هاوڕێیانی ئەو فەرماندە شەهیدەی گرتووەتە خۆی. کاک جەلیل دوای دیتنەوە و دەستنیشانکردنی هاوڕێ و هاوسەنگەرانی شەهید "چرچە"، بیرەوەرییەکانی خۆیان لە بارەی ئەو فەرماندەیەی پێ نووسیونەوە و، دوای پێداچوونەوە و ئامادەکردن، کتێبێکی باشی لێ پێک هێناون. ئەم کتێبە، دوایین بەرهەمی چاپکراوە کە بە هاوکاری و زەحمەتی کاک جەلیل هاتبێتە بەرهەم.

### ئەمەگناسی لەئاست کەسایەتی و تێکۆشەرانی قۆناغەکانی پێشووی خەبات

کاک جەلیل، ڕێزێکی تایبەتی بۆ ئەو کەسانە دادەنا کە لە قۆناغ و برگەکانی ڕابردوودا، بەشداری خەبات و تێکۆشانی ئازادیخوازی، نەتەوەیی و حیزبی بوون. بە هەر زەحمەتێک بایە جێگا و شوێنی نیشتەجێ بوونی دەدۆزینەوە و پێوەندیی لە گەڵ دادەمەزراندن. لە هەر دەرفەتێکدا سەردانی دەکردن، چەندی بۆی کرابا، هاوکاریی دەکردن و، لە کاتی گرفتاری و

لێقەوماندا مشووری دەخواردن. ئەوەندەی قسەی ڕۆیشتبا لای دەزگا حیزبی و حکوومەتییەکانی هەرێم، قسەی خێری بۆ دەکردن و، بۆ هاوکاری و ئاگالێبوونیان، هانی دەدان. هاوکات بە بەرپرسان و هاوڕێیانی حیزبیی خۆی دەناساندن کە لە گەڵیان لە پێوەندیدا بن و ڕێزی ئەو خزمەتانەیان بگرن کە ڕۆژگارێک پێشکەشی حیزبی دیموکرات و نەتەوەکەی خۆیان کردووە.

شانبەشانی ئەم جۆرە بەسەرکردنەوانە، هاوڕێیانی بەشی ئەرشیف و ڕاگەیاندنی حیزبی هان دەدا بچنە دیداری کەسایەتی و تێکۆشەرانی لەو چەشنە بۆ ئەوەی بیرەوەرییەکان و زانیارییەکانی ئەوان لەبارەی ڕووداوەکانی سەردەمانی پێشوو تۆمار بکەن و، بەم جۆرە لە فەوتان و لەبیرچوونە، بیانپارێزن.

### هاندان بۆ خوێندن و خۆ پێگەیاندن و، ڕێزگرتن لە قوتابیان و خوێندکارانی سەرکەوتوو

کاک جەلیل بە هۆی گیران لەسەر کاری سیاسی و مانەوە لە بەندیخانە، هەر لە قۆناغی ناوەندیی خوێندنەوە لە دەرس خوێندن بە شێوەی ئاسایی و چوونە قوتابخانە بێبەش بوو، بەڵام لە بەندیخانەش دەرفەتی بۆ خۆپێگەیاندن لەکیس نەدابوو. بە شێوەی دووراودوو (مکاتبەای) دەرسی خوێندبوو، لە تاقیکردنەوەکان سەرکەوتبوو. جگە لە وەرگرتنی دیپلۆم، توانیبووی لیسانسی زمانی فەرانسە وەربگرێ و، هەر لە بەندیخانە چەند کتێبی لە فەرانسەییەوە وەرگێڕابووە سەر زمانی فارسی. ئەم ئەزموونەی خۆی پاڵپشت بوو بۆ هاندانی هاوڕێ و هاوسەنگەرانی، هەروەها هاندانی کچان و کوڕانی بنەماڵە حیزبییەکان کە لە خوێندن و خۆپێگەیاندن لە هەر هەلومەرجێکدا، غافڵ نەبن.

لە ژیانی سیاسی و خەباتگێڕانە و لە کارنامەی بەرپرسایەتییە حیزبییەکانی کاک جەلیلدا، بایەخدان بە قوتابخانە، خوێندن و پەروەردە، کتێبخانە و خوێندنەوە، چ لە ناوچە ئازادەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، چ لەنێو کەمپ و بنکە حیزبییەکان، جێگەیەکی تایبەتی هەبوو. گرنگیی بە داواکاری و چاوەڕوانییەکانی بەرپرسانی ئەو بەشە و مامۆستایان دەدا، لە سەردانی خوێندنگەکان غافڵ نەبوو. ئەو قوتابی و خوێندکارانەی سەرکەوتووانە پلەکانی خوێندنیان بڕیبوو، بە سەری دەکردنەوە. زۆر جار لە گیرفانی خۆی دیارییەکی سەمبولیکی بۆ دەکڕین. لەم یا ئەو شار و ئیدارە و بنکەی ڕۆشنبیری، ئەگەر کۆمەڵە کتێب یا گۆڤارێکی بەکەڵکی دەست کەوتبا، لە گەڵ خۆی دەیهێنانەوە و، وەک خەڵات پێشکەشی ئەو منداڵانەی دەکرد کە زیرەک بوون.

چەندین جار ئاگادار بووم بە پۆل ئەو قوتابی و خوێندکارانەی ئاستێکی خوێندنیان بە باشی بڕیبوو، لە ماڵی خۆی

## بۆ یادی ٥ ساڵە

بانگهێشتی دەکردن و جێژنی بۆ دەگرتن. لە پەرەپێدەرانی کولتووری کتێب خوێندنەوە و کتێب پاراستن بوو. لەو پێوەندییانەی لە گەڵ یەکیەتیی نووسەران و هێندێک ناوەندی ڕۆشبیری و دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی هەیبوو، بۆ ئەستاندنی کتێب سوودی وەردەگرت. ئەو کتێبانەی پەیدای دەکردن بە سەر بنکە حیزبییەکاندا بڵاوی دەکردنەوە و، بەم جۆرە کتێب و چاپکراوی نوێی دەگەیاندە دەستیان.

دیاربوون لەنێو کۆڕ و چالاکیی ڕۆشنبیریی نێو حیزب و شارەکانی کوردستان یەکێک لە پێوەرەکانی ڕۆشنبیربوونی کاک جەلیل و ڕەهەندی ڕۆشنبیریی ژیانی ئەو، گرنگیدانی بوو بە بەشداریی چالاکانە لە کۆڕ و کۆبوونەوە و چالاکیی کولتووری و ڕۆشنبیری لەنێو حیزب و لە دەرەوەی حیزبدا. مەبەستم لە بەشداریی چالاکانە، هەسجۆراوجۆریی ئەو چالاکیانەیە کە تێیاندا ئامادە دەبوو، هەم ئەکتیڤبوونی بوو لەنێو کۆڕ و چالاکییەکاندا. ئەو، لە دەرفەتی گونجاودا بە تایبەتی ئەو کاتەی دەرفەت دەدرا بە بەشداران، سەرنج و تێبینییەکانی خۆی لە سەر ئەو باسانەی پێشکەش دەکران، ئەو بەرنامانەی پێشان دەدران و بەڕێوە دەچوون، دەخستە ڕوو. کەم پێشانگەی کتێب، کۆڕی شێعر، سمینار و فستیڤاڵی ڕۆشنبیری، یادکردنەوەی نووسەران و هونەرمەندان هەبووە لە نێو حیزب یا لە شارەکانی هەرێمی کوردستان پێک هاتبن و کاک جەلیل بانگهێشت کرابێ و، نەچووبێ.

دیارە ئەگەر چالاکی و بەرنامەکان پێوەندییان بە ژنان و منداڵانەوە هەبا، کاک جەلیل پتر خۆی بە ئەرکدار دەزانی کە تێیاندا بەشدار بێ. ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ڕوانینی ئەو کەسایەتییە لە بارەی منداڵان و ژنان و، ئەرکی کەسایەتییە دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکان لە پشتیوانیکردنی ئەو دوو توێژەدا.

ڕوویەکی گەشی دیکەی بەشداریی کاک جەلیل لەو جۆرە چالاکی و بەرنامانەدا، ڕێزلێگرتن و هاندانی ڕێکخەرانی بەرنامەکان، کۆڕگێڕان و خاوەن بەهرەکان بوو. کاک جەلیل ڕێزی لێ دەگرتن، دڵگەرمی دەکردن و وای دەکرد هەست بە گرنگیی کار و زەحمەتەکەی خۆیان بکەن و، لەو بوارەدا بەردەوام بن.

### دوا قسە

وەک لە سەرەتاوە ئاماژەم پێ کرد باسکردن لە هەموو ڕەهەندەکانی تێکۆشان و کەسایەتیی کاک جەلیل گادانی و تایبەتمەندییە بەرزەکانی، لە وتارێکدا ناگونجێ و کتێبێک هەڵ دەگرێ. تەنانەت بە تێر و تەسەلی نووسین لەسەر تەنیا ڕەهەندێک لە ژیان و خەباتی ئەویش - ڕەهەندی ڕۆشنبیری، کە لەم نووسینەدا مەبەست بوو - چەندین لاپەڕەی دیکەی پێویستە.



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

گرنگ ئەوەیە ڕەوشتە جوان و تایبەتمەندییە بەرزەکانی ئەم سەرکردە بە فەرهەنگە و، ئەم خەباتکارە ماندوویینەناسە، هەموو کات لە بەرچاومان بێ، لێیان فێر بین و، بیانکەین بە ڕێنوێنی ژیانی سیاسی و خەباتکارانەی خۆمان و، بەم جۆرە یادی کاک جەلیل گادانیی خۆشەویست هەمیشە بە بەرزی ڕابگرین.

**سڵاو لە یادی و، ڕەوانی شاد.**

٭ ئەو قسانە لە کۆڕیادی ڕێزگرتن لە کەسایەتیی کاک جەلیل گادانی کە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکانی کۆیە پێکیهێنابوو کراون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی مارچی ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

**بۆ یادی ٥ ساڵە**

# جەلیل گادانی رۆڵەی کۆماری کوردستان




**رەهبەر سەیدبرایم**

مرۆڤ هەر کاتێ بریاری ئازادی بدات ئازادە، نابێ و ناکرێ نیە لە فەرهەنگی خەڵکی بە ئیرادە، روخساری مرۆڤ کتێبێکە دەخوێندرێتەوە، مردن تاقی ناکرێتەوە، یەکجارە دەبڕێتەوە، جەستە دەڕزێ و رۆحی نەمر و ناو دەمینێتەوە، ژیان ئاوێتەی خەندە و فرمێسکە، دیلییەتی زەبوونی و ژانی سەرهێسکە، ئەوانەی بە نابینایی لە دایک دەبن لە تاریکی ناگەن چونکە رووناکی نابینن، ئەو باڵندانەی لە قەفەز تروکابن وا دەزانن تاوانە لە قەفەز دەرچوون و بەرەو ئاسمان هەڵفڕین، بەهێزترین چەکی مرۆڤ هێمنی و خۆڕاگرییە، مەرجی سەرکەوتن گەشبینی و ئازایەتی و بەرگرییە، بەرەوبەرزایی هەڵکشان بۆ گەیشتن بە مانگ، گەر رێگاش هەڵە بکەی خۆ لەگەڵ ئەستێران دەبیە هاوشان و ئەستێرەیەکی بەناوبانگ، سیاسەت هونەری کاردکردنە لە سنووری تواناادا، پێشبینیکردن و روانین بەرەو ئاسۆ کلیلی سەرکەوتنە بە ویست و ئیرادە، گەنجیەتی قۆناغە کە رۆیی ناگەڕێتەوە، تەمەن مۆمە دادەگرسێ و دەتوێتەوە، لە هەموو ئایین و یاساکاندا پشوودان هەیە، بەڵام لە خەبات و بەرخودان، تا دوا هەناسەیە بێکوڵدان، تێیدا نیە پشوودان، نموونە وەک جەلیل گادانی، لە رێگا و مەیدانی، سیاسەت و کوردایەتی، خەبات و پێشمەرگایەتی، ٧١ ساڵ خەبات، بێ بڕانەوە و پڕ بەسەرهات، هەڵدەکەوێ بە دەگمەن:

**خۆزگە ئەندازەی ژیان و تەمەن**
**تێکۆشان بووایە بۆ خاکی وەتەن**
**ئاخۆ تەمەنی کام دڵسۆزی کورد**

## بۆ یادی ٥ ساڵە

### لە چوار پێنج ساڵێ تێپەڕی دەکرد

**خەبات و کوردایەتی بە هەموو کەس ناکرێ، مەرد و جوامێری دەوێ خۆی بۆ ڕاگرێ، خانەوادەی گادانی، دیارن بە خەبات و خانەدانی، لە زەمانی (ژێ کاف و کۆمار) کوردایەتییان تاپۆ کردووە بە تۆمار.**

لە گەڕەکی (قوولە قەبران) لە سابڵاغ، لە خانەوادەی گادانی لەو وەجاغ، لە ١٢ - ١٢ - ١٣١٢ی هەتاوی، جەلیل گادانی هەڵیهێنا چاوی، لە مەهاباد لە پایتەختی کۆماری کوردستان، جەلیل گادانی شاگرد بوو لە دەبوستان و دەبیرستان، ماڵی خۆیان کردبووە خوێندنگەی(گەلاوێژ)، ئەوێ ڕۆژێ مامۆستا محەمەد تەوفیق (وردی) لەوێ مامۆستا و وانەبێژ بوو، وانەی سروودی (ئەی شەهیدان) و (ئەی لاوەکان) و (ئەی ڕەقیب)ی دەوتەوە، بە گیانی شۆڕشگێڕانەی نەسرەوتەوە، جەلیل گادانی بەو سروودانە گۆشکرا، لە ژێر ئاڵا و کوورەی کۆمار جۆشدرا، کە ئاڵای پیرۆزی کۆمار هەڵکرا، ئەو لەوێ بوو لە مەیدانی چوارچرا، جۆش و خرۆش و ڕێوڕەسمی ئاڵای دەگێڕایەوە، کە لە خۆشی و حەماسەت (عوسمان دانش) بوورایەوە، وەخت بوو لە سەربان بکەوێتە خوار، لە خۆشیی هەڵکردنی ئاڵای کۆمار، پاش نەمانی کۆماری کوردستان، زیاتر درێژەی بە خەبات دا بێ وەستان، بڕیاری مەزن لە دڵەوە دەدرێ، بە خەونی گەورەوە کەوتە ڕێ.

**کاروانی ئێمە کەوتۆتە ڕێگا**
**بە ئامانجی کورد هەر دەبێ بگا**

جەلیل گادانی، ٥ جار گیرا و ١٣ ساڵ زیندانی، ترسی لە شکست نەبوو، لە سەختیی خەبات نەدەلەرزی و نەدەبەزی، بەڵام بە کارەسات و شەهیدبوونی هاوڕێکانی دڵی دەتەزی، نە دەترسا و دەینووسی و دەیپرسی، باکی نەبوو بە کوێرەوەری و زیندان و مەترسی، بە درێژایی ژیانی لە سەر کۆمەڵەی ژێ کاف و کۆمار و حزبی دیموکراتی دەکردەوە، هەڵە و تێگەیشتنەکانی بە بەڵگەوە، بەرەو ڕاستی دەبردەوە، خۆی شاهیدی حاڵ بوو، ڕووداوەکانی لە هزر و خەیاڵ بوو، پەڕەی کتێبەکان وەک کۆتری سپی هەڵدەفڕین، بابەتەکانی چڕوپڕ و بەڕاستی دەریدەبڕین، باخچەکەی گوڵڕێژ بوو ڕۆحی دەڕازاندەوە، چاوەڕێی گوڵ نەبوو بۆی بێ، گوڵی دەنارد و دەیڕواندەوە، وشەکان وەک گوڵی جوان ڕەنگی هەبوو، بۆن و تام و ئاورینگی هەبوو، لە کۆڕ و بۆنە و بەزمدا هاوڕێیەتیی خۆش بوو کۆمەڵایەتی، بە زۆر بوار و بۆنە رادەگەیشت لە رووی ئاشنایەتی و دۆستایەتی، گەرچی بە دەم ڕێگاوە درک لە پێی چەقیبوو، بەڵام گوڵچن بوو گوڵ و جوانی و عەشق و زەوقی بوو، بیری جوان بوو، جیهانی بە جوانی دەبینی، کەسی پێ ناشیرین نەبوو گوڵی دەبینی بە گەشبینی، لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمیناری دەڤەری کۆیە ئامادەگی بوو، چونکە لە سیاسەت و ڕۆشنبیری و هونەر و ئەدەب باکگڕاوەند و ڕەگی هەبوو، میرزای حزب و پیری دیموکرات، کە دەهاتن بە جووتە وەکو تەیری موکریانێ، لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان ڕێزیان

## بۆ یادی ٥ ساڵە

دەباراند وەک هاتبنە خوار لە ئاسمانێ، لە وەختی خۆی لایان نەدەدا مووێ، لە دانیشتن گوێڕایەڵ بوون هەموو گیانیان دەبوو بە گوێ.

داری دارەبەن لە ماهی دەڕوێ
کێوی و پڵنگ و کەوی دێنە سوێ
کوردێ خاکی خۆی بە دڵ خۆش بوێ
لەم کوردستانە ئەبەد نابێ جوێ

تایبەت و جیاواز، ڕێزدار بە شێواز، بێ فێڵ و ڕاستگۆ و سادە، بێ وێنە بوو (حەبیب زادە)، خۆماڵی و خاکی، رابردوو و پاکی، ڕێگای ڕووناکی، قوتابخانە و وەرام و وانەن، گادانی و حزبی دیموکرات دوانەن، خاوەنی ٢٢ کتێبی چاپکراوە، میراتی دەستنووسیشی ماوە، سەرکردە و سیاسەتوان، نووسەر و ورگێڕ و ڕۆژنامەوان، شارەزا و لێزان، خانەدان و زمانزان، ماڵەکەی ببووە (پەنای بێ پەنایان) (ئەنوای بێ ئەنوایان) ماڵی بابی کە کرا بە خوێندنگەی گەولاوێژ بۆ خوێندنی کوردزمانی، دواتر ئەو خانووە بووە ماڵی ژەنەڕاڵ مەلا مستەفا بارزانی! بەڕاستی و ویژدان، نموونەن لە خانەی مەردان، جەلیل گادانی، هێمای کوردانی، بە دابی کوردەواری و نەریتی شۆرشگێرانە و بە دەستوور، بە سەرنج و وردبین و پڕ زانیاری و ئەزموون پشت ئەستوور، پێش ئەوەی وتەبێژێکی ڕەوانبێژ بیت، پێویستە گوێگرێکی بەڕاوێژ بیت، گوێگرتن هونەرە، بێ دەنگی گەوهەرە، وتە زیوە، خوێندنەوە و نووسین سەلیقە و وەختە، وشە زیاتر لە ئاگر دەتسووتێنێ زمانی تیژ و برندە برینی سەختە، دەربڕینی بیر و ڕا ئازادە بەڵام ڕاستی پیرۆزە، کتێبی (ڕاستی ڕووداوەکان) وەک دەرکەوتنی تیشکی ڕۆژە، وەکوو کانی روون و ڕەوان، وەکوو هەتاو بۆ هەمووان میهرەبان، وەکوو زەوی بەپیت و فراوان، وەک بارینی بەفر بە ڕەنگی زیوین نووسینەکانی دادەپۆشت، دیمەنی جوانی دەبەخشی و بە وردەکاری و زانیاری پڕ برشت!! لە کەشکۆڵی پێشمەرگەوە، ڕووداوەکان دەردەخا بە بەڵگەوە، لایەنێکی شاراوەی شۆرشی هەژدە مانگەی ٤٦ - ٤٧ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات! لاپەڕێکی زێڕینی مێژووی حیزبی دیموکرات، بە گەشی دەردەخات! نووسیویەتی لە مێژووی ئەو جووڵانەوەیە (شەڕی سپیسەنگ) دەبێتە یەکەم داستان و جەنگ! شەڕەکانی (خاڵەباد و بەندەنی زمزیران و شەڕی شەڵماش و پەلاماردانی پاسگایەکی ژاندارمەری، لە شاری بۆکان و لاجان و پیران، سەرشیوی ئاغەلان و مەنگوڕایەتی، ئەو داستان و شەڕانە لە زەمانی شای ئێران پڕە لە مەردایەتی و قارەمانیەتی، بە خوێنی شەهیدانی مراد شیرێژ و سمایل شەریفزادە و نحۆی شکاک و مەلا سمایلی حەفید، لەگەڵ ژمارەیەک لە بژاردەی کادر و پێشمەرگەی شەهید، لە کتێبی (با نەبێتە درۆی پاش مردوو) هەندێ ڕاستیی مێژوویی دەخاتە روو بە شانازی، لەسەر ڕێبازی، پێشەوا قازی، لە دەورانی کۆمار خودی (پێشەوا) چاویلکەکە و مەدالیایەکی گچکەی ئاڵای کوردستانی پێبەخشیبوو، بۆ ئەو گەورەترین شانازی و مایەی خۆشی بوو، لە

## بۆ یادی ٥ ساڵە

زەمانی کۆمار دەستە جلوبەرگی یەکڕەنگ دابین کرابوو بۆ هەموو خوێندکاران، تاکوو جیاوازی نەبێ لەنێوان دەوڵەمەند و هەژاران، جەلیل گادانی، مۆم و چرادانی، لە کۆماری کوردستان و کوردایەتی سەرمەشقی خەبات بوو، پاک و پێداگر، مەرد و خۆڕاگر، پیری دیموکرات بوو، لە ڕێزلێنانی (٦٥) ساڵەی خەباتی لە تەمەنی ٨٠ ساڵی، بەرەو لوتکەیان برد، ئاسوودەیان کرد، بەرزیان ڕاگرت بە خۆشحاڵی، لە ژیانی دوو فریشتەی مەلی بەهەشت لەسەرشانی بوون، ئەسمەر خانم و ئامینە خانم هێز و پشتیوانی بوون، لە خەباتی بێوچانی، نهێنیی شار و ژیانی شاخ و زیندانی، و دەربەدەری و قوڕبەسەری، لە پەنای بوون، هەقە هەڵبکێشرێن بە زێڕ و گەوهەری.

**زمان شیرین و کەم دوو، لە خەبات نەدەبوو ماندوو، قسەخۆش و بە ئەزموون، هزربەهێز و مێشکڕوون، تا بۆی کرابایە نەیدەهێشت مێژوو بە چەواشەیی بکرێ تۆمار، دەکەوتە ڕوونکردنەوە لەسەر کۆمەڵەی ژێ کاف و حزبی دیموکرات و کۆمار.**

**دەنگ خۆش دەیخوێند وەک بولبولێ، لەسەر ئاواز و شێوازی مامڵێ، مەقامی (وەتەن لەسەر کوڵمی گوڵانت، شەو تا سەحەر دەدوێ جێگای خوێنی شەهیدانت).**

مرۆڤی بێ هیوا جەستەی بێ گیانە، هەمیشە گەشبین، ڕەشبین نەبوو لە ژیانا، ئەو تەمی نائومێدیی ڕەواندبوو، بە دڵنیایی هیوای نەدۆڕاندبوو، قۆناغی ترسی تێپەڕاندبوو، چونکە ڕۆڵەی ئالا و کۆماری کوردستان بوو، ئاسۆی خەون و خەیاڵی گەش و فراوان بوو، نا تەبایی و ناکۆکی ریزەکانی کوردی لەسەر دڵ ببووە ئاخ و داخێ، رای وا بوو ڕژێمی ئێرانیش بڕووخێ بە یەکگرتوویی نەبێ ناگەڕێتەوە ڕۆژهەڵات و وڵات و سابڵاغێ، دەیگوت بە تەمەنی خۆم نەخۆشی وەک ( کۆڕۆنا)م نەدیوە، ئەرز و ئاسمان جووڵەی وەستاوە جیهان لەبەری تۆقیوە، سەرئەنجام بە پەتای (کۆڕۆنا) کۆچی دوایی کرد، بۆ کورد ژیا و بۆ کورد مرد.

**بە تەمەنی ٨٧ ساڵی ڕۆیی بە ئەبەدی، بەس کەس گادانی بە پیری نەدی، لە ١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩ی هەتاوی گیان و ناوی نەمری بۆ مێژوو نێردرا، لە گۆڕستانی شەهیدانی حزبی دیموکرات لە شاری کۆیە بە خاک سپێردرا شیعرێکی خەیام، کە بۆتە پەیام، لە دێرێکی پڕ هەستا:**

**مردن چییە کەس تێنەگەیی تاوێستا**
**تەورات و زەبوور تا دەگەیە ئاوێستا**

## بۆ یادی ٥ ساڵە

هەی لەوێ خەمێ، لەوێ خەبەرێ، ئاگرن قەڵەمێ دەگەڵ دەفتەرێ، لە پاش مەرگی گادانی ئەو رۆحەت لە بۆ نایەتەوە دەرێ! بە ئەدەبیاتی زارەکیی کۆیە و موکریانێ، بۆ خۆشەویستی و رێز و سۆز دوور لە گریانێ، دڵ توند دەدا مۆنجان، خێوەتان هەڵدەن لە زەوییە سپی و قەڵای هەرمۆتە و کەونەلاجان، راو و قسەکانی خەبات و ئەزموونی هەڵکێشن لە گەوهەر و مەرجان!

ئەمن چ کێوم نەدیون لە قەندیل بڵندتر
چ دەشتیشم نەدیون لەدەشتی لاجان پانتر
چ تێکۆشەریشم نەدیون لە گادانی خەبات جوانتر
خەڵکەکەی کۆیە خۆت و خواتان!
گۆڕی گادانی کەوتۆتە لاتان!
قەدری واجبە لەسەر هەمووتان!
جەلیل گادانی
لەناو دڵ ویژدانی
نەمر و جاویدانی

سەرچاوەکان:

١- ڕاستیی ڕووداوەکان (جەلیل گادانی)
٢- لە کەشکۆڵی پێشمەرگە (جەلیل گادانی)
٣- رێزلێنان لە ٦٥ ساڵەی جەلیل گادانی
٤- پیری دیموکرات
٥- (دیوانی کامەران موکری)
٦- ئاسۆی چل چیا - (عوسمان پشکۆ)
٧- ئەدبیاتی زارەکی موکریان (سەلاح پایانیانی)
٨- با نەبێتە درۆی پاش مردوو (جەلیل گادانی)

تێبینی:

## بۆ یادی ٥ ساڵە

**میرزای حزب: مەبەست مامۆستا (عەبدوڵڵا حەسەنزادە)یە**

**حەبیب زادە: ناوی خوازراوەی (جەلیل گادانی بووە)**



سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٣ی فێبریوێری ٢٠١٢

# بۆ یادگارەکەی کۆمار




**کوێستان عومەرزادە**

خەمی ئاوابونی ڕۆژ چەندە گرانە بەسەر توێی نیشتمانەوە

لەچی بدوێم، بەکام وشە، بە زامی کام گۆرانی، بە سروەی چ بایەکی نەرم نەرم بێم و دڵۆپێ لە تەمەنی ڕووناکیت بخەمە سەر خامەی سڕم،

لە هەر گەڕەک و شارێک، لەبن پەنجەرەی هەر ماڵێک ناڵەی ژانی بێتۆیی بەژنی گرتوە و یەک بە یەکی دڵی زامدارانی نیشتمانی سڕ کردوە،

ئاخر مامە ئەم کۆچ و هەوار تێکنانە کوا لە شان و قەڵافەتی تۆی فریشەئاسا جێی دەبێتەوە، تۆ خۆت ڕەمزی هەر مان و نەسرەوتن بووی، پشوو درێژی و ئیرادەی پڕ نەسرەوتن لە تۆدا بەژنی گرتبوو، تۆ ئیلهامی باوەڕ و بەژنی هەرمانی ئازادی بووی. تۆ بووی یەک بە یەکی جوانییەکانی ژیانت لەنێو بەرگی پیرۆزی پێشمەرگەدا هەڵگرتبوو، تۆ بڵێ کام وشە لە ئاست ناوت، لەبەردەم تەمەنی زێرین و پڕ نوورتا شەرم نەی گرێ و بێتە دوان.

## بۆ یادی ٥ ساڵە

لە مێژوویی عومری تۆدا ڕەنجی وڵات، خەباتی شاخ، ملوانکەی ئالتونیا کردە مل، تۆی سەرمایەی بست بە بستی نیشتمانی. تۆ پێم نالێی، نالەی قەندیل، زامی هەڵگورد، ژانی ئەم زێدە مەزنە، ڕەمزی کۆمار دەخەیتە سەر شانی کام قەسیدە، بۆ کوێ هەوارت چۆڵ دەکەی؟

نەرمە هەنگاو و باوەڕت لەکویی ئەم مێژوە لەنگەر دەگرێ، تۆ باوەڕت بە وەستان و هێزی ماندووبون نەبوو، لەژێر ناوی تۆدا دەسنوێژی باوەڕمان هەڵدەگرت، پیرۆزیی تۆ لە سورەتە پیرۆزەکانی ئاسمان کەمتر نەبوو بۆ هەموومان، تۆ هەریەکی و نابی بە دوو، تۆ گلێنەی کۆمار و بەژنی بەرزی دێموکراتی. تۆ مامی هەموو کوردان، پشت و پەنای خۆرهەڵاتی، خۆت دەتزانی هێز و باوەڕی تۆ شکۆفەی دەخستە چاوی شەو و وتە و کردارت، گفتی شیرین مایەی فەخر و شانازی بوون بۆ لاوانت.

بۆکوێ دەچی بگەڕێوە با نیشتمان بێناز نەبێ، ئەم سپێدە چاو بکەرەوە بست بە بستی ئەم وڵاتە چاوەڕێی هاتنی تۆن، چاویان بڕیوەتە ڕووناکی!

ئای مامە هەر هەموومان لەم سپێدە شووم و غەریبەدا چاوەڕێی شنەی با بکەوێتە سەر تویی ژیان و سەر لە نوێ ئەم سەحەرە پڕ بێتەوە لە تریفەی ئومێد و دیداری ڕۆژ.

نە تەنیا من، هەموو زێد برینی سەرتوێ نیشتمان، قەسیدە تەواو نەکراوەکانی مێژوو، بەژنی ئازادی، قەڵافەتی پڕ لە هیوای دێموکراسی چاوەێی گەڕانەوەی هەناسە گەرمەکانت بووین.

ئای شەشی مانگ چ مۆتەکەیەکی پڕ غەزەب و چ وێرانییەکی ژیان و پێکەنین هێنا.

تۆ لەو خەیاڵە بەرز و بەژن درێژانە بووی لەگەڵ چرۆی کۆماردا ئازادیت کردە ئامانج و زێد و ئاڵا و باوەڕی پڕ لە ئیمان و نەسرەوتنت کردە سەرمای ژیان.

مامە گیان لە تۆدا درەوشانەوەی ئازادی و قەڵافەتی پڕ لە هیوای دێموکراسیم دەهۆندەوە،

لە وتە و گفتی شیرینت ئومێدی پڕ حەسانەوەی نیشتمانم دەخوێندەوە، کۆچت تەمە و ماتەمی بار و قورس وگرانی خستە



سەرچاوە Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

سەر دڵی نیشتیمان، کۆچت هێندە بێ مراد و بە بێدەنگی، بەبێ نازی، بێ هەنیسک و شین و گریان خرایتە نێو تابوتی مەرگ و لە گۆڕستان بە ڕەنگێکی چەندە غەریب لەبەر چاوان ون کرای.

تۆ مامۆستا و تۆ ڕیبەر و تۆ بێشکەی حەسانەوەی ئازادی بووی. تۆ تاجی سەر و یادگاری پڕ لە حەسرەتی کۆمار بووی.

تۆ دەزانی و باوەڕ دەکەی گەر گلێنەی چاویشم بای هەر هێندە خۆشم دەویست، تۆ هەر یەکی و نابی بە دووان.

سەرچاوە: ماڵپەری حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٨ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

**بەشێک لە لێدوان و هاودڵی و هاوخەمی هاوڕێ و دۆستان لە ماڵپەڕو تۆڕە کۆمەڵایەکان:**

---

## یادێک لە شاد ڕەوان کاک جەلیلی گادانی و خەڵکی بوونەکەی.




**مەلا ڕەسوڵ پێشنماز**

ئەمن لە ژیانی سیاسیداو لە ماوەی ئەو ٦٠ ساڵەی کە سەروکارم لەگەڵ بەشی زۆری ئینسانە ناودارەکانی سیاسی کورد بوە، بە چەپ وڕاست و ناسیونالستەکانەوە، نەقلی سەر زاری زۆربەی هەرە زۆریان بەکارهێنانی کەلیمەی دیموکراسی یا دیموکرات بوون بوە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ دە مەیدانی عەمەلدا زۆرتر پێچەوانەکەم بەرچاو کەوتوە ڕەنگە لەپێش هەمویانەوە خۆم بگرێتەوە تا سەردەمانێکی دوورو درێژ، بەڵام هێندێک کەسانی وەک کاک جەلیلی گادانیشم دیوە کە دەقالبی عەمەلیش دا تا سەر ئێسقان باوەڕی بە دێموکراسی بوون بوبێ، لەو بارەیەوە تەنیا یەک نمونە دێنمەوە ئەویش کاتێک ئێمە لە ساڵی ١٩٧٩ی.ز کە لەمەیدانی عەمەل دابووین ودوای ئەوەی کە وتووێژەکەمان لەگەڵ جمهوری پەتوو سێدارە تێکچوو لە هەموو لارا شالاویان بۆ هێنایین. حیزب دەفتەری سیاسی کردە دوو بەش بەشی یەکەم بەسەر پەرستی کاک جەلیلی گادانی لە گوندی بێ هەنگوینی ناو مەنگوڕان بوو بەشی دوهەمیش بە سەر پەرستی شەهید دکتور قاسملوو لە ئاشی پشکاوێ و پاشان لە ئالان بوون. لە زارکی ئەو جێگایەی مەکتەبی سیاسی لێ بوو موچەی کابرایەکی گوندی بوو

## بۆ یادی ٥ ساڵە

هێنــدێک دەغڵــوو دانــی لــێ داچانــدبوو، ئەوانەی کە میــوان دەبــوون و وڵاغیــان پێبــان لەڕاســتی مەزرای ئەو پیــاوە دەیانبەستنەوە، زۆر جار وا دەبوو درێژیان دەبەستنەوە یا بەر دەبوون دەچونە دە ڕەپستەی کابرای، کاک جەلیلیش ئەسپێکی هەبوو زۆریش دەگەڕا ڕۆژێک لەو شوێنە خەریکی بەستنەوەی ئەسپەکەی دەبێ، کـابراش لەدووڕا دەیکـا بە هەراو جنێودان و هەرچی بەسەر زاری دادێ، کاک جەلیلیش دەڵێ کـاکە بـۆ جنێوان دەدەی خۆ لەزۆر دوورم بەستۆتەوە، فایـدەی نـابێ کـابرا جنێوی خۆی هەر دەدا، ئاخرەکەی بەکابرا دەڵێ ئەگەر چیدیکە جنێوان بدەی شکایەتت لێ دەکەم لەلای حیزب.

پاشان کاک جەلیل شکایەت لە کـابرا دەکـاو پـاش چەنـد ڕۆژ کـابرا بانـگ دەکرێ بـۆ لێکۆڵینەوە، کاتێک دەست دەکەن بە قسان و کاک جەلیل شکایەتی خۆی دەست پـێ دەکـا دە نێوان قسـاندا چەنـد جارێـک نـاوی کـاک جەلیـل دێتە بەر بـاس و کابراش بیستویەتی کە کاک جەلیل بەرپرسی یەکەمە بەڵام نەدیتویەتی لە نزیکەوە نە ناسیویەتی، وردە وردە هەست دەکـا دەبێ ئەو کەسەی ئەو هەموو جنێوەی پێداوە ئەو کاک جەلیل بێ کە بەرپرسی دەفتەری سیاسیە، زۆر خەجـاڵەت دەبێـتەوە ودەڵێ ئەرێ کاکە ئەوە ئەو پیاوەیە کە بەر پرسی ئێوەیەو من جنێوم پێ داوە؟؟ لە وڵامدا دەڵێن بەڵێ، ئیتر کـابرا دەست دەکـا بە عـوزر هێنـانەوەو داوای عەفـوو لێبـوردویی لە کـاک جەلیـل دەکـا و دەڵـێ ئەمن هەتـا ئێسـتا هیچ حیـزبێکم خـۆش نەویستووە بەڵام مـادام حیزبـی دێموکرات پیـاوی ئـاوا باشی هەیە کە ئەمن ئەو هەمـوو جنێـوەم پێـدا و هیچی نەکوت هەر دەیگوت لای حیزب شکایەتت لێ دەکەم، لێرە بەدوا خۆم بە موخلیس و قەرزداری حیزبی دێموکرات دەزانم. ئەوەی بـۆ منیـان گێـراوە کـاک جەلیـل داوا لە کـابرا دەکـا عەفـوی کـاو بە عـادەتی خـۆی بە ماچـان قەرزداریشـی دەکـاتەوە، جگە لەوەش تـێکەڵاوی کـاک جەلیـل لەگەڵ بەشـی یەکجـار زۆر لە کـۆمەڵانی خەڵـک وای کردبـوو ڕێـزو خۆشەویسـتی زیـاتر بـێ لە هەڤاڵەکانی دەنـاو خەڵکدا، ئەمن بۆخـۆم بە شـاهیدی هەمـوو هەڤاڵەکـانم زیـاد لە پێویست دۆست و ڕەفیـق و بـرادەرم لە هەموو کوردستان دا هەیە بە تـایبەتی لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام سەرەڕای ئەوە من پێم وابـوو لەو بـوارانەدا کاک جەلیل بەسەر هەمومانیەوە هەیە، هەزار حەیف و مخابن کاک جەلیل زوو بەجێی هێشتین و بەر دوام کەلێنی دیـارە وە هەزار درودو ئافەرین بۆ گیانی بەرزە فری.

**ڕێزی تایبەتیم هەیە بۆ تێکڕای بنەماڵەکەیان و هاوخەباتانی.**

**ڕوحی شاد و ئارام بێ و یادی هەرمان بێ.**

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٨ی جوونی ٢٠٢٢

## ماڵئاوا پیری کتێب و کوردایەتی




**عبدالله عمرنژاد**

میوانی کتێبخانە و هاوڕێی لە مێژینە و هەمیشەیی کتێب؛ کۆچی غەریبت، زامەکانی غوربەت و غەریبی قوڵتر کردین، بە دڵی پڕ لە کوڵ و چاوی پڕ لە فرمێسک و زەینی شێواو، لە گەڵ یەکەم هەنگاوی سەفەری غەریبت، غەریبانە غەریبیت دەکەین و بە غایب بونت هەموو کەوتینە گریان، ئەم ڕۆیشتنە یەکجاریە و نەگەڕانەوەت بۆ نێومان چەند بە ئازار دەبێ، کە باسی ڕۆیشتنت کرا دڵ و دەروونی هەموان پڕ بوو لە بێئۆقرەیی و گریان!

ئاخر هەموو چاوەڕێی هاتنەوەت بووین تا لە وانەکانی گوڵستانی کوردایەتیت بە تێڕامان لە جیلوەی جوانییەکانی شۆڕش و کوردایەتی، بەرچاومان ڕوونترکەی، چ قەدەرێکی سەخت و قورسە نەگەڕانەوە و بێ بەشبوون لە وورە و هێز پێبەخشین و ئامۆژگاری و وانەکانت، ئای "مامۆستا جەلیل" مامی دڵسۆزی و شۆڕش و کوردایەتی؛ لەمەو دوا نەدیتنەوە و نەبیستنی هەواڵپرسین و موحیبەتەکانت چەند کارەساتێکی ناخۆشە؛ ئای هەموو جارێ کە دەهاتی چەند بە پەرۆشەوە لە خەمی لێکترازانی ڕیزەکانی بزوتنەوەی سیاسی ڕۆژهەڵات دەدوای، دەزانم جوانمێری و مەزنایەتیەکانت لە ژمار نایەن؛بەڵام میهرەبانی ئەو ڕۆژەم هەرگیز لە یاد ناچێ کە پاش چەند ساڵان (بابم) هاتبوو بۆ سەردانم، ئێمە لە کتێبخانەی دانیشتبووین کە جەنابت هاتی و من بابمم پێ ناساندی، چەند بە گەرموو گوڕی باوەشت پێدا کرد و لە ئامێزت گرت!

ئەو ڕۆژە هەگبەکەت کتێب بوو، دیار بوو زۆر بە پەلە بووی فەرمووت :هاتبووم ئەو کتێبە دابنێم و بڕۆم، مادام بابت

## بۆ یادی ٥ ساڵە

هاتووە کەمێک لە خزمەتی دادەنیشم، کە بابم باسی ڕۆڵ و خۆتەرخان کردنی تەمەنێکی زۆری خۆی بۆ شۆڕش و چەند ساڵ خەبات و پێشمەرگایەتی تا تیرۆر و شەهید بوونی کوڕەکەی کرد بە دەست زۆڵە کوردان و تا ئەو جێیەی کەقسەو وردە گلەییەکانی تەواو بوون و بابم بێدەنگ بوو، جەنابت ورد ورد گوێت بۆ ڕاگرت،کە زانیت ئەوەی لە دڵی دابوو هەڵیڕشت دووبارە بە ڕێز و شکۆوە لەبەری هەستایەوە و دیسان بە باوەشی پڕ لە میهرەبانیت ئامێزت بە باوکمدا کردەوە و بە پرۆشەوە فەرمووتان: سەرباری ئەوهەموو هەوڵ و تەقەلالایەی دوژمن کردی و دەیکا بۆ لە ناوچوونی شۆڕش، بەڵام بە فیداکاری ئەو دایک و باوکانە خەونی گڵاویان قەت نایەتەدی چونکە فیداکاری ئێوەمانان سەرمایەی مەعنەوین بۆ شۆڕش، خەبات و تێکۆشانی بزووتنەوەی سیاسی ڕۆژهەڵات بە پشتیوانی خەڵکەکەی زیندوویە، ئەگەر بزوتنەوەی سیاسی کورد لە چاو گەلانی دیکەی ئێران بەهێزترە، سەبەبەکەی وەرەبەرزی، مشورخۆری و بیرتیژی، لەخۆبردویی و ئیمانی بە هێز و هاندانی دایکان و باوکان بۆ ڕۆڵەکانیان و خۆڕاگری و یارمەتی خەڵک و ئازایەتی لاوەکانیەتی کە تا ئێستاش بەیداخی بزوتنەوەی سیاسی ڕۆژهەڵات هەر وا شەکاوە و بەرزە ...

**مامە!**

پڕ بوونەوەی کەلێنی ئەو سەفەرە غەریبەت چەند زەحمەتە، لەگەڵ یەکەم چرکەی ڕۆیشتنت دڵی هەمووان غەمبار بوو و ئاسمانی هەموو کوردستان بە تایبەت کوردانی ڕۆژهەڵات هەوری ماتەمینی گرت و خەمی سەفەری پیری کوردایەتی، خەندە و خۆشی لە ڕوخساری هەمووان تاراند و فرمێسک لە چاواندا قەتیس مان و ئەوکی هەمووان پڕ بوو لە گریان.

فیراقی سەفەری غەریبت بەتەنێ شۆڕش و کوردایەتی بێ مام نەکرد.

ئیتر پێنووسیش بێ هێزە لە نووسین و بەرگی کتێبەکانیش تۆزی غەریبیان لە سەر دەنیشێ و چیدی دەستی پیری کوردایەتی نایانگاتێ ئەو غەورە ڕامالێ.
لە پاش سەفەری غەریبت هەموومان غەریبانە تێر تێر بۆ هەڵبڕان لە میهرەبانی و دڵسۆزیەکانت دەگرین...
سەفەرت خێر یادگاریەکەی کۆمار و هێمای سەربەخۆیی کوردستان، چەند بە ویقار و شکۆوە لە ژێر سێبەری ئالای کوردستان سەری بەرزت نایەوە؛ پیرۆزت بێ ئەو شکۆ و مەزنایەتییە.

**نزا دەکەم خودای باڵادەست لە گەڵ چاکان و ساڵحان حەشرت کاو بەهەشتت بە قسمەت کات و سەبر و دڵنوایش ببەخشێ بە خزم و کەس و هەموو خەمخۆرانت.**

**(ان شاءالله)**

**٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠**



سەرچاوە Serchawe

## پۆلووی خەمەکان دەگەشێنەوە




ئەحمەد ڕەحمان

ئێرە گڵکۆی شەهیدانی دیموکرات و داوێنی باوجی و هەیبەت سوڵتانە، لەم تەپۆلەکەیەدا دەیان دڵی شەیدای ئازادی لە دوا ترپە کەوتن، ئەم تەپۆلکەیە گوڵخانەیەکە لە هەرە گوڵە نایاب و جوانەکانی ئەم گەردوونە، سەردەمانێ ئێرە چەقڵەستانێک بوو، بەڵام ئێستا باغستانێکە لە کێلی گڵکۆی نەمران!

دەوەرە حاجی قادری کۆیی لە پەڕەمووچی دەست و بیرو هزرتدا وشە بەباڵای مەرگە کوێستانیەکانی گەرمین هەڵبدە، بیانلاوێنەوە لە نێو دێڕی هۆنراوەت دا، ئەوان غەریبن و هەست بە غەریبی دەکەن، خاڵە تایەر تۆفیق چەهچەهەی بوولبوولان و شیرین بەهارەت بوچیە ئیتر، دەوەرە ژێی دەنگت با بۆنی کێلی گڵکۆکانی شەهیدستانی دێموکراتی لێ بێ، دەوەرە مامۆستا سەردار لە ناڵەی فلووتی جارانی تەنیشت فێرگەوە، تێی توڕێنە، ئاوازی غەریبییان بۆ بژەنە و مەهێڵە هەست بە دڵتەنگی بکەن، میوانی ئەم سەردەمە نامۆیە، ئەم جیهانە فانییە، خودان حەوت دەیە لە خەباتە، بیرت نایەتەوە مامە بەدەم لێدانی فلووتەکەتەوە هەوای سامڕەند و کوێستانی نیشتمانی دەکەوتە جەستەوە، خاڵە سێوە هەستە و دەمەو سەحەرە، هەستە تەرمی بێ گیانی مامە گیان لە سەر شانانەو کەژاوەی خەمانی لە دوا دایە...

مامە زۆر غەریبە، کەم کێل هەیە لەم مەزارگەیە دەستی مێهرەبانی مامەگیانی بەسەر دا نەهاتبێ، کەم گۆڕ هەیە مامە

## بۆ یادی ٥ ساڵە

گیان فرمێسکی لە سەر هەڵنەوەراندبێ...

پشووە بایە گەرمەکانی دەم ڕەشەبای دەشتی کۆیە، دە هێور بن ئەمڕۆ تەرمی مامە لە سەر شانانە، با بزەو خەندەکانی بە تینی گڕی ئێوە هەڵنەپرووکێ، دەوەرن شنە بایەکی فینک بن، با خەندەکانی مامەی شەیدانی ژیان هەڵنەوەرن!

باواجی، هەیبەت سوڵتان ئێوە دەمێک ساڵە پرچی چەرمووی خۆتان بۆ کوێستانیەکانی گەرمێن دەڕننەوە، دەمێک ساڵە هەوری ئاوسی فرمێسکتان گل دەدەنەوە، نا هێڵن ڕەو بکەن، بە سەر مەزاری شەهیدانی دێموکراتی دا دەبارێنن، بۆ ئەوەی گوڵی سەر گڵکۆی شەهیدان تینوو نەبن و بژیەنەوە...

گۆڕستانی غەریبی شەهیدان، زۆر ئێواران مامەی هەموومان بە چەپکە گوڵێکەوە دەهات بۆ لاتان، ئاخۆ ئەمجار کێ ئێواران بە کۆڵێ خەمەوە چەپکە گوڵێ بێنێ بۆ سەر گڵکۆی مامە گیانی سۆما و گلێنەی چاوان.

٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠



سەرچاوە Serchawe

## دواهەمین دەردە دڵ




**نیعمەت مەلا**

هەمیشە شەرمم دەکرد بڵێم مامە، ئاخر ئەو زیاتر لە مامم، ئازیزتر لە باوکم بوو. گەورەی کردم و فێری کردم چۆن بژیم. دواهەمین دیدارمان کۆتایی ساڵی ٢٠١٩ و دواهەمین سەفەری بۆ ئوروپا بوو. وتی نیعمەت گیان نیگەران مەبە خەڵک چیان وتووە گوێ مەدەیە، کاری خۆت بکە و سەرت بەرز بێ، چونکوو لای من سەربەرزی. زۆر دڵخۆش بووم.

زستانێ ڕۆژێکیان بۆ هێندێک ڕێنوێنی لە هەڵسوکەوتی مامۆستایانە کاتیم گرت و قسەمان کرد، وتی باشە پێم بڵێ بزانم ئەوانەت بۆ چیە؟ وتم مامە خەریکم زمانی ئاڵمانی فێری ئەو پەنابەرانە دەکەم کە لە کەمپێکی پەنابەران دەژین. زۆر دڵخۆش بوو. وتی چۆنیان فێر دەکەی؟ جارێکیان لە کلاسەکەرا تەلەفونم بۆ کرد، زۆر دڵخۆش بوو کە بینی وەکوو مامۆستای زمانی ئاڵمانی دەرس دڵێمەوە.

دوو حەوتوو لەمەو لەپێش دیسان ئەوجار بۆ هێندێک ڕێنوێنی دیکە کاتم گرت بۆ ئەوەی بزانم ڕای لەسەر وانەتازەکان چیە؟ دیسان زۆری ڕێنوێنی کردم، ئەوجار وتی نیعمەت گیان ئەدی ئەوە چۆن دەتوانم منیش فێر بم و دەرسەکانی دیکەی بخوێنم. وتم مامە گیان من وانەکانت بۆ دەنێرم و لەخزمەتتدام.

## بۆ یادی ٥ ساڵە

ڕۆژانی تایبەت وانەکانم بۆ دەنارد و بەر لەوەی بۆ قوتابییەکانی بنێرم پێشێ بۆ ئەوم بەڕێ دەکرد. زۆر موشتاق بوو. بۆیە هەر دەیوت ئەدی وانەی تازە کوا؟

بۆ زمانی فەڕانسەویش جارێکیان وتی وەرە با پێکەوە فێر بین. چەند دەرسێکمان خوێند و ئەو گەڕاوە کوردستان و منیش هەموو وانەکانم بۆ لە گوشیەکەی دابەزاند. وتی ئەوانە تەواو بن خەریکی زمانی ڕوسی دەبین ئەویش دەبێ مرورێکی بکەمەوە. هەمیشە هاندەرم بوو بۆ فێر بوون و فێر کردنی خەڵکی، هاندەرم بوو کە بەرەو پێش بچم.

بۆ کارێک قەولێکم پێدابوو کەچی جێبەجێ نەبوو. وتی چ نیە تۆ زیرەکی و وشیار دەزانم حەلی دەکەی. کە حەل بوو وتی دوای کرۆنای دێم بۆ سەردانت و پێکەوە قسەی لەسەر دەکەین. وتی دێم و ماڵە تازەکەت دەبینم نیگەران مەبە خۆم لە ڕۆژی بەڵێنیەکەدا هەڵدەپەڕین. وتم مامە بەبێ تۆ شایی ناکەم. وتی کورە دێم زۆریش ڕای مەگرە با کۆن نەبێ. وتم دەبێ لێرە بی. ئەمن بەبێ بابی خۆم هیچ کارێکم بۆ جێبەجێ نابێ.

قەرار بوو دوای کرۆنا کارەکان جێبەجێ بکەن. قەرار بوو هەموو ڕێگەی سەخت ببڕین تاکوو ئەو قسانەی بۆیان ساز کردبوون پاش گوێیان بدەین.

ڕاستە لەنێو حیزب نەمابووم، ڕاستە لێی دوور بووم، ڕاستە بەبێ ئەوەی کەسانێک بیر بکەنەوە و کاتێک زانیم پێیان وتووە کە نیعمەت خاڵی مەنفی لەسەرە، پێی وتبوون ئەو کورە شتی وای لێ ناڵکێتەوە پێی مەڵێن و دوای ماوەیەکی زۆر ڕۆژێکیان شایەتی ماجەراکە بەبێ ئەوەی مامم زانێ هەموو باسەکەی بۆ گێڕامەوە، مامم دیسان هیچی پێ نەوتم و لێی شاردمەوە کە من نارەحەت نەبم.

کاتێک چەند جاران پێوەندیم بە حیزبەوە کرد کە هاوکاری حیزب بم نەک ئەوەی پێویستم بەهێچ بێ هەموو جارێ دەستی ڕەدیان لە سینگی دام بەڵام هەموو جارێ وای قسە دەگەڵ دەکردم کە شەرمم لەخۆم دەکرد بڵێم ئەندام نیم. شەرمم دەکرد بڵێم مامە کارم بە حیزب نیە.

هەمیشە دەیووت ڕابردووی خۆت لەبیر مەکە، بزانە لە کوێڕا هاتووی و بۆ کوێ دەچی.

گەورەترین هاندەری ژیانم بوو، گەورەترین مامۆستای ژیانم بوو، وەکوو باوک قسەی دەگەڵ دەکرم، هەمیشە لە نامە و

**بۆ یادی ٥ ساڵە**

**قسەکاندا دەیوت نیعمەت گیان بێخەبەرم مەکە لە ئەحواڵی خۆت.**

**مامە گیان کوڕە بچووکەکەت لەمڕۆوە بەڵێنت پێ دەدا ئەوە بکا کە بەڵێی پێدابووی. ببێتە ئەو کەسەی زۆرت خولیا هەبوو یەکێ لەنێو کوردانداهەبێ. بەڵێنت پێ دەدەم.**

**لەمڕۆوە ڕەش ناپۆشم، ناگریم و نارەحەت نابم، ماڵئاواییت لێ ناکەم و دڵنیات دەکەمەوە کاتێک بێمە سەر گڵکۆی پڕ لە شانازیت بەڵێنت پێ دەدەم ئەوەی نێوانی خۆمان بوو بەجێی بگێنم.**

**زۆر زۆرم خۆش دەوێی چونکوو فێری ئینسان بوونت کردم.**

**٩ی ئاگۆستی ٢٠٢٠**

---



سەرچاوە
Serchawe

## سیمایەک لە کاڵنەبوونەوە




ئاکۆ ئەلیاسی

بۆ کۆچی تێکۆشەری ناسراوی ڕێگای ئازادیی کورد و کوردستان کاک "جەلیل گادانی"

***

سیمایەکی هەڵکەندراو
لە کاڵنەبوونەوەی تۆخیی
ڕەنگێکی سوور،
بە سەر تەختی تەوێڵی مێژووی
شاخێکی بەرز... ڕەقەن و ڕژد،
کڵاوقوت و سەرپێچراو
بە جامانەی ناسکی هەوریی
هەورێکی ئاوس بە باران،
بڵند... بڵند
بە بنمیچی غوروورەوە
نووکی تیژی قوڵەنگێک لە بەردەوامی،
بۆ کەندنی گابەردی تابەنی کەژی سینگی سەبر،

## بۆ یادی ٥ ساڵە

تا گەیشتن بە کڵاوڕۆژنەی ئاوەدانی
بڕیارێک بۆ دانەچرمین
بڕینی زمانی ڕووخان
بە پێوەمان،
هەتا مردن... بۆ دواڕۆژێک،
شیلەی خەندە،
بڕژێتە سەر کەمەی لێوان!
گفتێکی پاک،
ڕەوان وەکوو ڕۆشنایی ئاو
لە قارقارەی دەم لافاوی ڕۆژێکی گەش
لە سەر سینگی بەهارێکی نێو ڕێبەندان،
جیاوازتر لە گشت وەرزێکی
ڕۆژژمێری ساڵ و سەدەی نێو کوردستان
بانێژەیەک لێوانلێو لە گوڵەگەنمی تازە لە باقە دەرهاتووی
تێراو لەبەر تیشکی هەتاو!
ئەو،
"ئەی ڕەقیب" و
چەند سروودێکی چیایی و
"خۆر و ئاسۆ و گوڵەگەنم و
پێنووسێکی مەیلەو سوور و
کتێبێکی نێو چاپخانەی سوێند و وەفای"
لەو شەوە تاریکەی ترسا،
لە تریفەی ڕۆحی سپی
پێچابووەوە،
کە "چوارچرا" کردبوویە
گەردەن بەندێک،
بە گەردنی
سەری لە بن پەڕێندراوی
مێژووەوە!
ئەو ڕۆیشت و
وەکوو ڕووبار... لە پێ نەکەوت،

## بۆ یادی ٥ ساڵە

دوودڵی قەت،
ئاوڕێکی پێ نەدایەوە
چەشنی هەڵۆ،
نە هەڵکشان بەرەو بەرزی پشووی پێدا و
نە کوێرەڕێ،
لە تابووتی تۆزی خۆیدا
شاردییەوە
نە خلیسکان، لە هەڵچوونەوەی دابڕی و
نە زەمانیش،
لە کفنی بێدەنگیی خۆیدا،
پێچایەوە!

٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## با نیشتمانپەروەرانی ڕۆژهەڵات ئەوەشیان لەبیر نەچێ




**ڕەسووڵ سوڵتانی**

نیشتمانپەروەرانی ڕۆژهەڵات لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتەکەیان، دایمەی خودا تەشتێکیان قوڕ گرتووەتەوە بۆ کارەساتەکانی باشوور و دەسرەیەکی سووریشیان لە بەر پشتوێند دایە بۆ هەر دەسکەوت و سەرکەوتنێکی لە باشوور دەستەبەر دەبێ. وەباڵ بە ئەستۆم، خەڵکی مەدەنیی باشوور شیاوی هەموو پشتیوانییەکن و من لێرەدا مەبەستمە هەڵوێستی لایەنە فەرمییەکانی هەرێم و کەسایەتییە سیاسییەکانیانە لە ئاستی زۆر سەرەوەشدا.

دوا ماڵاواییەکەی تێکۆشەر و شۆڕشگێڕی نەسرەوتووی ڕێی کوردایەتی، کاک جەلیل گادانی و پەیامی هاوخەمی و سەرەخۆشیی زۆربەی کەسایەتییە سیاسی و ناوەندە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، کە زۆر بە ساردوسڕی نووسرابوون، دەبێ دەرسێک بێ بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتییەکی نیشتمانپەروەر و ئیتر ئەو تەشتەقوڕ و دەسرە سوورە دانێن و ئەگەر بەکاریشتان هێنان با بۆخۆتان بن.

کاک جەلیل، کادرێکی سادەی حیزب نەبوو، بەڵکوو یادگاری کۆماری کوردستان و ڕێبوارێکی ئەو ڕێبازە بوو، کە لەو حەفتاوپێنج ساڵەی ڕابردوودا بۆ چرکەیەکیش لە نیشتمان و خەمەکانی خافڵ نەبوو، کەچی مخابن لە پەیامی سەرەخۆشیی هێندێ ناوەندی ڕەسمی و کەسایەتیی سیاسیدا ئەوەندە سووک و سانا بەسەر ژیانی پڕ لە تێکۆشان و خەباتی بێ پسانەوە

## بۆ یادی ٥ ساڵە

پڕ لە ڕاستگۆیی ئەو پیاوەدا تێپەڕیون، وەک بڵێی ئەو پیاوە کتوپڕ لە دایک بووە و مردووە و هیچی دی، لە حاڵێکدا چاوەڕوان دەکرا، هەر کام لەو پەیامانە هەر نەبێ ئاوڕێکیان لە مێژووی خەباتی ئەو تێکۆشەرەی ڕێی کوردایەتی دابایەوە، کە حەفتاو پێنج ساڵە پێشمەرگەی نیشتمانەکەیەتی. خۆ تەنانەت ئەگەر بە خشکەش باسی بەشێک لە تێکۆشانی کاک جەلیلیان کردبایە، لانیکەم پەیامەکەیان دوو لاپەڕەی لێ دەردەچوو.

**لەوە زیاتری لەسەر ناڕۆم، هەر ویستم بڵێم، ڕۆژهەڵات، با چیتر خۆمان کەر نەکەین و ئەگەر قوڕێکمان بەسەر خۆماندا کرد، با قوڕەکەمان بۆ خۆمان پێوا بێ.**

**٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠**

## بۆ ئینسانێک، بۆ قۆناغێک لە تێکۆشان، بۆ جەلیلی گادانی




**سەباح غالب**

نازانم لەکەیەکەوە یەکدیمان دەناسی، ئێستا ئەو کاتانەیە مێژووم لە بیر نەماوە، ڕۆژ، مانگ و ساڵ لە لام تێکەڵاو بوون، ئەوەی وەک تارماییەک لە یادەوەریمدا بەر چاوی گرتووم، بەرەبەیانێک بوو، مرۆڤی تێدا ڕۆنرابوو، لەگەڵ زمانەکاندا، زمانی کوردیشی تێدا پژا بوو، جوگرافیاش دابەش کرابوو، کوردستان لە بەشی کورد بوو، لانە و پڕ بە پڕی کوردزمان و خەڵکی دیکەی ئێرە و ئەوێی لێقەوماو بوو، کوردستان وەک هی ئێمە بوو، هی هەموو کوردستانیانیش بووە و هەیە.

لەو کاتەوە، ئێمە سادە و ساکار، فێر نەبووین خۆمان و خەڵکی دیکە بناسین، ئێمە لە بەشی خۆشمان بە توانای بیرکردنە و جەستەییمان، بە دراوسێکانمان بەخشی، ئەوان لە ڕۆژی یەکەمەوە وا تێگەیشتوون، کورد ساکارن، بۆوە ناشێن ببنە فەرمانڕەوا، هەر بۆوە دەبن، ببنە گاوانی داگیرکەران، بۆیە لەو دەمەوە، داگیرکەر و دوژمنان خەریکی ناشیرین کردنی ژیان و تێکۆشانی ئێمەن، سروشتمان دەگۆڕن، مێژوومان تێک دەدەن، دەروون و ناخی مرۆڤی کورد، لە ڕووناکی دادەماڵن، بوارێک ناهێڵنەوە بۆ تێگەیشتن، هاوار و گریان کپ دەکەن، نەخشەی ویژدان تێک دەدەن، نیگا و دڵان هەڵدەداوێرن، سەوزایی و ئاو ناهێڵن، گەرمی و سۆز بۆژۆ دەکەن، دەرفەت پێوە دەدەن، چاوان لە بینایی دەخەن، ئەستێرە، مانگ و ڕۆژمان لێ ون



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

دەکەن، جێ ژوانی مرۆڤی کورد، کوانووی گەرمی ماڵی خۆمان لێ ساردەکەنەوە، ئەوەی هێشتوویانەتەوە لە نێوانی هەمووماندا، شارانی کاول بوو، گەلێکی لە پێ کەوتوو.

داگیرکەر و دوژمنان، شتێ نەما پێمان نەکەن، تەنانەت گاگۆڵکە و ساویشیان لێ دزین، لێوی درەوشاوەی دەم بە زەردەیان لێ تۆرانین، هەموو هەوڵێکیان دا، پیاوەتیمان، ژنێتیمان لێ زەوت کەن، ئەو کۆترانەی لەسەر پێڵوی کچانمان هێلانەیان کردبوو، تۆران، تاران، چوونە ناو جامەنەیەکەوە، تا دیسان بدەن لە شەقەی باڵ، نامەی برایەتی و ئاشتی بەسەر تورک و فارس و عەرەب دابەش بکەن، هەر سێ لایان، لە کۆنگرەیەکی فراواندا، بە بەرچاوی تێکڕای گەلانەوە، نەک نامەیان نەخوێندەوە، پەڕیان کردن، باڵیان هەڵکێشان، ئەنجن ئەنجنیان کردن، بەڵام هێشتا کورد فێر نەبووە، بیان ناسێ، هێشتا فێر نەبووە، لە تەنگانەدا فریایان نەکەوێ.

جەلیلی گادانی لەو سەرەوە هاتبۆوە، مێژووی لە میدیاوە هێنابۆوە، بۆ هەموومانی دەگێڕاوە، هەرچی داگیرکەر و دوژمنان پێیان کردین، بەڵام نەیان توانی، شا ڕێی خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی، خۆشەویستی و مرۆڤایەتی، گیانی کوڕی وەک جەلیلی گادانی تاوێک ئۆقرە بگرێ، خەباتی ئەو بۆ کورد و برایەتی گەلان، هەرگیز دانامرکێ.

جەلیلی گادانی تێکۆشەر نەبوو، تێکۆشان بوو،
کاکە جەلیل نەبەز نەبوو، کانیی نەبەزین بوو
ئەویش وەک زۆری دی، لە لانە هاتبووە دەر
بۆیە گادانیش، مەشخەڵێکی کۆڵنەدان بوو

سەرنج:

جەلیلی گادانی بە شێکە لە مێژووی کورد، کەسایەتی و سونبولێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کەسێکی پاک لە تێکۆشان و کوردایەتی و مرۆڤدۆستیدا، نموونەی خۆڕاگری و بەردەوامی لە مەیدانی سیاسەتی کورددا. لە ١٩٣٤ لە مەهاباد لە دایکبووە، ئەمڕۆ، پێنجشەممە، ٦ی ئابی ٢٠٢٠ کۆچی دوایی کرد.

٨ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## بۆ یادی ٥ ساڵە

### جارێکیتر هەوری مەرگ بارانی خەمی لێ باری، جارێکی تر دڵێکی تر لە لێدان کەوت.




سەلاح سوڵتانپەنا

دڵێک بە گەورەیی خۆشەویستی بۆ نیشتمان، خۆشەویستیەکی پڕ بە باڵای کوردستان، دڵێ بۆ نیشتمانی لێدەدا، ژینی لە پێناو پێشکەش کردبوو، خۆشەویستی نیشتمانی لە دڵیدا تا عەرشی ئاسمان بردبوو. ئەو دڵەی لە خۆشیدا لەگەڵت پێدەکەنی، لە خەمیشدا دەستی لەسەرشانت دادەنا و لەگەڵت دەگریا.

ئاسمانی ساو بۆ پیرەهەڵۆ گریا، دیداری بووە خۆزگە و بریا.

خۆشەویستی نیشتمانی لا ئەوین بوو، مردنی لە پێناو ژین بوو، ژینیشی بۆ گەل و خاک بوو، هەتا بڵێی دڵی پاک بوو.

خاراوی ئێش و ژان بوو، ئەویندارى کوردستان بوو. خەمی،خەمی نیشتمان بوو.

دایم بۆ ڕووناکی دەڕوانی، هەنگاوی بەرەو لوتکە، ماندویی نەدەزانی. بەتەکبیر بوو، بە ورە بوو، لە هاویندا سێبەر، بۆ زستانتش گڕە بوو.

## بۆ یادی ٥ ساڵە

لە خەباتا بە کار بوو ،هاوڕێی مرۆڤی هەژار بوو. تین و تاوی بۆ خەبات بوو، ئامانجی ڕزگاری وڵات بوو. خۆشەویستیی دڵی ئێمەی گشت خەڵات بوو.

ئەوەی تۆ بیڵێت ئاوا بوو، بەڵام داخم زوو ئاوا بوو.

بە بۆنەی کۆچی دوایی سیاسەتمەدار و خەباتگێڕی دێرینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێز و تێکۆشەر کاک جەلیل گادانی. ئەو کەسەی وا زۆربەی هەرە زۆری ژیانی لە ڕێگای حیزبەکەی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە پێشکەش بە نەتەوەکەی کرد و هیچکات لە خەباتدا ماندویی نەدەناسی، زۆربەی ژیانی لە زیندان و دەربەدەری و دوور لە کەسوکار و خۆشەویستانی بەسەربرد و بۆ چرکەساتێکیش دوودڵ نەبوو و هەتا دەهات هەنگاوەکانی لە خەباتدا بەتینتر دەبوو.

ئەو کەسەی کە سادەیی و میهرەبانی، وەفا و دڵ ئاواڵەیی و خۆشەویستی و خۆنەویستیەکەی کردبوویە خۆشەویست و ئولگو بۆ هاوخەباتان و خەڵکی نیشتمانەکەی و خۆی لە دڵی هەموو نیشتمانپەروەرێکدا جێ کردبووەوە و هەموو بەدڵ خۆشیان دەویست. ئەو کەسەی کە خەبات و بەرخۆدانی بووە بەشێک لە مێژووی گەلەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەم کۆچە خەسارەیەکی گەورەیە لە خەباتی ڕزگاریخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لەلایەن خۆم و بنەماڵەی سوڵتانپەنا، وەک بنەماڵەیەکی دوست و نزیک و هاوسەنگەر کە مێژویەکی دوور و درێژی دۆستایەتیمان پێکەوە هەیە، لەم کۆستە گەورەدا خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین و پڕ بەدڵ سەرەخۆشی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستان، هاوسەنگەران، هاوخەباتانی، هاوڕێیانی و لە بنەماڵەی گەورە و خەباتگێڕی گادانی بەتایبەت لە ئەسمەر خانمی خێزانی و هەروەها ئامینە خانم و کچەکان گلارا خانم، ئاشتی خانم، ژوان خانم و کوڕەکانی کاک شێرکۆ و کاک دیاکۆ و کاک گۆران کە هیچکات لە هەستی باوکایەتی باوکی خەباتکاریان تێر نەبوون و ئەو هەلەیان بۆ نەڕەخسا کە شوێنی هەوانەوەیان ئامێز و سوزی باوکانەی باوکە خەباتگێڕەکەیان بێت و هەروەها کاک سەلاحی گادانی دوستی بەڕێز و خۆشەویست دەکەین و هیوای سەبووریان بۆ دەخوازین.

**بە هیوای بەدی هاتنی ئاوات‌ەکانی و یاد و نێوی تاهەتایە بەرز و بەرێز بێت.**

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## ئەمانەتێکی بۆن خۆش بەرەو کوێستان




**ئازاد عەبباسیان**

لە ئاست پاکیی و سەداقەتت پەنجەکانم کۆڵن مام جەلیل گیان.

______

### ئەمانەتێکی بۆن خۆش بەرەو کوێستان

کازیوە بەرەوماڵئاوایی دەڕۆشت تا جێگەی خۆی بدا بە خۆر کە بێت و وەک هەموو ڕۆژێک بەو پەڕی غروورەوە پەلکی تیشکی ڕاکێشێ بە سەر گەرمێن و کوێستان دا.خۆر هەر دیار نەبوو و دەتگووت بارگەی پێکناوە و بەرەو هەسارەیەکی دیکە بەڕێ کەوتووە. مەزانە کە خۆر ئەو ڕۆژە پێش دەر کەوتن تێر فرمێسکی هەڵ ڕشتووە و تیشکەکانی نە شۆقیان ماوە و نە گەرمی. ئاخر دەڵێن ئەو ڕۆژە خۆرێکی ئازادی ماڵئاوایی دەکا ئیدی خۆر وای قەرار داوە چاوی لێک بنێ و خۆی نەڕازێنێتەوە ئەو ڕۆژە. وەک دەڵێن زۆر بوون بە بیستنی ماڵئاوایی خۆری ئازادی کە خۆیان نەخشاندبوو تا بە پێشوازی مامەوە بچن. شێخی حەفید خۆی گورج دەکات و هەر چۆنێک بێ خۆی دەگەیەنێتە لای شێرکۆ و دەڵێ ساز بە و چاویلکت لە چاو کە ئەمانەتێکی کۆمارەکەی پێشەوامان هەیە دەبێ بەرەو کوێستان وەڕێ کەوین و لەوێ ئەسپەردەی خاکی کەین. بەرەو شارەکەی حاجی دەڕۆن و دڵدار و سامی و خارە سێوە لە مێژ بوو چاوەڕێ بوون.

## بۆ یادی ٥ ساڵە

وەڕێ کەوتن بۆ مەزاری شەهیدان کە سینگی ڕاکێشاوە بەسەر شارە خنجیلانەکەی کۆیەدا. مەزاری شەهیدان دوا مەنزڵگەی قارەمانانی ڕۆژهەڵاتم،. هەر یەکەو لقە گوڵێکی بۆن خۆش و ڕەنگین. لە دوای سڵاوێک و ڕێزێک، لەدووی کێڵێکی تازە ئاوپرژێن گەڕان کە ئاڵایەک باوەشی پێدا کردوە. هێند بە توندی لە ئامێزی گرتوە کە گەرمیی و سۆزی ئامێزەکە دەڵێی دایکە بۆ کۆرپەلەکەی. چونکی مام جەلیل ساڵانێکە ئەو ئاڵایە دەپارێزێ و تەمەنی لە تەمەنی ئاڵاکە پترە. مستێک لەو گڵە بۆن خۆشە و چنگێک لە سەوزایی ئاڵاکە و دڵۆپێک لە سوورییەکەی و پرژەیەک لە تیشکەکەی ودەستنووسێک لەقەڵەمەکەی خرانە نێو هەمبانەیەک و بە ماڵئاواییەک وەڕێ کەوتن بەرەو سنورێکی دەستکردی دەستی جەللاد. لەوێ هێمن و ڕەشبەڵەکی کیژ و کوڕان، هەژار و قەتارەی ماملێ،سوارە و موعینی و دوانزە سوارەی مەریوان و یازدە ئەستێرەکەی سەقز بەرەو پێشوازی ئەمانەتەکەوە چوون تا بەرەو شارەکەی قازی وەڕێ کەون ،مەهابادی هەمیشە قارەمان و زێدی مامی گەورە و گشت ڕۆژهەڵاتی پێ بۆن خۆش کەن.

**تۆ بڵێی ڕۆژێک بێت و چیدی نەبینین ئازیزان گۆڕ غەریب بن؟ تۆ بڵەی ڕۆژێک بێت و لە گشت شارەکانی کوردستانی کوێستان هەموو پێکەوە بڵێین: خوایە وەتەن ئاوا کەی چەند دڵگیر و شیرینە...**

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ

٩ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## بۆ یادی ٥ ساڵە

## ماڵاوا سیمبۆلی خەبات و تێکۆشان، کاک جەلیلی گادانی




**ئاشق ئیسماعیلی**

له فێرگەی کوردایەتی دا، تۆسیمبولی نەوەستان بووی
له شەوی ناهومێدی دا، گڕی خەباتی هەستان بووی
فیرت کردین خۆڕاگر بین، له دۆخی قورس و ئاستەم دا
ڕاتهێناین قەت چۆکدانەدەین، له هەمبەر تەوژمی خەم دا
خولقت، مەشرەفخۆشییت، قسەت، چلچرای کۆڕی یاران بوون
ڕاپەر، هەوڵ، پشوودرێژییت، دڕووی جەرگی نەیاران بوون
دەدرەوشاوە دە سیمات دا، ئەوینی ڕزگاریی وڵات
وەفا و پاکی و ڕاستگۆییت، وانەن بۆ خوێندنگەی خەبات
بەجەستەش بەجێمانبێڵی، لەگەڵمانی و تۆ نامری
ئەوجار له بیرمان دا دەژی و له دڵمان دا جێگە دەگری

-------

### ماڵاوا سیمبۆلی خەبات و تێکۆشان، کاک جەلیلی گادانی

به بیستنی هەواڵی کۆچی تێکۆشەری دێری کاک جەلیلی گادانی تاسام.

## بۆ یادی ٥ ساڵە

دیـارە مەرگ هەیە و سـەرەنجام بەرۆکـی هەمـوو کەس دەگـرێ، بەڵام مردنـی کەسـایەتییەکی ئـاوا بەنـاو و گەورە، دە هەلومەرجێکی ئـاوا دا و بە نەخۆشی کۆڕۆنـا، کە دەرفەتـی هـاتوچۆ و دیـدار و مەجلیسـتی بەشکردنی خەم و خەفەتیشی لە کۆمەڵی مرۆڤایەتی بڕیوە، زۆر لە مەرگێکی ئاسایی بەژانتر بوو.

کۆچی کاک جەلیل خەرمانێک لە خەم و پەژارەی لە سەر دڵی هەمووماندا بەجێهێشت. بۆ ئێمە ڕێبوارانی ڕێگای دێمۆکڕات، کە دەیـان سـاڵ هاوخەبـاتی کـاک جەلیـل بـووین و تەمەنێـک خەم و شـادیمان لەگەڵ دابەش کـردوە و بـوونی و نەبـوونی و تەنگانە و فەرحانیمان بەیەکەوە دیوە، ئەو کۆچە یەکجار بەژانە.

کـاک جەلیـل نێزیـک بە حەوت دەیە، وەک دێمۆکڕاتێکی بەوەفـای ڕێگـای ڕزگـاریی نەتەوەی کـورد و پێشـەوا و کۆمـار و وەک ڕێبەرێکی راستگۆ و بەبـڕوا، بێوچـان خەبـاتی کـرد و گومـان دەوە دا نیە، کە ورەی شۆڕشگێڕانە، دڵسۆزی، وەفـا، هەسـتی ئینسـانی و مرۆڤدۆسـتیی ئەو گەورەپیـاوە، دەبێـتە سەرمەشق و سیمبۆل بـۆ نەوەی نـوێی کوردسـتان و بـۆ هەمـوو ئەوانەی ئەویندارى ئازادین.

دڵنیام ڕێگای خەبـاتی کاک جەلیل پڕڕێبوار دەبێ، ئێمەی هاوڕێیانیشی تا دوایین پشوومان درێژەدەری ئەو ڕێگـایە دەبـین و یادی دەکەینە ئیلهامبەخشی نەوەستان و پشوودرێژیمان.

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## ئاسودە سەر بنێوە گەورەم،




**محەممەدی فەقێ عەلی**

* هەنیسکێ لە پەراوێزی بەرزەفڕی گیانی پێشمەرگە و ڕابەر وماموستای نیشتیمانەکەم کاک جەلیل گادانی دا

* هاوڕازو نیازی هەژارانی نیشتیمانی بێ دەرەتانی کوردان، لاوە گورجو گۆڵ و بە بیر وباوەڕەکەی سەردەمانی ژێکاف و کۆمار و پێشەوا و گەلاوێژ و سەرماوەز و ڕێبەندان.

کڵپەی ئەو بورکانە بە هێزەی،دەورانی ئاوارە و موعینی و شەریفزادە و...، کە دووڕگەی ئارامی حەمەڕەزاشایان هەژاند.

حەماسە خوڵقێنەکەی ناو چاڵەڕەشەکانی تاریک پەرستانی کۆشکی نیاوەران. ڕابەر و پێشمەرگەکەی سەردەمانی درەوشاوەی بەرگری نیشتیمانی، ئازا و بلیمەتەکەی مەیدانی مێژوو نوسین و پێداچونەوە، دیپلۆماتکارەکەی نیشتیمانم.

مەرگ، کە ویژەی پێچەوانەی ژیانە، ئەمرۆ لە بەرابەر تۆ دا بە چۆک دادێ، مەرگ پەردەیەکە تەنیا دەتوانێ قەڵافەتی تۆی مەزنمان لە بەرچاو ونکات. ئەو لە ئاست گەورەی و خۆشەویستیدا دژ داماوە. تەنیا ئەو کەسە گەورەیە، کە لە نوختەی مەرگ ڕا ژیانی هەرمانی دەست پێدەکا، گەورەکان لە تاریکای ترسناکی مەرگدا دەبنە تیشکی بیری گەشاوی هزر هۆشمان و بەرەو سەرکەوتن ڕێبەریمان دەکەن. ڕێبەرەکەم! تۆ بەسێ چارەگە سەدەی ژیانی پێشمەرگانەت، هاتی و هەر لە



سەرچاوە Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

ڕۆژی دارەدارەی کۆماری ساوای کوردستانەوە چویە جێژوانی کچی بەندکراوی ئازادی نیشتیمان و بەڵێنت پێدا، کە یا لە شایی و زەماوەندی ئازادبونیا، خۆت سەرچۆپی بۆ دەگری، یان دەست لە ملانی قازی و قاسملو شەرەفکەندی دەبیە ئەستوندەگی تاوڵی مرادی شۆڕشێک لە پێناویە ئەتوێیتەوە بۆی ئەمری. مامۆستام! تۆ پەرتوکێکی پڕ گەوهەری زانستی، تۆ داستانێکی پڕ لە حەماسە و قارەمانەتی، تۆ ڕۆمانێکی لیپاولیپ لە خۆشەویستی و خۆنەویستی و دلسۆزی و نیشتیمان پەروەری، دڵنیابە گەورەو بچوکی ئەم نیشتیمانە وەک ئەفسانەیەکی نەنوسراوەی پڕ لە عێززەت و خۆشەویستی و دڵسۆزی، سینە بە سینە و نەوە لە دوای نەوە بۆ یەکتری باست دەکەن، تۆ لە ناوماندا گەورەو گەورەتر دەبیتەوە.

گەورەم! تۆ میداڵی شانازی بەرۆکی بووکی شەرمنی گەلاوێژی، لەو کاتەوە کۆرپەی دیمۆکرات لە مەهابادی قازی و هێمن و هەژار لە بێژینگی ژێکافەوە دەستی بە دارەدارە کردوە، تۆ بە سەر سینگیەوە وەک ئەستێرە و کاروانکوژە گەش و واڵا سەما دەکەی.

ڕابەرم! پێنوس لە ئاست گەورەیت دا جەوهەری دڵی وشکە و تاقە وشەیەکم بۆ نانوسێ، لێنوس تۆراوە لە پیت و بەستەم و دانەیەکیانم وەخۆی ناگرێ، ڕێبەرم لە ئاست گەورەی تۆ، خۆشەویستی تۆ، ماڵاوای تۆ داخەکەم زمانیش نایەتە گۆ.

ماڵاوا ڕێبەرە مەزنەکەی شۆڕشی ڕۆژهەلاتی دڵم، باری خەمی ماڵاوایت زۆر گەورەو گرانە و دڵی بچکۆڵانەم ناتوانێ بیگریتە خۆ، ئەوەتا تنۆک تنۆک لە دیدەما سەرئەکا.

ڕێگای ئامانجەکانت هەر پڕ ڕیبوا بێ

سەری ڕیز و قەدری زانی لە بەرابەر ٧٥ خەبات و تێکۆشانت دا دادەنەوێنم

سڵاو لە گیانی پاکت

**ئاسودە سەر بنێوە گەورەم، ڕێبەری تۆ فێری کردین، کە تەنیا بە پشوودرێژی و کۆڵ نەدانە. کە دەتوانین هەنگاوێک لە ئامانجەکانمان نیزیک بینەوە.**

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## ماڵئاوا کاک جەلیل




**شاهۆ حەسەن پوور**

دوای چەندین ساڵ ئاوارەیی بە هۆی شەڕەکانی ئەو ساڵانە (٥٧ - ٦٣) و بارکردنی مەقەڕەکانی حیزب لەم دێ بۆ ئەو دێ و لەم شاخ بۆ ئەو شاخ لە داوێنی چیای گۆجار و ژیلوان گیرساینەوە. حیزب رایسپاردبوو ئەگەر بۆیان دەگوونجێت بنەماڵەکان بچنەوە ئێران بۆ ئەوەی حیزب بتوانێ درێژە بە شۆڕش بدات و هەر لەو سەردەمەدا بوو دایک و بابەکان نارەزایەتییان دەربری و تەسلیمی ئەم ویستە نەبوون. ئەوان هەر بەوە رازی نەبوون بەڵکوو داوای خوێندنگەیان بۆ منداڵەکان دەکرد. لەو نێوەدا کاک جەلیل بە یارمەتی ئەم بنەماڵانە فشاریان بۆ سەر ئەندامانی دەفتەری سیاسی هێنا هەتا قوتابخانە داندرێ و هەر واشی لێهات. ئەو رۆژانەم قەت لە بیر ناچێتەوە کاتێ لە ژێر چادرەکان دەمانخوێند کاک جەلیل دەهات و هەمیشە بەسەری دەکردینەوە و هانی دەداین بخوێنین و بخوێنییینەوە.

ئەو رۆژەی کە بریار درا قوتابخانەکەمان بۆ درووست بکەن کاک جەلیل وێڕای ئێمەی قوتابی و مامۆستاکان دارێکی لە سەر شانی دانابوو و لە شوێنی درووستکردنی قوتابخانە ئامادە بوو. چ وزە و ویستێکە کە وا دەکات مرۆڤ شێلگیر بکات لە سەر کاری چاک؟ بێگومان خەمخۆری، کاک جەلیل ئاوا بوو خەمخۆر بوو، هەستی بە بەرپرسایەتیی خۆی دەکرد، ئەو تەنیا هەوڵی نەدەدا بەڵکوو فشاریشی دێنا و بریاریشی دەدا. بڕیاری بەجێ و مرۆڤ دۆستانە. ژیان و شۆرش لە داهێنانی کاک جەلیل و هاو بیرانی ئەو بوون.



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ساڵە

کاتێ پۆلێک خوێندکار لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان خوێندنمان تەوا کرد کاک جەلیل پێشنیاری بە دەفتەری سیاسی کرد کە نابێ ئەو کوڕ و کچانە لە حیزب دابېڕێن و هەر ئەو بوو دەهاتە لامان و هانی دەداین و داوی دەکرد یارمەتی دەری حیزب بین. ئەو ساڵانەی کە لە کۆمسیۆنی ئامووزش بووم لە نزیکەوە کارم دەگەڵ کاک جەلیل کرد و دیم چەندە پابەندە و چەندە حیساب لە سەر تواناییەکانی هاوکارانی دەکات.

ئیدی گەر ژیان دەرفەتی دا و جارێکی دیکە سەردانی کۆیەم کردەوە چاوەڕێ نابم هەتا کاک جەلیل دێتە سەردانم دەزانم ئەو جارە ئەوە منم دەبێ بە چەپکێک گوڵەوە بچمە سەر مەزاری.

دادە ئەسمەر، گلارا خان، شێرکۆ، دیاکۆ و گۆرانی ئەزیز لە ناخی دڵمەوە سەرخۆشیتان لێ دەکەم. خەمی ئێوە خەمی ئێمەشە،

ڕووحی کاک جەلیل شاد و ئێوە خۆش بن.

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## نزیک وە هەفتا ساڵ تەڵاش و موبارزەێگ بێ وچان




**ئەردەلان بەهروزی**

نزیک وە هەفتا ساڵ تەڵاش و موبارزەێگ بێ وچان و گەرد باوەڕیگ پڕ لە سەروەری و شانازی و مقاومەت لەوە رانوەر شا و دەسلات مەزهەبی شێخ، نزیگ وە ١٣ ساڵ لە ژێر شەو نەخەفی و شکەنجەی ڕەوانی و فیزیکی زندان ئەڕا وەدەس هاوردن حەق ئنسانی و ماڤ ملەتێگ کە خوەی یەکی لە بێ حقوقی ترین نەتەوە ل دونیا وەحساو تێەد، لە دەس دان و کوچ ناوەخت "مام جلیل گادانی لەی وەخت حەساس وە سەرنوشت سازە جوور ئارشیویک لە تاریخ زندەی دەوران ناو سەد ساڵ ئەڕا ملەت کورد و گشتی و فرەتر ئەڕا ناوچەی گشتی کوردستان ڕوژهەلات خەسارێگ خەمناک و دەردێگ فرە گران لە خوەی نیشان دا، هەر چەن لە لایگترە کە و کوڵە بارێگ پڕ لە مەعرفەت و ئاگایی و ڕێکار موبارزە ئەرا ڕەسین وە سەرنوشت ملەت کورد لە شوون خوەی وەجێی هێشتێە.

ئەوەێکە من مودەتێک جوور کادرێک لە خزمەت کارەیل کومیسیون ئاموزش حزب دموکرات کوردستان ئیران وە سەرپەرەستی مام جەلیل لە سالەیل ٧٠ لە ناوچەی کۆیە بیم، بایس بویشم کە ئەو یەکی لە دڵسوزترین و پاکترین ئایمەیل ناوڕە دەی ڕابەری حزب دموکرات بی کە لە باوەت پەیوەندی و ڕەفتارە ل ئجتماعی لە ناو حزب و لە دەرەوەی حزب نە تەنیا قابل تەحسین بی، لە لایکە و تەمام کە ر گشت سفاتە ل یەک پیشمەرگەی ڕاستین، حەقیقی و سەمبۆڵ حزب دموکرات کوردستان ئیران وە ژمار هاتیاد... هەر وە خاتر بویین ئی مەرامەیلە لە ناو ئەخلاق و شەخسیەت تایوەتی مام جەلیل گادانی هیچ

## بۆ یادی ٥ ساڵە

**کەندو کوسپێک نە توانستیاد لە تویل ئی هەفتا ساڵە دا نواێ خەبات و ڕاوسانی ئەڕا ڕزگار کردن و وەدەس هاوردن داخوازیل ملەتەکەی ئەڕا ساعاتێگ کۆڵ بێەد و یا پەشیمانی بکەێتە و، لە کوتایی ساقی و سڵامەتی ئەڕا بنەماڵەکەی، هاوسەنگەرەیلی و گشت ملەت کورد ئارزومەندیم و هەر ئی جورەڕە سەنگەری پڕ لە ڕێبوار و ڕەوانی شاد بودن.**

**٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠**

---



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

### سەری نیشتیمان سڵامەت!




**ئاسۆ خەبات**

له وشەیەک دەگەڕام وەسفی مرۆڤێکی باوەڕبەرزی ئەم نیشتیمانەی پێ بکەم! تا زیاتر بیرم دەکردەوە پتر و پتر لە بەر چاوم باڵای دەکرد! وەها کە شتێک پێش چاوی گرتبووم، وەک فرمێسک! چەنێ خۆشە کە وا بژی وشەکان کەم بن بۆ وەسفت. یادگاری کۆمار، پێشمەرگە، پیری سەنگەر، شۆڕشگێڕی دێرین، زیندانیی سیاسی، کۆڵەکەی حیزب، سادق، پاک، ڕاستگۆ، وەفادار، دەستپاک، داوێنپاک، سکرتێر، سەرکردە، ڕیش سپی، هاوڕێ، باوک و برا و دواجار "مامە گیان"ی هەمووان!

ئاخر دەبێ چەنێ بەو نیشتیمانە وەفادار بی کە حەفتا ساڵی تەمەنت بەبێ هیچ چاوەڕوانییەک خزمەتی بکەیت و ماندوو نەبی! وەک ڕەسمە دەڵێن: فڵانی تا دایک و بابی مردن خزمەتی کردن! ئەی دەبێ چەنێ مەزن بن ئەو ڕۆڵانەی تا مردن خزمەتی دایکی نیشتیمان دەکەن تا زیندوو و لە سەرپێ بمێنێتەوە!

هیچ وشەیەک ناتوانێ بە تەنیا حەقی ئەو هەموو پاکی و چاکی فیداکارییە بدات! ئاخر مامە گیان هاوکات کە هاوتەمەنی باو و باپیرانت بوو، هاوتەمەنی خۆشت بوو! سەرکردە و ڕێبەرێک، کە ڕۆژانە دەبوو بە هاوڕێ و هاوسەنگەر و مامۆستات!


سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

شۆڕشگێڕێک کە ڕیش سپی و کەیخودای مەجلیسان بوو... پێمان دەگووت مامە، بەڵام وەک باوکێ ژنی بۆ کوڕەکان دەهێنا و کچەکانی ئەدان بە شوو... ئەو مامێکی کەس و کار بوو بۆ هەموو ئەوانەی بێکەسی ڕووی تێدەکردن! کەسی هەموو ئەوانەی بە ساڵ و مانگ کەس دەرگای لێ نەدەکردنەوە، کاک جەلیل نەبێ!

دەڵێن: دایک و باوک بۆ منداڵیان پیر نابن! نە نیشتیمان لە مام جەلیلی پیر ببوو و نە مامە گیانیش لە ئێمە...

چ شانازییەکی گەورەیە بۆ کومار و پێشەوای کوردان، کە دوای زیاتر لە حەوت دەیە، پیر و لاو، بە دیار کۆچی ڕێبوارێکی بە ئەمەگی ئەو ڕێبازەوە دەگرین و بەڵێنی شەکاوە ڕاگرتنی ئاڵای خەباتی دەدەن!

**مامە گیان، هەوێنێک بوو، بۆ هەموو چاکی و جوانییەکی ژیان و شۆڕش!**

**یادت بەرز و ناوت نەمر و بیر و ئاکارت وانەی ژیانمان.**



سەرچاوە
Serchawe

## خەرمانی خەم و پەژارە




**هیدی سوفی زادە**

خەرمانی خەم و پەژارە ناوی کتێبێکەکە کاتی خۆی کاک جەلیل گادانی وەریگێڕابوە سەر زمانی کوردی. تەمەنم ١٥ ساڵ بوو کە ئەو کتێبەم خوێندوە. ئەگەر هەڵە نەبم ئەو کتێبە یەکەم بەرهەمی نوسینی کاک جەلیل بوو لە زیندان. دوابەرهەمیشی خەم و پەژارەی کۆچی خۆیەتی.

لام وایە دوای تێرۆری هەمیشە زیندو د. قاسملو کۆچی دوایی کاک جەلیل بەژانترین کۆستە بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەگەرچی کاک جەلیل تەمەنی هەڵکشابوو بەڵام هێڤی دەکرا ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە چاوی خۆی ببینێ ئەگەر گیرۆدەی کرۆنا نەبوایە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم گلێی لە دۆستانی حدک بکەم کە بە هەندێ کۆڕو کۆبونەی ناپێویستی وەک ساڵرۆژی موشەک بارانی قەڵاو پلینۆم و.... گیانی ئەندامەکانی خۆیان ئەخەنە مەترسییەوە. حیزبێکی سیاسی دەبێ لە بواری بێهداشتی و تەندروستیشەوە خۆی بە بەرپرسیار بزانێ، تەنانەت دەبێ ببێتە ئولگوی کۆمەڵگا نەک خۆی وەک کۆمەڵگای گیرۆدە ببێ، چونکە لە دەست چوونی کەسانی وەک کاک جەلیل تەنیا خەسار بۆ بنەماڵەو حیزبێک نییە بەڵکو خەسارێکی نەتەوەییە.

**یادو ناوی کاک جەلیل بەرزو بەرێز هیوای تەندروستی بۆ هاوسەنگەران و ئازیزانی.**

## بۆ یادی ٥ ساڵە

## مرۆڤێک دەبێ لە دێرەکانی مێژوودا بیخوێنەوە تا زیاتر بیناسی!




**بیژەن قارەمانی**

عارف و عالم و شاعێر و خوناس ماموستا مەلا کەریم فیدایی «هونەرمەند» مامۆستای کاوڵانی سەروو لەسەر کاک جەلیلی گادانی ساڵانێک پێش ئێستا گوتبووی: ئەو کابراییە بۆ ماندوو نابێت لە کوردایەتی.....

ئێمەی موکریانی بە حوکمی تەمەن بە کاک جەلیل ناسیمان تا لێمان بوو بە مام....

باشم لەبیرە هاوینی ساڵی ١٣٦٠ هەتاوی حیزب بڕیاریدابوو کۆبوونەوەیەکی جەماوەری بۆ خەڵکی ناوچەی شامات و چومی مەجیدخان لە گوندی «تالاو لە ناو باغی ئێمە» بۆ دوکتور قاسملوو پێک بینیت، بەڵام بە هەرهوویەک بوو دوکتور قاسملوو نێتوانی بشدار بێت بە جێگای کاک جەلیلی گادانی هاتبوو پێش ئەوەی بیین بۆ شونی کۆبوونەوە لە ماڵی سوڵتان ئاغای شێخ ئاغایی دۆست و یاری غارییان بوون پاشان هاتنە شونی مێتینگەکە....

ئەو کات تەمەنم زۆر کەم بوو «دە بۆ یازدە» ساڵ خۆڵیا و خۆشەویستیم بۆ پێشمەرگە زۆر بوو هەر وەک ئێستا......
ئیتر لێرەوەبەدواوە ئەو ناوە «کاک جەلیلی ساڵانی زوو، مامی ئەو ساڵانەمان» چ وەک خۆی چ وەک بنەماڵە و چ گرێدراوی سیاسەت و حیزبایەتی و مێژووی حەوت دەیە هەوراز و نشێوی پڕ لە کەند و کۆسپی خەبات گەلەکمان لە

## بۆ یادی ٥ ساڵە

قوناغە حەستەمەکاندا بە هەڵدانەوەی هەر لاپەرەیەک تووشت بە تووشی کاک جەلیل گادانی دیت....

پشوو درێژی نەسرەوتن و ماندوو نەبوون سوور بوون لەسەر بیرو و باوەڕەکانی سەداقت و ڕاستگۆیی فیداکاری و دڵ گەورەیی و دڵ فراوانی کۆمەڵێک خەسڵەتی مرۆڤ دۆستانە بوون کە مام جلیل بە جۆریک هەمووانی لەخۆییدا تاپۆ کردبوو بە ڕۆخساریووە دیار بوو....

زۆریک لە دۆستان و نێزیکانی گەلەیی و گازەندەی ئەوەییان لێدەکرد کاک جەلیل «مام جەلیل» بەو تایبەتمەندییانەی سەرەوە بۆ سیاسەت کردن نەدبوو سیاسەت پێویستی بە مرۆڤی راست و سادق نییە «شرۆڤەی بۆخۆتان!؟» بەڵام من بە پێچەوانە بیردەکمەوە بریا هەموو مرۆڤەکان لە سیاسەتدا راستگۆ و سادق بان تا ئێمە پاش سەد ساڵ لە خەبات ئەمرۆ چەند هەنگاویک لەپیشتر بایین «دیارە خوا هەڵناگرێ ڕیزی شۆرش و خەبات مرۆڤی سادق و راستگوی کەم نەبوو کەبەسەداقەتەوە سەرییان نابیەوە تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوون .....

کە هەواڵی مەرگیم بیست ئەمرۆ سەرلەبەییانی لە دڵەوە بۆی گرییام چۆن حەفتا ساڵ بوو رێبورای رێگایەک بوو کە هەموو رۆژیک بە هیوا و ئومیدەوە لاوانی هاندەدا بۆ درێژەدانی خەبات قەت ناهومیدی نەدەکردن ......

هەر ئەوەش کردی بە مام و خۆشەویستی هەمووان ...

خۆم بەشەریکی خەمی هەموو لایەک دەزانم بەتایبەت سەرجم بنەماڵەی گادانی لە دەرەوەی وەڵات و کوردستان حیزبی دێموکرات کوردستان و حیزبی دێموکرات کوردستان ئێران

**رووحت بەئارامی ئەبەدی بەگات ئەی پیاوە ماندووەکەی رێگای دووروو دەرێژی رۆژگاری پر چەرمەسەری خەبات وەحەسێ ئێتر کاتی حەسانەوەتە ئەوەی دەبوو بیکییت کردوتە تکایە وەحەسی.....**

**سەفرت ئۆغر کاک و مامی هەمووان**

**بیژەن قارەمانی / سوئید**

## بۆ یادی ٥ ساڵە

# جەلیل گـادانی




**علی قادر حمد**

١٣ سـاڵ زینـدانی سـەردەمی شـاە بـووە لەدوای ئەوکـاتەوە ٤١ سـاڵە بەردەوام لەخەباتـدا بـووە، بەتەوری کـوللی شـاخی بەرنەداوە، خۆی و تەواوی خانەوادەکەی لەخزمەتی تێکۆشانی ڕۆژهەڵاتدابوون، گادانییەکان لەمەهاباد پشت وقەڵای کۆماری کوردستان بوون، سەرەڕای ئەوەی هەڵگری دوو پەساپۆرتی (فەرەنساوی و سـویدی) بـوو بەڵام ژیان لەنـاو کەژوکێوەکـانی هەڵبـژارد مەگەر جاروبـار بـۆ نەخۆشـی و چارەسـەریەکانی جەولەیەکـی ئوروپـای کردبـێ هەم بـۆ بەسـەرکردنەوەی دۆسـتە دێرینەکـانی دیمـوکرات هەمیش بـۆ گێڕانـی کۆڕوسیمینارەکانی یادەکـانی ٢٥ی گەلاوێـژو ٢٦ی سـەرماوەز و ٢ی ڕێبەنـدان (دامەزراندنی دیموکرات، ڕۆژی پێشمەرگە، دامەزراندنی کۆمار)

لەژیانمـدا دووجـار لەنـزیکەوە بینیـومە جارێکیـان لەگونـدی قەڵاسـەیدە کە دەفـتەری سیاسـی حـدک لەوێ بـوو ئەوکـات خوێندکاری زانکۆ بووم خەریکی ئامادەکردنی بابەتێک بووم لەسەر د. قاسملۆ هەندێ سەرچاوەم بەدەست خست و وتـووێژی زارەکیم ئەنجامدا لەگەڵ کـاک مستەفای مولودی (کەئێستا جێگری سکرتێری گشتی حدک)لەکتێبخانەکەیان کتێبێکم هێنـا کوردستان و کورد، هەرلەوێ لەبەرزاییەوە کەسێکی سادە بەگۆچانێکەوە دەهاتەخوارەوە پرسیم ئەوە کێیە؛ وتیـان ئەوە کـاک جلیلی گـادانیە، سەرەتای بەهاری ساڵی١٩٩٧ بوو.

## بۆ یادی ٥ ساڵە

جاری دووەم کە بینیم ئێوارەی ڕۆژی شەممە ٢٧ - ٩ - ٢٠٠٨ بوو لەشاری لینزی نەمسا بوو بەسەردانێک هاتبوو لە ئێوارە جەژنێکی کوردەکان کەکۆمیتەی ئوتریشی حدک سازیکردبوو کاک جلیل هەندێ قسەی کردن باسی دۆخی ناوچەکەو ایرانی کرد، پاشان هونەرمەندی دەنگخۆش و کەمئەندامی سەنگەر کاک بەکر لەگزی (خەڵکی بۆکان و دانیشتوی ئەڵمان) چەند گۆرانیەکی بەدەنگە خۆشەکەی بۆ ئامادەبووان چڕی.

ئەمڕۆش ٦ - ٨ - ٢٠٢٠ پاش ٨٧ ساڵ لە تەمەنی کاک جلیل گادانی بە پەتای کۆرۆنا کۆچی دوایی کرد. تاکە گەنجی سەردەمی کۆماری مهابادە کەلەژیاندا مابێ و بەردەوامیش لەگەل حزبی دیموکرات ماوەتەوە بەبێ پسانەوە تاکو ئەمڕۆ، سادەیی و خۆنەویستی و خاکی و وطن دۆستی لەسیفاتە جوانەکانی ئەو سەرکردەیە بوون.

ڕەوانت شاد و ڕێگەت بەردەوام.

علی قادر حمد

چوارقورنە

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

**بۆ یادی ٥ ساڵە**

## هەمیشە لەدڵماندا زیندو دەمینیەوە




**ئەحمەد نەقشی**

* گەورەم، گەر ئاور دەدەمەوە مێژووی ژیانت کردار و هەوڵەکانت دێتەوە بیرم، هەمیشە رێبەر بوی. لەکۆنگرە ٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ سیمای جوان و میهربانیت ئاشنابوم، لەم کۆنگرەیە کەسی یەکەم دەهاتیەبەر چاو، چاوە دێرو رێکخەری بەهەمو کارو پلانەکانی کۆنگرەت بەرێوە دەبرد. بەشدارانی کۆنگرە بۆ هەمو پرس و رایک رویان لە تۆبوو، هەرتۆش بوی بەبەردەوامی لە راوێژکاری دابوی لەگەل د، قاسملو.

* لەدروست کردنی مەقەرو جێگیرکردنی بنەماڵەکانی سەربەدەفتەری سیاسی لەقەندیل هاوکارت بوم مودریەت ماندویی نەناسیت و سەداقەتی تۆ زیاتر بۆم دەرکەوت، لەوە زیاتر کاتێک ماڵەکان دابەشکران من ماڵم بەرنەکەوت یەکەم شەوی جێگیر بونتان منت بردەوە ماڵی خۆتان دڵخۆشیت دامەوە، پرسیارم؟ لیکردی من چیبکەم فەرموت بەیانی دەچینە رانیە براژنە عیسمەت و منداڵەکان دێنین بۆئێرەو بەیەکەوە دەبین تاماڵێکت بۆدابین دەکەین خۆمبوارد بۆپێشنیارەکەی، گوتی نەقشی کلاراو فەریدە، کەهاوتەمەن بون دەبێ بەیەکەوە بچنە قوتابخانە ماوەیکی بەیەکەوە هاوماڵ بوین لەوماوەیەدا بۆیەک چرکەش ناخۆشی و نارەحەتی نەکەوتە نیوانی بنەماڵەیمان، هێدی و لەسەرە خۆی و نەجابەتی خوشکی بەرێز ئەسمەر خانم بارتەقای کاک جەلیل لەدڵماندا جیگرت. بۆیە بۆت بەپەرۆشم لەبیرت ناکەم، دەزانم لەو کاسانەی وەک من کەمنین کەبە بەرپرسیارەتیەوە ئاورت لێداونەتەوە و یارمەتیت داون،

**روحت شاد لەدڵماندا زیندو دەمینیەوە،**

**بۆ یادی ٥ ساڵە**

## ئەمن و ئیمانتان ئەو دووی ڕێبەندانە چۆن دەبێ بە جێژن؟




**شەمزین ئەحمەدنەژاد**

**پێشکەش بەیادی مامی تێکۆشانی پیرۆز، مامە گیانی کوڕەکان، مامەجەلیل گادانی**

بێنە بەرچاوان، بێخەیاڵترین و بێ دەغدەغەترین ئینسانی کورد کە هیچ دەروەستێکی بەرامبەر خاک و نیشتیمان و نەتەوە نییە. تەنیا بۆ ساتەوەختێک و تەنیا و تەنیا بۆ چەند خوولەکێک تەلەسەمی بێخەیاڵی لێ بشکێنە و ئەوە تەسەورەی تێدا درووست بکە کە وڵاتەکەی داگیرکراوە!. دابنێ ئەوە جۆرێک نەشەیی ناسنامەیی بێ و کتوپڕ بێت و بڕوات. لەو ڕۆژە ڕەشەی دڵنیام لەڕێوە دەڵێ" مردن خۆشترە لە وڵات داگیرکراوی! ئەو دێرە تەنیا بۆ چەند چرکەساتێک و لە نێوان نەشەیی و ئەغیاربوونەوەیەکی هاکەزایی، رووح و ڕەوانی ئەو مرۆڤە دەتەنێ و هەڵدەتەکێنێت.

ئەدی کەسێک ٧٠ ساڵ بە تەسەور و خەیاڵی ناخۆشی کۆیلەبوونی نیشتیمان ڕۆژی شەو بکاتەوە، ئەویش لە حالێکدا کە بە چاوی خۆی کۆماری کوردستانی دیتبێ و دیتبێتی کوردی ئازاد و نیشتیمانی ئازاد چەند جوان و دڵڕفێن و ئاوەدان دەبێ. لەو ٧ دەیەدا، لەو ٢٥٥٥٠ ڕۆژەدا دەبێ چی چێشتبێت؟ ئەو دەمانەی ڕۆژی سەربەخۆیی وڵاتانی دیوە و لە تەلەڤیزۆندا ڕژەی سەربازی سەربازی ڕووس، ئەمریکایی، ئاڵمانی، نپاڵی، بۆرکینافاسۆیی، ئۆگاندایی، غەنایی و نیجریەیی لە بن ئاڵای وڵاتەکانیان و بە حورمەتی سەربازیەوە سەیر کردووە گەلۆ ئەو ساڵ و مانگ و حەوتوو و ڕۆژانە چۆن بەسەریدا تێپەڕ

## بۆ یادی ٥ ساڵە

بووبن؟ دەگەڵ هەموو دیمەنێکی ڕۆژی ڕزگاری و سەربەخۆیی وڵاتان، دەگەڵ شەکانەوەی ئاڵای هەر قوڵەوڵاتێکی هەژار بڵێی خەیاڵی چەند جار چووبێتەوە مهاباد و چەند جار دەستی لەسەر سینگ و لەسەر سەری پێشەوای بە دیار ئاڵای کوردستان و هاتنی سوارەنیزامی کۆماری بەبیر هاتبێتەوە و تەنیا جەستەی لە لە زەمانی حاڵدا مابێتەوە! دڵنیام هەزاران جار تەزووی ئەو بەیانیە ساردەی چوارچرا کە پێشەوا و سەدر و سەیفی قازی باڵایان لە باڵای داگیرکەر بەرزتر بە دارەوە رادەژان، بە بەژنی مامەگیاندا هاتۆتەوە و گادانی ڕوو لە تەمەن و پیری، قەت باوەڕەکانی سارد نەبوونەوە و شەختەی ناهومێدی بیری ئازدیخوازی سڕ نەکرد.

دەزانم و دڵنیام مامەگیانی کوڕەکانی دێموکرات پێی شورەیی بوو ئاواڵ تفەنگەکەی موعینی! لە شان فڕیدا و ڕێهەڤاڵی کاویانی نەمر نەمێنێت. ئەو مایەوە و مێژووی ئەفسانە کوردیەکان ئەفسانەیەکی دیکەی لێ زیاد بوو!

مامەگیانی کوڕەکان مەستی بیری کوردایەتی و بەندەی تەریقەتی ئازادی بوو. بە کڵاوێکی سوری مەرەزەوە سەری لە قەڵسەگێران لە داگیرکەر دەخورا و دەتکوت پڕیشکی کوانتۆمە بۆ ناو ژیانی بەشەر. ١٣ سال زیندان، دەرکردنی لە وڵاتی خۆی لەژێر ناوی تەبعیدی، پێشمەرگە و کادر، کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی، شاخ، شەڕ، کۆنگرە و میوان و دیپلۆماسی، ئەدی کێ دڵی پێشمەرگە و خەڵک بداتەوە و بپرسێ لە ناسیاوی دوور دوور و تەنیا جارێک دیتوو؟ بەسەر کردنەوەی جێژنانە و بەخێرهاتنکردنی بنەماڵەی تازە بۆ نێو شۆڕش؟ کوڕی شەهابی نەخۆشە و لە پڕا وەژوور دەکەوێت. لە قەلادزێ میوانی ماڵی شێخ سەدرەدینی برای ئاکۆئاغای ڕانیە و لە سولەیمانی مامی کوڕەکانی دێموکرات خانەخوێی مامی یەکیەتی!....

کەیخودایەکی کاوپانتۆڵ لەبەری خوێن شیرین بەهەنگاوی وردەوە وەژووری ماڵە فەرماندە ئەسعەد شاماتی دەکەوێ و تێکڕا لەبەری هەڵدەستین! پیرۆزە بابەگیان، دیلان ئەتۆش دەستی مامەگیان ماچکە و ئەمنیش لە دڵمدا داوەتە!. لە نێوان فەرماندە یادگارەکانی هێزی پێشەوای نەبەرد، لەنێوان سەید عەزیز و عوسمان ئەفشین دادەنیشێت و وەک خالید قەسابی بابم، مامە گیانیش بەخێرهاتنی میوانەکانم دەکات!

هههە لەوێ دەخەمی دەرس خوێندنی مندایە و دەڵێ ئەدی مامە گیان بەهیوانی خوێندنەکەت دەستپێبکەیەوە؟ بێ سۆحبەت وای بە کێهامان نەکوتۆ؟

ئەرێ بۆ پێتان نەڵێم سەرچۆپیەکەی دووی ڕێبەندانی لەبەیانیەوە ژانی پێکردووم و ژیانی لێ حەرام کردووم. دەستم بۆ کار ناچێت. دەکرێ دووی ڕێبەندان بێت و پیرە پیاوە سەرووڕو خۆشەکەی یادگاری کۆمار لەسەرچۆپی نەبێ؟ خێزانی هاوڕێ

## بۆ یادی ٥ ساڵە

شێخانی نەچێتە دەستی و هاوڕێ بە قاقاوە لە دەسرەی دەستی سەرچۆپی نەڕوانێت؟ هەی داد لەمن نە هاوڕێ ما، نە شەوبۆ هەڵدەپەڕێ و نە مامیش ماوە سەرچۆپی بگرێت! ئەی ئەمن و ئیمانتان ئەو دووی ڕێبەندانە چۆن دەبێ بە جێژن؟

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## ئەو "مامە"ی خۆنەویستانە هات و ڕاستگۆیانە ڕۆیی!




**ناسر باباخانی**

ژیان بۆ من فێرگەیە، قوتابخانەیەکی هەتاهەتایی، ئەوەش نەک بڵێی لە ڕووی خاکەڕاییەوە ئەوە بڵێم، بەڵکوو باوەڕی عەقڵیم پێیەتی و تا ڕۆژی مردن بەرگی قوتابی لەبەر خۆم دانارنم، بۆیە هەر لە سەرەتای تەمەنمەوە تا هەنووکە دەیان مامۆستای دیدە و نەدیدەم هەبووە کە دارەدارەیان پێکردووم و دەستیان گرتووم ڕێبواری ڕێگەیەک بم کە خۆیان تەواوی ساتەکانی تەمەنیان بەختی ئەم ڕێ و ڕێباز و ڕێچکەیە کردووە بە هەموو هەورازولێژ و بە هەموو سەرکەوتن و نسکۆکان و بە هەموو شیرین و تاڵییەکانییەوە...

ئەوەش لە بەختی ڕەشی منە کە شانازی ئەوەم بەنسیب نەبووە لە نیزیکەوە بە خزمەت زۆرێک لەم مێرخاس و گەورەپیاوانەی نەتەوەکەم لە نیزیکەوە بگەم و پەیوەندییەکە هەر بە شێوەیەکی مەجازی و موبایل بووە، بەڵام لە هەموو پەیوەندییەکاندا ئەوەی دووسەرە قازانجی بەنسیب بووە من بووم. لە لایەک دیتنی ئەدەب و ئەخلاق و خاکەڕایی، لە لایەکی تریشەوە سیاسەت و مێژوو و دیوی شاراوەی ڕووداوەکان.

وەک باسم کرد بەداخەوە من لە نیزیکەوە هەرگیز بە خزمەتی ئەو بلیمەتانە نەگەیوم بەڵام زۆر جاران کە کاتم گرتوون یان بەسەریان کردوومەوە، هەموو جارێ لە دوای تەواو بوونی قسەکانمان هەستم بە قورساییەکی زیاتر کردووە، هەستم

## بۆ یادی ٥ ساڵە

کردووە شتی زیاتر فێر بووم و تەنانەت چەکەرەی باسێکی نوێ لە زەینمدا سەری هەڵداوە. ئەم کورتەیادداشتە تەنیا دەستی ڕێز بە سینگەوەنانە بۆ یادی مامە جەلیل گادانی یەکێ لە سادفترین و خۆنەویستترین کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردستان و سیمای دیاری حیزبی دێموکرات، بۆ سپاسی ئەو ساتانەی کە زۆر جاران بە تەلەفۆن بەحەقیقەت شتی لێ فێر بووم. بە ڕای من خاکەڕایی و ڕاستگۆییەکەی مامە جەلیل دوو کلیل وشەی سەرەکی هەموو ئاخاڤتنەکانی بوو کە بەداخەوە لەم سەردەمەدا زۆر دەگمەنن، چون بەڕاستی زۆر بایخێکی کەم وێنەیە کە یار و نەیارت دان بە ڕاستگۆیتدا بێنن و ئەوها بەڕێزەوە بڕواننە چرکەکانی خزمەت بە نەتەوەکەت، ڕۆیشتنی ئاوا خۆزگە بەنسیب هەموو سیاسییەک بێ! ئەمە دواکامێنتی مامە جەلیل گادانی بوو کە لە ژێر پۆستێکی من حەوت هەفتە بەر لە کۆچی دوایی نووسیویەتی...

**سەرەخۆشی لە سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەی نیشتمانپەروەری گادانی و هاوڕێیانی حیزب دێموکرات دەکەم. سەرت سڵامەت بێ نیشتمان، یادی ئازیزت هەزاران جار بەخێر مامە جەلیل!**

**ئەمریکا، چواری بەیانی ١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٩**



سەرچاوە
Serchawe

بۆ یادی ٥ ساڵە

**ڕوحت شاد بێت کاک" جەلیل گادانی" تێکۆشەری دیار و ناسراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.**




**محەمەد سلێمانی**

سڵاو لە گەورەی و حەود دەیە خەبات و خۆڕاگری سیمای ناسراوی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاک "جەلیل گادانی" بێت و یاد و ناوی هەردەم بە زیندووی دەمێنێتەوە.

کۆچی دوایی تێکۆشەری دیاری نێو جووڵانەوەی سیاسی گەلی کورد کاک "جەلیل گادانی" بێگوومان خەسارێکی گەورەی بە شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دۆخێکی هەستیاری وەک ئەمڕۆدا گەیاند.

لە قۆناغە دژوار و ئاستەمەکاندا وەک پێشەنگی جووڵانەوەی سیاسی دەوری هەبووە و چەند دەورە ئەندامی کومیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بووە و وەک مرۆڤێکی دڵسۆز و داوێن پاک و خاکی و خەڵکی نێو ڕیزەکانی حیزبدا ناسرا بوو.

کاک جەلیل وەک ڕێبەرێکی خۆڕاگر و باوەڕ بە مافی سیاسی گەلەکەی، پاش تێکچوونی حکوومەتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بۆ ڕێکخستنەوە و بووژانەوەی تەشکیلاتی حیزبی دێمۆکرات ڕۆڵی گەورەی گیراوە و مرۆڤێکی ناسراوی ئەو سەردەمە سیاسیەبووە.

## بۆ یادی ٥ ساڵە

باوەڕێکی قووڵی بە مافی چارەنووسی سیاسی نەتەوەی هەبوو، دژی خۆ بەزل زانی و هەلپەرستی و لاوازی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو لە نێو ڕێزەکانی حیزبدا و زۆر سادقانە قۆناغە سیاسی و تەشکیلاتیەکانی درێژەداوە.

کاک جەلیل گادانی وەک تێکۆشەرێکی دیار و بەرچاوی نێو بزووتنەوەی سیاسی و شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پاش حەوت دەیە لە خەباتی بێ وچان لە پێناوی ڕزگاری سیاسی و نەتەوەیدا، بەداخەوە بەهۆی پەتای کرۆنا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان ماڵ ئاوای لە خەڵکی کوردستان و هاوڕێ و دۆستانی کرد.

**جوڵانەوەی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکێکی تر لە سیما ناسراوەکانی خۆی لە دەستدا و بە داخەوە ئازادی و سەربەستی سیاسی نەتەوەیی ئەو بەشەی کورستانی بە چاوەکانی نەدیت.**

هەر بەو بۆنەوە خۆمان بەهاوبەشی غەمی بنەماڵەکەی دەزانین.

ڕوحی کاک جەلیل شادبێت و بە هیوای بەدی هاتنی ئاواتی لە مێژینەی ئەو تێکۆشەرە دێرینەی کورد.

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## کەنداڵ نزان، سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس




بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاک جەلیل گادانی، سیمای مەزنی خۆڕاگریی گەلی کورد لە ئێرانمان پێگەیشت.

کاک جەلیل کەسایەتییەک بوو کە لە هەموو کوردستان و لەنێو دیاسپۆرای کوردی ئوورووپادا زۆر خۆشەویست بوو. ئەو لە فەڕانسە زۆر دۆستی هەم لەنێو کوردەکاندا و هەم لەنێو ئەو پزیشکە خێرخوازە فەڕانسەوییانەدا کە لە کوردستان خزمەتیان کردبوو، هەبوو. هەموو لایەک بۆ لەدەستدانی ئەو پیاوە ئیستسنایییە کە هەمیشە ڕووخۆش و مێهرەبان و گەششبین بوو بەغەمن.

ئەو هەر لە مێرمنداڵییەوە و لەژێر سایەی کۆماری کوردستاندا ژیانی خۆی بۆ خەباتی گەلی کورد لەپێناو ئازادی و مافە نەتەوایەتییە ڕەواکانی تەرخان کردبوو و تا سەر بوو بە بەشێک لە کاروانی دوور و درێژی خەباتگێڕان و شەهیدانی کوردستان.

لەم کات و ساتە بەئازارەدا، بەناوی ئەنستیتۆی کوردەوە کە ئەو دۆستێکی وەفاداری بوو، هاوسۆزی و هاوخەمیی هەرە سادقانەی خۆمان بۆ بنەماڵە و نزیکان و هاوڕێیانی حیزبیی کاک جەلیل دەنێرین. باشترین شێوەی بەرزڕاگرتنی بیرەوەریی وی درێژەدانی خەباتی ئەو بۆ ئازادیی کوردستانە.

کەنداڵ نزان سەرۆکی ئەندیستۆی کورد لە پاریس، ١٠ی ئووتی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

بۆ یادی ٥ ساڵە

## محەممەد حەمەباقی، ئەندامی کارای ئاکادیمیای کوردی




**بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**
**دوای ڕێز و سڵاوی دڵسۆزانە،**

بەخەم و کسپەیەکی زۆرەوە، هاوبەشی خەمی مەرگی تێکۆشەری ناسراوی حیزبەکەتان و گەلەکەمان، مامۆستا جەلیل لە هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی و سەرلەبەری ئەندامان و لایەنگرانی حیزبە تێکۆشەرەکەتان و لە هەمان کاتدا لە خۆمیش دەکەم، کە شانازیی ئەوەم بەرکەوتبوو، دۆستایەتی دێرینەم لەگەڵ مامۆستا جەلیلدا هەبێ؛ ئەو مرۆڤەی بە جەستە و بە قەڵەم، هەموو تەمەنی لاوێتی و سەرومڕی ژیانی، بۆ کێشەی ڕەوای نەتەوە ژێردەستە و بەشخوراوەکەی تەرخان کرد و لەو تەمەنە پڕ لە خەباتەیدا، کە زۆر بە دژواری، بەسەریدا زاڵ ببوو، بەڵام عەگیدانە و یەک بین و یەک پشوو، ئاوقە و ئاوێتەی کێشەی نەتەوەکەی ببوو، بەجۆرێک هەر کەسێک ناسیاویی نزیکی لە خزمەتیدا بووبێ، هەستی دەکرد مامۆستا جەلیل ئاوێنەیەکی پاک و بێگەرد و نوێنەری ڕاستەقینەی کێشەی نەتەوەکەیەتی و لە هەموو هەڵسوکەوتیدا، هەست دەکرا، کێشەی نەتەوەی کورد، کێشەیەکی هەمیشە زیندووە، هەمیشە ڕەوا و هەمیشە بەپێوە ڕاوەستاوە، وەک ڕاوەستانی جوامێرانەی مامۆستا جەلیل، لەگەڵ کاروانی خەباتگێڕانی نەتەوەکەیدا، بۆ گەیشتن بە ئازادی و ئاشتی.

هەر بژین بۆ خەبات.

دڵسۆزتان محەممەد حەمە باقی ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی

هەولێر ١١ - ٨ - ٢٠٢٠

دکتور شوکریە ڕەسووڵ




## جەلیل گادانی پتر لەنیو سەدە خەبات وتێکۆشان و کۆڵنەدان!

ڕۆژی ٦ - ٨ - ٢٠٢٠ بەکۆچی مامۆستا جەلیل گادانی تووشی شۆک بووم. هەرگیز باوەڕم نەکرد خوای ئەهریمەنی سەرزەوی بە نەخۆشیی کۆڕۆنا گیانی لێبسێنێتەوە. ئاخر کەسایەتیی ناوبراو هەموو ژیانی لە تێکۆشان و خەباتدا بووە، پتر لە دەساڵی تەمەنی لە بەندیخانەی ڕێژیمی شادا بەسەر بردوە و ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجەی بەندیخانە و خۆڕاگرییە لەپێناو وەدەستهێنانی مافی خودموختاری بۆ کورد چەشت؛ کەچی بەرگەی نەخۆشی و پەتای ئەم سەردەمەی نەگرت. ئاخر ئەمە چ بەڵایەکە تووشی گێتی بووە و پشکیشی بەر کورد کەوتوە. ئەمە بەڵایەکە کەس ناناسێ لە دەرگا دەدا ئازار و ئەشکەنجە ناوەوەی گیانی مرۆڤی داگیرکردوە و جیهانی بەخۆوە سەرقاڵ کردوە و هەموو جیهان لێی دەترسن. تەمەن ناناسێ، لەگەڵ گەنج وکاڵ و پیر لە زۆرانبازیدایە. هەموو ئەندامانی لەش لە ناوەوە تێک دەشکێنێ، دەنگ دەگۆرێ. هەربۆیە ئەم ئازارەی مامۆستا تەواو جیاواز بووە لەو ئازار و ئەشکەنجەی ڕێژیمی شا و ئەهریمەنی سەر زەوی گیانی لێسەندەوە و و ئازارێکی گەورەی خستە دڵ و دەروونی دۆست و خزم و حیزبەکانەوە.

کاک جەلیل کەسایەتییەکی سیاسەتمەدار و تێکۆشەرێکی ئازا و خاوەن قەڵەم بوو. زۆرجار هاتۆتە ماڵم و لەگەڵ خۆی کتێبی "پەنجا ساڵ خەبات" بە قەڵەمە ڕەنگینەکەی پێشکەش کردووم، چجای کتێبی وەرگێرانی لەسەر مێژوو و ڕەچەڵەکی کورد. ئەو ماوە کەمەی لە ماڵمان بوو نیمچە کۆڕێکی پڕسوود و بەرەکەت بوو. بیرمە باسی تێکۆشانی غەنی بلوریانی بۆ کردم کە نیوەی تەمەنی لە سجندا بردبووە سەر. کاتێ ئازاد کرا لە ماڵی جەلیل گادانی لە تاران بە ئاپورای جەماوەر بۆ

## بۆ یادی ٥ ساڵە

کوردستان بەڕێ کرا. لە هەموو شارەکانی پێیدا تێدەپەڕی، گوڵباران کراوە و ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی نراوە و چووەتە نێو دڵی میللەتەوە و نامرن ئەوانەی لە دڵی میللەتدا دەژین. ئاپووڕای جەماوەر خۆی لە شەست هەزارکەس داوە. باس و خواسی "چل ساڵ خەبات"، کتێبەکەی د. قاسملۆمان هێنایە گۆڕێ. بەڕاستی شارەزای هەموو مێژووی هاوچەرخی کورد و هەموو پیلانەکانی نێودەوڵەتی و شەڕەکانی یەکەم و دابەشکردنی کوردستان و شەری دووەمی جیهانی و دامەزراندنی ژ. ک و حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان لە مەهاباد بوو. ئیتر ئەم بابەتانە بوونە هەوێنی نووسینی پەنجا ساڵ خەبات. ئەو لە نیزیکەوە هەموو تەمەنی لاوی لە حیزبی دێموکراتدا تا پلەی سکرتێری حیزب، بە شەرەف و سەربەرزی بەسەر برد وکۆڵی نەدا، بەڵام پەتای نەعلەتیی کۆرۆنا گیانی لێ ستاند و خۆم و حیزب بەلەدەستدانی ئەم سەرکردەیە تووشی شۆک بوو.

بەڵێ کورد تێکۆشەرێکی گەورەی لە کیس چوو، دڵی بریندار کردم، چونکە ئەم پیاوە مەزنە کۆڵنەدەرە باوەڕی بە مێژوو و فەلسەفەی مێژوو بوو. بەلایەوە کەرەستەکانی مێژوو مرۆڤ بووە کە گۆڕانکار و تێکدەریش بووە و توانیویەتی حیزب و ڕێکخراو دامەزرێنێ و ماف بەدەست بێنێ. بەڕاستی لەدەستدانی سەرۆک شکستێکی کاتییە بۆ جەماوەرەکەی، بەڵام ئەمە مێژووە. حیزبی دیموکرات وەک کۆنترین حیزب لە کوردستان بە لەدەستدانی تێکۆشەرانی ڕاهاتوە و بە هەزاران هەزار شەهیدی داوە و کۆڵ نادا هەڵدەستێتەوە. هەربۆیە ئەم برینە بەئاسانی سارێژ نابێ و هیچم لەدەست نایە.

هاوخەمی خۆم ئاراستەی حیزبی دیموکرات و خانەوادەکەی و تەواوی گەلی کورد دەکەم و دەڵێم: کاک جەلیل گادانی کۆڵنەدەر! خەوی خێرت بێت و جێگات بەهەشت بێت. دڵنیابە ئەم بارە ناخۆشە نەبوایە بە هەزاران لە ڕۆڵە کوردپەروەرەکان تەرمی تۆیان بەشکۆوە بەرەو مەزارت دەبرد. ڕەحمەت لە گۆڕت، سەربەرزانە ژیایت و بە بێدەنگی ماڵئاواییت کرد، خوات لەگەڵ و ماڵئاوا...

د. شوکریە ڕەسووڵ

هەولێر ١١ - ٨ - ٢٠٢٠

بۆ یادی ٥ ساڵە

## مامۆستا کاروخ پڵنگانی (شاعیری ئەیلول)




**بۆ بنەماڵە و کەسوکاری بەڕێز و پایە بەرزی خوالێخۆشبوو جەنابی کاک جەلیل گادانی.**

**سڵاو و حورمەتی تایبەتیم قبوڵ بفەرموون.**

بە هەستێکی پڕاوپڕ لە خەم و کەسەر و بە پەژارەوە ماتەمێکی زۆرەوە، سەرەخۆشی لە ئێوەی بەڕێز و تەواوی هەڤاڵان و هاوسەنگەرانی ئەم زاتە گەورەیە دەکەم.

کۆچی دوایی جەنابی کاک جەلیل گادانی بە زیانێکی زۆر گەورە دەزانم بۆ ڕێڕەوی خەبات و پێشڤەچوونی بزاڤی ئازادی و ڕزگاری خوازی نەتەوایەتیمان.

وەکوو کوردێکی نەتەوە و نیشتمانپەروەر، بە ڕێز و پێزانینی زۆر و هەرگیز لە بیرنەکراو دەڕوانمە ڕۆڵی بەرز، حاشا هەڵنەگری کوردانە و جوامێرانە ئەو مەزنە پیاوە، کە هەر لە سەرەتای تەمەنی لاوێتییەوە تا دوا هەناسە، هەموو ژیانە خۆی بەخشی و تەرخانی کرد بۆ خزمەتی کورد و گەیشتن بە ئامانجە ڕەواو و پیرۆزە نەتەوایەتیەکەی.

یەکێکی دیکە لە خسڵەتە جوانەکانی جەنابی کاک جەلیل ئەوە بوو کە خۆپەرەستی و خۆبەزلزانی لە فەرهەنگی بیرکردنەوەی ئەودا جێگا و شوێنەوارێکی نەبوو، بۆیە دۆست و ناسیاو و هاوەڵەکانی هەمیشە شانازییان بە دۆستایەتی و

## بۆ یادی ٥ ساڵە

هەبوونی پەیوەندی لە خزمەتیدا دەکرد، کە من خۆم یەکێک بووم لەوان.

لە کۆتاییدا لە بەرامبەر گیانی پیرۆز و ناوی بەرزی کاک جەلیل سەری ڕێزگرتن و حورمەتامێز دادەچەمێنم و ئەم چەند دێڕە شێعرەش کە هەڵقوڵاوی هەستی خۆشەویستی و دۆستایەتی بێبڕانەوەمە بۆ گیانی بێگەرد و پاکی جەنابیان دەکەم بە دیاری.

بژی کورد بژی کوردستان، سەرساغی بۆ بەڕێزتان.

پەیامی من لەسەر پرسە و ماتەمی ئەو شێرە مەردانە
بەڵێن نوێ کردنەوە و سۆزی خەباتی بێ ووچاندانە

قەزاواتی قەدەر وایە سزای عومری درێژی من
بڵێم چی دیتنی مەرگ و لە دەست چونی ئەزیزانە

لە مەزرای پڕ تەپوتۆزی ژیانی بێ ئومێدیدا
بە ناچاری دەبێ هەڵکەم لەگەڵ ئەو کارەساتانە

دەبا بێنم وەکوو (هێمن) لەگەڵ نەی ناڵە تێکەڵ کەم
هەتا شینێکی شایستە بگێڕم گۆشە گیرانە

دەزانم خۆ شەهید هێندە مەزن بێ شیوەنی ناوێ
لە ماڵ و سەروەتیشمدا کە هەرچی ناوی سامانە

لە شێعری (شاعیری ئەیلول) بەدەر چیدیکە شک نابەم
کە وەک تاجە گوڵینە بیکەمە هێمای شەهیدانە

شاعیری ئەیلول

١٠ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## د.خورشید شەوکەت ڕەواندزی باڵوێزی خۆبەخشی کوردستان لە ئوروپا




### پەیامی هاوخەمیی د. خورشید شەوکەت ڕەواندزی

کۆچی دوایی هاوخەبات و هاوبیرم هەڤاڵ جەلیل گادانی بۆ هەموو کوردپەروەرانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و لە پێشاندا ئەندام و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆستێکی گەورەیە.

من د. خورشید ڕەواندزی یەکێکم لەوانەی دەوری ٣٠ ساڵە ئەم کەڵەپیاوە کەم نموونەییەم ناسیوە. بەر لەویش سەرکردە بەناوبانگەکانی ترم لە پراگ - چیکوسلوفاکیا د. عەبدوڕەحمان قاسملوو هەروەها د. شەرەفکەندی لە پاریس ناسیبوو. بێ پەردە ئەتوانم هەر سێکیان وەکوو یەکدا شانازی بە ناسینیان بکەم و حەزمە وەک یەکتریش ڕێزیان لێ بگیرێ. بەڵام برا و مامۆستای زێدە ڕێزدارم نەئەبوا لە پێش مندا و دوور لە من ماڵئاوایی بکردایە.

بەڵام وادیارە تەمەندرێژی من بۆ خۆشی و لەزەت لە ژیاندا نییە و لاشم گران نییە و ئەرکی سەرەکیشمە بۆ کۆچکردو و قارەمانانی کوردستان خەمبار بم و لە هاوبەشی بنەماڵە و حیزبەکەیان لەم ساتە نارەحەتانەدا بکەم. چەندین جار داوام لە کاک جەلیل کردوە لە خانووەکەی من لە هەولێر ژیان بەسەر بەرێ، هەردەم جگە لە سوپاس کردنم ڕەتی ئەکردەوە و ئەیوت دەبێ لەگەڵ هاوڕێیانی خۆماندا بە یەکەوە بژین و بمرین.

## بۆ یادی ٥ ساڵە

بەم بۆنەیەوە پرسە و سەرەخۆشی بە ناوی خۆم و زیاتر لە (٣٠٠) ئەندامانی بنەماڵەمان ئاراستەی بنەماڵەی جەلیل ڕەحمەتیی خۆشەویستم و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ڕۆژهەڵات و هاوبیر و خەباتکارانی لە ئەودیو وتایبەت لە شاری مهاباد دەکەم و ئاواتمە لاو و گەنجان چاو لەو بکەن لە ڕەفتار کردنا و ببێتە نموونە بۆیان هەروەکوو بۆ منیش ئەرک دەبێت.

دڵسۆزتان

د.خورشید شەوکەت ڕەواندزی

باڵوێزی خۆبەخشی کوردستان لە ئوروپا

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## بۆ یادی ٥ ساڵە

### شەوقی تێکۆشەر و چالاکوانی سیاسی (باکووری کوردستان)




**بەڕێز کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

خەبەری کۆچی دوایی تێکۆشەری نەسرەوتوو کاک جەلیل گادانی بۆ من جەرگبڕ و دڵهەژێن و پڕ لە پەژارە بوو. کاک جەلیل بۆ من وەک کوردێکی باکووری کوردستان هەڤاڵێکی لەمێژینەی ڕێزدار و گەورە و ئازیز بوو. لە چاوپێکەوتنەکانماندا لەکاتی سەفەر بۆ پاریس دنیایەک ورە و هیوای لێ دەردەکەوت، کۆمایەک شادیی لەنێو چاواندا بوو. کاک جەلیل کوردێکی پاک و ڕاستەقینە بوو.

نەمانی کاک جەلیل لەسەر مەیدانی خەبات کۆستێکی گەورەیە بۆ کورد و بۆ کوردستان. من لێرەدا پرسە و سەرەخۆشیی خۆم ئاراستەی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەم و پێتان ڕادەگەیەنم کە لەگەڵ ئەم خەمە گەورەی ئێوە و نەتەوەی کورددا بەتەواوی بەشدارم.

شەوقی

پاریس ٦ی مانگی ئووت ٢٠٢٠

## لە کۆمارەوە تا یوبیلی ئەڵماس




**برایم چۆکەلی**

کەسایەتی بەرزی کاک جەلیل شتێک نیە کە هەموو دۆستان و هاوڕێیانی پیی نەزانن، ٧٥ ساڵ خەبات وتێکۆشان هەر بە قسە و بەدەم خۆشە باس بکرێ، ڕاستە لە مێژووی نەتەوەیەک کەمە بەڵام بۆ خۆی ٣ نەسڵە لە مەیداندا دژی داگیرکەران خەباتی بێ وچان بەڕێوە دەبا.

"لەدەستدانی کاک جەلیل نەک هەر بۆ حیزبی دێموکڕات، بەڵکوو بۆ هەموو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد خەسارەتێکی گەورەیە. ئەو لە یەکەمین تێکۆشەرانی حیزبەکەیەتی و تەمەنی تەنیا ١٣ ساڵ بوو کە لە دەورانە زێڕینەکەی کۆماری کوردستاندا تێکەڵ بە کاروانی پڕسەروەریی حیزبی دێموکڕات بوو و تا دواهەناسەی ژیانیشی غەمی گەورەی پێشکەوتنی حیزبەکەی و سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی بوو.

لە خەباتی دوورودرێژ و پڕهەوراز و نشێوی خۆی و حیزبەکەیدا جەلیلی گادانی هەموو شێوەکانی خەباتی گرتە پێش و هەموو نەهامەتییەکانی لەخۆی گرت. ئەو بێجگە لە دەورانێکی کورتی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب، تەواوی تەمەنی خۆی لە خەباتی نهێنی و کار لە نێو جووتیاران و زەحمەتکێشانی کوردستان، زیندان و دوورخرانەوە و دەربەدەری و چەرمەسەریدا بەسەر برد. چوار جار گیرا و بە هەموویەوە نیزیک بە پازدە ساڵ تەمەنی لە زیندانەکانی ڕێژیمی پاشایەتیدا بەسەر برد و بە دەیان جار لە ڕۆژانی خەباتی چەکدارانەدا شاهیدی بۆمباران و تۆپباران و هێرشی نیزامیی هێزە دژی گەلییەکانی کۆماری ئیسلامی بوو و زۆرجار لە سنووری مەرگ گەڕایەوە." **بەشیک لەبەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی.**

**روحت شاد بێ**

## بۆ ڕێبەرێک لە ئەخلاق و کوردایەتی




ژیوار رەسووڵی

١

ئەوە دوو رۆژە دەمهەوێ لەسەر مام جەلیل گادانی بنووسم، پێموایە دە جار یەک دوو دێرم نووسیوەو پاکم کردووەتەوەو لەبتابەکەم وەلا ناوە. هەر دەلێم جارێ شۆکی لەدەستچوونی ئەو رێبەرە بەری نەداوم و رەنگە هەست و سۆزو دڵپریم بەسەر نووسینەکەمدا زاڵ بێت و نەتوانم واقیعی کەسایەتی مام جەلیل باس بکەم. بەڵام ئێستا کە بیری لێدەکەمەوە کاتی خۆشی سێ ساڵ لەمەوبەر کە مام جەلیل لەژیانیشدا بوو، من لەسەرم نووسی، جا گەورەیی ئەو رێبەورو سەرکردەیە لەوەدایە کە دوای مردنیشی هەمان بۆچوون و نووسین دێر بە دێرو وشە بە وشە هەمان مانای هەیە. مام جەلیل لەو دگمەن شۆرشگێرانەیە کە لەهەبوون و نەبوونیدا هەمان پێناسە دەداو هیچ پێویست ناکات لەدوای مەرگیدا بۆ پێناسەکردنی بەدوای وشەدا بگەرێی، چوونکە هەمان وشەی ٧٠ ساڵ لەمەوپێش بۆ مام جەلیل ئێستا دوو رۆژ دوای کۆچی دواییشی هەر ئامانجی خۆی دەپێکێ. مام جەلیل تاقانە بوو، تاقانە.

نزیکەی ساڵێک بەر لە ئێستا لە بەردەم یەکێک لە هۆلەکانی سینەمای فاملی مۆل لەگەڵ تروسکە تووشی مام بووین، خۆی و پێشمەرگەیەک بوون کە هەردووکیان زۆر ماندوو بوون، وتم مامە بۆ وا ماندووی، وتی لە مەقەرەوە بە پێ هاتووین، ئۆتۆمبیلەکەم خرابووەو هی حیزبیش لەبەردەست نەبوو، نەدەکرا راوەستم چوونکە بەلێنمدابوو کە بێم سەیری فیلمی

پێشمەرگە لە سینەما بکەم، ناکرێ بانگهێشتی نمایشی فیلمێک لەسەر پێشمەرگە بم و بە هەر پاساوێک ئامادە نەبم. جا هەر ئەو شەوە دوای سەیرکردنی فیلمەکە مام و پێشمەرگەیەک و خۆم و تروسکە پیاسەیەکی باشی شارمان کرد.

پێش ئەو پەتای کۆرۆنایەش مام جەلیل تەلەفوونی بۆ کردم و وتی مامە گیان ئەوە سبەی دەچم بۆ ئوروپا دەمهەوێ ئەمجارە دەنگی کۆڵبەران بگەیەنم، ئەگەر دەکرێ بەپەلە هەندێک ڤیدیۆو ئامارو زانیاری وردم بۆ ئامادە بکە، با لەگەڵ خۆم بۆ ئەو سەفەرەی ببەم و هەر لە فرۆکەخانەوە ئازاری ئەو کۆڵبەرانە دەگەیەنم. دەزانن ئەو دوو نموونەیە لە باسی کێ دایە، کەسێک کە زیاتر لە ٨٥ ساڵ تەمەنییەتی و زیاتر لە ٧٠ ساڵە خەریکی تێکۆشانە. رۆژێک عەرزم کرد، هەر جارەو ماندوو و بێ تاقەت دەبم، جەنابتم وەبیردێتەوەو شەرم لەخۆم دەکەم کە بیر لە ماندوو بوون دەکەمەوە.

٢

لەروانگەی ماکس ڤێبەر ئەو کەسانەی بەهۆی تایبەتمەندی کەسییەکانیانەوە دەبنە کاریزما پێغەمبەرن، پێغەمبەر لەروانگە ئاینییەکەیەوە نین، بەڵکو بەهۆی هەبوونی تایبەتمەندی کەسی و فریادرەس بوون وەکوو پێغەمبەریان لێ دێت، جا ئەوە دەکرێ لەهەموو بوارو کایەکانی ژیان بێت، لەگەڵ ئەوەش ڤێبەریش پێیوایە کە خودی کاریزما ریشەیەکی قووڵی لە ئاییندایە. لەگەڵ ئەوەش پێناسە سەرەکییەکەی بۆ کاریزما ئەوەیە کە کەسانێک بەهۆی تایبەتمەندییە شەخسییەکانیان دەبنە کاریزما. هیچ مرۆڤێک تەنیا بەهۆی خوێنەواری و هەوڵەکانیەوە نابێتە کاریزما، بەڵکو ئەو تایبەتمەندییە دەبێ لە زاتیدا هەبێ، دەبێ لەناو جەماوەردا بێت، بەڵام بەدیدێکی دیکەوە سەیری دەورووبەری بکات. کاریزماکان هاواری ئازارە گشتییەکانی نەتەوەو کۆمەڵگەیەکن، ئەوان بە هێزێکی دروستکراو لە ئازاری گشتی باس لە چارەسەرو مانەوە دەکەن. کاریزماکان ناخی جەماوەر داگیر دەکەن، جەماوەریش ئەو داگیرکارییە بە هەموو وجوودیانەوە قبووڵ دەکەن. داگیرکردنی ناخی تاک لەلایەن کاریزماوە تاکە داگیرکارییەکە کە مرۆڤ تێیدا هەست بە ئازادی و ئاسوودەیی دەکات.

ئەوانەی دەبنە کاریزما هیچیان نیە جگە لەخۆیان و پەیامەکەیان، خۆیان وەکوو بکەرێکی خۆنەویست، ئامانجدار، پێداگەرو کۆڵنەدەر، لەهەمان کاتدا پەیامەکەشیان ئەو ئامانجەیە کە لەکاتی هەوڵ و بانگەشەکردن بۆی کاریزماکە دروست دەبێ یان باشترە بلێین دەردەکەوێت. کاریزماکان لەلایەن جەماوەرەوە بەبێ هیچ چاوەروانییەکی مادی وەردەگیرێن و هەتا ئاستی پەرەستن ستایش دەکرێن، ئەوان بۆ رێبەریکردن نە بەلێنی پلەو پایە دەدەن و نە هیچ ناچاری و زۆرەملێییەکیش بەکار دەهێنن. سەربەستکردنی بەردەنگەکان بۆ تێکەڵبوون بە جولانەوەو بزوتنەوەکە تایبەتمەندی سەرەکی رێبەرێکی کاریزمایە، جا جیاوازییەکەشیان لەگەڵ سکرتێرو سەرکردەکان لەوە دایە کە هیچ کات کاریزماکان هیچیان بۆ خۆیان نەویستووەو



سەرچاوە
Serchawe

ناوێت، ئەوەی ئێستا هەیەو لەداهاتوودا دەبێ بۆ بەختەوەرکردنی ڕێرەوەکان، چونکە ڕێرەوەکان ئامانجی کۆتایی خەباتەکەن، هەربۆیە پێشەنگی وەها شۆڕشێک ڕێبەرێکی کاریزمایە.

٣

دوای ئەوەی لەساڵی ١٢٨٦ی زائینی ئەلیکساندەری سێیەم پاشا خۆشەویست و بەهێزەکەی سکۆتلەند لە ئەسب بەربوویەوەو گیانی لەدەستدا، مارگارێتی نەوە ٤ ساڵییەکەی کە ئێستاش بە شاژنی نۆرویژ دەناسرێت جێگەی گرتەوە، بەڵام ئەویش لە ١٢٩٠ بەهۆی نەخۆشییەک گیانی لەدەستدا، ئیتر راوێژکارەکانی باپیری مارگارێت بڕیاریاندا کە بە هەماهەنگی و پرس و راوێژ و بەڵێنی پێشوەختەی ئینگلیزەکان، سکۆتڵەند بەهێز و لەسەر پێ رابگرن، لە رۆژێکدا کە سکۆتلەندییەکان چاوەڕێی هاتنی شا ئیدواردی یەکەمی ئینگلیز بوون، بۆ ئەوەی رێکبکەون، بەڵام هێزێکی گەورەی ئینگلیزەکان پەلاماری سکۆتڵەندیان دا و کۆتاییان بەوحکومەتی ئەوان هێنا. ئەو کات ویلیام والاس منداڵێکی هاوتەمەنی ئەو کاتی مام جەلیل گادانی لەسەردەمی کۆماری کوردستان بوو، والاس وەکوو مام جەلیل کوشتاری هاونیشتمانی و سەرکردەکانی بەچاوی خۆی دیت، هەر ئەو رقەش وایکرد کە ویلیام والاس بە هێمای نەتەوەخوازی و نیشتمانپەروەری سکۆتلەندییەکان بناسرێت و ئەگەرچی لەکۆتاییدا بە فێڵ و تەڵەکە دەستبەسەرکرا و لەسەر داوای خۆی بە گیوتین سەری لەلاشە جیا کرایەوە، بەڵام ئەو رقە پیرۆزەو کۆڵنەدان بووە هەوێنی هەموو سکۆتلەندییەک و لە ١٣١٤ی زائینی جارێکیتر سەربەخۆیان وەرگرتەوە.

زۆر دوور نەرۆین، شارل دوگل لە شەڕی دووەمی جیهانیدا نەیتوانی داگیرکاری ئەڵمان قبووڵ بکات، هەربۆیە ساڵی ١٩٤٠ پەنای بۆ بەریتانیا برد و لەوێ بزوتنەوەی فەرەنسای ئازادی راگەیاند، دوگل لەوێوە روو بە هاووڵاتیانی فەرەنسای دەگوت:" فەرەنسا تەنیا لە شەرێکدا شکستی خواردووە، نەک لە هەموو شەڕەکەدا." هەر ئەو رەستەیە وایکرد کە دوگل پێشەنگی بزوتنەوەیەکی دژی داگیرکاری بگرێتە دەست و تێشیدا سەرکەوتوو بوو.

چیرۆکەکەی شارل دوگل و بەتایبەت ویلیام والاس هەمان چیرۆکی جەلیل گادانییە، ئەو لەو دگمەن یان زێدەرۆیی نیە کە تاکە میراتگری ویست و هەست و سۆزی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بوو، کە ٧٥ ساڵ بە چاوی تەرو بە گەروویەکی وشک و حەماسەیەکی بێ وێنەوە گواستییەوە، هیچ زێدەرۆیی نیە کە بڵێین تاکە هەوێنی مانەوەی و پێداگری مام جەلیل هەمان وێنەی لەسێدارەدراوی پێشەوامان بوو، هەرگیز نەیوست لەبیری بچێتەوە یان ئەو حەماسەیە تۆزقاڵێک سارد بکاتەوە، هەر ئەوەش مام جەلیلی کرد بە کاریزمایەکی بێ وێنە. لای جەنابیان کۆمارو پێشەوا بزوێنەری خەبات و وێنای داهاتووی گەلەکەی بوون، پێداگری لەسەر ئازادی، سەربەخۆیی و شوناسی نەتەوەیی لەو چرکە ساتە وەرگرت کە کۆماری

## بۆ یادی ٥ ساڵە

کوردستان تێیدا لەناوبرا و پێشەواکەی لەسێدارە درا. ئەو بەهاکانی لە کۆمار وەرگرتبوو، لە رابردووییەک کە تێکەڵە بە تراژیدیا و نۆستالیژیا، جا لای مام جەلیل تراژیدیای کۆمارو پێشەوا لە خزمەت نۆستالیژیا و سەردەمە زێرینەکە بوون، بەو هیوایە دەژیا و هەناسەی دەدا، بەبێ گرێ و گۆل و بەبێ دەورلێدان و بەجۆرێکی دیکە پێناسەکردنەوەی ئەو سەردەمە کە زۆر کەس و سەرکردە کردیان بەڵام بە حەق مام جەلیل رێگرێکی سەرەکی کەمرەنگ کردنەوەی ئەو سەردەم لە خواست و زاکیرەی نوخبەو خەڵکی ئاسایی کوردستاندا بوو.

جان مسینتیری ئەمریکایی لە ١٩٨١ لەو بوارەدا دەلێ کاریزماکان چیرۆکێکی رەوایان پێیە، ئەو کاتەی رێرەوەکان خۆیان بە کاریزما و رێبەرەکە دەبستنەوە، لە واقیعدا خەریکن خۆیان بە چیرۆکەکە گرێ دەدەن کە هەموو کەس خۆیانی تێدا دەبیننەوە، ئەوەی مام جەلیل ٧٥ ساڵ لەسەر یەک و بێ ماندوو بوون کردی یەکەم پاراستنی وێنای کۆماری کوردستان و پێشەواکەی بوو، دوای ئەویش زیندوو هێشتنەوەی ئەو حیزبەی پێشەوا دایمەزراندبوو بە هەمان هەیکەل و ئامانجییەوە، هەربۆیە بە نەمانی مام جەلیل گێرانەوەکان و گوتارەکەی کۆماری کوردستان پێش هەمووشمان هەتیو کەوتن، بەڵام ئێمە نابێ رێگە بدەین دوای جەنابیان حەماسەکەی کۆمار هەتا رۆژی سەرکەوتن لە گڕوتین بکەوێ.

٨ی ئاگۆستی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

بۆ یادی ٥ ساڵە

## لە سەر خەساری لە دەست دانی تێکۆشەر کاک جەلیل گادانی




**عەلی سوورەچۆمی**

نازانم بەو نیوەی شەوە، دەمەهەوێ چی بنووسم!

جەسارەتێکی شێتانە...

نووسین لە سەر سەرکردەیەکی ئاوا گەورەی شۆڕش و خەبات کارێکی ئاسان نییە

سەرەتا داوای لێبوردن،

ئەو ڕۆژانە ،لە بەرەبەری ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات دا، "پەتای کرۆنا داخێکی بە ژانی خستە سەر جەستەی ماندووی حیزبی دێموکرات و خەباتی گەلی کورد بۆ ڕزگاری نەتەوەیی.

ئەوەندەی بیرم لە مەترسیدار بوونی ئەو ڤایرۆسە" دەکردەوە! ئێستا هێندەی دیکە بۆتە داخ لە سەر دڵی ئیمە ئۆگرانی ئازادی.

## بۆ یادی ٥ ساڵە

تۆ بڵێی ،ئەگەر ئەو ڤایرۆسە بێ ڕەحم و بەزەییە نەبا ئەو تێکۆشەرە پڕ لە ئەزموون و خەباتە چەندی دیکە لە ژیاندا بایە!

پرسیارێک کە وەڵامی نییە!

بەڵام، سەرەڕای تەمەنی کاک جەلیل" ئەو هێشتا گوڕو تین بوو، هێشتا مرۆڤە جیاوازەکە بوو ،لەوەش زیاتر چاوی ئومێد.

گووترا: دێموکرات"ترین، دێموکرات.

نازانم ئەو دوو وشە کورتە دووبارە بۆوە بۆ هێندە مانادارە بۆم....

بەڵام، هەست دەکەم چەند بە واتا دەنوێنێ بۆ مرۆڤێک کە بە یەکەم بیرکردنەوە دەیان سیفەتی جوان لەوانی دیکە جیای دەکاتەوە.

ئای لە بێبەختی، لە بەر ئەوەی هەر یەک لەو کۆڵەکانە دەکەوێ جێگای خاڵی دەمێنێتەوە! ئەوانە بژاردەن.

ڕەنگە هەبن ئەو قسەیەی پێ خۆش نەبێت! بەڵام بە باوەڕی خۆم لانی کەم بۆ ئەو قۆناخەی ئێستا درووستە!

من دەڵێم: هەر دەستێک بەر دەبێ ئێستا نابەستریتەوە.

ئەو، کێیە؟ بۆ ئەو شەپۆلە لە نیگەرانی هێنا...

هەم دوای بڵاو بوونەوەی هەواڵی تووش بوونی بە نەخۆشی ،هەم دواتر سەفەری هەتا هەتایی.

بە دڵنیایی وەڵامی ئەو پرسیارە کرۆکی باسێکە کە پانتاییەکی گەورە داگیر دەکات.

یادگاری کۆماری کوردستان، حەفتا ساڵ خەبات بێ پسانەوە. لەو ماوەدا ،سێزدە ساڵ زیندان لە سەر باوەڕی سیاسی و دوور خرانەوە، نووسەری دەیان کتێب"لە سەر کێشەی کورد...

زیندان بۆ کاک جەلیل گادانی دەرفەتێک بوو

شاعیر دەڵێ: قووڕ بە سەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە.

دەڵێی راست مانا ڕاستەقینەکەی لێرەیە. ئاخر پایەکانی باوەری کاک جەلیل"لە زینداندا پتەوتر بوون ،لەوێدا زمان فێر دەبێت ،لیسانس لە زمانی فەرانسیدا و، کاری وەرگێڕان بکەی. بە دەستی پڕەوە، ئەو دوور دەڕوانێ.

کاتێک تێدەفکرم وا بیر دەکەمەوە کە ڕەنگە ئەو ماوە لە هەموو کاتێکی ژیانی حەساوەتر و ئاسوودەتر بوو بێت!.

بۆ ئەو بۆچوونە چاوێک لە مێژووی خەباتی حیزبی دێموکرات بکەن.

چاوم لە چەند وێنەیەکی لاوی کرد.

## بۆ یادی ٥ ساڵە

سیمایەکی جوان، لە لام لە وێنەی چەند شۆڕشگێڕێکی گەلانی دنیا دەچوو - کە غروور و باوەڕ بە سەرکەوتن پێیانەوە دیارە و، وێنەکان دوای سەرکەوتن چرکاون.

باس کردنی کاک جەلیل لە پرۆسەیەکی درێژی ژیانی سیاسی و هەورازو نشێوی خەباتدا کارێکی ئەستەمە، لە بەر ئەوەی ئەو ڕۆڵگێڕان بووە، کاراکتەرێکی کارای ڕووداوەکان بووە، زۆر جار لە لووتکەو کەسی یەکەم بووە.

هەر چەند بیر دەکەمەوە، زمانی ئەو دەخوێنمەوە هەستی خۆشەویستی و جیاواز بوون زیاتر دەبێت.

قسە کردن لە سەر نەسلی کاک جەلیلەکان زۆر هەڵدەگرێ، بە چاوگێڕانێک بە مێژووی حیزب دا، هەست بە کاریگەری ئەو نەسلەو ئەرکی قوورسی ئەوان دەکەین، بە تایبەت دوای شکستی کۆمار کە تووشی هەرەسێکی گەورە دەبن، بەشێک ئیعدام دەکرێن بە پێشەوای سەرۆک کۆمارەوە.

هێندێک ئاوارە دەبن و بەشێکی دیکە زیندانی.

لە باری ڕوحی و ڕەوانییەوە شکستێک باڵی کێشاوە کە ڕەنگە زەحمەت بێت خەیاڵی تێهەڵچوونەوە. لێرەوە کاک جەلیل ئاوەستێ و باوەڕ بە ڕزگاری و ڕۆژە خۆشەکانی ئارامییە کورتەکەی کۆمار و هەناسەکانی ئازادی دەبن بە خوولیایەک بۆی. مێژووی حیزب و قۆناخەکانی دوای شکست بۆ دەرس لێ وەرگرتن دەبن. مرۆڤ دەتوانێ نەوەستێ و بەربەستەکان ببڕێ.

حیزبی دێموکرات، ڕێخکراوەکانی درووست دەکاتەوە جارێکی دیکە فەعالییەتی نهێنی دەست پێدەکاتەوە.

ئەگەر کەمێک دیققەت بکەین دەبێ لە خۆمان بپرسین چی وا دەکات خەڵک پشتی تێکۆشەران و ئاڵا هەڵگرانی ئەو باوەڕە بەرنەدات! خەونی ئازادی ویستی هەموو تاکێکی کوردە ، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو ویستە بە فێعلی بکەی دەبێ ڕێگاکانی بدۆزییەوە.

ئەوەتا درووشمی کرداری و بینینی واقعیەتی کۆمەڵگا دەبنە هاوکێشەی متمانەیەک کە خەڵک خەونی خۆی تێدا دەبینێتەوە. لەوێوە دووانەی تایبەتمەندی و باڵانسەکانی خەڵکی بوون لە چاوچێوەی باوەڕێکی مەزندا دەبن بە تەواوکەری متمانە.

لاوەکانی وەک کاک جەلیل"بەرهەمی ئازارێک بوون کە فەلسەفەی خوێندنەوەی تووشی ڕامان و کۆمەڵێک هەڵوێستەن دەکات. بە ئاوڕێکی سادە لە خسلەتەکانی کاک جەلیل گادانی بەوە دەگەین کە کەسایەتی ئەوان، تەک ڕەهەندی نییە. بە ڕوویەکی دیکەدا ، مەبەستمە بڵێم: لە هەر ڕەهەندێکەوە خوێندنەوەی بۆ بکەی کەسایەتی دیار و بەستێنێکی پڕە لە وزەو داهێنان.



سەرچاوە Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

ڕۆڵێک کە تەنیا بەرجەستەی زاویەیەک نییە لە کەسایەتی حیزبێکی سیاسیدا و بە ترازانی لە پلەی کارگێڕی و هەرەمی دەستەلات ون بێت. لێرە لە سەر ناسنامەیەک قسە دەکەین کە هەڵگری خسلەتی هەمە چەشنە ئەو جۆرە کەسانە لە جووڵانەوەیەک کە لە ژێر فشار دایە دەگمەنن. تەنیا ماوە بڵێین: ئەوان ڕۆڵی بە کۆمەڵ و بەرجەستەی کەسایەتی حیزبەکەیان بوون.

زۆرن ئەو سیفاتەی دەبێ بنووسرێن.

لە دوا وێستگەکانی تەمەندا لە دەشتی کۆیە "هیواکانت گەش بن و هێشتا کۆکەرەوەی دژەکان بیت.

بە باوەڕی من کاک جەلیل لە بەر دەم ئاسۆی سێ ئەگەردا بە ئومێدەوە هەنگاوی دەنا.

**خاڵی یەکەم**، یەکگرتنەوەی بنەماڵەی دێموکرات
**دووهەم**، پێک هێنانی بەرەیەک و کۆکردنەوەی هێز
**سێهەم**، ئەو ئاواتەی دەیان ساڵ بوو ساردی و گەرمی ڕۆژگاری بۆ دەچێشت ،خەونی ڕزگاری. بۆ کۆتا خاڵ دەبێ بڵێین مرۆڤ هیچ کات بێ هیوا نابێت وێڕای دووره دیمەنی، کەچی هیوا بە سەرکەوتن گەش دەنوێنێ.

ئێستا کە ئەو مرۆڤانە وەک میراتێک دەڕۆن و تووشی زیانی گەورەمان دەکەن با دەرفەت بە خۆمان بدەین و بیر لەوە بکەینەوە چۆن گەیشتنە ئەو پێگە بەرزە...

با لە قالبی درووشم و سۆز بترازێین
بە چەند وشەیەک..
دێموکرات، سادق، داوێن پاک، کۆمەڵایەتی و مرۆڤێک لە خەمی هەمووان‌دا...
خاکی و... دەستێک نەبوو پێی نەگەی.
ئەو دەستی زۆرانی گرت و لە درێژەی ئەو نیاز پاکی و پەرۆشییەی دا هەبوون ڕێوی سیفەت!!!!
بەڵام ئەو تێکۆشەرە ڕادەیەکی گەورە لە بەخشەندەییە.
لە سەر پێگەی کۆمەڵایەتی... کاک جەلیل و کاریگەری پێوەندیەکانی زۆر هەڵدەگرێ.



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

کەسایەتی کاک جەلیل لە نێو تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا، بە تایبەت نوخبە" ببوو بە دەرفەتێکی باش و کار ئاسانی بۆ خەڵکانێک و هەتا حیزبەکەی.

ئێستا بەو فەرهەنگە لە دەوڵەمەندی بەوە دەگەین کە کەسایەتی شۆڕشگێڕ دەتوانێ سەرەڕای کەسایەتی حیزبی ببێتە ڕۆڵێکی کاریگەرو شوێندانەر لە بەستێنە جۆراوجۆرەکاندا، کە ئاکام بۆ حیزب بە سوود دەشکێتەوە.

ڕۆڵی کاک جەلیل "بۆ کەسایەتییەکانی حیزب لە ئاستی موودیریەت و بەڕێوەبەریدا بۆوە دەبێ لێی فێر بن و ڕێگا نەدەن ئەو کەلتووره ماڵئاوایی بکات.

دەبێ ئەوە بزانین چ خەسارێکی گەورە ڕووی تێکردین کە بە هەموو پێوەرێک کەلێنی دیارە.

دواجار، کاک جەلیل بێ هەڵە نەبووە وەک زۆر سیاسی و سەرکردەی گەورەی دیکە. ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە ئەو بەشی ئەوەندە پڕشەنگدارە کە تا ئەبەد شانازی پێوە بکەین.

کۆتا قسە ....

تەنیا ئەوەندە دەڵێین: وەرن با بیرکردنەوەکانن بگۆڕین بۆوەی ببین بە کۆکەرەوەی هەموو ڕەنگەکان

وەرن با فێر بین زمانی دیالۆگ و هاوبەشیەکان بکەین بە نەخشە ڕێگایەک کە دەتوانێ زۆر کێشە لە کۆڵ ئێمە بکاتەوە، نەک هەڵچوون و شێواندنی کەسایەتی سەرکردەکانمان. بە کورتی ئەقڵی بچووک کارەساتە!

ئەقڵی بچووک ئەوەیە بەرژەوەندی گەورە ون بکەین.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## روحت شاد سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ




**ڕێبوار مەعرووفزادە**

کاک جەلیل گادانی هەم لە دژی داگیرکاری و زورداری دوژمن وەستاوە و هەم لە دژی نادادپەروەری و تاکپەرەستی نێوخۆیی. ئەو کە لە دوای جیابوونەوەیان لە کونگرەی هەشت، سکرتێری ڕێبەرایەتی شۆرشگێری گرتە دەست، لە خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی بەردەوام بوو. یەکێک لە باشترین کارەکانی ڕێبەرایەتی شۆرشگێر راگەیاندنی ئاگربەست لەگەل کومەلە و کردنەوەی لاپەرەیەکی نوێ لە پێوەندی نێوان دیموکرات و کومەلە دوای شەری نێوخۆیی بوو. گەورەترین پەیامی ژیانی سیاسی، ئەوە بوو کە تەنیا  نیشتمان پیروزە و هەموو کەس و حیزبێک بچووکترە لە خەمی نیشتمان و نەتەوە.

سەیر نیە ئەوانەی لە کۆنگرەی هەشت لە دوکتور قاسملوو جیابوونەوە، هەموویان دیسان لە دوای کۆنگرەی ١٣ لە حدکا و مستەفا هیجری جیابووە و لەگەل حدک کەوت. کاک جەلیل هەم ئامادەی جیابوونەوە بوو و هەم ئامادەی هاوکاری و یەکگرتوویی نێوان حیزب و لایەنەکان بوو.

ئەگەر پرسیاری قیادەی موقەتت لێ کردبا، بێ ترس و شاردنەوە هەموو تاوانەکانی پارتی بۆ باس دەکردی. ئەگەر پرسیارت لێ کردبا، ئێستا پشگیری بارزانی و حکوومەتی هەرێم دەکەی، بە دل و گیان ئامادە بوو بۆ بەهێزی و سەربەخۆیی باشوور کار بکا. بۆ ئەو نیشتمان و نەتەوە لە هەموو حیزب و کەسێک گرنگتر و گەورەتر بوو. ڕێبەرەکان،



سەرچاوە Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

لەوانە بۆ خۆی، هەم شایانی ڕێزگرتن بوون و هەم شایانی ڕەخنەگرتن.

کتێب و وەرگێڕانەکانی هەم وەک یادگاری و هەم وەک سەرچاوەیەک بۆ مێژووی هاوچەرخی کورد بەزیندوویی دەمێننەوە.

روحت شاد و ڕێگای خەبات بۆ کوردستان بەردەوام

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

**بۆ یادی ٥ ساڵە**

## چوە ڕیزی نەمرانەوە




**ئاوات عەلیار**

یەکەم جار ناوی مام جەلیلم بیست لە مهاباد بو. میرمندال بوم دەمخوێند. مامۆستایەکمان هات بە سرتە کوتی هاوشاریەکمان بە ناوی جەلیل گادانی تازە لە زێندان بەربوە وکتیبێکی بە ناوەی «اسیر فرشته وش» لە نوسەری فەرانسە کۆنتیس دۆ سێگور کردۆتە فارسی، لەکتێب فرۆشی خاتەمی هەیە دەتوانن بیکرن وەکو یارمەتیەکە بە کاک جەلیل، دانەشی بە پێنج تمەنە، منیش لە بیرمە ٥ تمەنی خۆم و ٥ی هەفتانەی ناسری برامم پێبو چوم دوجلد کتێبم کرِی.... چاوم بە کاک جەلیل نەکەوت هاتاکو سالی ١٣٤٧ لە زینданی فلک الافلاک لە خۆرەماوای لۆرستان کاتێک کاک جلیل و خەلکیکی زۆری تر لە وانە ٢٥ کەس لە خزمانی منیش لەو شۆینەدا گیرابون، لە کاتی چون بۆ ملاقاتی زیندانیەکان حاجی خلیلی برای مام جەلیلیش لە سالۆنێ مۆلاقاتێ زیندانی ناسی و ئەویش مام جەلیلی پێناساندم... مام جەلیلم نەدیتەوە تا سالی ١٩٨٤ لە پاریس لە دەفتەری نوێنەرایەتی حزبی دێمۆکرات... لە سالی ١٩٩٦ یش کە مام جەلیل هاتبو بۆ ئەمریکا چاوم پێی کەوت. ئاخر جار لە سالی ٢٠١٦ لە کۆلنی ئالمان بە خزمەتی گەیشتم...

ئەم سەفەرەی کە مام جەلیل ٧٦ سال لەمەو بەر لە یەکیەتێ لاواندا دەستی پیکرد ئەمرۆ بە نامرادی لە نەخۆشخانەی سلێمانی کۆتایی پێهات و جەلیلی گادانی ماڵ ئاوایی لێکردین و وەکو هەمو تێکۆشەرێکێ دێرین هەمو ئەزمونە باش و کەمتر باش و تاڵ و شیرینی خۆی بۆ بەجێ هێشتین.

**٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠**



سەرچاوە
Serchawe

## دوایین قسەم لە سەر نەمر کاک جەلیل گادانی




**برایم جەهانگیری**

لەو چەند ڕۆژەی دوای کۆچی کاک جەلیل گادانی دا هەندێ کەس ئەو پرسیارەیان وروژاند کە ئاخۆ کاک جەلیل دەبێ چی بووبێ کە باس لە یادگاریەکانی دەکرێ لە کۆماری کوردستاندا. هەندێ کەسیش بەهەڵە و بێ ئەوەی ڕەنگە مەبەستێکی تایبەتیان هەبووبێ بۆیان پرسیار بوو کە کاک جەلیل لەو تەمەنە کەمە دا دەبێ چی لەدەست هاتبێ؟ ڕەنگە ئەوان زەینیان هەر بۆ لای ئەوە چووبێ کە کاتێ دەگوترێ یادگارەکەی کۆمار دەبێ حەتمەن ئەو کات سەرکردە و ڕێبەرێکی سیاسیی بووبێ! لە حاڵێکدا هەموو ئەوانەی دێمۆکرات و ئەوانەی لە بازنەی دێمۆکڕاتیش بەدەرن دەزانن و دەتوانن بە قەولێک جەمع و تەفریقێک بکەن و بزانن کە ئەو کاتی کاک جەلیل تەمەنی چەند بووە و بۆ ڕێبەر نەبووە و نەگونجاو بووە.

کاک جەلیلی گادانی بۆچی وەک یادگاریەکی کۆماری کوردستان باسی لێوەدەکرێ؟ ئایا هەر حەرەکەت و جووڵانەوەیەکی کوردانە لەو کۆمارەدا نابێ بە یادگارییەک بۆ هەموو ئەو کەسانە کە لەو حەڕەکەتە دا بەشدار بوون حەسێو بکرێ؟ دەی کاک جەلیلی نەمر لە یەکەم قوتابخانەی کوردی کە بە فەرمانی پێشەوا دەکرێتەوە بەشدار دەبێ. قوتابخانەو مەدرەسەیەک لە ماڵە کاک ئەحمەدی گادانی دا و بە نێوی گەلاوێژ دەکرێتەوە و ئەو یەکێک لە قوتابییەکانی ئەو قوتابخانەیە دەبێ. باوەڕ ناکەم کەسیش لەوە زیاتر هیچ ئاماژەیەکی دیکەی کردبێ کە کاک جەلیلی گادانی لە یادگاریەکانی کۆماری کوردستانە و ئەو لە بزاوێکی نیشتمانی دا بەشدار بووە کە زەق و بەرچاوە.

## بۆ یادی ٥ ساڵە

جا بۆ هەموو ئەو کەسانەی گومانیان لەوە هەیە کە خوێندن بە زمانی کوردی خۆی خەباتێکی رزگاریخوازانەیە یا ئاوڕێک لە ئاستی خوێندن وپێگەیاندنی ئەوڕۆی کوردستان بدەینەوە بزانین زمانەکەمان چۆن لە ئان و ساتی لەناو چوون دایە! من هەرگیز بۆ پاراستنی زمان وەک کۆڵەکەی سەرەکی ناسنامەی نەتەوەیی تەنیا لە سەر شیعر وئەدەبیات و چوار گۆڤار وبلاڤۆک قۆنتراتم نابەستم. دەڵێین نا هەر دوێنێ لەسەر لاپەڕەکەم بابەتێکم بە ویدۆوە داناوە ببیین با بزانن ئاستی زمان و پاراستنی زمانی دایک ئەوڕۆ دوای ٧٥ ساڵ لە تێپەڕینی کۆماری کوردستان لە کوێ ڕاوەستاوە.

لە کۆتایی ئەو چەند دێڕەدا چەند وێنەکانی ڕۆژنامەی کوردستان کاتی کۆمار کە ناوی کاک جەلیلی گادانی تێدا هاتووە دادەنێم بۆ بەرچاو ڕوونی دۆستان وهاوڕێیانی ڕێزدارم. تکاشم وایە ئەو بابەت نەبێتە هۆی هێرش کردنە سەرهیچ کەس ولایەنێک بەلکوو مەبەستی من تەنیا ڕوون بوونەوەی سادەو ساکاری ئەو بابەتەیە کە چەندڕۆژێک مشت ومڕێکی بەجێ و نابەجێی لەسەر ساز بوو.



کوردوستان — زمارە —١٠

مەدرسەی گەلاوێژ

لەسەر قەراری جەلسەی سەیری تەواوبەتی ئەندامەکانی شاری کەلەروزی ٤ خەرمانان ٢٤ دالمەزرای ئەنشت پردیسور کوبیونەوە ولای ای‌واری جەنابی آغای قاضی محمد پیشوای معظمی کوردوستان لەگەل چەندیك لەهاوریەیانی بودیتی چلونەتی سەیری برا ئەندامەکان وسەر دانیان بەهاتنی خویان ایمەی سەر بەرز فەرمو لەنیەمو ووتارەکانیدا فەرموی ئەوروکە بوایەمە دانانی قوتابخانەیەك بەنیەوی قوتابخانەی میللی پیویستە کەدەرس زمانی دایکوبابی خومانی تیدابکوتری ولەبەرەوە ووردە ووردە بتوانین خەلکی بیەنینەوە سەر ریەی راست ولە خەویان ووشیار کەینەوە.

پاش تەواوبونی فەرمایشاتی پیشوای معظم کوردوستان ئەمن ملا. داودی داوام کرد ئەگەر بەتو پیشوای بەریزمان یارمەتی بفەرمویە بەوزوانە قوتابخانەیەکی لەگەرەکی قولەبران دادەمەزرەنین پاش تەواوبونی سەیری ئەوروژە بوسبەینیەرا هەروالەبەرەوە دەستەیەك لەلاوە دلگەنەکانی شارو لەدلسوزەکانی دەورو بەرمان هاتەلامو داوای سازبونی‌یان دەکرد تاکو لەشەوی ١٢—٣— ٢٤ دالەخانوی حاجی احمد گادانی مەکتەبیك بەنیەوی «گەلاوێژ» رومەندرا وهەول کەسیکی بومەخوبەندن هیرشیان هینابو ئەو برایانی خوارەوە:

عزیز — ابراهیمیان — حسن حسن‌پور — محمد داودی — علی فرهادی — سیدعبداله طەزادە —

## ١٣ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## ئێمەی کورد فرە بێ کەس و مەزلومین و خۆیشمان کەسی خۆمان نین




**موختار نەقشبەندی**

مردن حەقە و هەمومان ئەمرین بەلام بەراستی ناخۆش و تالە کە کەسانێک کە هەمو تەمەنیان خەریکی شۆرش و خەبات بوگن نەتوانن لە ناو شار و گوندی خۆیان بژین، کەسی وام فرە دیوە وەکو کاک جەلیل گادانی و کاک ئەنوەر سۆلتان پەنا و.... کە دوای دەیان سال خەباتە نەیان توانی رزگاری رۆژهەلات ببینن بەلام گرینگ ئەوەیە کۆلیان نەدا و تەسلیم نەبون و ئەویشە هۆکاری ئەوەیە کورد ناتوێتەوە، باوکی دایکیشم (باوکی کاک کەمال کەریمی) دوای دەیان سال خەبات لە هۆلەند فەوتی کرد، دایکم ئیگێراوە کە مندال بو و خۆی حازر ئەکرد بروات بۆ کلاسی ١ و ساواک هاتن باوکیان برد، لە زەمان شا هەموی زیندان و شکەنجە و دادگاهی و دوای شۆرشی ٥٧ دیسان ئاوارگی و غەریبی و هەمو مۆلک و مالیان رژیمی خۆمینی داگیری کرد، ئێمەی کورد فرە بێ کەسین بەلام بەداخەوە خۆیشمان کەسی خۆمان نین، ئەو وێنە هی ٢١ - ٨ - ٢٠١٨، لەو کاتە نەم وێرە ئەو وێنە لە فیسبوک دابنێم لە ترسی کێشە و بۆهتان، قەت لە رێبەری و مەسئولان و هاورێیان حیزبیم نەترساوم کە خراپ لێم تێبگەن و کەس پێ ناخۆش نەبو کە وەکو کوردێک رێزم بۆ کاک جەلیل بوگە، بەلام لە ترسی قسەی تاقمێک نەخۆش و دوژمەن کە ئاواتیان تواندنەوەی خەلکە و بەیانی هەلستان لە خەو و شەو پێش خەوتن ئەبێت سەردانی فیسبوک و ئینستاگرامی من بکەن بزانن شتێک ئەدۆزنەوە بیکەنە کێشە!!! جا ئەوەیە کە ئیژم ئێمەی کورد خۆمانیش بە خۆمان رەحم ناکەین چون لە ئوروپایش بژین ئەبێت هەر خۆمان سانسۆر بکەین لە ترسی یەکتر. خۆزگە هەموشتمان رەش و سپی نادی، هەمو کەسمان بە سەر باش و خراپ دابەش ناکرد، خۆزگە ١٠٠ و ٠ نەئەبوین، باشی و خراپی خەلکمان بەیەکەوە ئەدی، من بۆیە کاک جەلیلم خۆش گەرەک بو چون ساف و خاکی بو و ٢ رو نەبو، رۆحی کاک

## بۆ یادی ٥ ساڵە

جەلیل شاد و وەکو ئەندامێکی حدکا فرە خۆشحالم بەوە کە ڕاگەیاندنی حیزب بە شێوەیک فرە باش ناوی کاک جەلیاین برد و ئەوە دلخۆش ترم ئەکات کە یەکگرتنەوە رو بدات. ئەگەر ئێمەی کورد لە مێژوی خۆمان دەرس وەر بگرین و مەسائیلی نەتەوەئی پێش مەسائیلی حیزبی و گروپی و شەخسی بخەین و خۆمان خۆمان ببەخشین و دلمان پاک وەکەین لە گەل یەک و یەکگرتوو بین ئەتوانین لە دەرفەتەکان کەلک وەر بگرین و رزگارمان بێت




ئەو وێنە هی ٢١ - ٨ - ٢٠١٨

بۆ یادی ٥ ساڵە

## نازانم چیت بۆ بنووسم




**کاوە ئاهەنگەری**

نەورۆزی ١٣٨١ هەتاوی لەگەڵ هاوڕێیەکی تێکۆشەرم لە بنەماڵەی دێموکرات، لە بۆکانەوە بەرەو کۆیە وەڕێ کەوتین. پێشتر خەبەر درابوو کە دێین بۆیە یەکسەر چووینە ماڵی مامە جەلیلی گەورە. یەکەم جاریش بوو بە خزمەتیان دەگەیشتم. چەند ڕۆژ لە ماڵیان مامەوە. کەسایەتییەکی رووح سووک، پڕکار، کارڕێکخەرم هاتە بەرچاو. گۆڤاری مەهاباد (ژمارە یەک) کە لەوێدا وتارێکم بە زمانی فارسی بڵاوکرابۆوە، تازە هاتبووە دەر، زانیبووی و داوای گۆڤارەکەی لێکردم. کە دامە خزمەتی بە تامەزرۆیی و بە هەستەوە لە دەستی گرتوو و چاوێکی لە گۆڤارەکە کرد و وتارەکەی منی خێرا خوێندەوە. سەری هەڵێنا و فەرمووی، وایە، جوانی بۆچووی.

تا ئەو کاتە "حاکم" بووم. قەرامان، بوون بە ئەندام بوو. بە کاک حەسەن قادرزادەی سپاردبوو کە کاروباری بەئەندامبوونم ڕێک بخات. شەوێک کاک حەسەن هات و چووین پێکەوە لە ژوورێک دانیشتین و بوومە ئەندامی نهێنی تەشکیلاتی بۆکان. کە لە ژوورەکە هاتینە دەرێ، مامە جەلیل وێڕای پیرۆزبایی فەرمووی، پێمخۆشە ناسناوی "کاوە" بە کار بێنی لەگەڵ شۆڕەتەکەشت دێتەوە. عەرزم کرد سپاس. دوای چەند ڕۆژ کە قرار بوو بگەڕێمەوە بۆکان، دەبوو لە کۆیەڕا بچمە سلێمانی و لەوێڕا بۆ چۆمان و ئیتر باقی ڕێگا. شەوێ کە ماڵ ئاواییمان لێک دەکرد تەنیا مامە جەلیل و من بووین. لە حەوشە پڕ لە گوڵەکەی رووی تێکردم و فەرمووی: "نیگەرانی هیچ شتێک مەبە، ئەگەر شتێکیش هاتە پێش ئەوە بگەڕێوە و لە سەر برای

## بۆ یادی ٥ ساڵە

خۆت حیساب بکە و لە خزمەت دام".

زانیم مەبەستی ئیحتمالی کەشف بوون و کێشەی ئەمنیەتییە. لە ئامێزی گرتم و ماچی کردم. هەتا ئێستاش گەرمی، سەداقەت و گەورەیی مامە جەلیل وەک چێژ و باوەر لە ناخمدا ماوەتەوە.

نازانم باسی ماندوونەبوونت بکەم یا دڵ گەورەییت، پاکی و سەداقەتت یا خەبات و تێکۆشانی هەفتا ساڵەت لە پێناو نیشتمان. نازانم باسی کامە نیگای مێهرەبان و پیشمەرگانەت بکەم کە وەک تیشک دڵەخورپە و خەمی دواڕۆژی کوردان دەڕەوێنێتەوە و هیوا دەبەخشێتە هەناوی قوتابی‌یانت.

**ماڵ ئاوا مامە گیان، ماڵ ئاوا و دڵنیا بە تا گەیشتن بە ئازادی و لادانی پەردە لە سەر پەیکەری زێڕینت لە چوارچرای مەهاباد، خەبات و بەرخۆدان درێژەی هەیە.**

**کوردستان سڵامەت**

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

بۆ یادی ٥ ساڵە

## قارەمانەکان هەمیشە نەجیبن




شێعر: نیکۆس گاچۆس

و: عەلی فەتحی

قارەمانەکان هەمیشە نەجیبن
ئاخر وەختێ لەدایکدەبن
ڕەنگیان ئاڵتوونییە
خەونەکانیان دەستکردی هەورە و
هومێدیشیان شیناوردی نێودڵی خاکێکە....
قارەمانەکان هەمیشە نەجیبن
ئەوان وادەنوێنن کە هیچ وردەکارییەکیان لەبیر نەماوە
بەڵام وەختێک بێدەنگی شەو لە باوەشیان دەگرێ
چیرۆکە حیماسییەکانیان بۆ باڵندەکان دەگێڕنەوە و ئەوجار دەخەونەوە....
ماڵئاوا سیاسییە دڵسۆز و مرۆڤدۆستەکە، خەمخۆری خەبات و سیمبولی نەسرەوتن.

ڕوحت شاد مامە جەلیل، هەڵگرتنی باری خەمی لەدەستدانت قورسە، گەورە تێکۆشەری نەجیب و مامی خۆشەویست، ڕێگای سەداقەت و دڵسۆزیت پرڕێبوار بێ.

هیوادارم دواخەمی هەموو لایەک بێ و سێبووری بۆ ئازیزانی مامیش بە ئاوات دەخوازم.

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## بۆ یادی ٥ ساڵە

## تۆ کێی گەورەم!




**هەڵبەست و خوێندنەوەی: هەمزە ئاگووشی**

**پێشکەش بە ڕوحی هەرگیز نەمری کاک جەلیل گادانی**

"تۆ کێی گەورەم!"
نووسین و خوێندنەوە: هەمزە ئاگوشی
مۆنتاژ: سەعید باختە
تۆ کێی گەورەم؟
تۆ کێی کە بە فرمێسکی چاوی جەزیرەو بۆتان دەتشۆن،
مەلای گەورە تەڵقینت دەدات،
کچانی کوبانێ مێخەکڕێژت دەکەن و
تابووتت لەسەر شانی چوارچرایە؟
دە پێم بڵێ....
خەڵکی کام باژێڕ و گوندی؟
لوتکەی کام چیا و کام دوندی؟
ماڵ بە ماڵ و پیر و جوانی ئەو وڵاتە خۆرنەدیوە،
چرپەی پێت و
سۆزی دەنگ و

## بۆ یادی ٥ ساڵە

خرمەی چەک و فیشەکدان و پڕمەی ئەسپی "شێ"ی مرادت
دەناسنەوە،
لەناو دڵ و ناو گلێنەی چاوەکانیان دەتشارنەوە؟
دەپێم بڵێ...
تۆ کێی گەورەم؟
تۆ بەندیی کام بەندیخانەی؟
نرکەی ژێر کام دار و قامچی؟
ئاخر قەفەس نییە شەرمەزارت نەکردبێ،
کەس کەلەپچەیە شک نابا، ئابڕوو و حەیات نەبردبێ.....!
دەپێم بڵێ
تۆ کێی گەورەم....
تۆ زادەی کام مانگ و ڕۆژی،
وێنەی کامە وەرزی ساڵی، کە گەلاوێژ بە سەرماوەزت دەبەخشێ،
سەرماوەز ڕێبەندانت پێ دەنەخشێنێ و
خاکەلێوە هزر و بیرت دەخەملێنی؟
دەپێم بڵێ
تۆ کێی گەورەم؟
سوێندت بە کام کتیبی پیرۆز خواردووە،
دەستنوێژی وەفا و بەڵێنت لە کام کانی هەڵگرتووە،
لەسەر تات و لە ئەشکەوتی کامە چیا،
خوای چاکی و پاکیت دواندووە؟
تۆ کێی گەورەم؟
یەکێ دەڵێ لە دیوانی ئەحمەدی خانی جێ ماوی
یەکێ دەڵێ حاجی قادر بە شیعری خۆی فرچکی داوی
یەکێ دەڵێ دەگەڵ باراندا باریوی، پێشەوا ناوی لێ ناوی.
یەکیش دەڵێ خۆت وڵاتی، ئەتۆی کە چوار بەش کراوی!
تۆ کێی گەورەم؟؟؟؟؟

## بۆ یادی ٥ ساڵە

### ڕۆحت شاد. ئارام بنوو.




**ڕاند زارعی**

هیوا و قەڵای وره و پاکی و دڵسۆزی بوو. کەسایەتییەکی بەرز لە هەموو بارێکەوە. نموونەی شۆڕشگێڕ و تێکۆشەرێکی مافی مرۆڤ و یەکسانی بوو. لە خاکەڕۆییدا وێنەی نەبوو. هاندەر و پاڵنەر بوو بۆ خزمەت بە زمان و خەباتی نەتەوەیی کورد. مامۆستای وەفاداری و پشوودرێژی بوو. لە زماندا پاراو و لە هەڵسوکەوتدا هێندە خاوێن و پاک بوو کە نموونەی بەرز و سەرمەشق بوو. پێنووسێکی بەهێز، پاراو و راستگۆیانەی هەبوو. لە نەزم و ڕێکوپێکیدا، لە هەڵسووڕان و ماندووییننەناسیدا بێوێنە بوو.

ساڵی ٢٠٠١ بۆ یارمەتی وەرگرتن سەبارەت بە وەرگێڕانی کتێب چوومە خزمەتی. دوای چەند دیدار، پێشنیاری پێ کردم کتێبی: یادداشتهای یک معلم مدرسه، بکەمە کوردی. فەرمووی: وەک وەفایەک بۆ شەهید عەزیز یۆسفی. کتێبەکەم وەرگێڕا. زۆرمان هەوڵدا چاپ نەکرا.

**کاک جەلیل گیان، وەک وەفایەک بۆ هەموو ئەو ساتانەی لە خزمەت جەنابتدا بووم و هەروەها وەفایەک بۆ کاک عەزیز یۆسفی، بەمزووانە کتێبەکە بڵاو دەکەمەوە.**

**تۆ مانات بە ژیان، بە تێکۆشان، بە سیاسەت و ڕەوشت دا.**

**ڕۆحت شاد. ئارام بنوو. یادت بەرزە و ڕێبازت درێژەی هەیە!**

**بۆ یادی ٥ ساڵە**

## یادی بو هەتا هەتایە لە دلی ئازادیخوازندایە




**رەحمان کەریم زادە**

کۆچی دوایی رێزدار کاک جەلیل گادانی بە هوی پەتای کورونا زۆر خەم باری کردم لۆو ماوهی ئیمە لە فەرنسە بو ماوەی دو مانگ لە قەرەنتینە بوین تەلەفونی کرد پاش دەربرینی لوتف و موحبەتی هەمیشەگی و ئەحوال پرسی فەرمویان لە فەرنسە قەراری دوکتورم هەیە بەلام تەیارە نیە بیم عەرزم کرد کاک جەلیل وەزعی فەرەنسە لە بارەی کوروناوە زۆر نالەبارە ئیمە لە ماڵ وەک زیندانیمان لی هاتوە تەنانەت ماسک و ئەلکول بو خۆپاراستن دەست ناکەوی و پیاو نەخۆش بکەوی ناویری بڕواتە نەخۆشخانە چون بیمارستانەکان بەویروسی کورونا ئالودەن تەنیا ریگا ئەوەیە لە ماڵ بمینینەوە و خۆمان بپاریزین کاک جەلیل فەرموی لای ئەوان ماسک و ژلی بهداشتی زورە

نازانم ئەو پەتایە چون کاک جەلیلی خوشەویستی هەموانی کە سونبلی ئازادی خوازی و کول نەدەری ریگای رزگاری کوردستان بو لە ئێمە ساند.

**روحی کاک جەلیل شاد بێت و یادی بو هەتا هەتایە لە دلی ئازادیخوازندایە**

**بەم بۆنەوە سەرخۆشی خوم ئاراستەی بنەماڵەی بەرێز و سەرفرازی گادانی دەکەم.**



سەرچاوە
Serchawe

## قارمانێک کە ماڵ ئاوایی لە گەل و نیشتمانی دەکا!




**کەریم ئەلاوەیسی**

کاک جەلیل گادانی کە شانازی بە حیزبی دیموکراتی کوردستان و گەلە زۆڵملێکراوەکەی دەکرد، حیزبە و گەلەکەشی هەمووکات شانازیان پێکردوە و قەتی لە بیر ناکەن. من کەس نابینم ئاوا زۆر خۆشەویست بووبی. بە تێکوشان و ئەخلاق لە گاندی و ماندیلا دەچوو، لە چوارپارچەی لەت کراوی کوردستان کەس نابینی جارێک کاک جەلیلی دیتبێ ئەوگری نەبووبێ. وشەکان عاجزن لە دەربڕینی هەر کامیان بۆ باشی و چاکی و مرۆڤدوستی و خاک و نیشتمانپەرەوەری و زیندان بەزێنی کێشەیانە، دەڵێن ئێمە شایستەی پالەوانی زیاتر لە ٧٠ سال خەبات و تێکۆشانێ گادانین. قارمانێک کە لە دڵ و دەرونی کورد دا بۆ هەتا هەتایە دەمێنێتەوە. داخی زۆر لەو هەموو خەباتی زیندان و هەڵات هەڵاتی ژاندرم و ساواک و زۆر بمباران و تیرۆر لە سۆپید رزگار بووبی بە نەخۆشی کۆرۆنا گیان بدەی و تەنانەت نەتوانی بە دڵی خۆت سەرخۆشی و بەرنامەی رێزگرتنی لە سیاسەتمدار و گەورە قارمانێک و ڕێبەرێکی فیداکاری کورد بۆ دابنیی!

ماڵ ئاوا کاک جەلیل گادانی زۆر خۆشەویست. مال ئاوا!

### چۆن سیاسەتمدار جێگەی خۆی باش دەکاتەوە؟

کاتێک کەمرۆڤێک ژیانی بۆ خۆشی وئاسودەیی گەڵ و نێشتمان تەرخان کردبێ!



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

کاتێک بۆ سەرکەوتن و سەفەرازی گەلەکەی لە هیچ فیداکارێک خۆی نەپاراستبێ!

کاتێک کۆمەڵانی خەلک باوەڕیان بە پاکی و سەداقەتی هەبێ!

کاتێک بە هەزاران حەز بەدیتنی بکەن چۆنکە ڕابردوویی پڕ بێ لە خۆنەویستی و دڵسوزی و لیپاولیپ بە شۆناسی کورد بوون.

کاتێک لە بەر باوەری بە هێزی ئەشکەنجەی ساواکی جەهەنمی و قۆنداخی لێدانی ژاندرم و تیرۆری ستۆکهلوم ئەوی لە خزمەتی سارد نەکردبێتەوە.

کاتێک وەفادار بە حیزب و گەلەکەی بێ و سەدان خزمەتی گەورەی لە ڕێگای حیزبەکەی بە گەڵ و نێشتمان کردبێ!

کاتێک کەسی، بێ کەسان بێ یارمەتی سەدان پێشمەرگە و تاکی کوردی کردبێ!

کاتێک زۆر تایبەتمەندی باش لە خۆداکۆ کردبێتەوە، وەک خۆنەویستی، خاکەڕایی، نەترسی، زانایی. چاڵاک بوون، کۆمەڵایەتی بوون لە بەرزترین پێگە دا!

ئەو ڕێبەرە کاک جەلیل گادانی خۆشەویستە کە شانازی ئەوەم هەبوو لە مندالی ١٠ سالی را لەبەر خزمایەتی باشی بناسم و ٤٢ سالە لە خزمەتی ئەو و تێکۆشەرانی دیموکرات خزمەتی گەل و نێشتمانم بکەم، بۆیە نەمر کاک جەلیلی زۆر خۆشەویست زۆر باش دەناسم!

**با کاک جلیل بکەینە سەرمەشق بۆ کارو خزمەت و خەباتمان!**

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠



سەرچاوە Serchawe

## مرۆڤێک بۆ لێ فێربوون.




**کامەران سوهرابی**

گەلێک ئاسانە کە ئێمە بڵێین قوتابی نەمر کاک جەلیلین بەڵام زۆر زەحمەتە کە بتوانین وەک کاک جەلیل بین ئەو شتە زۆر زۆر دەگمەنە.

ئەوەی لە دەست ئەو دەهات و ئەو دەی کرد، بەحەق لە دەست کەم کەس دێت و لانی کەم من لە کەم بەرپرسی حیزبیم دیتووە..

کاک جەلیل بە نیسبەت دوژمن تا سەر ئێسقان مەغرور بوو بەڵام بۆ دۆست و هاوڕێ و هاوخەباتی خۆی دڵێکی پاک و بێ گەرد و دور لە غروری هەبوو.

من لە ژیانی حیزبایەتی دا زۆر جار ڕەخنەم لێ دەگرت بەڵام تەنانەت بۆ یەک جاریش نەمدیت و نەهات ڕوی لە من بگۆڕێ یان لە گەڵم سارد بێت، بەڵکو بە پێچەوانەی زۆر بەرپرس و هاورێی حیزبی، جار لە گەڵ جار زیاتر خۆشی دەویستم و هەرکات کە دەیدیتم دەیگوت مامە گیان چ دەکەی چۆنی؟

## بۆ یادی ٥ ساڵە

کە یەکەم جار دیتم و لە گەڵی ئاشنا بووم ساڵی ١٩٨٦ بوو لە فێرگەی سیاسی نیزامی حیزب لە بۆڵێ، لەو ڕۆژەوە خۆشم ویست و تا دواجار کە لە ساڵی ٢٠١٦ دیتم لە کۆنگرەی ١٦ بوو، لە هەموو ئەو ماوە دوورو درێژە دا بۆ یەک جار هەستم نەکرد کە من لە گەڵ کادرێک، بەرپرسێک یا کەسێکی ڕێبەری تەرەفم، هەمیشە وەک ڕفیقێک و کەسێکی هاوتەمەنی خۆم هەڵسوکەوتی لە گەڵ کردووم، بەڵام قەتیش لە ڕێنوێنییەکانی بێ بەشی نەدەکردم.

**زۆرم پێخۆشە و ئاواتە خوازم کە هەموو سەرکردەیەکی حیزب و کادری حیزبی کاک جەلیل بکاتە ئولگو و سەرمەشق گەر دەیهەوێت وەک ئەو خۆشەویست و سەرکەوتو بێت لە کاری حیزبی دا.**

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

**بۆ یادی ٥ ساڵە**

## لە پرسە و خەمی سەروەریکدا




**ڕەشید قازی**

حاجی قادری کۆیی یادگارەکەی کۆمارم لە ئامێز بگرە و مەشخەڵبەدەستانی ئەودیووی سنورم لە دەستی بەدکاران بپارێزە.

ئەوان کۆتری ئازادی و ئەمانەتی حەز و خولیاکانی لاوانی ڕۆژهەلاتن.
کاتێک هەوری ڕەشی ئیستبداد و کۆنەپەرەستی لە مەڵبەندی من کۆچیان کرد
و کاتیک قەتارەی مامڵێ لە ژێر تریفەی مانگشەوی ١٤ کیژ و کورانی منیان سەرمەست و سەرخۆش کرد
و کاتێک لەسەر گۆری ئەحمەد و هەژار و هێمن کرِتیان ڕەشبەلەک
ئەوکات یادگارەکەی کۆمارم دەبێ تاجە گولینەی سەروەرانی شەهیدم لە سەر گۆری پێشەوا و سەدر و سەیف ڕەنگینتر بکات
و یارانم نەغمەی بوکی ئازادی بە گوێ نیشتمانماندا بچرپێنن
دەوا حاجی ئیزن نەدەی جەستەی ماندوو بەڵام کۆڵنەدەری گادانی بڕاکێ
ئەخر ئەو مێژووی خوێناوی و ئەستێرەیەکی گەشاوەی ئاسمانی ڕەش و تاریکی ڕۆژهەلاتە کە لە دوورەوە ڕووناکی دەبەخشێ بەهات و نەهاتەکان

**لاوان چاوەڕوانی لە ئامێزگرتنی یادگارەکەی کۆمارن تا جامانە لەسەر هەروا بێ پسانەوە بەرەو لوتکە هەنگاو بنین.**

**٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠**

## گادانی و کۆچی دوایی سەداقەت لە سیاسەت!




**خالید محەممەدزادە**

زۆربەی خەڵک بە هۆی کارکردی ژمارەیەکی زۆری سیاسی درۆزن و دوروو، سیاسەت بە درۆو فرتوفێڵ تێگەیشتوون و لە هەر هاولاتییەکیش بپرسیت سیاسەت یانی چی؟ بێ یەک و دوو پێت دەڵێت یانی درۆ!

لە راستی دا گرفتی گەورەی سیاسەتیش لە کوردستان داماڵینییەتی لە ئەخلاق و سەداقەت، بەڵام یەکجار دانیشتن و دیتنی جەلیل گادانی بەس بوو بۆ ئەوەی هەموو ئەم وێنانە لە لات پێچەوانە ببنەوە و ئیتر پێناسەی ماکیاویلی لە سیاسەت رەنگ و رووی خۆی لە دەست بدات لە لات.

گادانی مەزهەری پاکی و سەداقەت لە سیاسەتی کوردییە، و ریشەی ئەم سەداقەتیشی دەگەڕێتەوە بۆ قوتابخانە سیاسییەکەی قازی محەممەد کە گادانی تەمەنی منالی و نەوجەوانی خۆی تێدا تێپەراندبوو، قوتابخانەیەک کە لایەنگرو ئەندامانی سوێند دەدا کە لە گەڵ میللەت سادق و پاک بن.

هەر بۆیە گادانی بە پاکی دەستی پێکرد و بە پاکیش مایەوە.

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

بۆ یادی ٥ ساڵە

## مرۆڤێکی سەروو رووخۆش




فاروق فەرهاد

ساڵی ١٩٩٧ ماڵم لە "ئۆسلۆ" وڵاتی نۆرویژ بوو، بابم لە ئیران را هاتبوو بۆ لام و نیزێک بە دوو مانگ لەلام بـوو، بیستم کە کاک جەلیل گادانی هاتووتە شاری ئۆسلۆ، بە بابم کوت: بابە پێت خۆشە کاک جەلیلی ببینی؟

کوتی: زۆر، شاگردم بوو لە مەدرەسەی گەلاویژ

کوتم: ئێستا پێوەندی پێوە دەگرم بزانم کاتی هەیە بچین بۆ لای؟

لەگەڵ کاک جەلیل دوای سڵاوێکی گەرم، چەند قسەی خۆش کوتم کاک جەلیل بابم تەشریفی لێرەیە و زۆری پێخۆشە بێتە خزمەتان کێ کاتت هەیە؟

کاک جەلیل زۆری پێخۆش بوو، کوتی: جا چۆن مامۆستاکەم بێتە خزمەتی من، وەزیفەی منە بێمە خزمەتی مامۆستاکەم، من تا یەک سەعادتی دیکە لەلای ئێوەم.

کەمتر لە یەک ساعەت هات بۆ لامان، مامۆستا و قوتابیێک رێک دوای ٥٠ ساڵ یەکتریان گرتەوە، بابم یەکجار پێخۆش بوو، زۆریان باسی مەدرەسەی گەلاویژ و کۆمار و سیاسەت کرد .....

**من خۆم بەدڵ کاک جەلیلم خۆش دەویست، مرۆڤێکی سەروو رووخۆش، بە ئێحترام و ڕێزی زۆری بۆ هەموو کەس دادەنا.**

**ماڵئاوا کاک جەلیلی ماندوونەناس و تێکۆشەر، ڕەوانت شاد و یادت بەخێر.**

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

**بۆ یادی ٥ ساڵە**

## بە هیوای بەدیهاتنی ئاوات و ئامانجەکانت مامە گیان




**جەعفەر ڕەسووڵی**

مامی ئازیز، ئاماژەدان بە ٧٥ ساڵ لە ٨٧ ساڵی تەمەنت بۆ ڕزگاری و سەربەستی نیشتمانەکەت تەنیا بە زار و زمان ئاسانە.
مامی هەمووان لە بەرەبەری ٨٧ مین ساڵی تەمەنیدا بەهێزتر، شێلگیرتر، دڵسۆزانەتر و سادقانەتر و هیوادارتر لە هەموو کات لە خەبات و تێکۆشان بەردەوام بوو.

چەند ساڵ لەمەوبەر لە سەردانی بۆ وڵاتی نۆرویژ لەگەڵ هاوڕێیانم لە یەکێتی لاوان بە خزمەتی گەیشتین و پاش کۆبوونەوە پێشنیارمان بە بەڕێزیان کرد کە ئەگەر حەز بکات سەردانێکی ناو شاری ئۆسلۆ و شوێنە مێژوویی و گەشتیارییەکان بکەین، مام بە خوشحاڵییەوە قوبووڵی کرد و پاش چەند کاتژمێر گەشتو گەڕان لە ناو شاری ئوسلۆ، لە کاتی ماڵئاواییدا مام فەرمووی "ئەوە یەکەم سەفەرمە بۆ نۆرویژ و دەرەوە کە چێژی لێوەردەگرم و بە ئاسوودەیی شوێنە گشتییەکان دەبینم و دەگەڕێم"

دڵنیام گەر ئەجەل و پەتای کوڕۆنا مامەی لێنەستاندایە، دڵنیام کە مامە زۆرتر لەوەی پێشکەشی بزووتنەوەی کوردی کردبوو، لە ناخ و بیرو هزر و مێشکیدا مابوو کە پێشکەشی هاوڕێ و هاوسەنگەرانی بکات و بە وانە و دەرس بە قوتابییەکانی بڵێتەوە.

## بۆ یادی ٥ ساڵە

سەری ڕێز دادەنەوێنم بۆ نزیک سەدەیەک خەبات و تێکۆشانت.

ڕۆحی مامە جەلیل گادانی سیاسەت مەداری گەلی کورد و حیزبی دێموکڕات و سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان(ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) شاد.

بە هیوای بەدیهاتنی ئاوات و ئامانجەکانت مامە گیان

مامە گیان نازانین کوڵی دڵمان چۆن هەڵڕێژین

٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

---

بۆ یادی ٥ ساڵە

## گادانی گیان!




سەلاح گادانی

دەردەکە هێندە قورس و گرانە بە شاری هەڵناگیرێ، با نەتەوەیەک کە مامە گیان خەباتی بۆکرد لەنێو خۆیدا دابەشی کا، خاکی بۆ بە شان داکا، سەری بۆ لە هەش نێ و سۆرانی بۆ لە خم نێ. ئێمەش بەگشتی هەڵگری ئەو ماتەمەین. حاجی خۆش و نیشتمان خۆش و کوردستان خۆش و دونیای ئەدەبیات ڕەش پۆش و منیش سەرگەشتەو بێهۆش غەمبارم لەگەڵ تۆش...."

(شینی موکریان) هۆگرێکی ڕزگاری کورد لەناوخۆی وڵاتەوە، ئاوا هەستی خۆی دەربڕیوە.

ماڵاوا گەورەم<br>
تۆ هەوێنی خۆشەویستی بووی<br>
تۆ قەڵایەک بووی لە باوەڕ<br>
تۆ وانەی کوردایەتی بە گوێی ئێمە دادا<br>
تۆ ڕێبازی کۆمارت نیشانی ئێمە دا<br>
تۆ نەوەیەکی نوێت لەپاش خۆ ت بەجێ هێشت<br>
تۆ لە ئیرادەی گەلدا دەژی<br>
تۆ نامری...

## جەلیل گادانی کەسێکی نەتەوەیی و پابەند بە پرینسیپەکانی دیموکراتەکان بوو

**دکتۆر کویستان گادانی:**




چەند ڕۆژ لەمەوبەر جەلیل گادانی یەکێک لە تێکۆشەرە کوردەکان و یەکێک لە ئەندامە هەرە دێرینەکانی حزبی دیموکرات لەم جیهانە ماڵئاوایی کرد.

کاک جەلیل حەفتا ساڵی لە تەمەنی تەرخان کردبوو بۆ خزمەتکردنی گەلەکەی و لەو ماوەیەشدا ١٠ی زیندان بوو. ئەمە بەشێکە لە ژیانی ئەو مرۆڤە وەکو هەڤالان و دۆستانی باسی دەکەن.

ئاخۆ مرۆڤ چۆن دەڕوانێتە ئەو کەسەی کە ٧٠ ساڵ لە ژیانیدا لە پێناوی مافەکانی گەلەکەیدا تەرخان کردبوو؟

کاک جەلیل چ تایبەتمەندییەکی هەبوو و یاخود چ شتێک ئەوی لە کادیران و ڕێبەرانی تری حزب جیای دەکردەوە؟

ڕوانینی ئەو بۆ خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە چ شێوەیەک بوو؟

چ ڕۆڵێکی لە ناو دیموکراتەکاندا هەبوو وە ڕوانینی ئەو سەبارت بەم دابەشبوون و جیابۆنەوەیە؟

کاک جەلیل خاوەنی ٧٠ ساڵ خەباتە کە بەلای کەم ١٠ ساڵی لە زیندان بەسەر بردووە، ئەمە چ وانەیەکە بۆ گەلێک کە

## بۆ یادی ٥ ساڵە

هێشتا بۆ مافە سەرەتاییەکانی تێدەکۆشێت و بە تایبەت بۆ لاوان و نەوجەوانەکانی؟

تا چەند ناکۆکی نێوان پارت و لایەنە کوردییەکان وایکردووە هەستی کوردایەتی و نەتەوایەتی وا کاڵ ببێتەوە کە مرۆڤەکان لە جیاتی ئەوەی وەکو کەساتیەکی کوردی تەماشا بکرێن، وەکو ئەندامی فلان پارت، یان فلان ڕێکخراوە تەماشا دەکرێن؟

دکتۆر کوێستان گادانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی دیموکراتی کوردستان و برازای جەلیل گادانی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا دەڵێت:" کاک جەلیل ئەوەندە ئینسانێکی نەتەوەیی بوو کە زۆر ئاسانە بڕوانی ئەو ئینسانە بە چ بیر و باوەڕێکەوە توانی ڕەنجی ٧٠ ساڵ لە خەبات و تێکۆشاندا بکێشێت، کاک جەلیل لە دەورانی کۆمار قوتابی کۆمار بووە، قوتابی پێشەوا قازی مەحەمەد بووە و هەر لەو کاتەشەوە سوێندی خواردووە بۆ ڕزگاری نەتەوەیی تێبکۆشێت، بۆیە یەک خولەکیش لە بیر و باوەڕی کەم نەبۆتەوە کە ئەوە ئولگۆیەکە بۆ گەلی کورد و نەوەکانی دووای خۆی و هەر لەم ڕۆژانەدا و بە تایبەت لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە زۆرتر بۆمان دەرکەوت کە کەسایەتیەکی نەتەوەیی، خۆنەویست و سیاسی ڕاستەقینە".

**کویستان خانم هەر وەها دەڵێت:** نەتەوەیی بوونی کاک جەلیل وایکردبوو پەیوەندی و چالاکییەکی سیاسی لە مێرمنداڵیەوە دەستپێبکات ، کە ئەم کارە سیاسیە و دیپلۆماسیەی وایکردبوو (نێت ووركێكی) یان و بەرینی لە نێو کوردستان و ئێران دروست بکات و بگرە ئەم بارە نەتەوەییەی وایکردووە کە هیچ کات بە شوێن بەرژەوەندی خۆیدا نەبێت و خۆبەخشانە کار بکات.

**دکتۆر کوێستان دەڵێت:** کاک جەلیل لە هەموو پلەکانیدا لە نێو دیموکراتەکان تا گەیشتن بە ئاستی سکرتێر و پاشانیش وەکو ئەندامێک، وەکو کادرێکی دێرین و تێکۆشەر نەخشی خۆی گێڕاوە، ڕۆڵی ئەو لە نێو دیموکراتەکاندا هەر بەرپرسیارەتی وەرگرتن نەبوو، ئەو کاریگەری لەسەر هەموو چین و توێژێکی دیموکراتەکاندا بوو، وە بنەماڵەی دیموکرات بە گشتی و شوێن پەنجەی لە نێو لاوان، ژنان و شەڕی چەکدار دیارە وە کەسایەتیەکی خاوەن دیسپلن بووە لە چاوپێوەی کاریدا لە نێو دیموکراتەکان.

بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا

٨ی ئاگۆستی ٢٠٢٠



سەرچاوە Serchawe

**بۆ یادی ٥ ساڵە**

## پیاوێکی خاکەڕا و خۆنەویست




**خالید حەسەن پوور**

بە داخەوە بیستم کاک جەلیل گادانیش نەخۆشی کرۆنای گرتوە و خەریکی دەستووپەنجەنەرم کردن دەگەڵ ئەو ویرووسەیە. من ئارەزوو دەکەم و دەپاڕێمەوە کاک جەلیل گادانی، بەسەر ئەو نەخۆشیەدا زاڵبێ و جارێکی دیکە بە تیشکی مێهرەبانی و خۆشەویستی و وەفادارێکەی دەوروبەری وەک هەمیشە ڕووناک بکاتەوە. من لەسەر ئەو بروایەم کە دڵی مرۆڤەکان بە دوولادا لێ دەدا، دڵێ بەشێکیان بە لای ئاشتی و سولح و سەفا و، دەڵی بەشێکیتریان بەلای شەڕ و ئاژاوەدا. کاک جەلیل گادانی لەو مرۆڤانەیە کە هەمیشە دڵی بەلای ئاشتی و ئاشتەوای و سەفادا لیەیداوە و، دەگەڵ ئەوەی بێ مێهریشی دەرحەق کرابێ، لە پێناوو بڵاوکردنەوەی تۆوی پێکەوە هەڵکردن نائۆمێد نەبوە. بەراستی لەرۆژگارەدا کە وەک ماموستای بەرێز بێبەش دەڵێ، زۆر کەس پەیکی تاریکی و تەوەلای هەڵدەدا، گادانی تۆوی برایەتی و پێکەوە هەڵکردن و پێکەوە ژیان بڵاوو دەکاتەوە.

من هەتا ئێستا هیچ کەسم نەدیوو بەرادەی ئەو مرۆڤە، لە پێناوو نەتەوە و خاکەکەیدا وەک شمع بسووتێ و، لەو پێناوەشدا ئامادەی هەموو فیداکاری و گووزەشتێک بێ. لە تایبەتمەندیە بەرچاوەکانی کاک جەلیل، پێوەندی بەرِبڵاوو دەگەڵ خەلک لە هەموو چین و توێژ و جیلێک و پێراگەیشتن بەو پێوەندیانە بوە. ئەوەی جارێکی سڵاوی لە کاک جەلیل کردبێ، یان چایێکی دەگەڵ خواردبێتەوە، هیچکات لەبیری نەکردوە. بەراستی دەکرێ بڵێم وەک ماسی چۆن بە ئاوو دەژی، گادانیش ئاوا بە پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیەوە دەژی. پیاوێکی خاکەڕا و خۆنەویست هەتا خوودا حەزبکا. زۆر جار دیتوومە

## بۆ یادی ٥ ساڵە

و بیستوومە لەلایەن زۆر کەسەوە لۆمەو لەقەمی لێدراوە کە، سادەیە، بەڵام هیچکات ئەوە کاری تێنەکردوە کە خۆی لە خەڵک بە زیاتر بزانێ و دوور بگرێ و یان خۆی بەسەر خەڵکدا فەڕز بکا.

لەو کاتەوە کە کاک جەلیلم ناسیوە، هەمیشە لە ئاستی بەرزی بەرپرسیارەتیدا بوو. چ ئەوکاتەی مسئولییەتی هەبووبێ و چ ئەوکاتەی ئەندامێکی سادە بووبێ. ئەو هەمیشە خۆی لەبرامبەر گەلەکەی و حیزبەکەیدا بە بەرپرسیار زانیوە. زۆرجار دیوومە و بیستوومە کە لەلەیەن هێندێک کەسەوە تیەی هەڵپێچراوە و تەنانەت بێ ئێحترامی پێکراوە، بەڵام قەتم نەدیت و نەبیست کە ئەو پیاووە تۆڵە لە برامبەرەکانی بکاتەوە. بەراستی ئەو پیاوە دەگمەنە، لە کۆمەڵگای خوار و چەواشەی ئێمەدا، خیلافی مەسیری ئاوو مەلە دەکا.

هیوادارم سێبەری ئەو پیاوە مەزنە هەتا ئەیامێکی زۆر هەر بەسەرمانەوەبێ، و لە مێهر و مووحیبەت و کەلتوور و کلاسی بەرزی ئینسانی، کوردایەتی و شۆڕشگێڕی بێ بەشمان نەکا.

٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

---



سەرچاوە
Serchawe

بۆ یادی ٥ ساڵە

## کاک جەلیل باشتر بناسین با نەبێتە درۆی پاش مردوو




**شۆڕش ئەسەدزادە**

بۆ مێژوو باسی دەکەم. من ئەو کات لە بەغداد کادر بووم کاک فەتاح کاویان بەرپرسی بەغداد بوو. مخابرات پێیان کوتم کاک جەلیل ئاگادار بکە بۆ سەردانێکی ئێمە بێتە بەغدا. کاک جەلیل ئەوکات سکرتێری حزب بوو. دوای ئاگادار کردنەوە. چوم کاک جەلیلم هێنا بۆ بەغدا. لە ڕێگا کوتم کاک جەلیل پێم وابێ بەرپرسی مخابرات گۆڕاوە. کەسێکی تازەیان داناوە دەڵێن خزمی سەدامە. دەبێ هەرچی هەبێ لەو پەیوەندیدا بێت. کە ڕۆژی چاوپێکەوتنەکە دیاری کرا. تەلەفونیان کرد کە ئێمە تا سەعاتێکی دیکە دێین. کە هاتن هەر سێ کەس بوون. بە خێرهاتنمان کردن و. خۆی ناساند کە من فلانە کەسم و بەرپرسی تازەی مخابراتی عیراقم. دەی کوتمان زۆر پیرۆزەو موبارەکە. زۆر سەریع و زۆر کورت و موختەسەر قسەی دەکرد. یەکەم پرسیاری کوتی وەزعی حزبەکەتان لە کوردستان چۆنە کە ئێستا ئێران لە شمال بە قەولی خۆیان باڵادەستە؟؟. کاک جەلیل کوتی وەزعمان باش نیە لە هیچ بارێکەوە. نە لە باری ماڵی و نە لە باری چەک و چۆلەوە. کوتی پێم ناخۆشە کابرایەکی لەگەڵ بوو هەر دەینووسی. کوتی خەبەرم هەیە بە سارووخ لێیان داوون چەند جاران. کاک جەلیل کووتی بەڵێ ڕاستە تا ئێستا چوار جار بە مووشەکی دوور هاوێژ بۆمبارانیان کردووین. ئەویش کووتی دە باشە ئێوەش بۆ بە سارووخ لێیان نادەنەوە ؟؟؟؟. کاک جەلیل چاوێکی لە من و کاک فەتاح کرد کوتی کوڕینە ئەو برادەرە زۆر لە مەرحەلە پەرتە. ئەوە دەڵێ چی ؟؟. کاک جەلیل کوتی شۆڕش گیان ئەو برادەرە چاک حاڵی کە ئێمە چەکی هەرە قورسمان ئارپی جیە تۆ باسی چ دەکەی. ئێمە ئەگەر ئێستا بێنە سەرمان پێشمەرگەکانمان ئەوەندە فیشەکەیان پێ نییە تا دیفاعی تەواو لە خۆمان بکەین تۆ باسی مووشەکم بۆ دەکەی ؟؟. ئێمە فیشەک و تفەنگ و هەموو شتێک بۆ خۆمان دەکرین لە بازاری ڕەش. زۆرم پێ

## بۆ یادی ٥ ساڵە

سەیرە تۆ ئاگاداری ئەم وەزعە نیت. خێرا. فەرمانی کرد بۆیان بنووسە. فیشەک. تفەنگ دەمانچە زۆر شتی دیکە. دوای قسەو باسێکی زۆر. کوتی کاک جەلیل دەکرێ جار جار لە هەڵوێست و دەنگ و باسی هەولێرو سلیمانی ئاگادارمان بکەیتەوە؟؟؟. کاک جەلیل زۆر تورە بوو بەم قسەیە دەموچاوی بەتەواوی تورەبوونی پێوە دیار بوو .. سور هەڵگەڕابوو - کاک جەلیل لێرەرا بناسن ،، بزانن کاک جەلیل کێیە ،، بزانن تاقە یادگاری پێشەوا قازی محەمەد کێیە ،، هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەو بوێرانەی ببینن ،، سەری بەرزی ،، سەربەرزێکی دیموکرات ببینن ،، چاوی سوور بۆوەی هەڵۆیەکی شاخە بەرزەکانی کوردستان لە بەغدای عەرەبان ببینن ،، هەستی دڵسۆزانەو کوردپەروەرانەی سەرۆک حزبێکی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵات ببینن ٠٠ هەمووومان چاومان بڕیبووە کاک جەلیل دڵم وەک دەهۆڵ دەنگی دەهات ٠ نەفەسەکان قەتیس مابوون و چاوەکان ئەبڵەق ٠ چاوێکی لە من کرد کووتی مامە گیان ئەو برادەرەم زۆر چاک بۆ حاڵی بکە. ڕووی لە بەرپرسی موخابەرات کردوو زۆر مەحکەم و زۆر بوێرانە پێی کووت.

ئەوەڵەن ئێوە بۆخۆتان هەزاران کەسی لەو شێوەیەتان لە کوردستان هەیە. دووەمەن ئێمە حزبێکی سیاسی و شۆڕشگێڕین. سێهەم. ئێمە لەگەڵ حکومەتەکەی جەنابتان قەراردادی سیاسی و پەوەندی دوو لایەنەمان هەیە. هەروەها هەرگیز ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ ئێوە لە سەر ئەو مەسایلە پرو پوچانە نەبووە. ئاخرین جوابیشم ئەوەیە ئەگەر جارێکی دیکە ئەو مەسایلانە بێننە گۆڕێ لەگەڵ ئێمە بێ ئەم لاو ئەو لا بنکەکانمان لە عێراق دەگوێزینەوە بۆ شوێنێکی تر ٠ وەهیچ پەیوەندیەکی سیاسیمان پێکەوە نامێنێ. ئێستا وەڵام لە لای ئێوەیە. کووتی نا. نا. من وام نەکووت کە تۆ نارەحەت بی من تەنها پرسیارێ بوو کردم. هەزار پێچ و پەناو عوزری دێناوە بەڵام کاک جەلیل هەر سوور بوو لە سەر قسەکانی خۆی. دوای ئەو قسەیە زۆر رووومان نەدانێ. ئەوانیش هەرچی قەولیان پێ دابووین لە فیشەک و تفەنگ و دەمانچەو مووهیمات. هیچ خەبەرێک نەبوو چاومان بە یەک فیشەکیش نەکەوت. هەستان ڕۆشتن. کاک جەلیل کووتی شۆڕش چۆنم لە دمی دا.

**کوتم وەڵا کاک جەلیل نەتکووشت بەڵام تەرخی دۆڵێت پێ کردن. تێر پێکەنین.**

٦ی مارچی ٢٠١٦

**بۆ یادی ٥ ساڵە**

## مامی هەمووومان




**ئەحمەد ڕەحمانی**

**ژانە خەمێکی تر**

**ئەم سەحەرە شنەی خەمێ هەڵیکرد، دڵێکی شەیدای ئازادی نیشتیمان لە لێدان کەوت، ئەم سەحەرە نۆبەرەی فرمێسکی دیدەی هەمووومان بوو، جارێکی تر لەم سەحەرەدا ژان هاتنەوە ژوانی دڵە شەیداکانی دیتنەوەی مامە گیان!**

**ئەم مەرگە چەندە غەددارە، چۆن خۆشەویستانمان لە ئامێزدا لێ دەرفێنێ، چۆن گاسن و چنگی تیژی لە دڵمان گیر دەکا، چۆن دڵمان هەڵدڕ هەڵدڕ و شەقاری جۆگەلەی خوێناوە فرمێسک دەکا،**

**ڕوحت شاد کاک جەلیل بڕبڕەی پشتی جوڵانەوەی گەلی کورد، ڕوحت شاد یادگاریەکەی پێشەوا قازی مەحەممەد و کۆماری کوردستان، قوتابیە ئەمەگدارەکەی ڕێبازی دکتۆر قاسملوو، دکتۆر شەرەفکەندی و هەموو شەهیدان.**

**ڕوحت شاد گلێنە و سۆمای دیدەی هەمووومان.**

**٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠**

# من و هاوڕێی تێکۆشەر جەلیل گادانی




**ڕەحمان نەقشی**

لە مێژ بوو ناو و ناوبانگی بنەماڵەی گادانی بەتایبەت هاوڕێ جەلیلم بیستبوو، باسی خزمەت بە نیشتمان لە هەموو بوارەکاندا ئەمەگناسانە دەرحەق بە کورد و کوردستان بە گشتی و بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە زیادوە کردیان و دەیکەن. هەر بۆیە لە دڵەوە و ئاواتم ئەو بوو لە نیزیکەوە کاک جەلیل ببینم. رۆژ و مانگ و ساڵ تیپەڕین تاساڵی ١٩٨٠ ئێمە کۆمەڵێک مامۆستای شۆڕش و قوتابی بە بیرۆکە من و یارمەتی مامۆستا محەممەد(ئازاد) خەڵکی هەولێر و لە بەر دەستی حکومەتی عێراقێ رای کردبوو و لە بێوران دەژیا. بریاریمان دا شانۆی کاوەی ئاسگەر بەرێوە بەرین. پاش پرۆڤەی شانۆکە بۆ بەرێوچوونی ئەم شانۆیە لە ناوەندی دەفتەری سیاسی حیزب لە دۆڵی شێوەجۆ دەگەڵ تشکیلاتی سەردەشت باسمان کرد تا برادەرانی دەفتەری سیاسی ئاگادار کانەوە کە بەخۆشیەوە لایەنی پێوەندار ئامادەگی خۆیان بۆبەرێوەبردنی شانۆکە لە رۆژی نەورۆز دەربڕی ئێمەش بۆ شوێنە دیاری کراو بەرێ کەوتێن و دوای بڕینی رێگەیەکی دوور و درێژ لە پشوی نەورۆزدا گەیشتینە بنکەی دەفتەری سیاسی و لە رۆژ و کاتی دیاری کراودا لە جێی ساڵۆنی کۆنگرەی پێنجەم دا شانۆکە پێشکەش کرا. شانۆکە لەگەڵ پێشوازیەکی گەرمی سەرجەم ئامادەبوان بەرەوروو بوو.

چاکم لە بیرمە کە دوای تەواو بوونی شانۆکە هاوڕێ بەرێز جەلیل گادانی کە ئەوکات بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی بوو هاتە سەر سەکۆی شانۆکەو، وێرای دەستخۆشی گوتن و سپاس و پێزانین لە گروپەکە، بەلێنێشی دا کە سەرجەم ئەو

خەرجیانەمان بدەنەوە کە بۆ ئامادەکاری ئەو شانۆیە کردبوومانن. ئەمەش نیشانەی سەرکەوتووی شانۆکە و ڕەزامەندی بەڕێز دەفتەری سیاسی بە گشتی و بە تایبەت کاک جەلیل بوو. هاوڕێ گادانی بۆ ڕۆڵی ئەژدەهاکدا کە من دەورم بینیبوو، دەستخۆشی و ئافەرینی پێگوتم، منیش یکدنیا شاد و خۆشحاڵ بوو کە بە ئاواتی لە میژینەم واتا دیدار و چاوپێکەتنی ڕێزدار جەلیل گادانی بوو گەیشتم، ئەمە یەکەم دیدار من بوو دەگەڵ ناوبراو.

**دووهەم دیدار** لە کۆمیتەی حیزب لە گوندی کاژی ناوچە سەردەشت، کە جادە پیرانشار سەردەشت کە بەست هێزەکانی پێشمەرگەوە بوو لە لایەن هێزەکانی داگیرکەری کۆماری ئیسلامیی گیرابووە و ناوەندی دەفتەری سیاسی دۆڵی شێوەجۆی چۆل کرد بوو.

**سیهەمە دیدار؛** لە دفتەری نوێنەراتی حیزب لە پاریس لەسەر بڕیاری دەفتەری سیاسی هەر ٦ مانگ جار ئەندامێکی دەفتەری سیاسی بۆ کاری و باری حیزب ڕەوانەی وڵاتی فەرانسا دەکرا. ئەم جارە نۆرەی هاوڕێ جەلیل گادانی بوو بۆ نوێنەرایەتی کردی کارو باری سیاسی، دیپلۆماسی و تەشکیلاتی دەرەوەی ولاتی حیزبی دێموکرات. منیش وەک هاوکاری بەشی چاپەمەنی لە وێ بوو بۆ جاری سێهەم بە دیداری یەکتر شاد بۆینەوە.

جیگای ئاماژەیە لەماوەیە مانەوەی لەم وڵاتە بە هەموو تواناو ماندونەناسانە کاروچالاکی زۆر بەنرخی بۆ پشتیوانی لە خەباتی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات ئەنجام دان.

**چوارەمین دیدار؛** لە کۆنگرەی ٩ی ڕێبەرایەتی شۆرشگیر لە دوڵەرەقی ڕانیە باشووری کوردستان ڕووی دا جاریکتر دیدارمان و چاوپیکەتنمان تازە کردەوە. ئەم جارەش کاک جەلیل دڵسۆزانە هەل و مەرجی ناوچەکە و حیزبی بۆ شی کردینەوە و داوای کارو چالاکی زیاتر بۆ خزمەت بە حیزب گەل لێ کردین.

**پێنجم دیدار؛** لە وڵاتی هۆلەند هاوڕێ جەلیل وەک سکرتێری ڕێبەراتی شۆڕشگیر بۆ سەردانێکی سیاسی تەشکیلاتی هاتبوو ئۆروپا. لەم سەفەرەدا سەردانی وڵاتی هۆڵەندیش کرد و کۆمەڵێک دیدار چاوپێکەوتنی باشی دەگەڵ نوێنەرانی حکوومی، پارلمانتار و ڕۆژنامە و هتد ئەنجام دان. شایانی باس دوکتور فواد حوسێن (کە ئێستا وەزیری دەرەووی عێراقە) کە ئاشنا و دۆستایەتیم لەگەڵ هەبوو ئەوێش لە هۆڵەند دەژیا و چالاکۆانێکی هەڵسۆڕی کورد بوو بۆ خزمەت بە کورد کەم تەرخەمی نەدەکرد کاک فواد لەم سەفەرەی کاک جەلیل دا زۆر زەحمەتی کێشا بۆ ئەو پێوەندیان. داوای ئەم دیدارانە شانازی سەفەرێکی دور و درێژم بۆ ئاڵمان، دانیمارک و چەند ڕۆژێک مانەوە لە ماڵی نەمر هاوڕێ نەبی قادری و میواندارییە



سەرچاوە
Serchawe

## بۆ یادی ٥ ساڵە

گەرمەکەی جێ پێزانین ئەم بنەڵەیە. و دواتر بۆ وڵاتی نۆرویژ لە خزمەت کاک محەمەد گادانی کە ئەوکات لەژیادا مابوو و بنەماڵەکەی میوانداری گەرمیان لێکردین، پاشان بۆ وڵاتی سوئید و مانەوەمان لە ماڵی هاوڕێی تێکۆشەر ڕەحیم محەممەدزادە. لەم ماوەیە کاک ڕەحیم و جەمیلە خانم میوانداری و زەحمەتی زۆریان کێشا بۆیە جێ دەست خۆشی و سپاس و پێزانین. و دواتر بەجێهێشتنی کاک جەلیل و گەرانەوە بۆ هۆلەند.

بەراستی بۆ من لەم سەفەردا هەڵسوکەوتی هاوڕێ جەلیل لە باری کۆمەڵاتی و سیاسی جێ سەرسوورمان بوو، هەموو فکر و هوش و بیری لای کورد بوو، لێداوان و باسەکانی لەسەر پێشیل کردنی مافە ڕەواکانی گەلی کورد و ئەم زوڵم زۆریەی کە دەرحەق بەم نەتەوە لە لایەن داگیرکەرانی کوردستان دەکرا لەقاو دەدا و داوای یارمەتی و پشتیوانی بۆ ئەم گەلە بەشخوارە لە هەموو دانیشتن و دیدارەکانی دەگەڵ کاربەدستانی حکوومی و ناحکوومی باس دەکرد. و ماندوونەناسانە هەموو هەوڵێکی بۆ پشتیوانی و یارمەرتی بە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بەگشتی و حیزبی دێموکڕات بەتایبەتی دا.

**شەشەم دیدار؛** لە سیلێمانی باشووری کوردستان لە ڕێورەسمی بە خاکسپاردنی بەرێز مام جەلال بوو، کە وەک نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرشتی کاک جەلیل گادانی و هاوڕێیەتی د.ئاسۆ حەسەنزاد، حەسەن قادرزادە و سۆران نووری هاتبوونەوە سلێمانی منیش شانازی بەشداری دەگەڵیان لە ریورەسمی دەباشان پێبرا.

هاوڕێ جەلیل گادانی زۆر جار پێوەندی تەلیفوونی پێوە دەکردم لە حاڵ و گۆزەرانی منی دەپرسی و دەست خۆشی بۆ کارو چالاکییەکانی لێدەکردم و هانی دەدام هەر بەردەوامی ئەم چالاکیانە بم، ئەو ماوەیە دا وتوویژێکی دوردرێژم دەگەڵ کرد و وەک نامیلکە بڵاوم کردەوە. لەسەر کارو چالاکییەکانم بابەتێکی جوانی بۆ نووسیم. لەسەر داوام من کورتە ژیاننامەی پڕ لە شانازی خۆی بەخەت و قەڵەمی خۆی بۆ ناردم. هەروەها پێشەکێکی بۆ کتێبێک کە قەرار بۆ لە سەر پێشەوا قازی محەممەد و کۆماری کوردستان چاپ بکری بۆ نووسیبووم کە بەداخەوە چاپی کتێبەکە نەگۆنجا و جێ بەجی نەبوو.

بەداخەوە بەڵای کۆرۆنا و هەلومەرجی هاتوو چوو ڕیگە نەدا ئەو ماوەیەدا جاریکتر چاومان بەیەکتر کەوی، بەڵای و نەخۆشی کۆرۆنا وەک هەموو کارو کردەوە تیرۆریستیەکان و بۆمبارانی کۆماری ئیسلامی دژی شۆڕشگێرانی کورد بۆسەی بۆ کاک جەلیل دانایەوە. هاوڕێ جەلیل گادانی ماوەی حەوتوویەک بوو بۆ چارەسەری نەخۆشیی کۆرۆنا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان لەژێر چاودێریی پزیشکیدا بوو.

**بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە ڕۆژی پێنجشەممە، ١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٠ی کوردی = ٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٠ی زایینی،**

## بۆ یادی ٥ ساڵە

هاوڕێ جەلیل گادانی، سیاسەتمەدار، کەسایەتیی دیاری سیاسیی کورد و تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسیی کورد، پاش حەوت دەیە تێکۆشانی سیاسی لەپێناو ڕزگاریی نەتەوەکەیدا کۆچی دوایی کرد. چووە ڕیزی کاروانی نەمرانەوە.

ئەم مەرگ و کۆچە ناوادەیە هەموو هاوڕییان و دۆستان و بنەماڵەکەی بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی تووشی خەم و پەژار کرد. بەداخەوە ئەم مەرگە ناوادەیە نەیهێشت ئاواتە لە مێژینەوە و پیرۆزەکەی هاوڕێ جەلیل گادانی کە سەربەخۆی بۆ کوردستان بوو بەچاوی خۆی ببینێ و بەم شێوەیە ئەم ئومێدو ئاواتەی ئاوا دەگەڵ خۆی بباتە ژێر گل.

**ڕووحی شادو ڕێگای خەبات و بەرخۆدانی پڕ ڕێبوار بێت.**


**٣ی خەرمانانی ٢٧٢٠ی کوردی = ٢٤ی ئاگۆستی ٢٠٢٠ی زایینی**

---

**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**خەرمانانی ٢٧٢٥ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠٢٥ی زایینی**

---






سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی، هاوڕێ و دۆستان بۆ هاوخەمی، وتار، لیدوان و وتووێژەکان.**

**دەستان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

